هەرێمی کوردستان- عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر

# ململانێی زمـــان

## زمانی کوردی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە نموونە

نامەیەکە
پێشکەش بە ئەنجوومەنی کۆلێژی پەروەردە- زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر کراوە، وەك بەشێك لە پێویستییەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا.

لەلایـــەن
**ئازاد عەزیز سلێمان** بەکالۆریۆس لە زمانی کوردیدا – کۆلێژی ئاداب – زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر- ١٩٩٧

بەسەرپەرشتی
**پ.د.یوسف شەریف سەعید**

نەورۆز ٢٧١٤ کوردی جەمادی یەکەم ١٤٣٥ کۆچی ئادار ٢٠١٤ زاینیی

## ڕاسپاردەی سەرپەرشت

ئـەم نامەیــە بــە سەرپەرشــتی مــن لــە کۆلێــژی پــەروەردە- زانکــۆی سـەلاّحەددین- هــەولێر ئامــادەکراوە، بەشــێکە لــە پێویســتییەکانی (پلــەی ماستەر) لە زمانی کوردیدا.

**پ.د.یوسف شەریف سەعید**
**٢٧/ ٣ /٢٠١٤**

---

## ڕاسپاردەی سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا

بــەپێی پێشــنیازی مامۆســتای سەرپەرشــت ئــەم نامەیــە پێشــکەش بــە لیژنــەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

**د. حاتم وليا محمد**
**سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا**
**لە بەشی زمانی کوردی**
**٢٧/ ٣ /٢٠١٤**

## بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ

ئێمـەی ئەنـدامانی لیژنـەی تـاوتوێکردن و هەڵسـەنگاندن، ئـەم نامەیـەمان خوێنـدەوە و لەگـەڵ قوتابییەکـەدا گفتوگۆمـان دەربـارەی نـاوەرۆك و لایەنـەکانی تـری کـرد و بڕیارمانـدا کـە شـایەنی ئەوەیە بە پلەی (              ) بڕوانامەی ماستەری لە زمانی کوردیدا پێبدرێت.

**پ.د.بەکر عومەر عەلی**
**سەرۆکی لیژنە**
**٢٧/ ٣ / ٢٠١٤**

**د.حاتم ولیا محمد**
**ئەندام**
**٢٧/ ٣ / ٢٠١٤**

**پ. ی. د.عەبدولوەهاب خالد موسا**
**ئەندام**
**٢٧/ ٣/ ٢٠١٤**

**پ.د. یوسف شەریف سەعید**
**ئەندام وسەرپەرشت**
**٢٧/ ٣/ ٢٠١٤**

**لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی پەروەردە پەسەند کرا.**

**پ.ی.د.ئیدریس محەمەد تاهیر هەرکی**
**ڕاگری کۆلێژی پەروەردە**
**/ / ٢٠١٤**

# پوختەی لێکۆڵینەوە

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی (ململانێی زمان)، باس لە ململانێی زمانی عەرەبی لەگەڵ زمانی کوردی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دەکات. زمانی کوردی بە درێژایی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق لەم ناوچانەدا ڕووبەڕووی ململانێی زمانی بۆتەوە، بە پێی پلانێکی زمانی دەسەڵاتدارانی عێراق هەوڵیانداوە لە ڕێگەی پەیڕەوکردنی هەردوو بنەمای چەندایەتی و چۆنایەتی زمانی کوردی لە بۆتەی زمانی عەرەبیدا بتوێننەوە. بەجۆرێك حکومەتی عێراق سەرجەم جومگەکانی دەسەڵاتی یاسایی و سەربازی و دارایی و دەستووری لە ڕێگەی ئامرازەکانی پەروەردە و خوێندن و زانست و ڕۆشنبیری و هونەر و ڕاگەیاندن، ئایدیۆلۆژیەکانی خۆی خستۆتەگەر، دژ بە زمانی کوردی لەم ناوچانەدا، بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم پرسە چەندین بەڵگەنامەمان لە دوو تۆی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا شیکردۆتەوە، هەروەها هەوڵمانداوە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە و شیکاری مەیدانی تیشك بخەینە سەر ململانێکە و کاریگەریەکانی لەسەر زمانی کوردی.

لێکۆڵینەوەکە لە سێ بەش و پێشەکیەك پێك دێت:

پێشەکی، کە تیایدا ناونیشان و بواری نامەکە، هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە، کەرەستە و سنورو ڕێباز و گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە خراوەتە ڕوو.

ناوەڕۆکی نامەکە بەم شێوەیە:

لە بەشی یەکەمدا باسمان لە هەندێ بابەتی تیۆری لە بارەی گەشە وگۆڕانی زمان کردوە، کە تیایدا باس لە پەیوەندی نێوان زمان و نەتەوە، زمان و ئایین، زمان و ڕۆشنبیری، زمان و سیاسەت، و باس لە گۆڕان لە زماندا کراوە، کە تیایدا هۆکارەکانی گۆڕانی زمان و دەرەنجامەکانی گۆڕانی زمانمان ڕوونکردۆتەوە، هەروەها لە تەوەری کۆتایی بەشی یەکەم باسمان لە زمانی زیندوو و زمانی مردوو کردووە و پێوەرەکانی زمانی زیندوو و بەردەوامی زمانمان خستۆتە بەرتیشکی لێکۆڵینەوە.

لە بەشی دووەمدا باسمان لە ململانێی زمان کردووە، کە تیایدا تیشك خراوەتە سەر چەمك و پێناسەی ململانێی زمان و چەند زاراوەیەکی پەیوەست بە ململانێی زمان، هەروەها هۆکارەکانی سەرهەڵدان و قۆناغ و جۆرەکانی ململانێی زمانمان خستۆتە ڕوو و ئەو هەنگاوانەی دەگیرێنەبەر بۆ زاڵبوونی زمانی باڵادەست دەسنیشانکراون، هەروەها ئەنجامەکانی ململانێی زمان و بنەماکانی پێویست بۆ یەکلایکردنەوەی ململانێی زمان دیاریکراون، لە کۆتایی بەشی دووەمدا، نموونەی وڵاتانی ململانێی زمان، لەوانە تورکیا و کێبیك لە کەنەدا خراونەتە ڕوو.

له بەشی سێیەمدا باسمان لەململانێی زمان  له ناوچه كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم كردووه، كه تیایدا تیشكمان خستۆته سەر جوگرافیای ناوچەی لێكۆڵینەوه و پاشان باسمان له ڕیكخستنی فرەزمانی له دەستووری عێراقی له ماوەی ساڵانی ١٩٦٣ تاكو ٢٠١٤ كردووه، لەبەر ئەوەی یەكێك له هۆكاره سەرەكیەكانی سەرهەڵدانی ململانێی زمان دەگەرێتەوه  بۆ دان پێدانەنانی وڵاتان به فرەزمانی له دەستووری وڵاتەكانیاندا، پاشان باسمان له شێوازی ململانێی زمان له ناوچه كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم كردووه، هەروەها له كۆتایی بەشی سێیەمدا باسمان له كاریگەری ململانێی زمان لەسەر زمانی كوردی لەو ناوچانەدا كردووه، له كۆتایی لێكۆڵینەوەكەدا  گرنگترین ئەنجامەكانمان به چەند خاڵێك دەست نیشان كردووه، له كۆتاییدا پوختەی نامەكەمان به زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خستۆته ڕوو.

# ناوەڕۆک

# نـــــــــاوەڕۆك


| لاپەرە | ناوەڕۆك | |
| --- | --- | --- |
| I | ڕاسپاردەی سەرپەرشت | |
| II | بڕیاری لێژنەی گفتوگۆ | |
| III | پوختەی لێكۆڵینەوە | |
| X - V | ناوەڕۆك | |
| ١-٣ | پێشەكی | |
| ٣ – ٣٨ | بەشی یەكەم : هەندێ بابەتی تیۆری لە بارەی گەشە و گۆڕان لە زماندا | |
| ٣ | زمان و نەتەوە | ١-١- |
| ٣ | چەمك و پێناسەی نەتەوە و زمانی نەتەوەیی | ١-١-١- |
| ٣ | چەمكی نەتەوە | ١-١-٢- |
| ٤ | پێناسەی نەتەوە | ١-١-٣- |
| ٥ | پێناسەی زمانی نەتەوەیی | ١-١-٤- |
| ٥ | پەیوەندی نێوان زمان و نەتەوە | ١-١-٥- |
| ٧ | مێژووی سەرهەڵدانی زمانی نەتەوەیی | ١-١-٦- |
| ٨ | هەنگاوەكانی دروستبوون و مانەوەی زمانی نەتەوەیی | ١-١-٧- |
| ٩ | زمان و ئایین | ١-٢- |
| ١٣ | ئایین و فرەزمانی | ١-٢-١- |
| ١٣ | ئایینی جوولەكە و فرەزمانی | ١-٢-١-١- |
| ١٤ | ئایینی ئیسلام و فرەزمانی | ١-٢-١-٢- |
| ١٥ | زمان و ڕۆشنبیری | ١-٣- |
| ١٨ | زمان و سیاسەت | ١-٤- |
| ١٨ | زمانەوانی سیاسی | ١-٤-١- |
| ١٩ | سیاسەتی زمان | ١-٤-٢- |
| ١٩ | پلانی زمان | ١-٤-٣- |
| ٢٠ | جۆرەكانی پلانی زمان | ١-٤-٣-١- |

| | | |
|---|---|---|
| ١-٤-٣-٢- | گرنگی پلانی زمان لە وڵاتدا | ٢١ |
| ١-٤-٤- | پۆلینی سیاسیانەی میری بۆ زمانەکان | ٢١ |
| ١-٥- | گۆڕان لە زماندا | ٢٣ |
| ١-٥-١- | تیۆرەکانی گۆڕان | ٢٥ |
| ١-٥-١-١- | تیۆری زمانی دایك | ٢٥ |
| ١-٥-١-٢- | تیۆری چینکاری | ٢٥ |
| ١-٥-١-٣- | تیۆری ڕووداوی مێژوویی و کۆمەڵایەتی | ٢٦ |
| ١-٥-٢- | هۆیەکانی گۆڕان لە زماندا | ٢٦ |
| ١-٥-٢-١- | هۆی ناوەکی | ٢٦ |
| ١-٥-٢-٢- | هۆی دەرەکی | ٢٦ |
| ١-٥-٣- | گۆڕان لە ئاستەکانی زمان | ٢٨ |
| ١-٥-٣-١ | ئاستی دەنگسازی | ٢٨ |
| ١-٥-٣-٢- | ئاستی ڕێزمان ( وشەسازی و ڕستەسازی) | ٢٩ |
| ١-٥-٣-٣- | ئاستی واتا | ٢٩ |
| ١-٥-٤- | گۆڕان لە فەرهەنگی وشە | ٣٠ |
| ١-٦- | زمانی زیندوو و زمانی مردوو | ٣١ |
| ١-٦-١- | زمانە تەندروستەکان | ٣١ |
| ١-٦-٢- | ئەو زمانانەی لە مەترسیدان | ٣٢ |
| ١-٦-٣- | زمانی مردوو و زمانی لەناوچوو و کوشتنی زمان | ٣٣ |
| ١-٦-٤- | هۆکارەکانی دیارنەمانی زمان | ٣٥ |
| ١-٦-٥- | پێوەرەکانی زمانی زیندوو | ٣٦ |
| | **بەشی دووەم : ململانێی زمان** | **٣٩-٧٥** |
| ٢-١- | چەمك و زاراوەکانی پەیوەست بە ململانێی زمان | ٣٩ |
| ٢-١-١- | چەمکی ململانێی زمان | ٣٩ |
| ٢-١-٢- | زاراوەکانی پەیوەست بە ململانێی زمان | ٤٢ |
| ٢-٢- | هۆکارەکانی ململانێی زمان | ٤٤ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢-٢-١- | هۆی  فرەزمانی | ٤٤ |
| ٢-٢-٢- | هۆی داگیرکردنی وڵات | ٤٥ |
| ٢-٢-٣- | هۆی جوگرافی | ٤٦ |
| ٢-٢-٤- | هۆی سیاسی | ٤٧ |
| ٢-٢-٥- | هۆی تەکنۆلۆجیا و ئەنتەرنێت | ٤٩ |
| ٢-٢-٦- | هۆی فێربوونی زمانی بیانی وخوێندن بە زمانی بیانی | ٤٩ |
| ٢-٢-٦-١- | فێربوونی زمانی بیانی | ٤٩ |
| ٢-٢-٦-٢- | فێربوونی زانست بە زمانە بیانییەکان | ٥٠ |
| ٢-٢-٧- | هۆی کۆمەڵایەتی | ٥١ |
| ٢-٢-٨- | هۆی شکۆداری و سۆزی نیشتمانی | ٥١ |
| ٢-٢-٩- | هۆی ڕاگەیاندن | ٥٢ |
| ٢-٢-١٠- | هۆی ئابووری وبازاڕی کار | ٥٢ |
| ٢-٢-١١- | هۆی ڕۆشنبیری | ٥٣ |
| ٢-٢-١٢- | هۆی ئایین | ٥٥ |
| ٢-٣- | قۆناغەکانی ململانێی زمان | ٥٧ |
| ٢-٣-١- | قۆناغی یەکەم | ٥٧ |
| ٢-٣-٢- | قۆناغی دووەم | ٥٨ |
| ٢-٣-٣- | قۆناغی سێیەم | ٥٩ |
| ٢-٤- | جۆرەکانی ململانێی زمان | ٥٩ |
| ٢-٤-١- | ململانێی زمانیی سروشتی | ٦٠ |
| ٢-٤-٢- | ململانێی زمانی دەستکرد | ٦١ |
| ٢-٥- | هەنگاوەکانی زاڵبوونی زمانی باڵادەست | ٦١ |
| ٢-٥-١- | قەدەغەکردنی بەکارهێنانی زمانی دایک | ٦٢ |
| ٢-٥-٢- | قەدەغەکردنی خوێندن بە زمانی دایک | ٦٣ |
| ٢-٥-٣- | ڕاگواستنی زۆرەملیّ و هاوردەکردن | ٦٤ |
| ٢-٥-٤- | لادانی بەربەستە جوگرافییەکان | ٦٥ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢-٥-٥- | بێ بایەخکردنی زمان لە بازاڕی کار | ٦٦ |
| ٢-٥-٦- | گۆڕینی ناوی ناوچەکان | ٦٦ |
| ٢-٦- | ئەنجامی ململانێی زمان | ٦٦ |
| ٢-٧- | بنەمای پێویست بۆ یەکلایکردنەوەی ململانێی زمان | ٦٩ |
| ٢-٨- | نموونەی ململانێی زمان | ٦٩ |
| ٢-٨-١- | کۆماری تورکیا | ٦٩ |
| ٢-٨-٢- | کەنەدا و کیبیك | ٧٤ |
| | **بەشی سێیەم : ململانێی زمانی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم** | **٧٦ -١٢٣** |
| ٣-١- | شوێنی جوگرافی ململانێی زمان و ناوچەی لێکۆلینەوە | ٧٦ |
| ٣-١-١- | هەرێمی کوردستانی عێراق | ٧٦ |
| ٣-١-٢- | شوێنی جوگرافی ململانێی زمان | ٧٧ |
| ٣-١-٣- | دەستەواژەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم | ٨٠ |
| ٣-٢- | ڕێکخستنی فرەزمانی لە دەستوری عێراقیدا لە سالآنی(١٩٦٣- ٢٠١٣) | ٨١ |
| ٣-٣- | شێوازەکانی ململانێی زمان لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم | ٩٠ |
| ٣-٣-١ | بنەمای چەندایەتی | ٩٠ |
| ٣-٣-١-١ | ڕاگواستنی زۆرەملێ | ٩٤ |
| ٣-٣-١-٢- | هاوردەکردنی عەرەب بۆ ناوچە کوردستانیەکان | ٩٥ |
| ٣-٣-١-٣- | گواستنەوەی کرێکار و فەرمانبەری کورد و هێنانی عەرەب بۆ شوێنیان | ٩٧ |
| ٣-٣-١-٤- | چەند هۆکارێکی دیکەی جیاجیا کە کاریان لەسەر چەندایەتی کردووە | ٩٨ |
| ٣-٣-٢- | بنەمای چۆنایەتی | ١٠١ |
| ٣-٣-٢-١- | قەدەغە کردنی خویندن بە زمانی کوردی | ١٠١ |
| ٣-٣-٢-٢- | ململانێی وشە | ١٠٦ |
| ٣-٣-٢-٣- | بازاڕی کار | ١١٠ |
| ٣-٣-٢-٤- | قەدەغەکردنی وتاری هەینی بە زمانی کوردی | ١١٢ |
| ٣-٣-٢-٥- | فشار دروستکردن بۆ گۆڕینی نەتەوە لە کورد بۆ عەرەب | ١١٢ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣-٣-٢-٦- | چەند بابەتێکی جیاجیای پەیوەست بە بنەمای چۆنایەتی | ١١٤ |
| ٣-٤- | کاریگەری ململانێی زمان لەسەر زمانی کوردی لە ناوچەکەدا | ١١٧ |
| ٣-٤-١- | قۆناغی یەکەم | ١١٨ |
| ٣-٤-٢- | قۆناغی دووەم | ١٢٠ |
| ٣-٤-٣- | قۆناغی سێیەم | ١٢١ |
| ٣-٥- | هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی زمانی عەرەبی بەسەر زمانی کوردی دا | ١٢٤ |
| **ئەنجام** | | ١٢٤ |
| **سەرچاوەکان** | | ١٢٧ |
| **پاشکۆکان** | | ١٣٧ - ١٥٣ |
| **پوختەی لێکۆڵینەوە بە زمانی عەرەبی** | | ا |
| **پوختەی لێکۆڵینەوە بە زمانی ئینگلیزی** | | A |

## خشتەکان


| ژمارەی خشتە | ناونیشانی خشتە | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| -١ | بەراوردکردنی ژمارەی دانیشتوان لەسەر بنچینەی زمانی دایك لە پارێزگای کەرکوك | ٩٢ |
| -٢ | بەراوردکردنی ژمارەی دانیشتوان لەسەر بنەمای زمانی نەتەوەیی لە ناوچەکانی دیکە | ٩٣ |
| -٣ | ناوی هەندێك لەو گەڕەك و کۆمەڵگە دروستکراوانەی کە بە ناوی عەرەبی ناونراون | ٩٦ |
| -٤ | ناوی هەندێك لەو خێڵانەی هێنراونەتە ناوچەکە | ٩٧ |
| -٥ | گۆڕینی ناوی شارو قوتابخانە و کتێبخانە و گەڕەك و گوند لە ناوی کوردی بۆ ناوی عەرەبی | ١٠٨ |
| -٦ | ڕێژەی فەرمانبەرانی پەروەردە بە پێی پێکهاتەی نەتەوەیی بە ڕێژەی ٪ لە کەرکوك | ١١١ |


## نەخشە


| ژمارەی نەخشە | ناونیشانی نەخشە | ژمارەی لاپەرە |
|---|---|---|
| -١ | نەخشەی ناوچە بەعەرەبکراوەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق | ٧٩ |

# پێشەکی

# پێشەکی

## ناونیشان و بواری نامەکە:

ئەم ناونیشانەی دەستنیشانمان کردووە، بە ناوی (ململانێی زمان)، بۆ باسکردنی ئەو ململانێیەیە کە زمانی عەرەبی لەگەڵ زمانی کوردی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بەهۆی بوونی دەسەڵاتی داگیرکاری لەم ناوچانەدا ئەنجامیانداوە، بەجۆرێك کە لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەسەڵاتی سەربازی و سیاسی و یاسایی و دارایی، هەڕەشە و فشارێکی زۆریان خستۆتە سەر زمانی کوردی بە ئامانجی سڕینەوەی زمان و ڕۆشنبیری کوردی. کارەکە زیاتر کارێکی زمانەوانییە، دەچێتە خانەی زمانەوانی کارەکی.

## هۆ و ئامانجی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

لەبەر ئەوەی تاکو ئێستا ئەم بابەتە، کە زانستێکی تازەی زمانەوانییە لە زمانی کوردیدا، وەکو بابەتێکی تایبەت لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە، هەروەها بۆ ئەوی ئەو بابەتە بخرێتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوەی زانستی، تاکو دەسەڵاتی کوردی بیر لە دانانی پلانێکی زمانی بکاتەوە بۆ پاراستنی زمانی کوردی لەو هەڕەشە زمانیانەی، کە ساڵانێکە ڕوو بە ڕووی بۆتەوە، لە ڕێگەی ئەو ململانێیە زمانییەی کە لەو ناوچانەدا بەسەریدا سەپێنراوە، لەڕێگەی پرۆسەی بە عەرەبکردن لە لایەن حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقدا.

## کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە:

لەم باسەدا ( دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست ) کراوەتە کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە، چونکە ئەم دیالێکتە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بەشێوەیەکی بڵاو بۆتە زمانی نووسینی نووسراوە فەرمییەکان لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، هەروەها زمانی نووسینی کتێب، ڕۆژنامە ، گۆڤار، نامەی زانستی، و ڕاگەیاندنەکانە.

## سنوور و ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە :

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە بە پێی ڕێبازی وەسفی شیکارییە، هەرچەندە هەندێکجار سنوری ئەو ڕێبازەمان بەزاندووە و سوود لە ڕێبازی مێژوویش وەرگیراوە.ماوەی لێکۆڵینەوەکەمان ساڵانی ١٩٦٣ تاکو سەرەتای ٢٠١٤دەگرێتەوە، لە ژێر ڕۆشنایی زمانەوانی بەریەککەوتن ئەنجامدراوە.

## گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە:

بەشێوەیەکی گشتی گیروگرفتەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدایە کە ئەم ناونیشانە جگە لە شارەزایی لە پسپۆری زمانەوانی پێویستی بە شارەزایی، لە ڕووی سیاسی و مێژوویی و جوگرافیی هەیە ، بۆ ئەوەی بتوانین لێکۆڵینەوەیەکی زانستی ورد ئەنجام بدەین، بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە ماوەیەکمان تەرخانکرد بۆ ئاشنایەتی پەیداکردن لەو بوارانە لەسەر ناوچەکان، بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەکە بە ئەنجام بگەینین. هەروەها ئەم ناوچانە لە ڕووی ئاسایشەوە ناوچەی نائارامن، بۆیە ئەمیش ئاستەنگی بۆمان دروست کرد بوو.

# بەشی یەکەم

## هەندێ بابەتی تیۆری  لە بارەی گەشە و گۆڕان لە زماندا

١-١: زمان و نەتەوە

١-٢: زمان و ئایین

١-٣: زمان و ڕۆشنبیری

١-٤: زمان و سیاسەت

١-٥: گۆڕان لە زماندا

١-٦: زمانی زیندوو و زمانی مردوو

## بەشی یەکەم: هەندێ لایەنی تیۆری لەبارەی گەشە و گۆڕان لە زماندا

### ١ – ١: زمان و نەتەوە

#### ١–١ –١ : چەمك و پێناسەی نەتەوە و زمانی نەتەوەیی

بۆ پەیوەندی پتەوی نێوان زمان و نەتەوە، پێویستە هەریەك لە چەمكی نەتەوە و پێناسەی نەتەوە و زمانی نەتەوەیی، بە جیا بخەینەڕوو:–

#### ١-١-٢: چەمكی نەتەوە:

وشەی (نەتەوە) وەك چەمكێك بۆ گروپێكی ئەتنی بەكاردێت. لای ئینگلیزەكان (Nation) ولای عەرەبەكان (القوم) و لای كوردیش( نەتەوە )[١] بەكاردێت. چەمكی نەتەوە لە وشەی لاتیینی (Nascor) هاتووە، كە مانای لەدایك بوون دەگەیەنێ.( ناصر ئیران پور، ٢٠٠٥: ١٤).

فەرهەنگی ئۆكسفۆرد، بۆ لێكدانەوەی واتای چەمكی نەتەوە، نووسیویەتی: (( بریتییە لە ویست و حەزی گروپێكی مرۆیی، كە لە ڕەگەز ، ڕۆشنبیری ، زمان ...تاد هاوبەشن بۆ پێكهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ)).(Charlotte Livingstone, 2008:439).

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، كە چەمكی نەتەوە، بەستراوەتەوە، بە حەز و ویستی تاكەكانی كۆمەڵگەیەكی هاوبەش، لە زمان و، داب و نەریت و، ڕەگەز. بە هەبوونی ئەم بنەمایە هاوبەشانەش لەناو هەر كۆمەڵیكدا، بنەماكانی دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆ پێكدێت. هەروەها لە فەرهەنگی لارۆسی عەرەبییدا هاتووە، واتای چەمكی نەتەوە برییتیە لە : (( كۆمەڵە مرۆڤێك ، كە یەكێتی زمان، داب ونەریت، ڕۆشنبیری، هۆكارەكانی بەرژەوەندی یەكیان دەخات )).(خلیل البحر، ١٩٧٣ : ٩٧٥)

بەمەش دەردەكەوێت ، فەرهەنگی لارۆسی عەرەبی، لەگەڵ ئۆكسفۆردی ئینگلیزی جیاوازییەكی زۆریان نییە و خاڵی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە، كە ئەویش ( بوونی كومەڵی مرۆیی و زمان و ڕۆشنبیرییە). خاڵی جیاوازی فەرهەنگی لارۆس لەگەڵ ئۆكسفۆرد زیادكردنی بنەمای داب ونەریتە، وەك بنەمایەك بۆ نەتەوە، لەگەڵ هەبوونی بەرژەوەندی هاوبەش لەلایەك، لەلایەكی دیكەشەوە فەرهەنگی ئۆكسفۆرد، نەتەوەی بە دەوڵەتی سەربەخۆ بەستۆتەوە، كە ئەمەش لەگەڵ واقعی هەندێك لە نەتەوەكان ناگونجێت كە تاكو ئێستا خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆ نین، لەوانەش نەتەوەی كورد، لەبەرئەوە ڕەنگە پێناسەی فەرهەنگی لارۆس تا ڕادەیەك واقعی تر بێت.

---

١– لە فەرهەنگی ئەستێرە گەشە، كە فەرهەنگێكی كوردی – عەرەبییە ، لەبەرانبەر وشەی (نەتەوە) لە زمانی كوردیدا ، چەند وشەیەكی عەرەبی بۆ واتای ئەم وشەیە داناوە ، وەك ( نسل، نسب، سلسلە، شعب، قوم ، امە ، طائفة، ذریة). هەروەها لە زمانی كوردیشدا چەندین وشەی تر بۆ وشەی نەتەوە بەكاردێت وەك: (میللەت ، قەوم ، كۆمەڵانی خەڵك... تا).

بێگومـان لـە فەرهەنگـە کوردییەکانیشـدا، وشـەی نەتـەوە هەیـە، بـۆ نموونـە لـە فەرهـەنگی (هەراشان)[1] دا هاتووە، کە نەتەوە واتە:(( قەوم، میللەت، گەل، کۆمەڵە خەڵکێك کە یەك ڕەگەز و فەرهەنگ و زمان و خاکیان هەبێت)).(کوردستان موکریانی و ئەوانی دیکە ، ٢٠٠٧: ٩٨)

ئەوەی تێبینی دەکرێت، لـە فەرهـەنگی هەراشـاندا، چـەند وشـەیەکی هاوواتـا بـۆ مانـای وشـەی نەتـەوە دانـراوە، کـە لـەم ڕووەوە کەوتۆتـە هەڵـەوە، چـونکە گـەل و نەتـەوە بـە هاوواتـا دادەنێـت لـە کاتێکـدا کـە ماناکەیان لە یەکتری جیاوازە، چونکە نەتەوە هاو زمانن، بـەڵام گـەل لەبەرئـەوەی پەیوەنـدی بـە دەوڵەتـەوە هەیە، ڕەنگە هاو زمان نەبن وەك گەلی عێراق، کە فرە نەتەوە و فرە زمانە، هەروەها ئەم فەرهەنگە ئاماژە بە بنەماکانی نەتەوەش دەدات، بەڵام جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێت، لەگەڵ فەرهەنگی لارۆسی عەرەب.

## ١-١-٣: پێناسەی نەتەوە ( Nation ) :

سەبارەت بە پێناسەی (نەتەوە) ، چەندین پێناسەی جۆراوجۆر، لەلایـەن بیرمەنـد و فەیلەسـوف و توێـژەران بـۆ وشـەی نەتـەوە کـراوە، کـە هەریەکـە بەپێـی تێـڕوانین و بۆچـوونی خـۆی، پێناسـەییەکی بـۆ نەتەوە کردووە، بەڵام زۆربەی پێناسەکان، خاڵی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە، بەتایبەت بۆ دیاریکردنی بنـەماکانی نەتـەوە، بۆیـە بـۆ ئـەوەی توێژینەوەکـەمان کـرچ وکـاڵ نـەبێت و درێـژبڕ نـەبێت، بـەهۆی دووبارەکردنـەوەی وشـە و دەسـتەواژەی دووبـارە، پێناسـەیەك هەڵدەبـژێرین، کـە گشـتگیر و گونجـاو و دروست بێت، بۆ پێناسەی وشەی نەتەوە، کە خاڵی هاوبەشی زۆربەی پێناسەکان لە خۆبگرێت.

ستار شـنکۆ لـە بـارەی پێناسـەی نەتـەوە دەڵێت:(( نەتـەوە ئـەو کۆمەڵـە خەڵکانـەن کـە بەدرێـژایی مێـژوو دروسـت بـوون و جێگیربـوون، بنـەماکانی نەتـەوەش، زمـان و خـاك و ئـابووری هاوبـەش و ژیـانی سایکۆلۆژی هاوبەشن)).( جەمال نەبەز، ١٩٨٤: ٧٦)

واتە نەتەوە وابەستەکراوە بە بوونی کۆمەڵێکی مرۆیی، کە مێژوویێکی درێژ و جێگیریان هـەبێت، هـەروەها لـە چـەند لایەکـەوە دەڕوانێتـە بنـەماکانی نەتـەوە، کـە ئـەوانیش هەریـەك، لـە زمـان و سـنووری جـوگرافی و بـازاڕ و ژیـانێکی سـایکۆلۆژیانەی هاوبەشـن ، کـە هەریەکـە لـەو لایەنانـە بـە بنـەما بـۆ هـەر نەتەوەیەك دادەنرێت، بێگومان زۆربەی نەتەوەکان لەو بنەمایانە هاوبەشن.

دەکرێت هەوڵی ئەوە بدەین کە لـە ڕوانگـەی خۆمـان پێناسـەی نەتـەوە بکـەین، بـەوەی کـە: بریتییـە لـە کۆمەڵـە مرۆڤێـك کـە لەیـەك ڕەچـەڵەك پەیدابوونـە و زمـان وداب و نـەریت و ڕۆشـنبیریان هاوبەشـە، لـە ڕووبەرێکی جوگرافیدا نیشتەجێن.

---

[1] - زۆر فەرهەنگی تری کوردی گەڕام وەك (هەمبانە بۆرینە ، ئازادی ، خاڵ) ، بەڵام لە زۆربـەی فەرهەنگەکانـدا تـەنها چـەند وشەیەکی هاوواتا بۆ واتای وشەی نەتەوە ڕیزکرابوون، بەبێ پێناسەکردنی، بۆیە ئەم فەرهەنگەم هەڵبژاردووە .

## ١-١-٤: پێناسەی زمانی نەتەوەیی ( Native language ):

زمانی نەتەوە یان زمانی نەتەوەیی بەوە دەناسرێت، ئەو زمانەیە ، کە لە سنووری وڵاتێکدا بەکاردێت، بۆ ئەنجامدانی سێ ئەرکە گەورەکەی زمان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، مەبەست لە بوارەکانی قوتابخانە و دادگا و شەقام و ماڵ و مزگەوت و فەرمانگەکانە، سێ مەبەستە گەورەکەش بریتین لە :-

١- بەڕێوەبردنی کاروباری کارگێڕیی و پەروەردەیی و تەندروستی و کۆمەڵایەتی( ئامانجی کارگێڕیی).
٢- گەشەپێکردنی ڕۆشنبیری هاوبەش، کە خەڵکی کۆدەکاتەوە.
٣- پتەوکردنی گیانی نیشتمانی و نەتەوەیی و هەستی هاوڵاتییەتی بۆ گرێدانی خەڵك بە یەکترەوە.(محمد معروف فتاح ،١٩٩٦: ٢٢)

هەڵبەتە تا لە گرنگی و بایەخی زمان وەك بەهای نەتەوەیی و نیشتمانی تێنەگەین، بێگومان ناتوانین پێناسەییێکی ئەکادیمیانەی زمانی نەتەوەیی بکەین، بۆیە پێویستە بزانین، کە بەبێ زمان، مرۆڤ وکۆمەڵگەی نەتەوەیی بوونێکی سیاسی و ڕۆشنبیری نابێت، هەروەها ناسنامەی نیشتمانی و نەتەوەیی تۆکمە نابێت.(کامیار سابیر،٢٠٠٩: ١٦٨) ئەوەی جێگای سەرەنجە لە پێناسەی سەرەوەدا، سنووری زمانی نەتەوایەتی، لە چوارچیوەی سنوری وڵاتیکدا بەرتەسك کراوەتەوە، بەڵام دیاریکردنی سنوری وڵاتیك بۆ زمانی نەتەوەیی، بۆ هەموو زمانێك چۆن یەك نییە، بۆنموونە سنوری زمانی عەرەبی لە چوارچیوەی سنوری وڵاتیکدا بەرتەسك ناکرێتەوە، چونکە تەواوی وڵاتانی عەرەبی یەك زمانی نەتەوایەتیان هەیە، کە ئەویش زمانی عەرەبییە، بۆیە لە پێناسەکەدا دەستەواژەی( لە سنووری وڵاتێکدا بەکاردێت) بۆ هەموو زمانێك ناگونجێت، چونکە هەندێك زمان سنوری بەکارهێنانیان لە چوارچیوەی وڵاتێکدا فراوانترە، هەروەها نەتەوەی کوردیش کە هەرچەندە خاوەن نیشتمانە بەڵام خاوەن کیانێکی سەربەخۆ نییە لە چوارچیوەی وڵاتێکی سەربەخۆدا، بەڵام زمانی نەتەوەیشی هەیە.

## ١-١-٥: پەیوەندی نێوان زمان و نەتەوە

پەیوەندی نێوان زمان و نەتەوە پەیوەندییەکی تۆکمە و پتەوە، بەشێوەیەك هیچ نەتەوەیەك لە جیهان نادۆزینەوە بەبێ زمان بێت، زۆرجار نەتەوەیەك یان میللەتێك لەڕێگەی زمانەکەیەوە دەناسرێتەوە، بۆنموونە نەتەوەی کورد یان نەتەوەی عەرەب لەڕێگەی زمانەکەیانەوە، نەتەوەکەیان دەزانرێت و دەناسرێت، هەر ئەوەشە وای کردووە زۆر لە نەتەوەکان بە ناوی زمانەکانیانەوە ناوبرێن، بۆیە دەشێت بگووترێت، زمان بوون و گیانی نەتەوەیە، هەروەك فەیلەسوفی ئەڵمانی فێختە دەڵێت:((نەتەوە زمانە، چونکە زمان گیان و بنەمایا نەتەوەییە)) زیاتر جەخت دەکاتەوە لە پەیوەندی نیوان زمان و نەتەوە و دەڵێت : (( زمان نەتەوەیە، ئانکو دوو هەڤال بەندێن ئێکن و ب هیچ رەنگەکێ ژێك ناهێنە جوداکرن)).(بحری ڕشید درویش ،٢٠٠٤: ٤٤- ٤٥).

هەروەك ئاشكرایە كە یەكێك لە بنچینە سەرەكییەكانی پێكهاتەی نەتەوە زمانە، لە هەموو بنچینە سەرەكییەكانی تر گرنگترە. ئەگەر لە ڕووی نەتەوەییەوە بڕوانینە زمان، ئەوا بۆمان دەردەكەوێت، كە یەكێك لە پایە گرنگەكانی ئاسایشی نەتەوەیی زمانە.(قیس كاكل ،٢٠٠٧: ٧). لەبەرئەوە هەر هەڕەشەیەك بۆ سەر زمان، هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی، چونكە ئەو پرەنسیپانەی كە لە بۆتەی زماندا دەبینرێت، بنەماكانی ئاسایشی نەتەوە پێكدەهێنن، بێگومان هەڕەشە بۆ سەر بنەما و پرەنسیپەكانی ئاسایشی نەتەوەش، كاریگەری و بەرەو هەڵدێربردنی نەتەوەی بەدوادادێت (دارا حەمید و فاروق محەمەد ڕەزا ،٢٠١٣ :١١٨) .

ئەگەر باس لە پایەكانی هەر نەتەوەیەك یان نەتەوەبوونی هەر كۆمەڵێكی مرۆیی دیاریكراو بكرێت، ئەوا لە پێشەنگی تایبەتمەندییەكانیدا باس لە زمان دەكرێت. نەتەوەش مێژووی تایبەت بە خۆی دەبێت و لە مێژووشدا زۆرجار ململانێی نێوان گەلان وا دەكات، لایەك بەسەر لایەكەی تردا زاڵ ببێت و لایەك بكەوێتە ژێر سایەی لایەنی سەركەوتووەوە. جا هەر كاتێك نەتەوەی ژێردەست بتوانێت زمانەكەی بپارێزێت و لە بۆتەی زمانی داگیركەردا نەتوێتەوە، ئەوا ئەو نەتەوەیە زیندووە وبە زیندوویی دەمێنێتەوە.(هۆگر مەحموود فەرەج ،٢٠٠٧: ١٦٧).

بەمەش زمان لە ڕوانگەی نەتەوەییەوە، وەك ئامرازێكی گرنگی بنیاتنانی نەتەوە و دەوڵەت سەیر دەكرێت، هەروەها نەتەوەش لەڕێگەی زمانەوە دەتوانێ پێناس و ناسنامەی نەتەوەیی دیاریی بكات، واتە زمان ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی ئاستی هۆشیاری و كەسایەتی و شارستانی نەتەوەیە، بوون و مانی نەتەوە بەندە بە زمانەكەیەوە، تێكچوون و فەوتانی ئاكامی پچڕپچڕی و لاوازی و نەمانی زمانەكەیەتی.(كامل حسن بصير ،١٩٨٤ :٣)

لەئەنجامدا دەگەینە ئەو بڕوایەی كە نێوان زمان و نەتەوە پەیوەندییەكی تەواوكارانەیە هەردووكیان تەواوكەری یەكترین، وەك گیان و جەستەی مرۆڤ، چۆن مرۆڤ ناتوانی بێ دڵ بژێت، هیچ نەتەوەیەكیش ناتوانی بێ زمان بەردەوام بێت. هەربۆیەش ئیسماعیل بێشكچی دەڵێ: (( گەر ویستمان، سەر بە نەتەوەیەك دانەوێنین، وەك كۆیلەی لێ بكەین، ناسنامەی نەتەوەیی لێ زەوتكەین، گەر ویستمان داگیركەر لە ناوچەیەكدا دەسەڵاتی هەبێ، پێویستە ئەلفوبێی ئەو نەتەوەیە لەناو بەرین، پێویستە نەیەڵین، ئەو گەلە یان نەتەوەیە، بە زمانی خۆی ئاخافتنكا، تا بەربەستێ لە میانەی خۆی و كەلتورەكەیدا دروستكەین) ).(حوسین محەمەد عەزیز،٢٠٠٥: ١٤٠)

واتە هیچ نەتەوەیەك بەهیچ شێوەیەك لە نێو ناچێت و قەوارەی سیاسی خۆی لە دەست نادات، تەنیا لەوكاتەدا نەبێت، كە زمانەكەی خۆی لە بیر بچێتەوە و بە زمانی داگیركەرانی نیشتمانەكەی بدوێت.(هەمان سەرچاوە: ٧٨)

### ١ – ١ – ٦ : مێژووی سەرهەڵدانی زمانی نەتەوەیی :

چەمکی زمانی نەتەوە لەگەڵ ڕێنسانسی ئەوروپی لە سەدەی شازدە لە ئەوروپا بڵاوبۆوە ، بەڵام لەناو کورددا ئەو زمانە بەر لە ڕێنسانسی ئەوروپی لەلای شاعیرێکی وەك (ئەحمەدی خانی ) نەك هەر ئەدەبی پێ نووسرا، بەڵکو وەك چەمکێکی نەتەوەیی کاری لەسەرکراوە[1]، بۆ ئەوەی میرانی کورد و تاکەکانی نەتەوەکەی لە هەڕەشەی گەلانی هاوسێی کورد وشیار بکاتەوە، بە جۆرێك زمانی کوردی لەلای ئەحمەدی خانی زمان و ناسنامەی نەتەوەیی کوردە، ئەو ڕەوتە (داکۆکیکردن لەسەر زمانی نەتەوەیی) لە لای (حاجی قادری کۆیی ) زیاتر پەرەی پێدرا، بەجۆرێ ئەو زمانە بە شەرەفی کۆمەڵایەتی سیاسی نەتەوەش دانرا.(سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو ،٢٠١٠: ٨٣)

بەمەش بۆمان دەردەکەوێت دەستپێکردنی هزری نەتەوەیی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆیەکەمجار لەلای شاعیرێکی نەتەوەیی وەك ئەحمەدی خانی سەری هەڵداوە و هزری دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی یان دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی هەبووە.

سەرهەڵدانی زمانی نەتەوەیی لە ئەوروپا بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە:

١- گەشەی سیاسی و سەرهەڵدانی دەوڵەت یان وڵاتی نەتەوەیی، واتە یەك نەتەوە بە زۆری لە سنوری وڵاتێکدا بژیت.

٢- داهێنانی ئامێری چاپ، کە یەکێك بوو لە گرنگترین هۆیەکانی بڵاوبوونەوەی خوێندەواری و کردنەوەی قوتابخانەی گشتی و بڵاوبوونەوەی پەرتووك و ڕۆژنامە. (محمد معروف فتاح ،١٩٩٦: ٢٣)

بەم جۆرە زمانی نەتەوەیی بۆتە ناسنامەیەکی سیاسی زمان، هەروەك ئەو زمانە سنووری دیالێکتی تێپەڕاندووە، بە جۆرێك ئەو زمانە لە چوارچێوەی هۆز و عەشیرەت نەماوە، تاکو بە دیالێکت دابندرێ، یان بە دیالێکتێك بەراوردبکرێ. لەم ڕوانگەوە زمانی نەتەوەیی زمانی هەموو تاکێکی نەتەوەیە (ئەگەر هەندێ لە تاکەکانی نەزانن بەکاریشی بێنن، یان نەیانەوێ بەکاریبێنن).زمانی نەتەوەیی لە ڕووی سیاسییەوە ئەو زمانەیە کە لە سنووری جوگرافی وڵاتێکی تاکنەتەوەدا یان لە کۆمەڵە وڵاتێکی هاونەتەوەدا بەکاردێ[2] ، هەروەها زمانی نەتەوەیی لە دەرەوەی سنووری جوگرافی وڵاتیش هەر

---

[1] - سەبارەت بە سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی لای کورد بیرورای جیاواز هەیە ، لەسەر دیاریکردنی کاتی سەرهەڵدانی ، بەشێوەیەك کە توێژەرانی ئەم بوارە بیرکردنەوە و بڕیاری ئەو کەسانە بەسەر سێ گروپ دابەش دەکەن بەم شێوەیە: گروپی یەکەم : سەرەتاکانی ئەم بیرە بۆ سەدەی شازدەم و حەڤدەمی زایینی دەگێڕنەوە و لەم مەیدانەشدا چەند هەوڵ و گوزارشتێك ئەکەن بە پاڵپشتی بیروبۆچوونەکانیان کە ڕوخساری نەتەوەیی بوونیان پێوە دیارە ، گروپی دووەم : سەرەتاکانی ئەم بیرە لای کورد بۆ سەدەی هەژدەم ونیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم دەگێڕنەوە . گروپی سێیەم : نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە بەشێوەیەکی گشتی و شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بە تایبەتی ، وەك هەنگاوی سەرەتایی بۆ خەملینی بیرو هۆشی نەتەوەیی کوردی دیاریدەکەن. (هیوا عەزیز سەعید ، ٢٠٠٨: ١٦٩ – ١٧١)

[2] – لێرەدا مەبەست کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبیە ، کە هەموویان یەك نەتەوەن، سەر بە نەتەوەی عەرەبن ، زمانی عەرەبیش زمانی نەتەوەیی هەموو وڵاتانی عەرەب.

ناسنامەی تاك دەپارێزێ. لە ناو كوردان، زمانی نەتەوەیی زیاتر بە واتای زمانی دایك، زمانی زێد، زمانی نیشتمانی دێت.(سەلام ناوخۆش،٢٠١٣: ١٣١– ١٣٢).

### ١– ١– ٧: هەنگاوەكانی دروستبوون و مانەوەی زمانی نەتەوەیی

گومان لەوەدا نییە، كە بوونی دەسەڵات و دەوڵەتی نەتەوەیی لەناو نەتەوەیەكدا، زمانەكەی بەرەو گەشەسەندوویی دەبات و دەبێتە هۆی یەكگرتوویی نیشتمان و نەتەوە. دەسەڵاتی ناوەندی وڵاتی زمانێك، دەتوانێت لە قۆناغی سەركەوتنی شۆڕشی نەتەوەیی، یان دوای سەركەوتنەكەی، دیالێكتێكی زمانەكەی، بە تایبەتی ئەگەر زمانی نووسین و بڵاوكردنەوەی ئەدەبیات و گۆڤار و ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و خوێندن و ڕۆشنبیری و زمانی نووسینی نووسراوەكانی دەزگا كارگێڕییەكانی دەسەڵاتەكە بێت، لەم ڕووەوە لە دیالێكتەكانی دیكە پێشكەوتووتربێت، دەتوانێ بە بڕیارێكی ڕەسمی بیكات بە زمانی نەتەوەیی، بە تایبەتی ئەگەر توانای جێبەجێكردنی بڕیارەكەی لە هەموو ناوچەكاندا هەبێت، هەروەها هەندێك جار هۆی ئایینی و دەسەڵاتی سیاسی دیالێكتێك، زمانێك دەكات بە زمانی نەتەوەیی، ئەگەر ئەو بارودۆخەی بۆ هەڵبكەوێت، وەكو زمانی عەرەبی و فەرەنسی ناوچەی پرۆتستانەكان، كە زاڵبو بەسەر دیالێكتی فەرەنسایی كاسۆلیكەكان، هەندێك جار بوونی یەكێتی ئابووری و بازرگانی لە نێوان هەموو ناوچەكانی وڵاتدا لە خزمەتی پەیدابوونی زمانی نەتەوایەتیدایە، چونكە یەكێتی ئابووری و بازرگانی ناوچەكانی وڵات لە یەكتری نزیك دەكاتەوە.(ڕەفیق شوانی،٢٠٠١: ٨٨) .

كەواتە دەتوانین بڵێین هۆكارەكانی مانەوە و بڵاوبوونەوەی زمانی نەتەوەیی، بریتیین لەم خاڵانەی خوارەوە:

١– هەستی نەتەوەیی: بێگومان پەیوەندییەكی پتەو هەیە لە نێوان نەتەوەپەرستی و زمانی نەتەوەیی، هەستی نەتەوایەتی بەهێز دەبێتە هۆی پاراستنی زمانی نەتەوە، زمانی نەتەوەش هەستی نەتەوایەتی بەهێز دەكات. هەستی نەتەوایەتی لەگشت ڕەهەندەكانی ئابووری، سیاسی، كۆمەڵایەتی، فەرهەنگیدا خۆی دەنوێنی.

٢– هۆی ئایینی: لە مانەوەو و پێگەیشتن و بڵاوبوونەوەی زماندا ڕۆڵێكی گرنگی هەیە، سەرهەڵدانی ئایینی مەسیح و ئیسلام بوونەتە هۆی بڵاوبوونەوە و پاراستنی زمانی لاتینی و زمانی عەرەبی.(حوسێن محەمەد عەزیز، ٢٠٠٥: ١٥٠– ١٥٢)

٣– دەوڵەت: دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری لە چوارچێوەی دەوڵەتدا ڕۆڵێكی تەوەرەییان هەیە لە مانەوەی زمان و بڵاوبوونەوەی، دەسەڵاتی دەوڵەت، بەردەوام توانییەتی بە سەپاندنی زمانێك وەك زمانی فەرمی، گەورەترین ڕۆڵ لە گەشەپێدانی زمانێك و فەرامۆشكردنی زمانێكی تردا بگێڕێت.

٤– هۆی جوگرافی: جوگرافیاش لە مانەوە و بڵاوبوونەوەی زماندا، بایەخێكی بەرچاوی هەیە. ناوچە شاخاوییەكان لە ڕووی شوێنی سەختی هاموشۆ و زەحمەتی دەست پێڕاگەیشتن، توانایەكی زیاتریان هەیە بۆ پاراستنی زمانی نەتەوەیی خۆیان، بە پێچەوانەوە، ناوچەی پێدەشت لەبەرئەوەی

دانیشتوانەکانی هەمیشە لەبەردەم هێرشی نەتەوەکان و زمانەکاندا بوونە، توانای تەواویان نییە بۆ پاراستنی زمانەکەیان، واتە کارتێکردنی زمانەکان لەیەکتری لە هەمووناوچەکان وەکو یەك نییە، ئەو ناوچانەی لە سنووری ناوچە فرە زمانییەکان نزیکترن زیاتر دەکەونە ژێر کارتێکردنی یەکتر لەچاو ئەو شوێنانەی دوورن. (بێهزاد خۆشحاڵی، ٢٠٠٨: ٢٤٣).

٥- بازاڕی هاوبەش: هۆکاری ئابووری بەگشتی و بازاری هاوبەش بە تایبەت، کاریگەری قووڵیان هەیە لەسەر گەشەسەندن و بەرزبوونەوەی پلەی زمان. دامەزراندنی بازاڕی هاوبەش، پەرە بە پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان نەتەوەکان و یارمەتی زمانی نەتەوەیی دەدات. بۆ نموونە، لە سەدەی پازدە و شانزە، بازاری هاوبەش لە ئەوروپا پەیدا بوو، زمانی نەتەوەیی دەرکەوت و گەشەیکرد.

٦- تەکنۆلۆجیا و زانست: گەشەسەندنی زانست و تەکنۆلۆجیا پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ پەرەسەندنی زمانی نەتەوەییدا هەیە، تەکنۆلۆجیای نوێ فەرهەنگی نوێ لەگەڵ خۆی دێنێت، ئەگەر فەرهەنگە نوێیەکە بە زمانی نەتەوەیی بێت، یارمەتیدەر دەبێت بۆ بڵاوبوونەوە و پەرەسەندن و مانەوەی زمانەکە.(حوسێن محەمەد عەزیز، ٢٠٠٥: ١٥٣)

بەم جۆرە هەر زمانێك بۆ مانەوە و بەرگرتن لە هەر هەڕەشە و فشارێك، پێویستە بەپێی ئەو ژینگە زمانییەی کە تیدا دەژییێت، سیاسەتی زمانی بۆ زمانەکەی دابڕێژرێت، تاکو زمان لە کارتێکردنی زمانی باڵادەست بپارێزرێت. هەروەها دانانی سیاسەت و پلانی زمان بۆ نزیکردنەوەی دیالێکتەکان لەیەکتری و ڕەخساندنی دەرفەت بۆ دروستبوونی زمانی نەتەوەیی هۆکارێکی دیکەی مانەوەی زمانە و هەنگاونان بۆ دەرکردنی یاسای زمانە فەرمیەکان و تەرخانکردنی بودجەی پێویست بۆ پەرەپێدانی زمان هۆکاری دیکەی گرنگن بۆ گەشە و مانەوی زمان، هەروەها هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەزگایەکی وەرگێران، بۆئەوەی کتێبە جۆراوجۆرە زانستییەکان وەربگێڕدرێنە سەر زمانی نەتەوەیی، تاکو زمانی نەتەوەیی بە زانستیی بکرێت و لە لێکۆڵینەوە زانستییەکان پشتی پێ ببەسترێت ، بێگومان ئەمەش بایەخی زمانی نەتەوە زیاتر دەکات .

## ١- ٢ : زمان و ئایین

زمان ڕۆڵێکی کارا لە ژیانی مرۆڤدا دەگێڕێت، لەبەرئەوەی گرنگترین و سەرەکیترین تایبەتییە، کە پێی لە بوونەوەرەکانی تر جیا دەکرێتەوە، هەروەها ئەرکەکانی زمان و ئەو کارانەی مرۆڤ لە ژینگەی کۆمەڵایەتیدا بەهۆی زمانەوە جێبەجێیان دەکات، هێندە زۆر و ئاڵۆزن، هەرچەندە هەوڵی بۆ بدەین بە ئاسانی پۆلین ناکرێن.(محمد معروف فتاح،٢٠١١: ٣١) بەلام دەکرێت بڵێین هۆکاری سەرەکی زمان بۆ پەیوەندی کردنە.(David Crystal, 2010: 201) ، بەمەش زمان دەبێتە جێگەی بایەخپێدانی لە گشت بوارەکانی مرۆڤایەتیی، چونکە وەك سیستەمێکی گشتی لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵ پەیڕەو دەکرێت و بۆ مەبەستی جۆراوجۆر لە ژیانییدا بەکاری دێنێت. بۆیە زمان و کۆمەڵی مرۆیی هەریەکێکیان بەبێ ئامادەبوونی ئەویتریان هیچ نرخێکی نابێت، هەروەها ئاینیش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە کۆمەڵەوە هەیە،

چونکە زۆربەی ئایینەکان، ئاسمانی بن یان مرۆڤکردبن، وابەستەن بە مرۆڤەوە، واتە ئایینیش بەبێ بوونی مرۆڤ هیچ  مانایەکی بۆ نامێنێتەوە.

پەیوەندییێکی رۆحی و پتەو لە نێوان ئایین و زماندا هەیە، چونکە هەر ئایینێك زمانێکی دیاریکراوی هەیە بۆ ئەوەی پەیامەکەی لە کۆمەڵگەی مرۆییدا بڵاوبکاتەوە، هیچ ئایینێك بێ زمان ناتوانێت بنەما و پەیامە ئایینیەکەی بڵاوبکاتەوە، چونکە ئایین خۆی شۆڕشێکە بۆ گۆڕینی سیستەمی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی مرۆییدا، بێگومان ئەمەش هەر لە ڕێگەی زمانەوە بە ئەنجام دەگات. بە واتاییێکی تر دەکرێت بلێین ئایین ئاسمانی بێت یان مرۆڤکردبێت، ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە ژیانی کۆمەڵگەی مرۆییدا، زمانیش شادەماری کەناڵی پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەیە، واتە زمان نەك هەر بەدەر نییە لەم کاریگەرییە، بەڵکو وەك دەرکەوتووە، خودی بزاڤی زمانناسی لە کایەی ئایینیەوە گەشەونمای کردووە.(سەلام ناوخۆش، ٢٠٠٧: ٤١).

بۆ ئەوەی ڕادەی کاریگەری و پەیوەندی نێوان زمان و ئایین دەست نیشان بکەین. پێویستە پرسیار بکەین،  ئایا زمانی ئایین هەمان زمانی نەتەوەکەیە؟ یان زمانی نەتەوەکە لە زمانی ئایین جیاوازە؟ هەروەها پێویستە بزانین کە ئایا ئایینەکە ئاسمانییە یان مرۆڤکردە؟ پاش وەڵامدانەوەی ئەم سێ پرسیارە، لە رۆڵ وکاریگەری و پەیوەندی نێوان زمان وئایین نزیك دەبینەوە.

پێش ئەوەی ئایینە ئاسمانییەکان بڵاوببنەوە، واتە پێش ئەوەی پەرتووکە پیرۆزە ئایینیەکان بە یەکێك لە زمانە نەتەوەییەکانی ئەو سەردەمانە بنووسرێنەوە، ئایینە مرۆڤکردەکان کاریگەرییێکی زۆریان لە زمانە نەتەوەییەکان نەکردووە، مەترسییەکی ئەوتۆیان لەسەر نەبووە، چونکە لەو سەردەمانەدا هەر نەتەوەیەك یان گروپێك لەسەر ڕووی زەوی ئایینێکی تایبەتیان بۆ خۆییان هەڵبژاردووە و هەر جۆرە بتێکیان داتاشیبێ و پەرستبێ، تەنها بەو زمانانە ناویان لێ ناون و لێیان پاڕاونەتەوە، کە خۆیان قسەیان پێی کردووە.(ئومێد بەرزان برزۆ: ٢٠١٣: ١٠٢– ١٠٣). واتە ئایینە مرۆڤکردەکان کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر زمانی نەتەوەیی نەبووە، بەڵام  پاش هاتنی ئایینە ئاسمانییەکان زمانی ئایین و زمانی نەتەوە کاریگەرییەکی زۆریان لە یەکتری کردووە، چونکە کتێبە ئاسمانییەکان هەریەکەیان بەزمانێکی جیاوازن و بۆ هەموو مرۆڤایەتی هاتوون، نەك تەنها بۆ کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو، بەو پێیەی زمانی کۆمەڵگەکانیش جیاوازن، کاریگەرییەکە دروست دەبێت، ئەمەش لە دوو باردا دەردەکەوێت، ئەگەر زمانی نەتەوەکە هەمان زمانی ئایینەکە بێت، ئەوا بێگومان زمانە ئایینیەکە خزمەتێکی زۆری زمانە نەتەوەییەکەی کردووە، هەروەها زمانەکەش بە شێوەیەکی باشتر لە خزمەتی ئایینەکە بووە، واتە لەم بارەدا هەردوو زمانی ئایین و زمانی نەتەوە لە خزمەتی یەکتری دا دەبن و کاریگەری ئەرێنییان لەسەر یەکتری دەبێت و دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوە و گەشەکردنی زمانی نەتەوەکە، وەکو زمانی عەرەبی، کە(( لە پاش پەیدابوونی ئایینی ئیسلام، عەرەبەکان بەرەو ڕۆژهەڵات بڵاوبوونەوە، هەر وڵاتێکیان دەگرت، بێجگە لە ئایینی ئیسلام، زمانی عەرەبیشیان لە کاروباری دەوڵەتدا بەکاردەهێنا و ئەم زمانە لە ڕۆژهەڵاتدا بوو بە زمانێکی حوکمڕان)).( بارات ئوسمانۆڤا،١٩٨٠ :٦٠ – ٦١). واتە زمانی عەرەبی لەڕێگەی ئایینی ئیسلام

توانیویەتی سنووری ولآتان ببەزێنی و لە تەواوی ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست بلاوببێتەوە و لە زۆربەی ولآتان ببێتە زمانی فەرمی، لە هەندێك لە ولآتانی نا عەرەبی، وەكو زمانی دووەم لە قۆناغەكانی خوێندن بخوێندرێت، بەمەش كاریگەرییەكی زۆری لەسەر زمانەكانی رۆژهەلآتی ناوەڕاست جێهێشتووە، تەنانەت زۆر زمانی ناوچەكەی لە بۆتەی زمانی عەرەبی تواندنەوە.

هەروەها لە ڕێگەی قورئانی پیرۆز توانرا زمانی ئەدەبی یەكگرتوو بۆ زمانی عەرەبی بنیات بنرێت، واتە ئایین بۆتە هۆی نزیكردنەوە و یەكخستنی دیالێكتەكانی زمانێك لە زمانێكی ئەدەبی یەكگرتوودا. قورئانی پیرۆز بە دیالێكتی قورەیشی نووسراوە، هەر ئەو دیالێكتەش بوو بە سەرچاوەی زمانی یەكگرتووی عەرەب، هەرچەندە دیالێكتی قوریشی لە زۆر ڕووەوە دەولەمەند بوو، بەلآم نەیتوانی لە سنووری حیجاز دەربچێ، هەتا قورئان گرنگی بە دیالێكتەكە نەدا، دیالێكتەكە نەبووە زمانی یەكگرتووی عەرەب.(سەلام ناوخۆش،٢٠٠٧: ٦٧) هەروەها سەبارەت بە ئایینی مەسیح دوای ئەوەی (( ئینجیل لە لاتینیەوە وەرگێڕدرایە سەر شێوەی ئەلمانی ساكسی، كە تا ئەو حەلە تەنیا لە دیوەخانەكانی میرەكانی ساكسدا بەكاردەهێنرا، توانی سەرەنجی خەلكێكی زۆر بۆ ئەو ئینجیلە ڕابكێشێ و هەر بەو هۆیەوە شێوەی ساكسی بوو بە زمانی ئەدەبی هەموو ئەوانەی ئەمڕۆ بە ئەلمانی دەدوێن)).(جەمال نەبەز، ١٩٧٦: ٨٦) هەر سەبارەت بە كاریگەری ئایین لەسەر زمانی نەتەوەیی(( هەندێ لە گەلانی جیهان، بەهۆی ئایین و ئاینزای جیاوازەوە، زمانی نەتەوەیی خۆیان پاراستووە و دەولەتی ناسیۆنالی خۆیان دامەزراندووە، واتە پێش ئەوەی دەولەتی خۆیان هەبێت، زمانی ئاینی یەكگرتووی خۆیان هەبووە. وەك جوولەكەكان لە هەموو قوژبنێكی جیهانەوە، بەهۆی(تەورات)ەوە، لە دەوری ئایینەكەی خۆیان كۆبوونەتەوە، لە ناوچەی رۆژهەلآتی ناوەراستدا، دەولەتی ئیسرائیلیان دامەزراندووە و زمانێكی یەكگرتووی هاوبەشیان، بۆ خۆیان زیندووكردۆتەوە)).( حوسێن محەمەد عەزیز، ٢٠٠٥: ٨٦)

بەم جۆرە بۆمان دەردەكەوێت، كە ئایین سەرەڕای ئەوەی هۆكاری بلاوبوونە و گەشە و پاراستنی زمان و لێكترنزیكردنەوەی دیالێكتەكان و بنیاتی زمانی یەكگرتوو بووە، هەروەها بۆتە هۆكاری كۆكردنەوەی تاكەكانی كۆمەلگەیەكی هاوئایین لە ولآتێكی سەربەخۆدا و بۆتە مایەی بنیاتنانی دەولەتێكی نەتەوەیی و ئایینی لە ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست. كەواتە ئەو نەتەوانەی زمانی ئایین و نەتەوەیان هەمان زمانە، ئایین و زمان ڕۆلێكی گەورە و كاریگەری ئەرێنییان بەسەر یەكترییەوە هەیە.

لەلاییێكی تر زمان بەهۆی زمانی ئایینەوە لە ڕووی فەرهەنگییەوە خزمەتێكی زۆری زمانی نەتەوەیی دەكات بەوەی كۆمەلێك وشە و زاراوەی نوێی ئایینی لەگەل خۆیدا بۆ زمانی نەتەوەیی دەهێنێت، كە بێگومان ئەمەش هۆكارە بۆ گەشەو پەرەسەندنی زمان.

بەلآم ئەگەر زمانی نەتەوە لە زمانی ئایین جیاواز بێت، بێگومان ڕۆلەكە جیاواز دەبێت و لە زۆر باردا ڕەنگە بارودۆخەكە پێچەوانە ببێتەوە، بۆ نموونە ڕەنگە لە جیاتی بنیاتنان و دروستكردنی زمانی یەكگرتوو ببێتە هۆی لیكترازاندنی زمانی یەكگرتوو، بۆ نموونە ((سریانەكان هەتا سەدەی پێنجەمی زایینی، زمانێكی ئەدەبی یەكگرتوویان هەبووە، ئا لەم سەدەیەدا، ئاژاوە كەوتە كلێسەی دیانەكانی

ڕۆژهەڵاتەوە، بەوە خەڵکەکە بوون، بە دوو بەشەوە، هەر لەوەشەوە، ئاینزای یاقووبی و ئاینزای نەستووری پەیدابوون. ئینجا وردە وردە، هەر لایە شێوەی تایبەتی خۆی پاراست و پێی نووسی و ڕق وکینە و دووبەرەکیش دەورێکی ئاگر خۆشکەرانەی نواند بۆ دوورخستنەوەی هەردوو شێوەکە لەیەکتری بە جۆرێ سریانەکان ئێستا دوو شێوە ئەدەبی یان هەیە )).( جەمال نەبەز ، ١٩٧٦: ٩) واتە ئایین هەروەك چۆن ڕۆڵی هەیە لە نزیککردنەوەی زمانەکان لە یەکتری، بەهەمان شێوە هەندێك جار هۆکارە بۆ لەتکردن و دوورخستنەوەی زمانەکان لە یەکتری.

بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە ڕۆڵی زمانی ئایین دوو لایەنەیە، بۆ هەندێك زمان مایەی پاراستن و گەشە و بڵاوبوونەوەیە بۆ هەندێکیش مایەی لاوازبوون و توانەوە و لەتکردنە.

هەروەها ئەگەر لە ڕوانگەی ترەوە سەیری بکەین دەبینین زۆرجار زمانی ئایینی ئەگەر لە زمانی نەتەوەیی جیاواز بێت لەڕووی فەرهەنگییەوە کاریگەری لەسەر زمانەکە دروست دەکات بە هۆی تێخزینی کۆمەڵێك وشە و زاراوە و دەستەواژەی ئایینەکە بۆ نێو زمانە نەتەوەییەکە، بێگومان دواجار ئەم قوناغە تێدەپەڕێنیت و کاریگەرییەکە دەگوازێتەوە بۆ ئاستەکانی تری زمان بۆ دەنگسازی و ڕێزمان [1].

سەبارەت بە زمانی کوردی، سەر بە خێزانە زمانەکانی هیندۆئەوروپییە، کە بەهێزترین و بڵاوترین خێزانە زمانە و قسەپێکەرانی سەر بەم خێزانە زمانە، لە ئێستادا لە زۆربەی بوارەکانی ژیان لە چالاکی بەرفراواندان. کاریگەریان هەیە لە شارستانیەتی مرۆیی نوێدا. ( صادق یوسف الدباس، ٢٠١٢: ٧٨-٨٠) خێزانە زمانەکانی هیندۆ ئەوروپی زۆر کۆنترە لە خێزانە زمانەکانی سامی، کە زمانی عەرەبی(زمانی ئایینی ئیسلام) سەر بەو خێزانەیە.( عەرەفات کەرەم مستەفا، ٢٠١٢ : ٧١).

واتە زمانی کوردی لەگەڵ زمانی ئایینی ئیسلام جگە لەوەی دوو زمانی جیاوازن، هەروەها لە دوو خێزانە زمانی جیاوازیشن. بەمەش ئەو کاریگەرییانەی زمانی ئایینی لەسەر زمانی نەتەوەیی دروستی دەکات، ڕوو بەڕووی زمانی کوردیش بۆتەوە، چونکە((نەتەوەی کورد یەکێکە لەو میللەتانەی زۆر لە زووەوە موسڵمان بووە لە پێناوی ئیسلامدا شەڕی زۆری کردووە و زانای گەورەی لە بواری نووسینی : فقە، تەفسیر، زانستی کەلام، زمان ... تاد، تێدا هەڵکەوتووە و کەم دێ هەیە، مزگەوتی تێدا نەبی)).(نەوشێروان مستەفا ئەمین، ١٩٩٧ : ٢٧٦). هەروەها لەبەرئەوەی خەڵکی کوردستان زۆربەیان نەخوێندەوار بوونە، بە درەنگ فێری ئەو زمانە بوونە، چونکە زمانی کوردی لەگەڵ زمانی عەرەبی جیاوازی هەیە لە ڕووی(فۆنۆلۆژی ، ڕێزمان، ڕێنووس )دا، ئەگەر بە تێگەیشتنیشەوە فێری ئەو زمانە نەبووبن، ئەوا ئەو دەقانەی بۆ خوداپەرستی پێویستیان بووە، بێ ئەوەی لێی تێبگەن، لەبەریان کردووە

---

[1] – زۆر لە زمانەوانەکان خزینی وشەی بێگانە بۆ زمان بە قۆناغی یەکەمی ململانێی زمان دادەنێن.( صادق یوسف الدباس، ٢٠١١: ٦٣ ) بەڵام هەندێکی تر لە زمانەوانان بەشێوەیەکی تر لەم بابەتە دەڕوانن، واتە بەمەترسی نازانن لەسەر زمان، بەڵکو بە هۆکاری گەشە و پەرەسەندنی دەزانن.حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عیراق بە پلان و بەرنامەیەکی تۆکمە کاریان لەسەر ئەم قۆناغە کردووە، لەبەشی سێیەمدا دەیخەینە بەرتیشکی لێکۆڵینەوە.

ووتویانەتەوە، بۆ ئەوەی سەرەتا بە زمانی عەرەبی، شایەتمان و هەندێك سوڕەتی كورت و وێرد و وشە سەرەكیەكان بچەسپێن و بلاوببنەوە.(حوسێن محەمەد عەزیز، ٢٠٠٥: ٤٣).

هەروەها خوێندن لە كوردستاندا تا كۆتایی سەدەی نۆزدەم لە مزگەوت و حوجرەكاندا بووە، خوێندنی ئەكادیمی وەكو ئەوەی ئێستا نەبووە، زیاتر بایەخ بە زمانی عەرەبی دەدرا بۆ فێركردنی فەقێ و فێرخوازانی ئایینی، واتە ئایینی ئیسلام خوێندەواری بە زمانی عەرەبی پێشكەش بە خەڵكی كوردستان و نەتەوەی كورد كردووە، ئەمەش وایكردووە وشەیێكی زۆری زمانی عەرەبی بخزێنە ناو زمانی كوردی، كە هەندێكیان بە قازانجی زمانی كوردی دەشكێنەوە، بەڵام هەندێكیان بوونەتە بار بەسەر زمانی كوردی، چونكە لە بەرانبەریاندا وشەی كوردی ڕەسەن هەنە، هەروەها لە لاییێكی تر دەسەلاتدارانی سیاسی عەرەب كە بوونەتە ولاتی سەردەست بۆ نەتەوەی كورد لە ژێر پەردەی ئاینی ئیسلامی پیرۆز،هەڕەشە و فشارێكی زۆریان خستۆتە سەر زمانی كوردی، بۆ ئەوەی لە بۆتەی زمانی عەرەبی بتوێنەوە، بۆنموونە پرۆسەی ئەنفال و بەعەرەبكردن لەژێر پەردەی ئایینی ئیسلام ئەنجامدراوە،هەمیشە هەوڵیانداوە لە دەرگای ئایینی ئیسلامەوە بێنە ژوورەوە، بۆنموونە لە كاتی قەدەغەكردنی ناونانی منداڵ بە زمانی كوردی بانگەشەی ئەوەیان دەكرد كە دەبێت ناونان بە ناوی ئیسلامی بێت ( نەك عەرەبی)، هەروەها لە گۆڕینی ناوی شوێنەگشتی و شەقام و گەرەكەكان بەهەمان شێوە.

ئەوەی گرنگە ئەوەیە كە زمانی عەرەبی لە ڕێگەی ئایینی ئیسلام كاریگەرییێكی زۆری لەسەر زمانی كوردی كردووە، بە تایبەتی لە ڕووی فەرهەنگی.

### ١- ٢ – ١: ئایین و فرەزمانی :

هەرچەندە ناشێ شیكردنەوەی ئەم چەمكە بەلای هەموو كەسێكەوە چوون یەك بێت، تەنانەت ئەگەر بۆ یەك تاكە ئایینیش بێت، بەڵام هەوڵدەدەین بۆ ڕوونكردنەوەی فرەزمانی لە ئاییندا لە ڕوانگەی هەردوو ئایینی ئیسلام و ئایینی جوولەكە شیبكەینەوە، چونكە فرەزمانی هۆكارێكی سەرەكی ململانێی زمانەكانە.

#### ١-٢-١-١ : ئایینی جوولەكە و فرەزمانی

هەزار ساڵ پێش زایین ئەم دیاردە زمانییە لە چەند بڕگەیەكی تەوراتدا ئاماژەی بۆ كراوە، لە ڕێگەی گێڕانەوەی چیرۆكێك، كە بە چیرۆكی (تاوەری بابل ) ناسراوە، هۆی هەبوونی فرە زمانی دەخاتە ڕوو، دەڵێت: (( سەردەمێك مرۆڤ هەموو یەك زمانیان هەبووە ... گەیشتبوونە لووتكەی شارستانییەت، هیچ شتێ نەمابوو بیری لێ بكەنەوە و نەیگەنێ، تاكە شتێ نەبێ ئەویش ئەوەبوو بگەنە لای خوا. بۆ ئەم مەبەستە بڕیاریان دا تەلارێكی یەكجار بەرز دروست بكەن تا بیگەنێ. خواش بۆ ئەوەی ئەم پلانەیان لێ تێكدا تا نەتوانن ئەم پرۆژەیە جێبەجێ بكەن، زمانی شێواندن، هەركەسێ بەجۆرێ قسەی كرد، ئیتر لەیەك نەگەیشتن. ئەنجام نەیانتوانی پرۆژەكە جێبەجێ بكەن)). ( وریا عومەر ئەمین ، ٢٠١١ : ٩٧).

واتە، بەپێی بیروڕای بڕوادارانی ئایینی جوولەکە، کە تەورات بە کتێبی پیرۆزی ئایینی خۆیان دادەنێن، سەرەتا مرۆڤ هەمووی یەکزمان بووە، بەڵام بە هۆی توڕەبوونی خودا لەم کارەیان سزایداون، واتە فرە زمانی لە ئەنجامی سزای خودایی سەریهەڵداوە. بەمەش دەردەکەوێت کە تەورات بە تەنیا بڕیار لەسەر دەرخستنی تاك نەژادی زمانەکان دەدات، هەر ئەوەش یەکێتی زمان بەرجەستە دەکات، هەرچەندە هیچ بەڵگەیەکی زانستی لەبەردەستدا نییە، سیناریۆی تاك نەژادی زمانەکان بسەلمێنێت.(لویس جان کالفی ،٢٠١٢: ٤٠– ٤٣) .

ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە، ئەوەیە، کە لە (تەورات)دا بیرۆکەی فرە زمانی ئاماژەی پێکراوە، وەك دیاردەیەکی زمانی دانپێدانراوە.

## ١-٢-١-٢: ئایینی ئیسلام و فرەزمانی :

ئایینی ئیسلام باوەڕی بە بنەمای فرە نەتەوە و جیاوازی نێوان زمانەکان و فرەجۆری ڕەگەز و ڕەنگەکانی نەوەی ئادەم هەیە، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت:((وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِلْعَالِمِينَ )).(القران الكريم، سورة الروم، الاية ٢٢).

لێرەدا خوای گەورە ئاماژە بە گەورەیی دەسەڵاتی خۆی دەکات لە میانەی نیشانە گەورەکانی، ئەوانیش دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی و جیاوازی نێوان زمانەکان و فرە ڕەگەز و ڕەنگەکانی نەوەی ئادەم، هەموو ئەوانە نیشانە گەلێکی گەورەن بۆ دەسەڵاتی ڕەهای خوای گەورە کە لەمیانەی فرەزمانی و فرەرەنگی[1] ، ڕوونتر و بەڵگەدارترە، چونکە دەسەڵات وگەورەیی خودا خۆی لە جۆراوجۆری زمانەکان دەردەخات.( عەرەفات کەرەم مستەفا ، ٢٠١٢ : ٤٤ – ٤٥).

هەروەها قورئانی پیرۆز لە ئایەتێکی دیکەدا ئاماژە بە حەزرەتی ئادەم دەکات و دەفەرمووێت: ((وَعَلَّمَ آدَمَ الْأَسْمَاءَ كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى الْمَلَائِكَةِ فَقَالَ أَنْبِئُونِي بِأَسْمَاءِ هَؤُلَاءِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ)).(القران الكريم، سورة البقر: الاية ٣١) . بۆچوونی هەندێك لە ڕاڤەکاران، بۆ شرۆڤەکردنی ئەم ئایەتەی قورئانی پیرۆز، ئەوەیە، کە خوا هەموو زمانەکانی بە ئادەم بەخشییوە و فێری کردووە.[2]

ئەمەش باوەڕبوونی موسڵمانان بە دیاردەی فرەزمانی دەردەخات. هەرچەندە، بۆچوونی تریش هەن، کە پێیان وایە خوای گەورە بە زمانی سریانی ئادەمی فێرکردووە، بەڵام ئەمە پێوستی بە بەڵگەیێکی حاشا هەڵنەگری ڕاست و دروست هەیە، چونکە هیچ سەنەدێك نییە ئەمە پشت ڕاست بکاتەوە.(عەرەفات کەرەم مستەفا ، ٢٠١٢ : ٣٨). هەروەها لە ئایەتێکی تردا خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێت:

---

[1] لە پوختەی تەفسیری قورئان کە مەلا محەمەد مەلا ساڵح ڕاڤەی ئایەتەکانی کردووە، بۆ ڕاڤەی ئەم ئایەتە دەڵێت: ((خوا ناوی هەموو شتێکی فێری ئادەم کردوە )) و ، زۆر لێکدانەوەی تریش بۆ ئەم ئایەتە دەکرێت، کە هەندێك لە ڕاڤەکاران وای دادەنێن کە مەبەست لە ناو (کار و ئامرازەکان)یش دەگرێتەوە هەر تەنها ناو نییە.

[2]– وەرگیراوە لە الطوسی : التباین فی تفسیر القران ١٣٨/١ . هەروەها ریوایەت کراوە کە ئادەم (سڵاوی خوای لێ بێت ) بە سێ سەد ساڵ بەر لە مردنی، کتێبێکی بە هەموو قەڵەم و زمانەکان داناوە . (عەرەفات کەرەم مستەفا، ٢٠١٢: ٣٨)

(وما ارسلنا من رسول الا بلسان قومه )( القران الكريم ، سورة ابراهيم: الاية ٤). له ڕاڤەکردنی ئەم ئایەتەشدا، خودای گەورە، ئاماژە دەدات، کە هیچ نێردراوێکی نەناردوە، ئەگەر بە زمانی نەتەوەکە خۆی نەبێت، ئەمەش بەڵگەیێکی دیاری باوەڕبوون بە فرە زمانی و یەکسانی زمانەکانە لە ئیسلامدا.( محەمەد ساڵح، ٢٠٠٨: ٢٥٥).

زۆر جار، هەندیك عەرەبی نەتەوەپەرست[١]، بەهۆی دەمارگیرییان بۆ زمانی عەرەبی و نەتەوەی عەرەب، پەنا بۆ دروستکردنی فەرموودەی نادروست دەبەن بۆ تاك زمانی لە ئیسلام ، بەهۆی بە پیرۆزتر زانینی زمانی عەرەبی لە زمانەکانی تر، بەڵام ئەو بەڵگانەی کە لە قورئانی پیرۆزدا هەن، بۆ فرە زمانی ئەم فەرموودانە پووچەڵ دەکەنەوە. بۆیە لە ڕوانگەی ئەم ئایەتانەی خستمانە ڕوو بۆمان دەردەکەوێت، کە لە قورئانی پیرۆزدا، بەڕاشکاوی دیاردەی فرە زمانی دانپێدانراوە، بەڵکو هۆکاریکێشە بۆ یەکترناسین لە نێوان گەل و نەتەوەکاندا هەروەك لە ئایەتی ژمارە (١٣)ی حوجوراتدا هاتووە کە دەفەرموویێت((يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِأَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ ))(القران الكريم، سورة الحجرات، الاية ١٣)

## ١-٣: زمان و ڕۆشنبیری [٢]

پەیوەندی نێوان زمان و ڕۆشنبیری، زمان بە ئەنسرۆپۆلۆجیا(Anthropology) دەگەیێنێت[٣]. بەمەش زمان و ڕۆشنبیری بایەخ و سودێکی زۆریان پێ دەگات،چونکە زمان و ڕۆشنبیری وابەستە و بەندی یەکن و هەردووکیان کاریگەرییان بەسەر یەکەوە هەیە، جیاوازی لە ڕۆشنبیری جیاوازی لە زمان دروست دەکات، بە پێچەوانەشەوە ڕاستە، هەروەها زمان ئاوێنەیە بۆ دەرخستنی ڕۆشنبیری کۆمەڵگە، ڕۆشنبیری کۆمەڵگەش لە ڕێگەی زمانەوە، دەزانرێت و دەناسرێت. بە واتایەکی تر مرۆڤ لە ڕێگەی زمانەوە دەڕوانێتە، ئەدەب و ڕۆشنبیری و شارستانییەتی هەموو جیهان، بەشێوەیەك کە سەراپای پەیوەندییەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە و بونیادی دەنێت. (محمد حسن عبدالعزيز ، ١٩٨٣: ١٩٠)

زمان بەندە بە چەمکی کۆمەڵایەتییەوە و لە ئامێزی کۆمەڵگەوە پێدەگات، چونکە هەر تاکێك لە کۆمەڵگە، کۆمەڵێك ڕەفتاری بەرجەستە و بیروباوەڕی ئەندێشە ئامێز ئەنجام دەدات، کە ئەوانیش لە ڕێگەی زمانەوە بە هەگبەی ڕۆشنبیری کۆمەڵگە دەگەن.

---

[١] – بڕوانە کتێبی مێژووی بەعەرەبکردنی ئایین ل:٢٦ – ٣٠

[٢] – وشەی ڕۆشنبیری لە بەرانبەر وشەی (culture) بەکار هاتووە.

[٣] - مایکل سیلفرشتاین (Michael silverstein) پێناسەی زمانەوانی ئەنسرۆپۆلۆجی دەکات و دەڵێت: (لیکۆڵینەوەیە لە ڕەفتاری قسە ، هەروەکو چۆن کۆمەڵگە دانی پێدادەنێت.

هـەروەها ڕۆشـنبیری بەنـدە بـە تـەواوی کایـەکانی ژیـانی میللـەت لـە کۆمەڵگەیـەکی دیـاریکراو، هەروەها دیدی کۆمەڵە بۆ ژیان لە چوارچیوەی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو. بەم جۆرە ڕۆشنبیری وابەستە دەبێت بە تەواوی خو و ڕەوشت و داب ونەریت و یاسا و پیرۆزییەکان، کە هەر تاکێك لە ناو کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو بە دەستی دەهێنێت. بۆیەش زانایانی ئەنسرۆپۆلۆجی، ڕۆشنبیری بە سیستەمێك دادەنێن بۆ ڕاڤەکردنی ڕەفتاری کۆمەڵایـەتی لـە کۆمەڵگەیـەکی دیـاریکراو، ئاماژە بـەوە دەکـەن کـە زمـان و ڕۆشـنبیری دەرناکەون ئەگەر لە کۆمەڵگە نەبێت.( ن .ی. کولنج ، ١٩٩٩: ٤٥٩).

بێگومان زمانی هـەر کۆمەڵگەیـەك بـە دیمـەنێك لـە دیمەنـەکانی ڕۆشـنبیری دادەنرێـت، هەوڵدان بۆ جیاکردنـەوەی زمـان و ڕۆشـنبیری بـەکارێکی ناتـەبا بـۆ سروشـتی هەریەکـەیان دادەنرێـت، هـەر بۆیـەش دەکرێ ئێمە بەهەمان ڕێگەی وەسفکردنی زمان، وەسفی ڕۆشنبیری بکەین، چونکە شێوەکانی زمانەوانی جیاوازی نییە لەگەڵ شێوەکانی ڕۆشنبیری، هەردووکیان بەیەکەوە بەستراوەن کە :

یەکەمیان : لەشێوەی ئاماژە یاخود وشە، کە لە دەنگەکان پێکهاتووە بە دیاردەکەوێت کەوا ماناگەلێکی دیاریکراو هەڵدەگرن .

دووەمیان: لە شێوەی ماتریالی بە دیار دەکەوێت کەوا نرخێکی مانایی (دەلالی)وەلآم ئامێزی هەیە لەلایەن کۆمەڵەکانەوە، بۆ نموونـە ( مـاڵ و قوتابخانـەو نەخۆشـخانەو مزگـەوت و کڵێسا شـێوەگەلێکی ڕۆشـنبیری ماتریالین سەربەجیهانی بیناسازین ، هەوەها (وشتر و مانگا و بەراز ) سەر بە جیهانی گیانلەبەرانن، بەڵام خاوەن ماناکانی جۆراوجۆرن لەلایەن کۆمەڵگەی ڕۆشنبیری جۆراوجۆرەوە. (کریم زکی، ٢٠١٠: ٥٨)

زمـان و ڕۆشـنبیری لـە پشـت ئـەو بایەخدانەوەیـە، کـەوا ئەنسـرۆپۆلۆجییەکان بـۆ توێژینـەوە لـە زمـانی کۆمەڵگـەکان ئەنجامیانـداوە، لەبـەر ئـەوەی بـەو کلیلـەی دادەنـێن، کـە یارمـەتیان دەدات بـۆ چوونـە ژوورەوە لــە کۆمەڵگــەکان و ژیــان لەگەڵیانــدا، هــەروەها وشــەی ڕۆشــنبیری لــەلای ئەنســرۆپۆلۆجییەکان ئاماژەیە بۆ شێوازی ئاساییانەی ژیان لە نێو کۆمەڵگەیەکدا. کە بێگومان شێوازی ئاساییانەی ژیـان بـەبێ زمان بە ئاکام ناگات بۆ ئەوەی وا لـە مرۆڤ بکات بتـوانی هاریکـاری و پەیوەنـدی لەگـەڵ کەسـانی دیکـە بـە دەسـتبهێنێت. لەگـەڵ کـارکردن بـۆ چەسـپاندنی کارامەییـەکان و پاراسـتنیان و بـەردەوام بـوونی ئـەو کارامەییە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە.(هەمان سەرچاوە: ٥٧)

بەمەش دەردەکەوێت ، کـە بـەهۆی زمانـەوە ڕۆشـنبیری میللـەت دەپارێزرێـت و دەگواسـترێتەوە بـۆ نـەوەکانی دواتـری ئـەو کۆمەڵگەیـە تـا لێـوەی سـوودمەند بـن، بـە لـە دەسـتدانی زمـان، نـەوەکانی داهـاتوو بێبـەش دەبـن لـە ڕۆشـنبیری نەتەوەکـەیان. کەواتـە گەشـەکردنی زمـان هۆکـارێکی سـەرەکی گەشـەکردنی ڕۆشنبیری نەتەوەکان و بە ئاگابوونی میللەتانە لە ڕۆشنبیری یەکتری و فەراهـەمبوونی هەماهـەنگی نێوان نەتەوەکانە لەسەر بنەمای دیالۆگ و لەیەکگەیشتن. ( محمد معروف فتاح،٢٠١٠: ٢٥٧) .

بەم جۆرە چەمکی زمان لە ئەمرۆدا زۆر لەوە فراوانترە، کە تەنها مەبەست لەو زمانە بێت ، کە مرۆڤ لە کۆمەڵگەی زمانی فێری دەبێت، بەڵکو زمانی بنەڕەتی کۆمـەڵ دەگرێتـەوە، کـە ئـەویش بناغـە و بنـەمای

دروستبوونی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و پاراستنی کۆمەڵگە و مێژوو و ڕۆشنبیرەکەیەتی.( دارا حەمید و فاروق محەمەد ڕەزا ، ٢٠١٣ : ١٠٣)

واتە زمان تەنها هۆکارێك نییە بۆ پەیوەندیکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە بە یەکتری، بەڵکو زمان بوو بە مایەی ئەوەی کەوا بەشێکی گرنگ و بایەخداری شێوازی ژیانی کۆمەڵگە و ڕۆشنبیری پێك بهێنێت، هەروەها ڕۆشنبیری ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دروستکردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی کە لەنێوان تاکەکانیدا کۆمەڵێك پەیوەندی دروست دەکات، کە بریتییە لە ڕێگەی هزرکردن و هەستکردن و ڕەفتاری هاوبەش لەلایەك و، لەلایەکی دیکەوە بەرێگەی هێماوە کە لە سیستەمی زمان دەچێ یارمەتی دووپاتکردنەوەی ئەو پەیوەندییە دەدات. بێگومان ڕێگەکانی هزرکردن و هەستکردن و ڕەفتارە هاوبەشەکان بریتین لە هێماگەلێك بۆ پەیوەندیکردن و بەشداریکردن لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەوە، وەکو چۆن یاریزانانی تۆپی پێ بە ڕێگەی قسەنکردنەوە لە نێوان خۆیاندا بەشداری دەکەن لە سیستەمی یاریەکە کەوا لەسەری ڕێککەوتوون لەوەی کەوا هەر تاکێکی تیپەکە شوێن ڕێساکانی ئەو سیستەمە دەکەون، پێویستە لەسەر هەر تاکێکی کۆمەڵگە شوێن شێوازێك لە شێوازەکانی هزرکردن و ڕەفتار بکەوێت، کە بە هێماگەلێك دادەنرێن بۆ دروستکردنی ڕۆشنبیری یاخود سیستەمی پەیوەندیکردنی کۆمەڵگە. (کریم زکی، ٢٠١٠: ٦٢)

ڕۆشنبیری کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو مەبەستمان لێی هەبوونی سیستەمێکی بەردەوام و بۆماوەییە، کەوا ئەو شێوازە یان سیما ڕۆشنبیرییە پێکی دەهێنێت ، کە کۆمەڵگەی لەسەر بونیادنراوە و، تەواوی تاکەکان بەشداری تێدا دەکەن و، لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەیگوازنەوە. لە ڕێگەی وتوێژکردن و دووبارەکردنەوە یان لە ڕێگەی پەیڕەوکردن لە سەرووی هەستەوە فێری دەبن. هەر وەکو لە فێربوونی زمان لەلایەن تاکەکانەوە دەیبینین.

بێگومان ڕۆشنبیری لە هەر کۆمەڵگەیەك خاوەنی ڕەگەز یان شێوازگەلێکی دیاریکراوی خۆیەتی، کە زمان و ئەوانەی پەیوەندییان بە زمانەوە هەیە لە دەنگەکان و پێکهاتە و ماناکانی، ئەوانەش کەوا هاورێیەتی بەکارهێنانی زمان دەکەن، وەکو هێما جەستەییەکان و بەها دەنگییەکان و سیستەمی نووسین و وێنەی پیتەکان، هەروەها خزمایەتی و ئەوانەی کەوا پەیوەندییان پێیەوە هەیە لە چۆنیەتی دیارکردنی خزمەکان بە هۆی خوێنەوە، یاخود ژن و ژنخوازیەوە و دیاریکردنی ئەوانەی دروستە هاوسەرگیرییان لەگەڵدا بکرێ، هەروەها شێوەکانی هاوسەرگیری و ڕێ وڕەسمەکانی ...تاد و شێوازی سیستەمی خواردن و خواردنەوە، کەلوپەلی بەکارهێنراو، سیستەمی جلوبەرگ ئەمەش ڕەنگ و شێوەی جلوبەرگی تایبەت بە پیاوان و ئافرەتان، بەستنەوەیان بە وەرزەکانی ساڵ لەگەڵ بۆنە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانی وەکو هاوسەرگیری و جەژنەکان و ڕووداوەکانی مردن یاخود بەستنەوەی بە شوێن و گەلی دیاریکراو لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت. (هەمان سەرچاوە :٦٢ )

سەرنج دەدەین کەوا سیماکانی ڕۆشنبیری یاخود یەکەکانی ڕۆشنبیری جیاوازە لە نێو گەلاندا بۆ نموونە دەنگی (عین) فۆنیمێکە لە سیستەمی دەنگی زمانی عەرەبیدا ، کە لە سیستەمی دەنگی زمانی

ئینگلیزی یان فەرەنسی نییە. هەروەها دەنگی (p) فۆنیمێکە لەسیستەمی دەنگی زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و کوردی دا هەیە، بەلام لە سیستەمی دەنگی زمانی عەرەبیدا نییە. هەروەها دەکرێت بڵێین کڵاو و جەمەدانی وکورتەك و شەڵوار نوێنەرایەتی سیمایەك لە شێوازی جلوبەرگی کوردی نیشان دەدات، بەلام دیزداشە چەفیە و عەگال سیمایەك یاخود یەکەیەك لە رۆشنبیری جل و بەرگی پیاوانی عەرەب نیشان دەدات. هەروەها هەندێك تایبەتمەندی واتایی لە زمانی کوردیدا وشەی تایبەتیان بۆ دانراوە و لە دابڕکردنی واتاییدا گرنگیان پێدراوە ، لە زمانی ئینگلیزیدا جیانەکراونەتەوە و گرنگیان پێنەدراوە، وەك لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ هەرکام لەم کەسانە (ئامۆژن ، مامۆژن ، خالۆژن، پور ، پلك ) تەنیا وشەی (unt)یان هەیە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەم سیمایانە لە دابەشکردنی واتایی بواری خزمایەتیدا لە ڕۆشنبیری کوردیدا بە گرنگ دانراوە، بۆیە وشەی زیاتری بۆ تەرخانکراوە.

بەم جۆرە دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە زمان بەشێکە لە ڕۆشنبیری، ڕۆشنبیریش بەشێکە لە زمان ، هەردووکیان بە چەشنێکی وا ئالۆز پێکەوە تەنراون، کە هیچ کەس ناتوانێ ئەوانە بەبێ لە دەستدانی واتای ڕاستەقینەی زمان یان ڕۆشنبیری لێك جیاکاتەوە. ( ڕەحیم قادر سورخی، ٢٠١٣ : ٢٠)

## ١-٤ : زمان و سیاسەت

پەیوەندی راستەوخۆی نێوان زمان و سیاسەت دەگەڕێتەوە بۆ وابەستەبوونی هەردوو دیاردەکە بە ژینگەی کۆمەڵایەتی، هەردوو دیاردەکە بەبێ بوونی کۆمەڵگەی مرۆیی، توانای ئەنجامدانی هیچ جۆرە چالاکییەکیان نابێت. دەتوانین بڵێین سیاسەت بەشێکە لە کۆی سیستەمی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی مرۆییدا و چالاکییە سیاسیەکانیش بەشێکن لە چالاکییەکانی ژیانی کۆمەڵگە، بەهەمان شێوە زمانیش دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و لە هەناوی کۆمەڵگەدا هەڵقولاوە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە سیاسەتەوە هەیە، چونکە زمان وەك هەڵگری ئەزموونی نەتەوە، کار لە سیاسەت دەکات.(ڕەفیق سابیر ، ٢٠٠٨: ١١٢). بەر لەوەی باس لە کاریگەریی نێوان زمان و سیاسەت لەسەر یەکتری بکەین بە پێویستی دەزانین چەند زاراوەیەکی پەیوەندیدار بەم بوارە پێناسە بکەین :

### ١-٤-١:- زمانەوانی سیاسی

لە ساڵی (١٩٧٥ز) زمانەوان( بل . ج . ڤ . د Bell.J.V.D) زاراوەی زمانەوانی سیاسی بەرانبەر بە کاریگەری سیاسەت لەسەر بەکار هێنانی زمان یان کاریگەریی سیاسەت لەسەر زمانێکی دیاریکراو لە کۆمەڵگەیەکی فرە زمانی بەکارهێنا، بەو لقە لێکۆڵینەوانەش دەوترێ زمانەوانی سیاسی. (یوسف شەریف سەعید، ٢٠١٠: ٢٢)

### ١-٤-٢: سیاسەتی زمان

سیاسەتی زمان تەواو جیاوازە لە زمانی سیاسەت، سیاسەتی زمان کار لەسەر دیراسەکردنی خودی زمان (نەك سیاسەت) دەکات (سەلام ناوخۆش، ٢٠١٠: ٥)، بەلام زمانی سیاسەت کار لەسەر سیاسەت دەکات. بۆیە دەکرێت بڵێن سیاسەتی زمان [1]: بریتییە لە سەراپای ئەو ڕێگایانەی دەگیرێنەبەر لە بواری پەیوەندییەکانی نێوان زمان و ژیانی کۆمەڵایەتی، بە تایبەتی لە نێوان زمان و ژیان لە وڵاتدا.

هەروەك پێناسەمان کرد سیاسەتی زمان پەیوەستە بە دەوڵەتەوە، بەڵام گریمانەی ئەوەی لێ دەکرێت کە، سیاسەتی زمانی، سنوور ببەزێنی و تایبەت بێت بە کۆمەڵێك یان گروپێکی دیاریکراو، کە لە دەوڵەت بچووکترە [2] و لەگەڵ چەند کۆمەڵێکی دیکەدا دەژین. ( لویس جان کالفی ، ٢٠٠٨: ٢٢٠– ٢٢١)

### ١-٤-٣: پلانی زمان

لە ساڵی ١٩٥٩ زمانەوانی نەرویجی( ئینار هۆگن) ئەم زاراوەیەی داهێنا، لە میانی وتارێکدا کە تایبەت بوو بە بارودۆخی زمان لە نەرویج، بەمەش دەردەکەوێت پلانی زمانی مێژووەکەی زۆر کۆن نییە، بۆتە لقێك لە لقەکانی زمانەوانی کارەکی یان زمانەوانی کۆمەڵایەتی، زاراوەی پلانی زمان و سیاسەتی زمان زۆر جار بە شێوەیەکی دروست بەکار نەدەهێنران، کاتێك یەکێکیان لە شوێنی ئەوی تردا بەکار دەهێنرا، وەك بڵێی هاوواتابن، بۆ جیاکردنەوەیان لەیەکتری پێناسەی پلانی زمانی دەکەین بەوەی، بریتییە لە : گەڕان بە دوای هۆکاری پێویست بۆ پیادەکردنی سیاسەتی زمانی و چۆنییەتی جێبەجێکردنی ئەو هۆکارانە.( هەمان سەرچاوە : ٢٢٠– ٢٢١).

بێگومان ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە زۆربەی وڵاتانی جیهان زیاتر لە زمانێك یان دیالێکتێکیان تێدایە، ئەمەش لە ئەنجامی هەبوونی ڕەگەز و نەتەوە و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر لە وڵاتدا، هەروەها ئەرکی دەسەڵاتی باڵای وڵاتە، کە ئەو فرە زمانییەی هەیە، یان ئەو فرە دیالێکتیەی لە وڵاتدا هەیە، لەبەرچاو بگرێت و ڕێکی بخات.( عەبدولوهاب خالید، ٢٠١٠: ٨٠)

---

[1] - ا- لە پاشکۆی نامەکە بڕوانە نموونەیەك لە سیاسەتی زمان، کە لەلایەن( پارتی سەوز)ی کۆماری ئیرلەندا دانراوە. (تارق جامباز ، ٢٠١١، ٣١٥ – ٣٢٦)

ب- ئەوەی جێگەی سەرەنجە تاکو ئێستا نە حکومەتی هەرێمی کوردستان و نە هیچ پارتێکی سیاسی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بەرنامەیەکی تایبەتیان بۆ سیاسەتی زمانی دانەناوە.

[2] - مەبەست لە دەولەت بچووکتر ئەوەیە ، کە پارتێکی سیاسی یان ڕێکخراوێك یان ئەکادیمیاییێکی زمان یان پەیمانگەیەکی تایبەت بە بواری زمانەوانی، دەتوانێ خاوەن سیاسەتی زمانی بێت، وەکو لە پەراوێزی( ١- ا) نمونەمان بۆی هێناوەتەوە.

### ١-٤-٣-١: جۆرەکانی پلانی زمان :

سێ جۆر پلانی زمانی هەیە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم : پلانی پایە** [١]

ئەم جۆرە پلانە لە هەڵبژاردنی بەرایی زمانێك دەکۆڵێتەوە، دیالێکتێك یان زمانێك لە کۆمەڵگە دەردەخات. ئەم پرۆسەیە چەند ئەرکێکی هەیە وەك گۆڕینی ئەرکی زمانێك یان شێوەی زمانێك و دیاریکردنی مافی خەڵك لە بەکارهێنانی ئەو زمانە یان ئەو دیالێکتە.

ئەم پلانە چەند بیرۆکەیێك دەوروژێنی مەبەست لە هەریەکەیان دروستکردنی پایەی زمانە:

١- قەدەغەکردنی زمان لە کۆمەڵگە و پێ نەخوێندنی لە پەروەردە، دەبێتە هۆی مردنی زمان.

٢- لە ڕووی سیاسیشەوە، پلانی پایە جەخت لەسەر سەربەخۆیی نەتەوە دەکات، هەر کاتێك نەتەوەیەك لە کۆمەڵگە تەنها کەمایەتییەکی نەتەوەیی بێت و زمانی خۆی لە پەروەردە و ڕاگەیاندن بەکارنەهێنێ، چارەنووسی ئەو زمان و نەتەوەیە بەر هەڕەشەی کوشتنی زمان دەکەوێ.

٣- هەبوونی قەوارە و کیانی سیاسی چوارچێوەیەکی سیاسیە بۆ دروستکردنی پایە و شکۆمەندی زمان.(سەلام ناوخۆش ، ٢٠١٠: ٥٢)

**دووەم : پلانی بە کۆمەڵ (گەلەکۆمە)**

ئەم پلانە پەیوەستە بە هەڵبژاردن و کۆدکردنی بنەماکان لە نووسینی ڕێزمان و بە ستاندارکردنی ڕێنووسی زمان، هەروەها هەوڵدەدات پەرە بە دیالێکتێکی زمان بدات یان زمانێك بە ستاندارد بکات و گۆڕان لە بنیاتی زماندا دروست بکات. بە هۆی بە فەرمی ناساندنی ئەو دەربڕین و وشە نوێیانەی دێنە ناو زمان، وەك دانەی وشە لە فەرهەنگ و ئەدەب وەریدەگرن و لەگەڵ سیستەمی نوێ زمانەوانی بەکاریدەهێنن. (هەمان سەرچاوە : ٥٣)

بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا واتایەکی نوێ بە هەندێ وشە و دەستەواژەی کۆن دراوە:

- بن دیوار : واتای کۆن : ژێر دیوار
- بن دیوار ، واتای نوێ : گەندەڵ ، مووچە وەرگرتن بەبێ دەوامکردن

---

[١]- ئەم وڵاتانە سوودیان لەم پلانە بینیوە وڵاتانی ( ئیسرائیل، هیند، پاکستان، فنلەندا)یە، بۆ بە ستانداردکردنی زمانی نەتەوە و هەڵبژاردنی زمانی فەرمی وڵات و زمانی پەروەردە و فێرکردن لە ڕێگەی ئەم جۆر پلانە کاریانکردوە.

## سێیەم : پلانی وەرگرتن

ئەم جۆرە پلانە کار لەسەر فێربوون و فێرکردنی زمانەکان دەکات و هەوڵدەدات زمانێك بۆ پرۆسەی خوێندن لە قوتابخانەکاندا هەڵبژێرێت، وەك زمانی دووەم ، ئەم پلانە لەلایەن دەسەڵاتدارانی نەتەوەیی و ئایینی و کارگێڕیی هەرێمی بڕیاری لێ دەدرێت. [1]

### ١-٤-٣-٢: گرنگی پلانی زمان لە وڵاتدا، ئەم بایەخانەی لای خوارەوەی هەیە:

١- گرنگە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کارگێری وەکو کاروباری پەروەردەیی و تەندروستی و کۆمەڵایەتی.
٢- گرنگە بۆ بەهێزکردنی یەکێتی نیشتمانی و هەستی نەتەوایەتی و هاوڵاتی بوون.( محمد معروف فتاح ، ١٩٨٦: ١٢٤)
٣- بۆ بەڕێوەبردنی فرە زمانی و بە ستاندارد کردنی زمانێك گرنگە.
٤- بۆ پاراستنی زمان لە ململانێ و هەرەشەی زمانەکان گرنگە.

بەم جۆرە بۆمان دەردەکەوێت، هەر وڵاتێك ئەگەر خاوەنی کیان و سەربەخۆیی خۆی بێت، بەهۆی سیاسەتی زمان و پلانی زمان دەتوانێت پارێزگاری لە زمانە نەتەوەییەکەی بکات و لە زمانانی تر بیپارێزێت، بە پێچەوانەوە سیاسەتی زمان و پلانی زمانی بۆ وڵاتانی ژێردەست لە لایەن وڵاتانی داگیرکەر ڕۆڵێکی تر دەگێڕێت، کە ئەویش تواندنەوە و لە ناوبردنی زمان و ڕۆشنبیری و نەژادی نەتەوەی بندەستە.

### ١-٤-٤: پۆلینی سیاسیانەی میری بۆ زمانەکان :

لە داڕشتن ودانانی سیاسەت و پلانی زمان دەسەڵاتی سیاسی وڵات، هەموو زمانەکان وەکو یەك سەیر ناکات، بەڵکو زمانەکان بەپێی ئەو سیاسەتە زمانییەی دایڕشتووە پۆلین دەکات، بە شێوەیەك کە بایەخ بە زمانێك یان چەند زمانێك دەدات و هەندێکیشیان بە چاوێکی کەم سەیر دەکات، زۆر جار بەهۆی تێڕوانینی سیاسیانە بۆ زمان، زمانێکی سەربەخۆ بە دیالێکتێك لە زمان دادەنرێت، وەکو ئەوەی زمانی مەکدۆنی بە دیالێکتێکی زمانی بولگاری دەژمێرن و لە وڵاتی تورکیا زمانی کوردی بە بەشێك لە زمانی تورکی یان بە (تورکی چیایی ) ناو دەبرا و، لە وڵاتی ئێران دیالێکتی لووڕی کە دیالێکتێکی زمانی کوردییە بە بەشێك لە زمانی فارسی

[1]- سوود وەرگیراوە لە تۆڕی ئەنتەرنێت لە : www.en.nitobe.inf

دادەنێن.(عەبدولمەناف رەمەزان ئەحمەد، ٢٠١١: ٥٩) ، بەهۆی ئەو تێڕوانینە سیاسیانە بۆ زمان، زمانەکان بۆ چەند جۆرێك دابەشکراون .

پۆلینی سیاسیانە بۆ زمانەکان، بەم شێوەیەی خوارەوەیە[١]:

## ١- تاکە زمان:

ئەو زمانەیە کە لە وڵاتدا تەنیا خۆی زمانی میری و نیشتمانییە. وەکو زمانی عەرەبی لە سوریا.(دستور الجمهورية العربية السورية ، المادة الرابعة، ٢٠١٢).

## ٢- زمانی میری هاوبەش:

بەو زمانە دەگوترێت کە شانبەشانی زمانی میری و نیشتمانی بەکار بێت، وەکو وڵاتی سویسرا کە چوار زمانی فەرمی لە وڵاتدا هەیە ئەوانیش زمانەکانی ( فەڕەنسی ، ئەڵمانی، ئیتاڵی، ڕۆمانی).( تارق جامباز، ٢٠٠٧: ٨٤)، هەروەها لە دەستووری هەمیشەیی عێراق (٢٠٠٥) لە ماددەی چواردا زمانی کوردی و عەرەبی لە وڵاتی عێراقدا هاوبەشن. (دستووری کۆماری عێراق، ٢٠٠٥: ماددەی ٤)

## ٣-زمانی میری ناوچەیی:

ئەو زمانەیە کە لە ناوچەیەکدا پلەی زمانی میری و نیشتمانی هەبێت یان هەمان ڕۆڵی پێبدرێت. وەکو زمانی کوردی لە پێش پرۆسەی ئازادی عیراق لە دەستووری ساڵی ١٩٧٠ لە ماددەی (٧) ی بڕگەی (ب) دا هاتووە زمانی کوردی بە زمانی فەرمی لە پاڵ زمانی عەرەبی دادەنێت لە ناوچە کوردییەکاندا.[٢] (الدستور العراق الموقت ، ١٩٧٠: المادة ٧).

## ٤- زمانی هاندراو:

ئەو زمانەیە کە هەرچەندە زمانی میری و نیشتمانی و ناوچەیی نییە، بەڵام دەزگاکانی ڕاگەیاندن کەلکی لێ وەردەگرن و لە دیدار و چاوپێکەوتن و هەندێ بەرنامەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنیدا بەکاری دەهێنن، وەکو زمانی کوردی لە وڵاتی ئێران، لە ئاستێکی تەسك و سنوردار، لە چوارچێوەی بەرژەوەندی

---

١- ئەم پۆلینە وەگیراوە لە : محمد معروف فتاح ، سنوور و بنەما و ئەرکەکانی کۆ زمانەوانی، گ. رۆشنبیری نوێ، ژ(١١٢) ، 1986، ل ١٢٥.

٢ – هەر چەندە حکومەتی عێراق لە ساڵی ١٩٧٠، لە دەستووردا زمانی کوردی وەکو زمانێکی ناوچەیی دانپێدانا بوو، بەڵام لە کردارەکانیان بە شێوەیەکی تر ڕەفتاریان کردووە، لە بەشی سێیەمدا باسی دەکەین.

دەسەڵاتی ئێران، تەلەفزیۆن و رادیۆکانی ئێران بابەت و بەرنامەی بەزمانی کوردی پێشکەش کردووە، بەڵام خوێندن بەم زمانە قەدەغەیە. (بابان سەقزی، ٢٠١٢: ٤٥)

٥- زمانی چاولێپۆشراو :

ئەو زمانەیە کە دەزگاکانی میری نەهانی دەدەن بۆ بەکارهێنان و نە رێگاشیان لێ دەگرێت، بەڵکو چاوی لێ دەپۆشن و هەقیان بەسەریەوە نییە.

٦-زمانی قەدەغەکراو:

ئەو زمانەیە کە میری دانی پێدانەناوە، حەزناکات بەکاربێت و هەوڵی ئەوەش دەدات نەهێڵێ قسەی پێبکرێ، بە تایبەتی لە شوێنە گشتییەکان. وەکو زمانی کوردی لە وڵاتی تورکیا پێش رێگەپێدانی[١].

بەم جۆرە دەبینین سیاسەت رۆڵێکی سەرەکی هەیە، لە پێدانی پایەی جیاواز بە زمانەکان، کە ئەمەش کاریگەری لەسەر ژیانی زمان هەیە ، چونکە زمان لە رێگەی سنورداركردنی چالاکییەکانی، بایەخی کەم دەبێتەوە لە رووی کۆمەلایەتی وئابووری و سیاسی و بازرگانی، تا وای لێ دێت ، تاکەکانی شانازی ناکەن بە زمانەکەیان، هەندێکجار هەوڵدەدەن پەنا بۆ زمانی دیکە ببەن بۆ بەکارهێنانی .

١-٥: گۆڕان لە زماندا (Language Change)

کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەمیشە لە چالاکی و داهێنان و گۆڕانی بەردەوامدایە، زمانیش وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، هەمیشە لەگەڵ گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵدا فراوان دەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێت پێویستی قسەپێکەرانی لە وشە و زاراوەی نوێ دەستەبەر بکات. بەمەش دەکرێت گۆڕان بە یەکێك لە تایبەتیەکانی زمان دابنرێت، چونکە بەردەوام بەپێی پێویستییەکانی کۆمەڵ لە جموجۆڵ و گۆڕاندا دەبێت، هەروەك(هامبۆڵت) پێی وایە کە توانستی زمان لای هەر تاکێك گوزارشتە لە لایەنەکانی جەوهەری عەقلی مرۆڤ خۆی، بۆیە گۆڕانی زمانیش بە پێی پێویستی گۆڕانی کۆمەڵگەکانی خۆیان دەبێ.( ر. ە. روبنز،١٩٩٧: ٢٥٣)

ئەم دیاردەیە بەشێوەیەك ڕوودەدات، کە زۆربەی قسەپێکەرانی زمان بە ئاگانین لەو گۆڕانانەی ڕوودەدەن، لەبەر ئەوەی پاش تێپەڕبوونی سەردەمانێك، ئەو گۆڕانکارییانە هەستیان پێی دەکرێت. (بێرناد کەمرێ و ئەوانی دیکە،٢٠٠٧: ٤٦)

بێگومان هەموو زمانێکی زیندوو بە بەردەوامی دەگۆڕێت، تەنیا زمانە مردووەکان نەبێت، کە گۆڕانیان بەسەردا نایێت، هۆکارەکانی گۆڕانیش بەزۆری بۆ ئەو داهێنانانەی مرۆڤ کە بەردەوام بەدەستیان دەهێنێت لەماوەی ژیانیدا دەگەڕێتەوە، بێگومان ئەم بەرهەم و داهێنانانەش پێویستیان بە

---

[١] - زمانی کوردی لە تورکیا قەدەغەکراوبوو، بەڵام تێبینی دەکرێت ، کە ئیستا کرانەوەیەك هەبێت لە هەندێك شوێن رێگە پێدراوە بێت.

ناوێك هەیە بۆ ئەوەی بناسرێنەوە، بەمەش لەماوەی سالێكدا ڕەنگە چەندین وشەی نویٚ لەم ڕێگەیەوە بێنە ناو زمان.(DAVID CRYSTAL, 2010:131). هەرچەندە هۆكارەكانی گۆڕان لە زماندا زۆرن، ڕەنگە هاتنی وشەی نویٚ تاكە هۆ نەبێت، بۆ ئەوەی گۆڕان لە زماندا ڕوودات، بەڵكو زۆر هۆی تر هەن، كە دەبنە مایەی ڕووبەڕوو بوونەوەی زمان بەم دیاردەیە، وەكو باری جوگرافی و ئابووری و كۆمەڵایەتی و پەیوەندی زمان لەگەڵ زمانانی تر، ئەمانە هەموو ڕۆڵدەگێرن لە چۆنیەتی ئاراستەكردن و شێوەگرتنی ئەم گۆڕانە، كە هەموو ئاستەكانی زمان دەگرێتەوە.(وریا عومەر ئەمین، ٢٠١١: ٢١)

زۆرجار ئەو گۆڕانانەی لە زماندا ڕوودەدەن، خەڵكی حەزی لیٚ ناكەن و ڕووبەڕووی ڕەخنە و ناڕەزایی دەبنەوە لەلایەن ئەو خەڵكانەی كە ڕاهاتوون لەسەر شێوازی كۆنی قسەكردن، هەروەها حەز بە بەكارهێنانە نوێیەكە ناكەن و هەوڵیش دەدەن خەڵكی بەكاری نەهێنن، چونكە هەرجارێك كە گوێیان لە شێوازە نوێیەكان دەبێت لە ڕێگەی نامەكانیان بۆ دەزگاكانی ڕاگەیاندن و تۆڕەكانی ئینتەرنێت ناڕەزایی و ڕەخنەكانیان بلاودەكەنەوە،(DAVID CRYSTA, 2010:133)، چونكە هەندێكجار ئەم گۆڕانانەی زمان وا لێكدەدرێتەوە كە زمان بەرەو تێكچوون و شێوان دەبات، بەلاٌم مەرج نییە گۆڕان زمان بەرەو تێكدان و هەڵوەشاندنەوە و لەناوچوو ببات، بەڵكو ڕەنگە ببێتە هۆی ئاسانكردنی باری زمان، چونكە گۆڕان بەپێی یاسا و دەستوور ڕوودەدات، هەروەها ئەم دیاردە زمانییە وەنەبێت پەیوەست بێت بە تاكە زمانێك یان چەند زمانێك، بەڵكو هەموو زمانانی جیهان دەگرێتەوە، بۆیە لە توانای كەسدا نییە ئەم گۆڕانە ڕاگریٚ یان كەمی بكاتەوە یان نەیهێڵێت، چونكە گۆڕان لەگەڵ خودی هەڵكەوتەی زماندایە و پەیوەست نییە بە تاكەكەسێك، بەڵكو پەیوەستە بە كۆی كۆمەڵگەی زمانی، بۆیە هەر هەوڵێك بۆ ڕاگرتنی ، تەنیا كات بە فیرۆدانە، چونكە ئەگەر نموونە بهێنینەوە بە زمانی عەرەبی هەر لە سەرەتای هاتنی ئایینی ئیسلامەوە زۆر هەوڵدراوە، بۆ وەستاندنی ئەو گۆڕانانەی بەسەر زمانی عەرەبیدا هاتن، هەرچەندە ئاینیش پاڵپشتی كردون، بەلاٌم نەیانتوانیوە پێشكەوتن و گۆڕان ڕابگرن، بۆیە گۆڕانكارییەكان كەوتنە بەر یاسای زمان.(علی عبدالواحد وافی، ٢٠٠٩ : ٢٨٦-٢٨٨) ئەوەی بابەتی لێكۆڵینەوەكەی ئێمەیە، باسكردن نییە لەو گۆڕانە سروشتییەی كە ڕووبەڕووی سەرجەم زمانەكانی مرۆڤایەتی دەبێتەوە، بەڵكو باسكردنی ئەو گۆڕانكارییانەیە، كە بە هۆكاری دەرەكی، ڕووبەڕووی زمانەكان دەبێتەوە، لەئەنجامی كارتێكردنی زمانانی ترەوە، بە تایبەتی ئەو زمانانەی ژێردەستەن و لەلایەنی زمانی زاڵەوە چالاكییەكانیان سنووردار‌كراوە، بەمەبەستی گۆڕینی زمانەكە لە قۆناغی یەكەمدا، بەئامانجی تواندنەوە و لە كۆتاییدا هەڵمژینی.

بۆیە تەنیا ئەو بۆچوون و تیۆرانە دەخەینە ڕوو، كە پەیوەستن بە بابەتی لێكۆڵینەوەكەمان، واتە ئەو تیۆرانەی هۆكارە دەرەكییەكان بە هۆكاری گۆڕانی زمان دادەنێن، دەخەینە ڕوو .

## ١-٥-١: تیۆرەكانی گۆڕان[1]

سەبارەت بەم دیاردەیە، زمانەوانان بۆچوونی جیاوازیان لەبارەیەوە هەیە، هەرچەندە بۆچوونەكانیان جیاوازن، بەڵام لەو ڕوانگەیەی گۆڕان لە زماندا دیاردەیەكی ئاڵۆزە و هەمە لایەنە، بە شێوەیەك كە لە سەرجەم ئاستەكانی زماندا ڕوودەدات، دەكرێت هەموو بۆچوونەكان بە هۆكاری گۆڕان دابنرێن، نەك تەنها بۆچوونێك، بەڵام بە هۆی پەیوەندیداری لێكۆڵینەوەكەمان بە ململانێی زمان هەوڵدەدەین گرنگترین ئەو تیۆرانەی پەیوەستن بەم لێكۆڵینەوەیە تیشكیان بخەینە سەر.

### ١-٥-١-١: تیۆری زمانی دایك

ئەم بۆچوونە تێڕوانینی بۆ گۆڕانی زمان ئەوەیە، كە دوو زمان یان زیاتر كار لەیەكتری دەكەن، كاتێك ئەوانەی فێری زمانی بێگانە دەبن ، ئاسایی بەر لەمەش زمانی دایكی خۆیان دەزانن، ئینجا یا زمانی دووەم به تەواوی فێر نابن یان زمانەكەی خۆیان دەگۆڕن، لەهەردوو باردا گۆڕان دێتەكایەوە، وەك ئەو گۆڕانەی لە هیندستان بەسەر زمانی ئینگلیزیدا هاتووە (محمد معروف فتاح، ٢٠١١: ١٣٠ )، كاچرۆ(kachru) لە كتێبی بە(هیندی كردنی ئینگلیزی) دا دەڵێت : زمانی ئینگلیزی لە ئەنجامی پرۆسێسێكی دوور ودرێژی بەریەككەوتن لەگەڵ زاراوە جیاوازەكانی هیندیدا، بەشێوەیەك گۆڕانی بەسەردا هاتووە، كە زمانی ئینگلیزی ئەدگارێكی نوێی لەخۆگرتوە، لە سەرجەم ئاستەكانی زماندا (فۆنۆلۆجی، وشەسازی، سینتاكس و سیمانتیك).(كامیار سابیر،٢٠٠٩: ٣٠) .

### ١-٥-١-٢: تیۆری چینكاری

ئەم بۆچوونە پێی وایە زمان لە شێوەی پێكهاتنیدا وەك زەمین وایە، بە شێوەیەك كە ئەم چینە زەمینە لەسەر چەند چینی ژێرەوەی خۆی ڕاوەستاوە، كە بەدرێژایی مێژوو دروست بووە، زمانیش لە شێوەی پێكهاتنەكەیدا، هەروەك ئەم زەمینەوایە، واتە( چین لەسەر چین)دروست بووە، بەمەش زمانێك لە ناوچەیەك بڵاودەبێتەوە، وەك خۆی نامێنێت، بەڵكو لەلایەن ئەو زمانەی كە لە پێش ئەودا لە ناوچەكەدا هەبووە كاری تێ دەكرێت. بۆ نموونە: زمانی(ڕۆمانی) كە لە فەڕەنسای كۆندا بڵاوبووەوە، كەوتە ژێر كاریگەریی زمانی (كێلتی) ، كە پێشتر لە ناوچەكەدا بووە، هەروەها بەپێی ئەم بۆچوونە زمان لەڕووی دەنگ و وشەوە، كار لەیەك دەكەن. ئەمەش ڕەخنەی لێ گیرا، چونكە كاتێك زمانی ئیسپانی لە ئەمەریكا لە جێگای زمانی هیندییەسورەكان بەكارهێنرا زمانە هیندییەكە هیچ كاریگەرییەكی نەكردۆتە سەر زمانە ئیسپانییەكە.(عەبدوڵڵا عزیز مەحەمەد، ١٩٩٠: ١٤)

---

[1] - جگە لەم تیۆرانە ، تیۆری تریش هەن ، وەكو تیۆری مارتنێت ، تیۆری ڕوسلو، تیۆری دووبارەكردنەوە، تیۆری سوككردنی ئەرك یان وزەپاراستن ...تاد.

### ١-٥-١-٣: تیۆری ڕووداوی مێژوویی و کۆمەڵایەتی

هەندێك لە زمانەوانان گۆڕان دەدەنە پاڵ ڕووداوی مێژوویی و کۆمەڵایەتی، وەك شەڕوشۆڕ و جەنگی بەربڵاو وداگیرکردن و برسیەتی و نەخۆشی و کۆچ و باری نائاسایی ونوێکردنەوە وئاوەدانکردنەوەی وڵات، ئاشکرایە کە هەر یەکێك لەم دیاردانە دەبێتە هۆی زمان گۆڕین(محمد معروف فتاح، ٢٠١١: ١٣١ ) بۆ نموونە، بەهۆی شەڕێکی بەردەوامەوە زمانی ڕۆمانی کۆن جێگای چەند زمانێکی ئەورووپی گرت و زاڵبوو بەسەریاندا، هەروەها بەهۆی ململانێ بەردەوام لە نێوان زمانی ئینگلیزی ساکسۆنی و دانیشتوانی دوورگەکانی بەریتانیا ڕوویداوە، کە هەردوو ڕووداوەکە بۆتە هۆی گۆڕانی زمان.(عەبدوڵڵا عەزیز مەحەمەد، ١٩٩٠: ١٥– ١٦) بەڵام دیسان ئەم دیاردەیە ناتوانێت هەموو گۆڕانێکی زمان لێکبداتەوە، چونکە زۆر هۆکاری تر هەن کە ڕۆڵی کاریگەرییان هەیە لەسەر گۆڕانی زمان بەدەر لەم هۆکارانە، بۆیە بە تەنیا ئەم تیۆرە ناتوانێت سەرجەم گۆڕانە زمانییەکان ڕوون بکاتەوە.

بێگومان جگە لەم بۆچوونانەی باسکران، زۆر بۆچوونی تر لەبارەی گۆڕانی زمان لە ئارادان، بەڵام بە بۆچوونی ئێمە ئەم بۆچوونانەی باسکراون، پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە بابەتی لێکۆڵینەوەکە هەیە، ئەو بۆچوونانەی خراونەتە ڕوو، هۆکارن بۆ دروست بوونی گۆڕان لە زماندا لە ڕێگەی هۆکاری دەرەوەی زمانی، تەنانەت هەندێك لەو بۆچوونانە دەکرێت ڕاست دەربچن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی زمان بە دیاردەی ون بوون و لەناوچوون، ئەگەر ماوەکەی درێژخایەن بێت، بۆ نموونە داگیرکردنی وڵات زۆرجار بۆتە هۆی لە ناوچوونی زمان، کە لە تیۆری ڕووداوی میژوویدا ئاماژەی پێ کراوە، هەروەها زۆرجار هۆی کۆچ و ڕاگواستن کە لە بۆچوونی چینکاری ئاماژەی پێکراوە، بۆتە هۆی لەناوچوونی زمان، کە لە تەوەری پێشوودا باسکراوە و نموونەی بۆ هێنراوەتەوە .

### ١-٥-٢: هۆیەکانی گۆڕان لە زماندا

**گۆڕان لە زماندا دوو هۆی سەرەکی هەیە:**

#### ١-٥-٢-١ : هۆی ناوەکی ( Internal)

هەندێك هێزی شاراوە هەیە، کاریگەریی لەسەر گۆڕانی زماندا هەیە، ئەم هێزە هەرگیز دەستی بەسەردا ناگیرێت و ڕاناگیرێت. پێوەندیی بە دینامیکییەتی ناوەوەی کرۆکی کەرەسە و سروشتی زمان خۆیەوە هەیە. ئەم سروشتە هەمووی هەر چییەکی تێدایە، لە جووڵە وگۆڕانێکی بەردەوامە، هیچ هێزێ نییە بتوانێ ڕایبگرێ.

#### ١-٥-٢-٢: هۆی دەرەکی(External)

ئەمەیان پەیوەستە بە ژینگە، واتە ژینگە ڕۆڵی باڵا دەگێڕێت لە ئاراستەکردنی سروشتی گۆڕینەکە، ئەگەر سیستەمێ بخرێتە دوو ژینگەی جیاواز، پاش ماوەییێك دەگۆڕێ، لەهەر ژینگەییێکدا بە

جۆرێك دەردەكەوێ لەئەنجامدا دەبێت بە دوو سیستەمی جیاواز. هەریەكە بە پێی بارودۆخی ژینگە تایبەتییەكەی خۆی دەگۆڕێت.(وریا عومەرئەمین،٢٠١١: ٢١).

ئەوەی پەیوەستە بە بابەتی لێكۆڵینەوەكە، هۆی دەرەكییە، بۆیە لە خوارەوە گرنگترین ئەو هۆكارە دەرەكییانەی دەبنە هۆی دروستكردنی گۆڕان لە زماندا ، ئاماژەیان پێ دەكەین:

١- هۆی سیاسی : داگیركردنی وڵاتێك لەلایەن وڵاتێكی تر، یان جەنگێكی ماوە درێژی نێوان دوو نەتەوەی زمان جیاواز، یان چەند نەتەوەیەكی زمان جیاواز، دەبێتە هۆی تێكەڵاوی زمانیان و زمان لێك وەرگرتن، بۆ نموونە لە جەنگەكانی جیهانیدا لە نێوان ئەڵمانی و فەرەنسی و ئینگلیزیدا، وشە لە زمانێكەوە بۆ هەردوو زمانەكەی تر چووە. (علی عبدالواحد وافی، ٢٠٠٩: ٢٤٧)

٢- هۆی كۆمەڵایەتی: تێكەڵاوی قسەپێكەرانی دوو نەتەوەی زمان جیاواز، دەبێتە هۆی وەرگرتنی كەرەسەی زمانی لە یەكتری، بەمەش كارتێكردن دروست دەبێت و كار دەكاتە سەر هەموو ئاستەكانی زمان، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕان لە زماندا. (محمد معروف فتاح ،٢٠١١: ١٣١)

٣- هۆی جوگرافی : هەر زمانێك جوگرافیای تایبەت بەخۆی هەیە، (هۆگر محمود فەرەج ، ٢٠١٢، ١٢٩) بۆیە سروشتی جوگرافی بۆ ژینگەی زمان كاریگەرییەكی گەورەی هەیە لە جۆری گۆڕانەكە، كە تووشی ئەو زمانە دەبێت، بە تایبەتیش دراوسێیەتی دوو زمانی جیاواز كاریگەری زۆری هەیە بۆ سەر زمانەكان، هەردوو زمان، وشە و زاراوە لەیەكتر وەردەگرن، ئەمەش دیاردەی گۆڕان لە زماندا ڕوودەدات، هەروەها جوگرافیا ڕۆڵ دەبینێت لە دروستكردنی دیالێكتی جۆر بە جۆر لە زماندا .(محمد معروف فتاح ،٢٠١١: ١٣١)، هەروەها ڕاگواستن وكۆچپێكردنی نەتەوەیەك بۆ شوێنێك كە زمانیان جیاوازبێت لە زمانی دانیشتوانی ڕەسەن، دەبێتە هۆی گۆڕانی زمان.

٤- هۆی ئابووری: پەیوەندیی بازرگانی لە نێوان دوو نەتەوەی زمان جیاواز، بە هۆی ئەو شتانەی لە لایەن هەردوو لا ئاڵوگۆڕ دەكرێن یان لە لایەك بۆ لای تر دەچێت، كە هەر شتێك ناوی تایبەتی خۆی هەیە، ئەم وشە و ناوە دەچێتە ناو زمانەكەیان، هەرچەند بازرگانی و شت گۆڕینەوە زۆر بێت، تێكەڵاوی زیاتر دەبێت.(علی عبدالواحد وافی، ٢٠٠٩: ٢٤٧) و هاوكات كاریگەری زیاتری دەبێت لەسەر گۆڕانی زمان.

٥- هۆی ڕۆشنبیری: پەیوەندیی ڕۆشنبیری دوو نەتەوەی زمان جیاواز، هۆیەكە بۆ تێكەڵاوی زمان، چونكە هەریەكە شت لەویدیكە وەردەگرێ.بە تایبەتی لە زمانی نووسین، شوێنەواری زۆر بەجێدەهێڵێت ، كە ئەمەش هەر تەنیا وشە نییە، بەڵكو زۆر جار دەستووری ڕێزمان و بەشەكانی تری زمانیش دەگرێتەوە.(هەمان سەرچاوە : ٢٤٧)

٦- هۆی ئایینی: ئایین ڕۆڵی كارا لە ژیانی كۆمەڵگەدا دەگێڕێت، بەوەی دەتوانێت تاكەكانی كۆمەڵگە زمان جیاوازەكان لە ژێر چەتری بیروباوەڕی خۆیدا كۆبكاتەوە، بێگومان زمانی ئایین كاریگەری دەبێت لەسەر زمانی نەتەوە لە هەردوو باردا ئەگەر یەك زمان بن یا جیاواز بن، گەشە و گۆڕانی زمانی ڕوودەدات.

٧- پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا: سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵێك وشە و زاراوەی تازەی ئەم بوارە لەم سەردەمەدا دەبینرێت کە لەپێشتردا نەبوون، هەروەها کۆمپیوتەر و مۆبایل، سروشتی زمانی گۆڕیوە، بەشێوەیەك کە لەدوای پەیدابوونی بە ماوەیەکی کەم خەڵکێکی زۆری فێری تایپکردن کرد، کە لەئێستادا زۆر بەفراوانی بۆ پەیوەندیکردن بەکار دەهێنرێت، ئەو نامە و نوسراوانەی لە ڕێگەی ئەم ئامێرە ئەلیکترۆنیانەوە تایپ دەکرێن، زۆرجار ڕەچاوی تایبەتیەکانی زمانی نووسین ناکەن، هەروەها ڕەچاوی لایەنی ڕێنووس ناکرێت، هەروەها زۆرجار هێما لەجیاتی دەربرینی وشە بەکاردەهێنرێت، وەك بۆ پێکەنیین هێمای(hhh)بەکاردێت.(David CRYSTAL,2010:183)

## ١-٥-٣: گۆڕان لە ئاستەکانی زمان

گۆڕان لە زماندا هەموو ئاستەکان دەگرێتەوە، هەروەها گۆڕان لەهەر ئاستێکی زماندا، ئەنجامی ئەو گۆڕانەیە، کە لە ئاستی خوار خۆیەوە ڕوویداوە، واتە گۆڕینی دەنگەکان کار لە سیستەمی فۆنۆلۆجی و قالب و سروشتی بڕگەکان دەکات ... گۆڕینی فۆنۆلۆجی و سروشتی بڕگەکان کار لەسیستەمی مۆرفۆلۆجی دەکات.. گۆڕینی سیستەمی مۆرفۆلۆجی کار لە سروشتی لەیەکدانی وشە و یاسا سینتاکسییەکان دەکات.(وریا عومەر ئەمین، ٢٠١١: ١٢٤)، لە خوارەوە گۆڕانی زمان لە هەر ئاستێکدا بە کورتی ئاماژەی بۆ دەکەین:

### ١-٥-٣-١:ئاستی دەنگسازی

زمان خۆی پێرەوێکی دەنگییە، بۆیە دەربڕینەکانیش لەڕێگەی بەیەکگەیشتنی ئەو دەنگانەوە لە پێکهاتەی جودا جودا دا، دەستەبەر دەبێت. کاتێکیش زمان خۆی بە بونەوەرێکی زیندوو بچوێنرێت، ئەوا ئەم بوونەوەرە زیندووە چەقبەستوو نابێت و لەهەر لایەکەوە بیگریت، لە گۆڕاندا دەبێت.(هۆگر مەحمود فەرج، ٢٠١٢: ١١٦-١١٧)، ئاستی دەنگ یەکێك لەو ئاستانەی زمانە، کە زیاتر لە ئاستەکانی تر دەگۆڕێ و زۆرتریش هەستی پێ دەکرێت، (محمد معروف فتاح،٢٠١١: ١١٩)، بێگومان هەر وشەیەك دەنگێکی لێ بسوێت وشەیەکی تری لێ دروست دەبێت و ڕەنگە واتایەکی نوێ بدات. هەندێکجار گۆڕانی دەنگی بە هۆکاری دەرەکی بەهۆی کاریگەری دەنگەکانی زمانێك لەسەر زمانێکی تر ڕوودەدات، بە تایبەتیش بەهۆی دراوسێیەتی دوو زمانی جیاواز، کە ئەمەش ماوەیەکی درێژخایەنی دەوێت بۆ دروستبوونی ئەو گۆڕانە. بۆ نمونە لە کاتی ململانێی لە نێوان زمانەکاندا، دەنگەکان و شێوەی دەربڕینیان وجۆری گۆکردنی وشەکانی زمانی سەرکەوتوو دەچنە ناو زمانی ژێردەست. خاوەنی زمانی ژێردەست قسە بەو دەنگ و دەربڕین و وشانە دەکەن، کە هەر چۆن لە زمانی خۆیاندا هەیە و هاتوون. بەمەوە زمانی سەرنەکەوتوو لاواز دەبێت و دەگۆڕێت و ڕوو لە لەناوچوون دەکات، بەڵام لەم ماوەیەدا ڕێزمان لەهەردوو ئاستی وشەسازی و ڕستەسازی بەرهەڵستی خۆی دەکات، هەر بەپێی یاساکانی زمانی یەکەمەوە ڕستە ڕێك دەخەن و ڕۆنانی وشە دەکەن. (علی عبدالواحد وافی، ٢٠٠٩: ٢٣٦)

### ١-٥-٣-٢: ئاستی ڕێزمان ( وشەسازی و ڕستەسازی)

ڕێزمان هەر وەك دەنگ بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕێ، هەرچەندە ئەم گۆڕانە کەمتر هەستی پێ دەکرێ و کەرەسەی ڕێزمانیش جێڕترە و کەمتر خۆ بەدەست گۆڕانەوە دەدات(محمد معرو فتاح،٢٠١١: ١٢٥)، لەم ئاستەشدا هۆی دەرەکی ڕۆڵ دەبینێت لە گۆڕانی زماندا بەتایبەتی لەکاتی تێکەڵاوی دوو زمان یان لە کاتی ململانێی دوو نەتەوەی زمان جیاواز، زمانی زاڵبوو هەوڵدەدات ڕێسا و یاسا زمانیەکانی تایبەت بە ڕستە و پێکهاتەی ڕێزمانی خۆی بسەپێنی بەسەر زمانی ژێرکەوتوو یان ژێردەست.(رمضان عبدالتواب،١٤٣٣هـ: ١٥١).

لە ئاستی ڕستەسازیدا گۆڕان کەمتر ڕوودەدات وەك لە ئاستەکانی تر، بەڵام دیسانەوە لێرەشدا گۆڕان شتێکی ئاساییە و هەندێکجار بەدی دەکرێت، گۆڕان لەم ئاستەدا لە چەند شێوەیەك بەدی دەکرێت، بۆ نموونە هەندێ جار زمانێك بۆتەی ئامادەکراو دەخاتە ناو زمانی ترەوە. بۆ نموونە زمانی کوردی ئەم بۆتە ڕێزمانییەی خوارەوەی لە عەرەبییەوە وەرگرتووە. (محمد معرو فتاح،٢٠١١: ١٤٠)

وەك : کار + بە + ناو

نموونە : هەستا بە ئاهەنگێك

بۆتە ئاساییەکەی زمانی کوردی:

ناو +کار

نموونە: ئاهەنگێکیان گێڕا

لە نمونەی سەروەوەدا بۆمان دەردەکەوێ گۆڕان لە ئاستی ڕێزماندا لە چوار چێوەیەکی تەسکدا ڕوودەدات، بەڵام بە دەگمەن کاردەکاتە سەر زمانەکە هەمووی، کەچی هەرچەندە ململانێی درێژخایەن لە نێوان دوو زمانی جیاوازی دراوسێدا بەردەوام بێت، ئەوا کاریگەری و گۆڕان زیاتر دەبێت، بەتایبەت ئەگەر هەردوو زمانە جیاوازەکە سەر بەیەك خێزانە زمان بن.

### ١-٥-٣-٣: ئاستی واتا

گۆڕانی واتای وشە زۆر لەسەرخۆیە و بە پلە دەبێ، واتە گۆڕانی واتای وشەیەك بە خێرایی نابێت، بەڵکو ماوەیەکی دوور و درێژی دەوێت تا واتای وشە دەتوانێ خۆی بگوازێتەوە سەر واتایەکی نزیك لە خۆی، ئەویش بۆ واتای سێیەم، هەروەها هەندێ جار واتاکەی لە واتای یەکەمی خۆی زۆر دوور دەکەوێتەوە.(علی عبدالوحد وافی، ٢٠٠٩: ٢٠١٣) بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزی چاخی ناوەندا وشەی (Nice) ی ئێستا، کە بە مانای چاکی و جوانی دێت، مانای ( Foolish)ی دەدا، واتە گەمژە ، و هەندێکجاریش بە مانای (shy) دەهات، واتە (شەرمن)، هەرگیز بەو مانایەی ئێستای نەدەهات، ئەمەش

ئەوە دەردەخات کە دەکرێت واتا بگۆڕێت و لە واتای پێشتری کە هەیبووە دووربکەوێتەوە.(بێرنارد کەمرێ وئەوانی دیکە، ٢٠٠٧: ٥١)

هەندێکجار گۆڕانی واتا پەیوەستە بە گۆڕان لە ئاستەکانی تری زمان، واتە گۆڕان لە ئاستێکی تری زمان دەبێتە هۆی دروست بوونی گۆڕان لە واتا، بۆ نموونە کاتێك دەنگێك لە وشەیەکدا دەسوێت، زۆرجار کاردەکاتە سەر واتای وشەکە، وشەیەکی تری لێ دروست دەبێت و واتایەکی نوێ دەدات، وەك: وشەی (ددان) بەهۆی سوانی فۆنیمی (د) وا دەکات ببێتە (دان)کە واتاکەی جیاوازە لەواتای (ددان) هەرچەندە بە واتای (ددان) لە شێوەزاری سلێمانی بەکاردێت. یان سوان لە وشەی (سەد) وا دەکات ببێتە (سە) کە واتای (سەگ) دەدات لەهەندێ لە شێوەزارەکاندا.

هەروەها ئەگەر چی لە ڕوالەتدا هەندێکجار گۆڕانەکە تایبەتمەندی دەنگی پێوەیە، بەلام ئەودیوی دەنگەکان ئەرکی ڕێزمانی تێدا بەدی دەکرێ، واتە گۆڕان لە فۆرمی وشەکان، گۆڕان لە شێوەی ڕیزبوونی کەرەسەکان دێنێتە کایەوە، بۆنموونە لە زمانی ئینگلیزی کۆندا بە لەدەستدانی پاشگری دۆخ لەگەڵ ئەو یاسایانەی ڕۆڵ لە ڕیزبوونی وشەکاندا دەبینن پێکەوە ڕوویان داوە.(سەباح ڕەشید قادر، ٢٠٠٩: ٧٢) بە گۆڕان لەشێوەی ڕیزبوونیش زۆرجار گۆڕان لە واتا دروست دەبێت.

## ١-٥-٤: گۆڕان لە فەرهەنگی وشە

بەو پێیەی کە هەندێك لەو گۆڕانانەی زمان بە هۆکاری دەرەکی ڕوودەدەن، بە تایبەتی تێکەڵاوی و پەیوەندی نێوان زمانەکان لەو سەردەمەدا، کە بە سەردەمی بە جیهانیبوون ناسراوە، دەکرێت زانست وتەکنلۆجیای سەردەم بە یەکێك لە هۆکارەکانی گۆڕانی زمان دابنرێت. بەتایبەتی تۆڕەکانی ئینتەرنێت و لەناویشیاندا تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی وەك فەیسبووك و تویتەر، ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە خواستنی وشە و زاراوەی بیانی لە زمانەکان، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا چەند ساڵێك پێش ئێستا تاکی کورد گوێبیستی وشەی (گۆگل، چات، فەیسبووك، مۆبایل، ئیمیل)نەبوو بەڵام بەهۆی کرانەوە و پێشکەوتنی سەردەمەکە ئەم وشانە هاتنە ناو زمانی کوردی.

لە لێکۆڵینەوەکاندا وەرگرتنی کەرەسەکانی زمان لە نێوان دوو ڕۆشنبیری لەیەکتر جیاواز تیبینی کراوە، کە:

١- وشە لە هەموو کەرەستەکانی تر زیاتر دەخوازرێ، دەنگ و کەرەسەی ڕێزمانی کەمتر هەڵدەگیرێنەوە، وەرگرتنی وشەی سادەش لە وشەی لێکدرا و فرێز بلاوترە.

٢- لە وشەدا ناو لە بەشەکانی تری ئاخاوتن زیاتر دەخوازرێ. (محمد معروف فتاح ،٢٠١١: ١٣٧)

بێگومان هاتنی وشە و زاراوەی بیانی بە شێوە سروشتییەکەی بە کارێکی ئەرێنی دادەنرێت بۆ هەر زمانێك، بۆ ئەوەی زمان بتوانێت لەگەڵ پەرەسەندن و پێشکەوتنی سەردەم بڕوات و بە زیندوویی بمێنێتەوە بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکانی کومەڵگەی زمانی بە ڕەوشتێکی ئاسایی لە زماندا دادەنرێت، کە وشە و زاراوەی نوێ لە زمانانی تر بخوازێت، لە کاتێکدا کە خۆی وشەی ڕەسەنی نەبێت بەرانبەر

وشەی خواستراو، بەڵام زۆر جار لەکاتی ململانێی نێوان زمانەکان، زمانی زاڵ بە لێشاو وشەی خۆی دەخاتە ناو زمانی ژێردەست و کارێکی زۆر دەکاتە سەر زمانەکە و بێ هێزی دەکات، بەڵام لەم ماوەیەدا زمانی سەرنەکەوتوو ڕێزمانی خۆی دەپارێزی، بە تایبەتی لە ڕووی ڕێزمان و جۆر و شێوەی دەربرینی دەنگی وشەکانی خۆی و ئەو وشانەی کە لە زمانی سەرکەوتووەوە بۆی هاتوون بەپێی یاسای ڕێزمان و دەستوور و وشەسازی خۆی دەیانلێ و ڕێکیان دەخات، تەنانەت دەنگی هەندێ وشە هاتووەکانیش دەگۆڕێ و بە پێی دەستووری زمانی خۆیان ڕێکی دەخات.(علی عبدالواحد وافی، ٢٠٠٩: ٢٣٦)،

بۆیە بۆ زمانێکی وەك زمانی کوردی، کە تا ئێستا خۆی لە چوارچێوەی قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆدا نەبینیوە، سەرەڕای ئەوەی داگیرکەرانی نەتەوەکە بە زۆرترین ڕێگەی دوژمنکاری هەوڵی نەهێشتن و لەبەریەك ترازانی نەتەوەکە و زمانەکەیان داوە، لە هەڵومەرجێکی وادا ڕێژەی هاتنە ناوەوەی وشەی بێگانە و تەنانەت لە هەندێك باردا، بەکارهێنانی ناکوردانەی وشەکان، کاریگەری زمانانی بێگانەی لەسەردەبێت. بە جۆرێك کە هەندێکیان تەواو بێگانەن، چ بەلایەنی دەنگیان و چ بە پێکهاتەی و واتایانەوە، هەندێکیشیان لە لایەنی دەنگییەوە بە کوردی ڕەوان گۆدەکرێن، بەڵام وشەکە بێگانەیە، وشەگەلێکیش هەن وەك وشەی بێگانەن، بەڵام بە واتای جیاواز لە واتای بنەچەیی لە زمانە بێگانەکاندا بەکاردێن.( هۆگر مەحمود فەرەج، ٢٠١٢: ١٢٩)،

بەم جۆرە گۆڕان سروشتی سەرجەم زمانەکانی جیهانە، بەڵام ڕادەی گۆڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر و لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی تری زمان دەگۆڕێت. بەڵکو جۆری هۆکارەکانی گۆڕان ڕۆڵی دەبێت، لە ڕێژەی گۆڕانی هەر زمانێك، ئەوەی گرنگە بۆ لێکۆڵینەکە ئەوەیە کە هۆکارە دەرەکییەکان، لە ئاراستەکردنی زمان بەرەو گۆڕان رۆڵیان هەیە. بە تایبەتیش دراوسێیەتی دوو نەتەوەی زمان جیاواز هەڵی تێکەڵاوی زمانیان زۆر هەیە، بێگومان ئەگەر دەرگای هەردوو زمانەکە بۆ تێکەڵاوی کرابێتەوە، هیچ چار نییە کە کار دەکەنە سەر یەکتری، چ بەسەرکەوتنی یەکێکیان بێ، یان بە مانەوەی هەردووکیان، چونکە دراوسێیەتی دەرگای ئاڵوگۆڕکردنی ئابوری و ڕۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکاتەوە بە تایبەتی ئەگەر هیچ بەربەستێکی دەمارگیری لە نێوانیاندا نەبێت.

### ١-٦ : زمانی زیندوو و زمانی مردوو:

زمان وەك هەر بوونەوەرێکی دیکەی بایلۆجی ملکەچی یاساکانی لەدایکبوون و گەشە و پێشکەوتن و مردن و لەناوچوون دەبێت، واتە ((زمان وەك مرۆڤ گیانلەبەرە. دەزێ، دەژێ، دەمرێ، لەماوەی ژیانیدا وەك مرۆڤ ساغ و نا ساغ دەبێت ... لاواز دەبێت، بەڵکو دەردی گران گرانیش دەگرێت)).(پاکیزە رەفیق حلمی ،١٩٧٥ : ١٤٣)، هەروەها زمان لەگەڵ مرۆڤ و ژینگەی کۆمەڵایەتی گەشە دەکات و پەرە دەسێنێت، بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە.

زمانەوانان، زمانەکانی جیهان لەم ڕووەوە بەسەر سێ پۆلدا دابەش دەکەن :

### ١-٦ -١: زمانه تەندروستەكان(Healthy Languages):

قسەكردن و نووسین و زمانی جەستە، ئەو سێ ڕێگایەن، كە زمان بە هۆیانەوە دەژی و هەناسە دەدات و لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی دیكە دەگواسترێتەوە، واتە دایكان و باوكان منداڵەكانیان فێری زمانی دایك دەكەن و ئەوانیش دواتر منداڵەكانی خۆیان فێری هەمان زمان دەكەنەوە، ئەگەر ئەمە بەردەوام بێت، زمانەكە لە بارێكی تەندروستدا دەبێت ، بۆنموونە( زمانی ئینگلیزی ، ئیسپانی، چینی) لە زمانە تەندروستەكانی جیهانن، چونكە لەلایەن سەدان ملیون كەس بە هەر سێ ڕێگە بەكاردەهێنرێت. (David crystal, 2010:125)هەروەها دەكرێت زمانەكانی ئەو ئاستە بە زمانی زیندوو ناوزەد بكرێن.

### ١-٦-٢: ئەو زمانانەی لە مەترسیدان( endangered languages):

لەم ئاستەدا زمانەكان هەموویان چۆن یەك نین، بەڵكو مەترسییەكان لە زمانێكەوە بۆ زمانییێكی تر جیاوازە، بۆیە ئەوانیش لە ناخۆیاندا دەكرێن بە دوو ئاست:

ئاستی یەكەم :

لەم ئاستەدا زمانەكە هێشتا لە ڕیزی زمانە تەندروستەكاندایە، بەڵام مەترسییەكە ئەوەیە، ڕێژەی سەدی ئەو منداڵانەی كە قسەی پێدەكەن، لەچاو ڕێژەی سەدی خەڵكە كامڵەكانیاندا كەمە، واتە دایكان و باوكان واز لەوە دەهێنن، منداڵەكانی خۆیان فێری زمانەكەی خۆیان بكەن، بەمەش لەوانەیە زمانەكە بەخێرایی ڕوو لە لەناوچوون بكات.

ئاستی دووەم :

ئەو زمانانەن كە زۆر لە مەترسیدان، ئەمانە پێیان دەوترێت (زمانە گیانەلاكان moribund Languages)، ئەم زمانانەش خەڵكێك هەیە قسەی پێ بكات، بەڵام منداڵی پێ فێر ناكرێت و هەندێكجاریش هەر هەندێ خەڵكانی بە تەمەن دەمێننەوە، قسەی پێ بكەن، زیندووكردنەوەی زمانێك كە لە گیانەلا دا بێت هەوڵێكی زۆری دەوێت. وەك بە دیكۆمێنت كردن و شیكردنەوە و بەهێزكردن و فێركردنی ناو ئەو زمانە..تاد، لەسەر ئاستی جیهاندا ٤٠٠ زمان لە گیانەلادان.(بێرنارد كەمریٔ و ئەوانی دیكە، ٢٠٠٧: ٩٥) ، بۆ نموونە زمانی ئەلنەغیت (Alnagith) لە ئوستورالیا و زمانی سیرانوا(Serrano) لە ولاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لەو جۆرە زمانانەن، زۆر لەو زمانانەی لە گیانەلادان كەوتونەتە هەردوو ولاتی ئوستورالیاو ولاتەیەكگرتووەكانی ئەمریكا بەجۆریك كە هەردوو ولات لە سەردەمی نوێدا بە گۆڕستانی زمانەكان ناوزەد دەكرێن.(هارالد هارمان ، ٢٠٠٦: ٢٠٦)

## ١-٦-٣: زمانی مردوو و زمانی لەناوچوو وکوشتنی زمان

زاراوەی زمـانی مـردوو لای زمانـەوانان زاراوەیـەکی نـامۆ نییـە، بـەڵام ڕەنگـە ئـەم زاراوەیـە، وەك فۆڕمێك لە لای هەندێك لە زمانەوانان وەك زاراوەیەکی فرەواتا بۆ هەریـەك لـە زاراوەی لەناوچوونی زمـان و کوشـتنی زمـانیش بـەکاربێت، بـەڵام هەریـەك لـەو دیاردانـە پێناسـەی تایبـەتی خۆیـان هەیـە و هۆکـاری ڕوودانیان جیاوازە.

لە خوارەوە دیارنەمانی زمانەکان پۆلین دەکەین بە پێی ئەم زاراوانە :

یەکەم : زمانی مردوو(death language)

لە فەرهەنگی (گشتی) دا هاتووە، کە زمانی مردوو : (ئەو زمانەیە کە چی دیکە خەڵکی قسەی پیٚ ناکەن )، وەك زمانی لاتینی، بەڵام لە فەرهەنگی (لیتری)دا هاتووە : ((زمانی مردوو ئەو زمانانەن تەنیا لـە ناو کتێبەکانـدا مـاون )). دواتـر دەڵێت:( کـەس قسـەی پـیٚ ناکـات). لـەم فەرهەنگەشـدا هـەردوو زمـانی گریکی و لاتینی بە نموونە هێنراونەتەوە. (لویس جان کالفی ،٢٠١٢: ١٣٥).

پێناسەکان دوو شتمان بۆ دەردەخەن، ئەویش ئەوەیە کە زمانی مردوو ئەو زمانەیە کە نووسراوی لەدوای خۆی بەجێهێشتووە، بەڵام لە ئێستادا کەس قسەی پیٚ ناکات.

واتە دەکرێت لە پێناسەیێکی کورتدا بڵێین: زمانی مـردوو ئـەو زمانەیـە کـە پاشمـاوەی جێمـاوی هەیـە لـە کتێب و نووسراو، لە ئێستاشدا خەڵکی قسەی پیٚ ناکەن.

هـەروەها دەکرێـت بڵـێن ئـەم جـۆرە دیارنەمانـە، کـە نـاونراوە بـە مردنـی زمـان، لـە ئـەنجامی پەرەسـەندنی دیـالێکتێکی زمـان ڕوو دەدات، کـە لـەڕووی جوگرافییـەوە بـڵاو دەبێتـەوە و خەڵکەکـە زیـاد دەکات و زمانێکی دیکە سەرهەڵدەدات، هەروەکو نموونەی زمانی لاتینی کە لە ماوەی بیست سەدەدا کە پەرەی سەند گۆڕانی بەسەردا هات و چەندین زمانی لیٚ کەوتۆتەوە وەکو فەڕەنسی و پورتوگالی و ئیتاڵی و ئیسپانی ...هتد، کە لە ڕاستیدا ئەو زمانە لاتینییەی، لـە سـەردەمی یۆلێویس قەیسـەر قسـەی پیٚ کـراوە، زۆر جیـاوازە، لـەوەی ئیسـتا بـەو زمانانـە قسـە دەکرێـت، کەواتـە دەکرێـت بڵـێین زمـانی لاتینـی زمـانێکی مـردووە، بـەو مانایـەی کـە ئێمـە ئێسـتا بـەو شـێوەیە بەکاریناهێنین کـە یۆلیـۆیس قەیسـەر بـەکاریهێناوە، زیندووشـە بـەو مانایـەی، کـە لـە زمانـەکانی ڕۆمـانی سەرچـاوە دەگرێـت، بۆنموونـە ئەگـەر دەقێـك لـە نووسـراوەکانی سـەردەمی یۆلێـوس قەیسـەر وەربگـرین، کـە بـە زمـانی لاتینـی نووسـراوە، خوێنـەری ناپسپۆڕی فەڕەنسی لێی تێناگات، هەروەها هەمان دەق ئەگەر بە زمانی فەڕەنسی ئێستا بنووسرێتەوە، ئەگەر بمانتوانیبوایە نیشانی یۆلێۆس قەیسەر بدەین ئەویش تێنەدەگەیشت.(هەمان سەرچاوە: ١٣٧-١٣٩) واتە ئەوەی ناونراوە بە مردنی زمان، زاراوەکە لەگەڵ دیاردە زمانییەکە یەکانگیر نییە، بەڵکو ئەمەی ڕوودەدات، دەکرێـت بـە گـۆڕانی زمـان ناوبنرێـت، چـونکە بـە پێـی قوناغـەکانی مێـژوو زمانێـك شـوێنی زمانێکی تری گرتۆتەوە، نەك زمانەکە لەناوچووبێت، بەبیٚ ئەوەی هیچ شوێنگرەوەیێکی هەبێت. هـەروەها زۆرجـار دەکرێـت ئـەو زمانـەی بـە زمـانی مـردوو دادەنرێـت، زیندووبکرێتـەوە، بـە هـۆی ئـەو پاشمـاوە نووسراوانەی لەدوای جێماوە.

هەر بۆیەش زمانەوانی کۆمەلایەتی (جاشوا فیشمان) پێوایە کە زمان بەسێ شێوە بەسەر سێ نەوەدا دەگۆرێ:

بۆ نموونە نەوەیەکی قسەپێکەرانی زمانی "x"، کە داپیر و باپیرەکانن، زمانەکەیان ناگەیەنن بە منداڵەکانیان و هانیان دەدەن زمانێکی دیکە فێربن، واتە زمانی"y" . نەوەکەی دواتر دایك و باوکەکانن کە گەورە بوون، تەنیا بە شێوەیەکی ناچالاك زمانی "x"دەزانن، بەڵام بە پاراوی بە زمانی "y" دەدوێن. لە ئاکامدا خێزانەکە دەبێتە دوو زمان. بەڵام منداڵەکان وەك قسەپێکەری زمانی "y" گەورە دەبن ، تەنیا چەند وشەیەکی کەمی زمانی " x" دەزانن، ئەگەر لە زۆربەی خێزانەکانی کۆمەڵەیەکدا ئەم گۆڕانە ڕووبدات، ڕەنگە زمانێك لە دوای سێ نەوەدا ون بێت. ( رحیم قادر سورخی،٢٠١٣ :٤٣)

## دووەم : زمانی لە ناوچوو

ئەگەر سەیری رابردوو بکەین، دەبینین دوو هەزار ساڵ پێش ئێستا زۆر زمان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەکار دەهات، چۆن خەڵکەکە رۆیشتن و نەمان، بە هەمان شێوەش زمانەکانیان لەناوچوون و ون بوون. ئەو زمانانەی هیچ نووسراوێکیان پێ نەنووسرا بووەوە بۆ هەمیشە ون بوون و لەناوچوون، لە ئێستادا نزیکەی دوو هەزار زمان لە جیهاندا هەیە، تاکو ئێستا هیچ نووسراوێکی تۆمارکراویان نییە، بەمەش ئەو زمانانەی پێش لەناوچوونیان نووسراویان پێ تۆمار نەکرێت. ئەوا دوای دیارنەمانیان هیچ زانیارییەکمان دەربارەی ئەو زمانانە نابێت و بۆ هەمیشە لەناو دەچن.(David Crystal, 2010: 126).

ئەم جۆرە دیارنەمانە لە کاتێکدا ڕوودەدات، کە دوا کەس بە زمانێك قسە دەکات کۆچی دوایی دەکات، بێ ئەوەی کەسێك هەبێت لەدوای ئەو بەو زمانە قسە بکات، بەمەش زمانەکە لەناودەچێت و زمانی دیکەی لێ نابێتەوە، هەروەها هیچ تۆمارێك یان نووسراوێك لە دوای خۆی بەجێناهێڵێت.

## سێیەم : کوشتنی زمان

لەم جۆرە دیارنەمانەی زمان، دەکرێت دوو جۆری لێ دیاریبکرێت:

### أ- خۆکوژی زمان:

ئەم جۆرەیان کاتێك ڕوودەدات، کە میللەتێك یان نەتەوەیەك بە ویستی خۆی دەست لە زمانی ڕەسەنی خۆی بەربدات و زمانێکی تر هەڵبژێرێت. بۆ نموونە دایکان و باوکان بە ئارەزووی خۆیان بڕیاربدەن زمانەکەیان بە منداڵەکانیان نەگەیێنن، هەروەها کاتێك تاکەکانی زمانێك وا هەست بکەن، زمانەکەیان لە ڕووی ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتی پایەیەکی نزمتری هەیە لە بەرانبەر زمانەکانی دیکەدا، لەو کاتەدا زمانە نوێیەکە بۆ بەکارهێنان بە پەسەندتر و بەسوودتر بزانن و زمانی ڕەسەنی خۆیان بە بێ سوود و بێ کەلك بێتە پیش چاو. (رحیم قادر سورخی، ٢٠١٣: ٤٣)

### ب- کوشتنی زمان یان هەڵمژینی زمان:

بریتییە لە تواندنەوەی زمانێکی ژێردەست لە ناو زمانێکی زاڵدا، ئەمە لە دوای ماوەیەکی درێژ و بەشێنەیی ڕوو دەدات.(لویس جان کالفی، ٢٠١٢: ١٤٠)، زۆرجارئەم بارە ڕوودەدات،کاتێک وڵاتە سەردەستەکان هەوڵی قەدەغەکردنی زمانێکی کەمینە دەدەن، لەکاتی بە فەرمی کردنی زمانی باڵادەست و قەدەغەکردنی زمانی کەمینە، هەروەها زۆرجار لەکاتی داگیرکردنی وڵاتێك ڕوودەدات، وەکو نموونەی زمانی بەربەری لە مەراکیش و قبتی لە میسر.

بەم جۆرە زمانەکان بە چەندین شێوازی جۆراوجۆر لەبەکارهێنان دەکەون و ون دەبن و لەناودەچن، ئەو زمانانەی لەناوچوون، هیچ شوێنەوارێکیان بەجێ نەهێشتووە، بەڵام ئەوانەی مردوون بەشێوەی لەناوچوون نییە، بەڵکو بە گۆرانکارییە و دیکۆمێنتی نووسراویان لەدوا جێماوە، هەروەها هەندێکیان بەهۆی ژێردەستەیی لەلایەن دەسەڵاتدارانی سیاسی وڵاتانی سەردەست دەتوێنرینەوە، لەڕێگەی بەرتەسکردنەوەی سنوری ژینگەی زمانەکەیان، بەهۆی قەدەغەکردنی زمانەکە، هەندێکجاریش خودی تاکەکانی کۆمەڵگە بەرپرسن لە دیارنەمانی زمانەکەیان بەهۆی شانازینەکردن بەزمانی ڕەسەنی خۆیان و بایەخدانیان بە زمانی بیانی.

### ١-٦-٤: هۆیەکانی دیارنەمانی زمان

بێگومان دیارنەمانی زمان بەدرێژایی مێژوو هەر هەبووە، بەڵام لەم سەردەمەدا زۆر خێراتربووە، بەشێوەییێك ڕەنگە لە ماوەی سەد ساڵی داهاتوودا نیوەی زمانانی جیهان ون ببن، بە شێوەیەك کە هەردوو هەفتە زمانێك ون دەبێت.(David Crystal, 2010:126 ) ئەوەی گرنگە ئەوەیە، کە ونبوونی زمانەکان لە هەر سێ باردا (مردن ، و لەناوچوون و کوشتن)، هەرچەندە هۆکارەکانیان جۆراوجۆرن، کە ڕەنگە سیاسی، کۆمەڵایەتی یان ئابووری بێت، بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت، کە زۆربەیان مرۆڤ خۆی هۆکاری سەرەکییەتی.

لەخوارەوە هۆکارەکانی دیارنەمانی زمانەکان دەستنیشان دەکەین :

١- بەهۆی جولانی خەڵکی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەییێکی تر، بەهۆی کۆچکردنی ئاسایی بەمەستی گەڕان بە دوای کار و شوین و زەوی باشتردا یان بە هۆی ڕاگواستنی زۆرەملێی سیاسی، یان بە هۆی ڕووداو وکارەساتی سروشتی، زمان ڕووبەڕووی دیارنەمان دەبێتەوە، چونکە زۆرجار ئەو شوێنەی کۆچی بۆ دەکەن، ڕەنگە زمانی نەتەوەی کۆچکردوو یان ڕاگویستراو جیاوازبێت لەگەڵ زمانی ڕەسەنی دانیشتوانی ناوچەکە، بەمەش زمانی نەتەوەی میوان بەهۆی ئەوەی کەمینەن، بەرەو ون بوون دەچێت، چونکە وەك شێوەییێکی باو گروپە زاڵەکان، لاوازەکان ڕادەماڵن، بە زۆرە ملی ناچاریان دەکەن، کە زمانە نوێیەکە بەکاربهێنن.(بێرنارد کەمریٚ و ئەوانی دیکە، ٢٠٠٧ : ١٠٢)، بۆنموونە لە سییەکانی سەدەی رابردوو زیاتر لە نیو ملیون کۆریایی گواسترانەوە بۆ کۆماری سۆڤیەتی جاران، بەهۆی قەدەغەکردنی

زمانەکـەیان، زمـانی هـەموویان لـە ڕەگ و ریشـەوە دەرهـات و توێنرایـەوە، ئێسـتا تـەنها بـە ڕەگـەز کۆرییاین.(کامیار سابیر،٢٠٠٩: ١٢٨)

٢- کاتێك دایکان وباوکان منداڵـەکانیان بـە ئـارەزووی خۆیـان هـان دەدەن لـەوەی، کـە فێـری زمـانی بیـانی بـبن، لـە جیـاتی زمـانی زگمـاك یـان ڕەسـەن، هـەروەها لـە خوێنـدن و فێرکـردن هانیـان بـدەن بـۆ دوورکەوتنەوە لە زمانی ڕەسەن و پشتگیرییان بکرێت بۆ فێربوون لـە قوتابخانـە بیانییـەکان، ئەمـە زمـان بەرەو ون بوون و نەمان دەبات.(هارالد هارمـان، ٢٠٠٦: ٢١٠)، چونکە ژمارەی قسـەپێکەرانی زمـان ڕوو لە کەمی دەکات زمانی نوێش دەبێتە زمانی باڵا، لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایـەتی و ئـابووری زاڵ دەبێـت بەسەر زمانی ڕەسەن، بە پێی راپۆرتێکی یونسکۆ، ئەگەر لە ٣٠٪ منداڵانی سەر بە زمانێك بـە زمـانی خۆیان قسە نەکەن، ئەوا ئەو زمانە بەرەو ڕووی ون بوون دەچێت.

٣- داگیرکاری وڵاتێك لەلایەن وڵاتێکی تر، وا دەکات هەندێ زمان ڕووبەڕووی ون بوون و لە ناوچـوون ببنەوە، بۆنموونە گەلی هۆنگ کۆنگ بەشێ لە نەوەی چین پێك دەهێنێت، لە ساڵی( ١٨٤١ - ١٩٩٧) لـە لایـەن بریتانیا داگیرکرا بـوو، واتـە بـۆ مـاوەیی(١٥٦) سـاڵ لـە ژێـر دەسـەڵاتی بریتانیـادا مایـەوە، لـەو ماوەیەدا بریتانیا زمانی ئینگلیزی بەسـەر خـەڵکی ناوچەکەدا سـەپاند، کـردی بـە زمـانی فـەرمی و لـە قوتابخانەکانیش کرا بە زمانی خوێندن، خەڵکەکە زۆربەیان فێری زمانی ئینگلیزی بوون، بەشێوەیێك نـەوەی نـوێ ئێسـتا بەدەگمـەن زمـانی خۆیـان دەزانـن، چـونکە زمـانی چینی لـەم ماوەیـەدا بـە تـەواوی پشتگوێ خرابوو. ئەگەر داگیرکردنەکە بەردەوام بوایە، ئـەوا کـەس زمـانی ڕەسـەنی لـە بیر نـەدەما و بـە یەکجاری لەناو دەچوو. (حوسێن محەمەد عەزیز، ٢٠٠٥: ٧٩).

٤- هۆکارێکی دیکە پێشکەوتنی تەکنلۆجیا و زانستە، بە تایبەتی ئینتەرنێت، هەر نەتەوەیـەك ئـەگەر بیەوێت زمانەکەی لە هەڕەشەی لەناوچوون و مردن و ون بـوون بپارێزێـت، پێویسـتە گەشـە بەزمانەکـەی بـدات و پێشـی بخـات وکەرەسـتەکانی زمانەکـەی بخاتـە تۆڕەکـانی ئەنتـەرنێت و دەوڵەمەنـدی بکات.(عەبدالوهاب خالید ،٢٠١٠: ١٢٩).

## ١-٦-٥: پێوەرەکانی زمانی زیندوو

بێگومـان هـەرکاتێك نەتەوەیـەك یـان گروپێـك یـان کۆمـەڵیك، ئەگـەر بـە زمـانی زگمـاك و ڕەسـەنی خۆیان بخوێنن و بنووسن و قسە بکەن، هەروەها دایکان وباوکان منداڵەکانیان نەوە لەدوای نـەوە ، فێـری زمانەکە بکەن، ئەوا ئەو زمانـە بـە زینـدوویی دەمێنێتـەوە. هـەروەها زمـان پێویسـتی بـە پاراسـتنە هـەروەك چۆن بوونـەوەر و مـرۆڤ پێویسـتی پـێ هەیـە، چـونکە پاراسـتنی زمـان پاراسـتنی مێـژوو و ڕۆشـنبیری و شارستانییەتی نەتەوە دەگەیێنێت.

**بـۆ پاراسـتنی زمـان و هێشـتنەوەی بـە زیندوویـەتی و چـالاكبوونی بـە بـەردەوامی پێویسـتە زمـان ئـەم چالاكییانە بنوێنێت، كە بە هێڵكارییەك دەیخەینە ڕوو :**

## هێڵكاری چۆنیەتی چالاكبوونی زمان [1]

## ژمارە (١)




**هەموو ئەم خاڵانەی كە لە هێڵكارییەكە دانراون، دەكرێت بكرێن بە پێوەرێك بۆ ئـەوەی زمانێك بـەردەوام بێت لە چالاكییەكانی، هەروەها لە هەمان كاتدا دەكرێت سیاسـەتی زمـانی بۆ هـەر زمانێك لەسـەر بنـەمای ئەم خاڵانەی كە لە هێڵكارییەكەدا هاتووە دابڕێژرێت، هەروەها بۆ ئەوەی زمانێك هەوڵی پاراستنی بدرێت وپـەرە بـە چالاكییەكانی بـدات و لـە گەشـە و پەرەسـەندنی بـەردەوام بێـت، پێویسـتە ئـەم ڕێڕەوە پـەیڕەو بكات، كە لە هێلكارییەكە خراوەتە ڕوو.**

**هەروەها پێویستە بۆ پاراستنی زمان بە زیندوویەتی ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بكرێت :**

**١- خەڵكەكە دەبێت خۆی بیەوێت زمانەكەی بپارێزێت و زیندوو بێت.**

---

[1] – (هارالد هارمان، ٢٠٠٦ : ١٥٠)بە دەستكاریەوە وەرگیراوە لە ( پەخشان سابیر ، ٢٠١٣: ١٨٠)

٢- پێویستە حکومەت پارە و بودجەی پێویست بۆ پاراستنی زمان تەرخان بکات. ( David Crystal, 2010:128)

٣- هەبوونی سیاسەتی زمان کار لەسەر ئەم لایەنانە بکات:

أ- دانانی یاسای زمان : وەك هەژمارکردنی زمان بە سامانێکی نەتەوەیی پڕ بەها و خستنەگەڕی هەموو تواناکان لە پێناو پاراستنیدا، چونکە زمانیش وەك هەر سامانێکی تری نەتەوەیی پێویستی بە پاراستن هەیە، ئەگەر نا بەرەو لاوازبوون و دواتر بەرەو مردن و لەناوچوون دەچێت.

ب- بەخورتیکردنی خوێندن بە زمانی دایك لە هەموو ناوەندەکانی خوێندندا، لە باخچەی ساوایان تا دوا قۆناغی خوێندنی باڵا. بۆ ئەم مەبەستەش حکومەت دەبێ دەستەبەری پێداویستیەکان بکات لە ڕووی پرۆگرام و سەرچاوەی زانستی وەرگێڕدراو و مامۆستای کارامە و ...تاد .

ت- بەخورتیکردنی بەکارهێنانی زمانی دایك لە ناونان و نووسینی تابلۆ و ڕێگاوبان و هوتێل وقوتابخانەو شوێنکار و سوپەرمارکێت ...تاد .

پ- بەکارهێنانی زمانی دایك لە ڕاگەیاندنەکاندا بە هەموو جۆرەکانیانەوە( بینراو و بیستراو و نووسراو ). (تاریق جامباز،٢٠١١ :٣١٥).

٤- زمان بخریتە تۆرەکانی ئەنتەرنێت و تەکنلۆژیای زانستی سەردەم.

لە کۆتاییدا دەکرێت بڵێین تا زمان بەکاربهێنرێت ، هەڕەشە و مەترسی لەناوچوونی لەسەر کەمتر دەبێت، بەپێچەوانەوەش ڕاستە. هەرچەند بەکارهێنانی زمان کەمتر بێت، هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر ئەو زمانە دروست دەبێت. ئەمەش ئەوە پشت ڕاست دەکاتەوە، کە ون بوونی زمانەکان و بە زیندوویی هێشتنەوەشی زیاتر مرۆڤ خۆی هۆکارەکەیەتی، چونکە هۆی ون بوونی زمانەکان لە زۆربەی بارەکاندا هۆکارەکە ئەوە بووە کە قسەپێکەرانی زمانەکە وازیان لە زمانی ڕەسەنی خۆیان هێناوە، جا بە هەر هۆکارێك بێت، بۆیە خاڵی سەرەکی بۆ هێشتنەوەی زمان بە زیندوویەتی ئەوەیە، کە دایکان و باوکان نەوە لەدوای نەوە زمانی ڕەسەن و زگماك فێری منداڵەکانیان بکەن، چونکە زۆری وکەمی ژمارەی قسەکەران بە زمانێك کاریگەری هەیە لەسەر بە هێزی و لاوازی زمان و مانەوەی، لەبەرئەوەی لە کاتی ململانێی نێوان زمانەکان ئەو زمانەی ژمارەی قسەکەرانی کەمترە، زیاتر دەکەونە ژێر کاریگەریی زمانەکان ئەگەر بێت و لەڕووی شارستانی و ڕۆشنبیری دواکەوتووتر بن.(علی عبدالواحد وافی ، ٢٠٠٩ : ٢٣٧).

# بەشی دووەم

## ملمـلانێی زمـــان

٢-١: چەمك وپێناسەی ململانێی زمان

٢-٢: هۆکارەکانی ململانێی زمان

٢-٣: قۆناغەکانی ململانێی زمان

٢-٤: جۆرەکانی ململانێی زمان

٢-٥: هەنگاوەکان بۆ زاڵبوونی زمانی باڵادەست

٢-٦: ئەنجامەکانی ململانێی زمان

٢-٧: بنەماکانی یەکلایی کردنەوەی ململانێی زمان

٢-٨: نموونەی ململانێی زمان

## بەشی دووەم : ململانێی زمان

### ٢-١- چەمك و زاراوەكانی پەیوەست بە ململانێی زمان

### ٢-١-١: چەمكی ململانێی زمان

زاراوەی ململانیّ لە زمانی ئینگلیزیدا بەرانبەر وشەی(conflict) دیّت، لە زمانی عەرەبیشدا بەرانبەر وشەی (الصراع) دیّت، هەروەها لە لاتینیشدا بنەڕەتەكەی بۆ وشەی (confligere) دەگەڕێتەوە، كە مانای دۆخێكی گرفتاوی دەبەخشێت، كە بەهۆی دوو تێڕوانینی بەیەك ناكۆك، یان دوو بەرژەوەندی دژ بەیەك، یاخود دوو ئامانجی لێكجیاواز، كە لە نێوان دووكەس یان دوو گروپ یان دوو نەتەوەی جیاواز دروست دەبێت.(ئاراس فتاح، ٢٠٠٧: ١٠).

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ فەرهەنگی زمان، دەبینین مانای ئەم زاراوەیە لە فەرهەنگی ئۆكسفۆردا بەوە لێكدراوەتەوە، كە بریتییە لە : (( شەڕ، ململانیّ ، ڕازی نەبوون)).( Charlotte Livingstone, 2008:137). هەروەها لە فەرهەنگی هەمبانە بۆرینەدا، ماناكەی بەم شێوەیە هاتووە: (( ڕكەبەری، زۆرانیّ، ململانە، مل نەدان، ڕازی نەبوون ، قبولّ نەكردن )). (هەژار موكریانی ، ١٣٧٤: ٨١٣)

لە فەرهەنگی كوردستانیش بەوە لێكدراوەتەوە، كە بریتییە لە: ((بەربەرەكانی، ڕقەبەری كردن، ڕكەبەری كردن)) (گیوی موكریانی، ١٩٩٩: ٨١٦)

دوای تێڕامان و خوێندنەوەی مانای زاراوەكە لە فەرهەنگەكاندا، بۆمان دەردەكەوێت ئەم زاراوەیە، فرەواتایە بۆ چەندین مانای لەیەكچوو بەكار دەهێنرێت، چونكە زۆرجار وشەكان بۆ یەك مەبەست لە بری یەكتریدا شوێنی یەكتری دەگرنەوە، وەك شەڕ، كێشە، ناكۆكی ...تاد. هەروەها زاروەیەكە بۆ زۆر بواری زانستی بەكار دەهێنرێت، وەك زانستەكانی سیاسی و ئایینی و جوگرافیا و كۆمەڵناسی و گشت بوارەكانیتر كە بە زانستە مرۆڤایەتیەكان ناوزەد دەكرێن.

ئەم بابەتە وەك دیاردەیەكی زمانەوانی، لە لای زمانەوانانی كورد، چەند زاراوەیەكی بۆ بەكاردەهێنرێت، وەك (پێكدادانی زمانی ، شەڕی زمانی ، ململانێی زمان ، ناكۆكی زمانی ، كێشەی زمانان). لەم لێكۆڵینەوەیەدا زاراوەی (ململانێی زمان) مان بەكارهێناوە، بەو پێیەی لە زمانی كوردیدا زۆرترین بەكارهێنانی هەیە، هەروەها بەهۆی ئەوەی بۆ دیاردە زمانییەكە بە گونجاوترمان زانیوە.

زاراوەی ململانیّ خۆی زاراوەیێكی لێلّ و تەمومژاوییە، جا چ لە زمانەوانی بەریەككەوتن بەكاربێت، یان بەشێوەیەكی گشتی بۆ ئەو ململانیّ كۆمەلایەتییانە بەكاربێت، كە لە هەلومەرجی فرە زمانییدا دروست دەبن.( بیتر هانس نیلد، ٢٠٠٩: ٦٣٢)

بەشێوەیەكی گشتی ئەو كۆمەڵناسانەی لە گرفتەكانی بەریەككەوتنی زمان لە ناو گروپە ئیتنیكییەكان دەكۆڵنەوە، پێناسەی ململانیّ دەكەن بەوەی، كە بریتییە لە: ((پێكدادانی هەندیّ بەرژەوەندی و بەها))، بەجۆرێك ترسێكی ڕاستەقینە یا ڕووكەشانە بەرهەم بهێنێت. لەم پێكدادانەشدا بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەكانی لایەنێك بپارێزرێت، پێویستە ڕێگری لە ئامانجەكانی لایەنی بەرانبەر بكرێت یان هیچ نەبێت كپ بكرێتەوە و سنووری بۆ دابنرێت. هەروەها پێویستە بگووترێت، ململانێی نێوان

گروپە ئیتنییەکان بە دەگمەن دەگاتە توندوتیژی و بەیەکدادان، بەڵکو پتر لە سیستمێکی ئاڵۆزی هەڕەشە و سزا چڕ دەبێتەوە، کە لەوێوە بەرژەوەندی و بەهاکانی گروپێکی دیاریکراو دەکەونە بەر مەترسی و هەڕەشە.(بیتر هانس نیلد، ٢٠٠٩: ٦٢٨- ٦٢٩)

لەم ڕوانگەیەی زمان وەك بوونەوەرێکی زیندووە، بەشێوەیەك کە ئەوەی لەبارەی زیندەوەرەکانەوە دەگوترێت لەبارەی زمانیشەوە دەگوترێ، وەك: لەدایکبوون، بەهێزبوون، لاوازبوون و مردن، هەروەها دیاردەی ململانێش هەروەك چۆن لە نێوان تاکەکان و تیرە و هۆز وگەل ونەتەوە و دەوڵەتەکانی جیهان هەیە، بەهەمان شێوە لە نێوان زمانە جۆراوجۆرەکانی نەتەوەکانیشدا دیاردەی ململانێی زمان هەیە.(حوسێن محەمەد عەزیز،٢٠٠٥: ٣٧). بەڵام پێویستە ئەو ڕاستیەش بزانین، کە ململانێی نێو زمانەکانیش لە لایەن خودی مرۆڤەکانەوە پراکتیزە دەکرێت.

ئەم دیاردە زمانییە، بەشێوەیەکی گشتی ڕەگ و ڕیشەیەکی مێژوویی هەیە، ئەمیش لە ئاکامی جیاوازی زمانەکان لەیەکتری، واتە بەهۆی ئەو فرەزمانییەی لە جیهاندا هەیە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی گریکەکان، دەبینین لەو کاتەدا زمانی گریکی بە ئاشکرا ململانێی لەگەڵ زمانەکاندا هەبووە، بە شێوەیەك کە پۆلینێکی زۆر ئاسانیان لە نێوان زمانی گریکی و زمانەکانی تر دانابوو، بەوەی هەر کەسێك ئەگەر بە زمانی گریکی قسەی نەکردبووایە، بە نامۆیان دادەنا و پێیان دەگوت بە زمانی(بەربەر)ی قسە دەکات، کە ئەوکات ئەوەی بەو زمانە قسەی بکردابووایە شەرم و عەیب بوو، هەرچەندە واتای (بەربەر) واتای نامۆ بوونی دەگەیاند، زمانی بەربەرەکانیش بەرانبەر بە زمانی گریکی جیاواز و نامۆ بوو، بەڵام ئەو ناونانەی گریکەکان لە ڕوانگەی دمارگیریی و جوداخوازییەوە بوو.(لویس جان کالفی،٢٠١٢: ٦٦)

هەروەها دوای ئەمانیش ڕۆمانەکان بەهەمان شێوە، لە چاخەکانی ناوەڕاستدا لە هەموو ئەوروپادا (زمانی لاتینی)یان کرد بە زمانی فەرمی، ڕێگەیان نەدەدا جگە لەو زمانە هیچ زمانێکی تر لە خوێندن و نووسین بەکار بهێنرێت، لەو سەردەمەدا زمانی لاتینی زمانی کڵێسە و نووسین بووە، کە زاناکان دەیانگووت زمانی شارستانییەتە، بە چاوێکی نزمتر سەیری زمانەکانی تریان دەکرد.(یوسف شەریف سەعید،٢٠١٣: ٨٨).

ئەم چەمکەی بە پیرۆزتر زانینی زمانێك لەبەرانبەر زمانەکانی دیکە بەردەوام بووە، بەشێوەیەك هەندێك لە زمانەوانان لەسەدەی ڕاپەڕین هەموو لێکۆڵینەوە زمانییەکانیان بۆ ئەوە تەرخانکردبوو کە ئەوە بچەسپێنن، هەموو زمانەکانی مرۆڤ سەرچاوەیەکیان هەیە، ئەویش زمانی عیبرییە، واتە زمانی عیبری بە دایکی زمانەکان لە قەلەم بدەن، هەروەها دواتر زاناکانی عەرەب هاتن، زمانی عەرەبیان بە پیرۆزترین و ڕەوانترین و باشترین زمان دانا.(عەرەفات کەرەم مستەفا، ٢٠١٢: ٤٨) بەڵام مەرج نییە هیچ یەکێك لەم بۆچوونانە ڕاست بێت، ئەم بۆچوونانە بە ڕای ئێمە دروستکراوی گرووپەکانە، کە دەیانەوێت خۆیان بە بەرزتر لە گەلانی تر دابنێن و پیرۆزی هەر بە شایستەی خۆیان دەزانن و گەلانی تریش بە کەمتر و ژێردەستە دەبینن، بوونی هێز و دەسەڵاتیش لە چەسپاندنی ئەم بۆچوونانە هەندێك جار ڕۆڵ و کاریگەری زۆری هەبووە.

ململانێــی زمـــان وەك بابـــەتێکی زانســـتی بـــۆ یەکـــەمین جـــار لەلایـــەن (هـــاوخین) لـــە ساڵی(١٩٦٦)هێنراوەتـە نـاو توێژینـەوەکانی بـواری زمانـەوانی بەریەککـەوتن، ئـەویش لەوکاتـەی، کـە شیکردنەوەی چڕوپڕی بۆ پەرەسـەندنی زمـانی نـەرویجی ئەنجامـدا. پێویسـتە ئـەو ڕاسـتییە نکـوڵی لێ نـەکرێت، کـە تـا سـاڵی (١٩٧٠) تەنانـەت ئـەو وڵاتانـەی کـە فرەزمـانیش بـوون، ڕێگرییـان دەکـرد لـەوەی چـەمکی ململانـێ بەشـێوەیەکی میتۆدییانـە ببێتـە بەشـێکی لێکۆڵینـەوە زمانەوانییـەکانی بەریەککـەوتن، چونکە پێیان وابوو بە ئایدیۆلۆجیا کردنی بابەتی بەریەککەوتنی زمانەکان پڕ مەترسییە، دوای ئـەمیش (فیشمان)[1] گرنگی زیاتری ململانێی زمانی خستەڕوو، بەوەی پەیوەندی تایبـەتی بـە پلانـی زمـانی یـان سیاسەتی زمانی هەیە.( بیتر هانس نیلد، ٢٠٠٩: ٦٣٣)

لـە ئێسـتادا زاراوەی ململانێـی زمـانی، یەکێکـە لـە کایـە گرنگـەکانی زمانـەوانی کۆمەڵایـەتی، بەشێوەیەك کە تایبەتمەندیی ئەم بابەتـە لـەم سـەدەیەدا گەیشـتۆتە ئاسـتێك کە بۆ خـۆی ببێـت بـە لقیکـی دیاریکراو لە زمانناسی، کە سەر بە زمانەوانی بەریەککەوتنە، کە ئەمیش زانستێکی نوێیە، نـەك تـەنیا لـە زمانی کوردی، بەڵکو لە زمانانی تریش.(سەلام ناوخۆش،٢٠١٣ :٧).

ئـەم بـوارە ئەوکاتـە زیـاتر گەشـەی کـرد، کـە خەڵکەکـە هەسـتیان کـرد، بـۆ بـەرەو ڕووبوونـەوەی جیاوازی زمانی، پێویستیان بە سەلماندنی نایابی زمانەکانیان هەیە، بۆیە کۆمەڵگە فرەزمانییەکان لەسـەر باڵادەست کردنی زمانەکانیان بە ناچاری ڕوو بەڕووی ململانێی بوونەتـەوە.(ڕەحیم قادر سورخی،٢٠١٣: ٢٥) پێویستە بگووترێت، کە بەشی زۆری ململانێی زمانییەکان لە ئەنجامی هـەبوونی پێگـەی کۆمەڵایـەتی جیاواز و مامەڵەی حکومەتە، کە مامەڵەیەکی جیاوازی لەگەڵ زمانی باڵادەست دەکات بەدەر لە زمانـەکانی دیکە. لەم بارانەشدا ترس و دڵەڕاوکی و نائومێدی گروپە لاوازەکەی کۆمەڵ لە هـەموو ئاستەکانی ئـایینی و کۆمەڵایـەتی و ئـابووری و دەروونییـدا وا دەکـات ململانێـی زمـان دروسـت ببێـت. یـەکێك لـە هۆکـارە گرنگەکانیش کـە دەبێتـە هـۆی فراوانبـوون و قووڵتربوونـەوەی ئـەم ململانێیانـە بـوونی بەربەسـتە لەبـەردەم جووڵـەی کۆمەڵایـەتی بـە تایبـەتیش جووڵـەی ئـەو گروپـە ئیتنیکییانـەی بێبەشـکراو و پـەراوێزخراو و سەرکوتکراون. ( بیتر هانس نیلد، ٢٠٠٩: ٦٣١)

بەشێوەیەك، قسەپێکەرانی زمانێك پێگەیەکی بەهێزتریان دەبێت، کاتێك زمانەکەیان بۆ پەیوەندی نەتەوەیی یان نێونەتـەوەیی، یـان لـە کاروبـاری دەوڵـەتدا، یـان لـە بـواری بازرگـانی و ئـابووری و پـەروەردە وفێرکردن بەکاردێت، بەمەش وا دەکات ڕۆڵی زمان لە دامەزراندنی ناسنامەی کۆمەڵایەتیدا، شتێکی تر بۆ ململانـێ زمانییەکە زیاتر بکات. بۆیە زۆرجار هەبوونی فرەزمانی لە کۆمەڵدا لێکەوتـەی نـەخوازراوی دەبـێ بۆ زمانەکان لە ڕووی ئەرکەوە دابەشیان دەکات بۆ زمانی جۆری نزم و جۆری باڵا[2].

---

[1] ( هـاوخین و فیشـمان) دوو زانـای بـواری زمانـەوانین ، بـۆ یەکـەمجار لایـەنی (سۆسـیۆلۆژیا و دەروونی)یـان هێنایـە نـاو لێکۆڵینـەوە زمانییەکان ، بە تایبەتیش جەختیان ، لەسەر هۆکارە زمانەوانییە دەرەکییەکان کرد. ( بیتر هانس نیلد، ٢٠٠٩: ٦٢٣)

[2] مەبەست لە زمانی نزم و زمانی باڵا ئەو پۆلینەیە، کە حکومـەتێك یـان دەسـەلاتێکی بـاڵا دەیداتـە پـاڵ زمانـەکان، بێگومـان ئەمـەش لـە ئاکامی تێڕوانینێکی سیاسیانە بۆ زمان دێتە بەرهەم، بە هۆی بایەخدان بە زمانێك و لە بەرانبـەردا بەربـەرەکانی زمانـەکانی دیکـە، یـان زۆرجار بەهۆی بە نزمتر سەیرکردنی زمانەکانی تر لە ڕووی ئەرکەوە.

له سەرەتادا ململانێ لەلایەن زمانی باڵادەستەوە دەست پێ دەکات، کە هەمیشە لەگەڵ فراوان بوونی دەسەڵاتی سیاسی و داگیرکردن، هەوڵ بۆ فراوانکردنی زمانی باڵادەست دەدات، بە هەموو شێوەیەك هەوڵدەدات شوێن بە زمانی نەتەوەی بندەست لەق بکات، بەهەر جۆرێك بێت بەسەریدا سەربکەوێت و لەناوی ببات، هاوکات زمانی نەتەوەی بندەستیش لە پێناوی مانەوەی لە ژیانیدا، دژی دەوەستێت، داکۆکی لە خۆی دەکات، تا لە دەست زۆرداری نەتەوەی باڵا دەست و تواندنەوەی زمانەکەی لە بۆتەی زمانی نەتەوەی داگیرکەردا خۆی ڕزگار بکات.(حوسێن محەمەد عەزیز،٢٠٠٥: ٣٨) ئەمەش بۆمان دەردەخات، کە هەر کاتێك گروپێکی خاوەن زمان جڵەوی دەسەڵات لە هەر شوێنێکی جیهان بگرێتە دەست، توانای دەبێت زمانەکەی لە زمانی ژێردەست بکاتە زمانی باڵادەست،واتە فەرمانڕەوایی ڕۆڵ دەبینێت لە پایەدان بەهەر زمانێك.

بۆیە دەکرێت بڵێین هەرکاتێك دوو زمان لەنێو کۆمەڵگەیەکدا هەبوون، ئەوکاتە هەریەکە کاریگەری بەسەر ئەویتریان دەبێت، بەمەش ئەوە ڕوودەدات کە پێی دەگووترێت ململانێی زمان، کە بەهۆیەوە زمانێکی سەرکەوتوو و زمانێکی ژێرکەوتوو پەیدا دەبێت، ئەمەش مەرج نییە لە هەموو بارێکدا ئەمە دروست بێ، بەڵکو دەکرێت هەردوو زمانەکە شان بەشانی یەکتر بژین، بەڵام ئەوە ڕێگر نابێ لەوەی بەریەککەون وکار لە یەکتر بکەن، هەروەها زمانی سەرکەوتووش سەلامەت نابێ لە کاریگەربوونی بە زمانی ژێرکەوتوو، ئەمەش شتێکی حاشاهەڵنەگرە، کە دەبێ زۆرێك لە دەستەواژە و پێکهاتە و وێنەی زمانی ژێرکەوتووی بخزێتە ناو(علی عبدالواحد وافی ، ٢٠٠٩: ٢٢٩).

## ٢-١-٢: زاراوەکانی پەیوەست بە ململانێی زمان :

بە پێویستی دەزانین چەند زاراوەیەکی پەیوەندیدار بە ململانێی زمان پێناسە بکەین، کە لە ئاکامی ململانێی زمانەکان سەرهەڵدەدەن، یان سەرهەڵدانی ململانێیەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم دیاردە زمانییە، لە خوارەوە پێناسەی دیاردە زمانییەکان دەخەینە ڕوو:

### ١- فرەزمانی (Multilingual) :

بریتییە لە توانا و لێهاتوویی کۆمەڵگە بۆ سوود وەرگرتن لە دوو زمان یان زیاتر بۆ قسەکردن، هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ هەر قسەکەرێك کە ئەم توانایییەی هەبێت.(David Crystal, 2003: 305).
ئەم ڕەوشەش هەرتەنیا تایبەت نییە بە ناوچەیێکی دیاریکراو، بەڵکو ئەوە قەدەری زۆربەی وڵاتانە، واتە زۆربەی وڵاتان هاوبەشن لەم فرەزمانییەدا.

٢- زمانەوانی بەریەککەوتن (Contact Linguistics):

زاراوەیەکی زمانەوانی کۆمەڵایەتییە، دیاردەیەکە بە هۆکاری جوگرافی و بەردەوامی ، یان لێکنزیکبوونەوەی کۆمەڵایەتی لە نێوان زمانەکان و دیالێکتەکان ڕوو دەدات، لە زمانەوانی دیاردەی بەریەککەوتن لە کاتی پەرەسەندنی وەرگرتنی وشە و گۆڕانی دەنگی و گۆڕانی ڕێزمانی دەتوانرێت ببینرێت، ئەمەش لە ئاکامی فرەزمانی بە هەموو جۆرەکانییەوە سەرهەڵدەدات.( David Crystal, 2003:105) دەکرێت لە سەردەمی ئێستادا بەهۆی تەکنۆلۆجیا و هۆکارەکانی گەیاندن وخێرایی گواستنەوە ئەم بەریەککەوتنە لەنێوان دوو گەلی دوور لەیەکیش لە مەودای جوگرافیدا ڕووبدات.

٣- زمانی زاڵ:

زمانێکە بەسەر زمانەکانی دیکەدا لە ڕووبەرێکی زەویدا زاڵ دەبێت ، لە ڕووی ئامارەوە قسەپێکەرانی لە زمانەکانی دیکە زیاترە، هەروەها لە ڕووی ڕۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بەسەر زمانەکاندا زاڵبووە.(لویس جان کالفی، ٢٠١٢: ٢٨٤)

٤- زمانی ژێر دەست:

ئەو زمانەیە کە لە سنورێکی جوگرافیدا، لە ڕووی ئامار و ڕۆشنبیری وسیاسی و کۆمەڵایەتی زمانێکی دیکەی بەسەردا زاڵە.

٥- زمانی جێگرەوە:

ئەو زمانەیە کە جێگای زمانێکی دیکە دەگرێت و وردە وردە لە بازنەی بەکارهێنانی ئەو وڵاتە دەریدەکات، ئەم وەسفەش بۆ نموونە لەسەر زمانی ئینگلیزیدا پراکتیزە دەبێت، چونکە زمانی ئینگلیزی لە ئەمەریکای باکوور جێی زمانی هیندییە سوورەکانی گرتەوە. (نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو، ٢٠١٢: ٦٢)

٦- نێوانە زمان Inter language :

ئەو زمانەیە کە قسەکەر بەکاری دێنێت، کاتێك خەریکی فێربوونی زمانی دووەم یان زمانێکی بێگانە دەبێت. نێوانە زمان ئاماژەیە بەو کاریگەرییەی لە ئەنجامی تێکەڵبوونی زمانی دایك و زمانی دووەم دروست دەبێت. ( هۆشەنگ فاروق، ٢٠١٠: ١٥٩)

٧- زمانگۆڕین Language Shift:

بریتییە لەوەی گروپێکی زمانی، زمانێکی نوێ لە بری زمانە ڕەسەنەکەیان پەسەند دەکەن و قسەی پێدەکەن، لەسەر حسابی زمانی دایك یان زمانی نەتەوەیی خۆیان، واتە واز لە زمانەکەیان

دەهێنن بۆ زمانێکی تر، بە هۆی ئەوەی زمانە نوێیەکە هەندێك دەسکەوت و سوودمەندبوون بۆ قسەپێکەران فەراهەم دەکات. (هۆشەنگ فاروق، ٢٠١٠ :١٥٨)

## ٨-شۆڤینیزمی زمانی :

شۆڤینیزم، زاراوەییەکی سیاسییە، بۆ گروپێك بەکار دەهێنرێت، کە وەفاداری لە ڕادە بەدەری بۆ گروپی خۆی هەیە، لە بەرانبەردا سووکایەتیکردنی شەرفرۆشانەی بۆگروپی ناخۆیی هەیە، هەروەها شۆڤینیزمی زمانی بۆچوونێکی سیاسییە کە زمانێك خۆی پێی لە زمانەکانی دیکە باشتر، جوانتر، پێشکەوتووتر، دەوڵەمەندتر، ڕەسەنتر یان ڕێکوپێکتر دادەنێت.( ئەمیرحەسەنپور، ٢٠١٠: ٥)

## ٢-٢: هۆکارەکانی ململانێی زمان

ململانێی زمان گەلێك هۆکاری هەیە، بەپێی جۆری ململانێ و سەردەمەکەی وکۆمەڵگاکەی هۆکارەکانیش دەگۆڕێن، هەروەها سیاسەتی زمانی هەر وڵاتێك کاریگەری لەسەر جۆری هۆکارەکان هەیە، بەشێوەیەکی گشتی هۆکارەکانی ململانێی زمانی دەخەینە ڕوو:

### ٢-٢-١: هۆی فرەزمانی

لە جیهاندا هیچ دەوڵەتێك نییە، لەیەك نەتەوە پێکهاتبێ، زۆربەی دەوڵەتەکان لە گروپی ئیتنی بچووك و کەمە نەتەوەیی و نەتەوەی جیاواز دروستبوون، هەر یەکێك لەو نەتەوانەش خاوەنی زمانی تایبەت بە خۆیانن، واتە هەر دەوڵەتێك ڕەنگە چەندین زمانی جیاوازی تێدابێت، هەروەها لە زۆربەی دەوڵەتەکانیش، ژمارەی دانیشتوان لە نێوان نەتەوە جیاوازەکان یەکسان نین، ئەگەر نەتەوەیەك ژمارەی دانیشتوانی لە ژمارەی نەتەوەکانی دیکە زیاتر بێت زۆرجار بە نەتەوەی باڵادەست دەناسرێت، کە هاوکات زمانەکەش باڵادەست دەبێت، لەو کاتەدا دەست دەگرێت بەسەر دەزگاکانی دەوڵەت لە هەموو کایە گرنگەکانی ژیان، ناسنامەی زمانی نیشتمانی و فەرمی بە زمانەکەیان دەدرێت، هاوکات زمانەکانی دیکەش بە زمانی پلە نزم سەیر دەکرێت.(حوسێن محەمەد عەزیز،٢٠٠٥: ١٢٧)، ئەمەش وا دەکات بەڕێوەبردنی فرەزمانی، بەشێوەیەکی یەکسان بەڕێوە نەچێت، بۆیە دیاردەی ململانێی زمان لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا سەرهەڵدەدات. بەڵام ئەگەر سیستەمی وڵات کراوە بێت، بۆ نموونە دیموکراسی بێت، ئەوا سیاسەتی زمان لەسەر بنەمای بەڕێوەبردنی فرەزمانی دادەڕێژێت، واتە نەتەوەکان مافی بەکارهێنانی زمانیان پێ دەدرێت لەسەرجەم کایەکانی ژیان، ئەمەش ئەگەری سەرهەڵدانی ململانێی زمان لەم جۆرە کۆمەڵگایانە تاڕادەیێك دوور دەکاتەوە. واتە فرەزمانی بنچینەی کێشەکەیە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە تاکە هۆیە بۆ ئەم شەڕ و ململانێیە، بەڵام مەرجێکی پێویستە لەم بوارەدا.(لویس جان کالفی، ٢٠١٢: ٣٧) بە بۆچوونی ئێمە ڕەگ و ڕیشەی ململانێی زمان دەگەڕێتەوە بۆ فرە زمانی، چونکە ئەگەر یەك تاکە زمان لە هەموو جیهاندا هەبووایە، ململانێی زمانان نەدەبوو.

### ٢-٢-٢ : هۆی داگیرکردنی وڵات

هەبوونی کیانێکی نەتەوەیی زۆر گرنگە، بۆ ئەوەی زمانی نەتەوە هەمیشە لە بوژانەوە دابێت و ببێت بە زمانی فەرمی لە خوێندن و دامودەزگاکانی دەوڵەت، تاکو نەتەوە پێویستی بە زمانێکی تر نەبێت. بە پێچەوانەوە هاتنی بێگانە بۆ وڵاتێك بەهۆی داگیرکردن، لە بارێکدا ئەگەر زمانی هەردوو وڵاتەکە جیاوازبن، ئەوا هەردوو زمانەکە، دەکەونە ژێرکارتێکردنی یەکتری، لە ئەنجامدا زمانی ئەو گروپە لەگەڵ زمانی ڕەسەنی وڵاتەکەدا دەکەونە ململانێ.(علی عبدالواحید وافی، ٢٠٠٩: ٢٣٠)

ئەو نەتەوانەی ژێردەست و داگیرکراون، واتە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی و دەسەڵاتی سیاسی خۆیان نین، هەمیشە ئازادی و سەربەخۆییان لێ زەوتکراوە، زۆرجار ڕێگەیان پێی نادرێت بە زمانی زگماکی خۆیان، لە بوارەکان ژیانی (هونەری ، ویژەیی، کۆمەڵایەتی ، سیاسی) بدوێن، ئەمەش وا دەکات، ڕۆژ دوای ڕۆژ زمانەکەیان بەرەو لاوازبوون و توانەوە بچێت، هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت ئەو وڵاتانەی، کەوا فاشیستن و خاوەنی ئایدیای ئیمپریالیزمین، لەکاتی داڕشتنی سیاسەتی زمانیان، خەسڵەتی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە. (کلاوس بۆشمان)، کە زمانەوانێکی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتە، کاتێك بەراوردی سیاسەتی زمانی لە چەند وڵاتێکی فاشست وداگیرکەر کرد، بۆی دەرکەوت، کە چوار خەسڵەتی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە، کە بریتین لە:

١- پێداگیریی بە پاکی و پەتی زمانی نیشتمانی و رق وکینە بەرانبەر زمانەکانی دیکە.
٢- ناوەندگەراییەکی (سەنترالیزمێکی) دژ بە شێوەزارەکان.
٣- ناوەندگەراییەکی(سەنترالیزمێکی) دەمارگیریی نیشتمانی دژ بە کەمە نیشتمانییەکان.
٤- ئارەزوومەندیی بەرەو ئیمپریالیزم یان هەر فراوانکارییەکی زمانی لە دەرەوەی سنوور.( لویس جان کالفی،٢٠١٢: ٢٥٨)

بێگومان ئەم چوار خەسڵەتەش، لە هەر کۆمەڵگەیێکدا بە بنچینەی دروستبوونی ململانێیەکان دادەنرێن. زۆرجار وڵاتانی داگیرکەر بە زەبر و زەنگ و دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی دەوڵەت، زمانەکەی خۆیان بەسەر گروپ و نەتەوەکانی ژێردەست سەپاندووە، بۆ ماوەیەکی درێژی مێژوویی، بۆ نموونە ڕووسەکان لەسەردەمی دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوودا ئەمەیان پێرەوکرد.(حوسێن محەمەد عەزیز،٢٠٠٥: ١٣٢-١٣٣) هەروەها ئینگلیزەکانیش هەر لەرێگەی داگیرکردنی سەربازییەوە توانییان زمانەکەیان بەسەر وڵاتی هیند بسەپێنن، بە جۆرێ کە لە پاش نەمانی داگیرکردنیش، زمانی ئینگلیزی، وەکو زمانی فەرمی ماوەتەوە.

زۆرجاران وڵاتێکی داگیرکەر کە وڵاتێك داگیردەکات، یەکەم هەنگاوی ئەوەیە کە زمانی ئەو نەتەوە ژێردەستە لاواز بکات لە ڕۆڵی بەکارهێنانی لەناو دانیشتوانی ئەو گەلە ژێردەستەدا کەم بکاتەوە، چونکە قەدەغەکردن و لەناوبردنی هەر زمانێك زیانگەلێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی لەپاش خۆی بۆ ئەو کەسە یان ئەو کۆمەڵگە بەجێ دەهێڵێت و گەشەکردنی لێ زەوت دەکات.( ئاسۆ بیارەیی، ٢٠٠٨: ٣١)

بـەم جـۆرە هـەرکاتێك بـەهۆی داگیرکـردن دوو زمـانی جیـاواز تێکـەڵاوی یـەکتر بـن لـە سـنورێکی دیـاریکراودا، هـەردوو زمانەکـە دەکەونـە ململانـێ، زمـانی نەتـەوەی باڵادەسـت هەوڵـدەدات لـە ڕێگـەی بـەکارهێنانی دەسـەڵاتی یاسـایی و سیاسـی و سـەربازی وئـابوری و ...تـاد ، فشـار بخاتـە سـەر زمـانی نەتەوەی ژێردەست بە ئامانجی توانەوە و لەناوبردنی .

## ٢-٢-٣: هۆی جوگرافی

أ- جوگرافیا:

هـەر زمانێـك لـە جیهـان قورسـایی چـالاکییەکانی خـۆی دەهاوێژێتـە هـەرێمێکی تایبەتـەوە، بۆیـە دەکرێ ئەم هەرێمە وەکو پایتەختی هەرێمی زمانی سەیر بکرێ، گروتینـی زمانەکـە لـەوێ کـۆ دەبێتـەوە و هەرلـەوێش شـەڕی پاراسـتنی سـیما سـەرەکییەکانی زمانەکـە دەکرێـت و پـاراوتر دەبێـت لـە ڕووی بـەکارهێنانی زمانەکەوە(فەرەیدوون عەبدوول بـەرزنجی و سـەباح ڕەشـید، ٢٠١٣: ٢٢)، واتـە هـەر زمانێك خاوەن جوگرافیایی تایبەتی خۆیەتی.هەروەها سروشتی جوگرافی، ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە هـاتنی وشـە و زاراوە و دیـاردە زمانەوانییـەکان بـۆ نـاو زمـان، بـۆ نموونـە ئەگـەر زمانێـك لـە جوگرافیـایێکی سروشـتی سەختی پڕ لە پێچ و پەنا و شاخ و دۆڵ و ڕووبار و سەرما و سـۆڵ بووبێت و تێکـەڵاوی کـەمتر بووبێت لەگەڵ زمانانی تر، بە تایبەتی لەچاخەکانی ناوەڕاستدا، ئەم جۆرە سروشتە جوگرافیاییە وایکردووە زمان پارێزگـاری لـە خـۆی بکـات و کاریگـەری زمانـەکانی تـری لەسـەر کـەمتر بێـت و لـە ململانێـی زمانەکانـدا سەربکەوێت و پارێزراو بێت.(عەبدولواحد موشیر دزەیی، ٢٠١١: ١٩)، هـەروەها پێویسـتە بگووترێت، کـە زۆرجـار ئـەم بارودۆخـە سروشـتیی و جوگرافیاییـە بـۆ زمـان لایـەنی نـەرێنی هەیـە بـەوەی کـە دوورەپـەرێز دەبێـت و لـە گەشـە و پەرەسـەندنی زمـان دوور دەبێـت، هـەروەها ئـەم ناوچانـە لـە جوگرافیـای زمانییـدا بـە ناوچـەی لاوەکـی ناسـراون، چـونکە شـێوازی قسـەکردنی ئـەوان دابـڕاوە بـەهۆی سـەختی شـوێنەکەیان و نـەبوونی ئامرازەکـانی هاتوچـۆ وپەیوەندیکردن.(عبـدالوهاب خالـد،٢٠٠٩: ٨٢). بـەڵام ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ ڕەنگە هۆی سروشتی جوگرافیا کاریگەری کەم ببێتەوە، بەهۆی پەیدابوونی فرەیی هۆیـەکانی ڕاگەیانـدن، تەلەفزیۆن و کەناڵی ئاسمانی و ئەنتەرنێت ..تاد، بۆنموونە، ئەم هۆکارانە ڕێگا نـادەن جیـاوازی لـە زمـانی ئینگلیزی لە ئەمریکا و بەریتانیادا هەبێت، وەك دوو زمانی لەیەکدی جیاواز. (لویس جان کالفی ، ٢٠١٢: ٣٢)

ب- دراوسێیەتی :

ئەگەر دوو زمانی جیاواز لە ناوچەیەکی دیاریکراودا دراوسێ یەکتری بن، دەبێتـە هـۆی تێکـەڵاوی زمانیـان و کاریگـەرییان لەسـەر یـەکتری دەبێـت، هەرچـەند تێکـەڵاوی دوو زمانەکـە لـە ڕووی کۆمەڵایـەتی زیـاتر بێـت، کاریگەرییەکـە زیـاتر دەبێـت، بەمـەش هـەردوو زمانەکـە دەکەونـە ململانێـی زمـانی، بێگومـان دراوسـێیەتی دوو گـەلی زمـان جیـاواز، ئەگـەر بێـت و دەرگایـان بـەڕووی یەکتریـدا واڵا کردبێـت و پەیوەندییـەکانیان لـە ڕووی کۆمەڵایـەتی و ئـابووری و بازرگـانی پتـەو بێـت، هـیچ چـار نییـە زمانەکـەیان

دەکەوێتە ژێرکاریگەری یەکتری، بەڵام دەبێ ئەوە لەبەرچاوبگرین کەوا بەریەککەوتن لە نێوان دوو زمانی دراوسێ لە هەموو بارەکاندا لەسەر یەك شێواز نابێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی هێزی زمانەکان یەك هێز نییە، هەروەها توانای بەرگریکردنیشیان جیاوازە لە یەکتری.(رمضان عبدالتواب،١٤٣٣ھ: ١٤٧)، واتە ڕادەی کاریگەرییەکە بۆ هەردوو زمانەکە چۆنیەك نابێت، بەڵکو بەپێی هێزی زمانەکان دەبێت، هەروەك (فیشمان) پێیوایە زمانی بەهێز و خاوەن پێکهاتەی توندوتۆڵ، لەگەڵ زمانی لاواز و پێکهاتەی شلوشاودا لە جەنگەڵێکی داروینیدان و بەهێزەکان بێهێزەکان دەخەنە ژێرەوە. (کامیار سابیر، ٢٠٠٩: ٣١)

## ٢-٢-٤: هۆی سیاسی

هاوشانی کۆمەڵناسان پسپۆڕانی زانستی سیاسیش هەمان ئەو بۆچوونەیان هەیە، کە بەریەککەوتنی زمانەکان دەشێت ململانێی سیاسی لێ بکەوێتەوە. هەروەها ململانێی زمان دەشێت بەهۆی هەندێ گۆڕانەوە دروست ببێت کە لە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی فراوانخواز ڕوودەدەن. کاتێك بەریەککەوتن هەبێت لە نێوان چەند گروپێکی زمان جیاواز. بەشێوەیەك کە مل نادەن و ڕێگە چارەی بەرەنگاریی سیاسی بە باشتر دەزانن کە شێوازێکی ئاسایی ڕێکخستنی ململانێی زمانەکانە لەم سەدەیەدا.( بیتر هانس نیلد، ٢٠٠٩: ٦٣٠)

هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەو ململانێی سیاسیانەی زمان ناکرێت تەنیا لە ڕوانگەی ململانێی دەرکییەکانەوە سەیر بکرێن، بەڵکو هەندێکجار بەهۆی ململانێی سیاسیانەی ناوخۆییەوە ڕوودەدەن، بۆیە پێویستە بەسەر دوو جۆردا دابەش بکرێن بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- ململانێی سیاسیانەی دەرەکی: لەم جۆرەدا، کۆمەڵگەیەکی زمانی دەکەوێتە ژێردەسەڵاتی ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆی کۆمەڵگەیەکی تری زمانی. بەم جۆرە ژمارەیەکی زۆر وشە و دەنگ و بۆتەی ڕێزمانی لە زمانی زاڵ دەچێتە ناو زمانی ژێردەست، بۆ نموونە وەکو هاتنی وشەی زمانی عەرەبی بۆ ناو زمانی کوردی، بۆ نموونە(تەرحیل، عەسکەر، ئەمن، تعریب،..تاد).

٢- ململانێی سیاسیانەی ناوخۆیی: لە ئەنجامی سیاسەتی ناوخۆیی دروست دەبێت، بۆ نموونە شەڕی ناوخۆیی و ململانێی نێوان پارتە سیاسیەکان لەگەڵ یەکتری وەکو ململانێی پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، کە بۆتە هۆی بەکارهێنانی چەندین فۆڕمی جیاوازی وشە، بۆ واتای یەك وشە وەك :

| | | |
|---|---|---|
| خوێندکار | قوتابی | فێرخواز |
| ژن | ئافرەت | خوشکان |

زۆرجار ململانێ سیاسیە ناوخۆییەکان تەنیا لە چوارچێوەی زاراوەکاندا چەق بەستوو نابێت، بەڵکو ململانێیەکە لە نێوان دیالیکتەکان بەگشتی روویداوە، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا بەهۆی ململانێی نێوان دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی ژوورو لەسەر دانانی زمانی فەرمی زۆرجار بیرۆکەی کارکردن لەسەر ئەوەی کە پێی دەگوترێت سورمانجی خراوەتە ڕوو، کە مەبەستیان تێکەڵ کردن و تیکهەڵکیش کردنی وشە و زاراوەی هەردوو دیالیکتەکەیە، تاکو ببێت بە زمانی ستاندارد، لەبەرئەوەی هەردوو دیالێکتەکە خۆیان بە شایستەی ئەم پایە زمانییە دەزانن.

هەروەها لەلایەکی دیکەوە بە هۆی ئەو ڕووداوە سیاسیانەی لە ئەنجامی ململانێی نێوان حکومەت و گروپ و هۆزەکان ڕوودەدەن، بە دەیان زاراوەی نوێ لەدایکدەبن، بۆ نموونە لە ئەنجامی ململانێی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق و بزوتنەوەی نەتەوایەتی سیاسی گەلی کوردستان چەندین وشە و زاراوەی نوێ هاتوونەتە ناو زمانی کوردی وەکو( هەڵات هەڵات، کۆڕەو، ڕاپەرین ، ئەنفال ، جینۆساید، گۆری بە کۆمەڵ، ڕەشبگیری، زیندەبەچاڵ، کیمیاباران، هەرەسهێنان، ...تاد)، هەروەها ئەو زاراوانەی کە پەیوەندییان بە ڕێکخراو و پارتە سیاسی یەکانەوە هەیە، وەك ( ئەندام، پۆل، لق، مەڵبەند، کۆمیتە، ناوچە، قوتابیان ، خوێندکاران، ....تاد).(ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا، ٢٠١٣: ٢٠٦ –٢٠٧)

لەم ڕووەوە خاڵێکی گرنگ هەیە ئەویش ئەوەیە هۆکاری سیاسی ململانێیەکە زەقتر دەکات، کاتێك لە کۆمەڵگەیەك ڕوودەدات کە دانیشتوانەکەی خاوەن پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووری جیاوازن (وەکو شارنشین / گوندنشین، هەژار/ دەوڵەمەند، ڕەسەن/کۆچکردوو)، چونکە لێرەدا گروپی باڵادەست پێویستی بەوە هەیە زمانەکەی خۆی، وەکو مەرجێك بۆ یەکخستنی تەواوی دانیشتوانەکە بسەپێنی.(بیتر هانس نیلد، ٢٠٠٩: ٦٣٠)

واتە باری سیاسی وا دەکات نەتەوەیەك، یان هۆزێك لە نێو نەتەوەیەکی دیکەدا بتوێتەوە، چونکە هەر گرنگی بە زمانی نەتەوەی باڵا لە سیاسەت دەدرێ و زمانی نەتەوەی ژێر دەست وەلا دەنرێت.(ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، ٢٠١٢: ٥٤)

بەم جۆرە بەشی زۆری ململانێی زمانییەکان لەم سەردەمەی ئێستاماندا لە ئەنجامی هەبوونی پایەی کۆمەڵایەتی جیاواز و مامەڵەی سیاسیانەی  حکومەتە، کە مامەڵەیەکی جیاواز لەگەڵ زمانی باڵادەست دەکات، بەدەر لە زمانەکانی دیکە، ئەمەش وا دەکات ململانێ زمان قوڵتر ببێتەوە .

هەڵوێستی سیاسی گرنگییەکی گەورەی هەیە، چونکە هەندێك لەگەلان بەهۆی پاڵنەری سۆزی نیشتمانییەوە، یاخود هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، یاخود ڕق بوونەوەیان لە دەوڵەتێکی هاوسێیان، دەست بە زمانێکەوە دەگرن وەك ئەوەی لە ئێرلەندا و بەلقان، بەشێوەیەك بزاڤی نیشتمانی ئاراستە دەبێ بەرەو ژیانەوەی زمانی کۆنی وڵاتەکە، ئەمەش بە مەبەستی ڕزگاربوونیان لە زمانی دوژمنەکەیان کە زمانی ئینگلیزییە.(رمضان عبدالتواب،١٤٣٣ھ:١٤٨)

### ٢-٢-٥: هۆی تەکنۆلۆجیا و ئەنتەرنێت

بەپێی ئەو زانیارییانەی لەو بارەیەوە دیاریکراون، پەیوەندییەکی ڕاستەخۆ لە نێوان تەکنۆلۆجیا و ململانێی زماندا هەیە، زمانەوانان لەم بارەیەوە دوو بۆچوونی جیاوازیان هەیە بەوەی، کە هەندێك لە زمانەوانان بەهۆی پەرەسەندنی تەکنۆلۆجیاوە بەرانبەر بە ئایندەی زمان و فرەزمانی لە جیهاندا ڕەشبینن، بەهۆی لاوازی ئەو هۆکارانەی لەبەر دەستی زمانەکاندان بۆ خۆپاراستن، بەڵام هەندێکی تریان بە پێچەوانەوە بیردەکەنەوە، ئەو پێشکەوتنە خێرایەی بواری تەکنەلۆجیای هاوچەرخ بە جۆرێکی دیکە لێك دەدەنەوە بەوەی هۆکارە بۆ مانەوەی زمان و فرە زمانی. بە جۆرێك کە لە ئێستادا ڕێژەی باڵادەستی زمانی ئینگلیزی لە بواری ئەنتەرنێت ساڵ بەساڵ بەرەو کەمبوونەوە دەچێت، بەشێوەیەك کە سەرەتای دەرکەوتنی ئەنتەرنێت ڕێژەی باڵا دەستی زمانی ئینگلیزی لە ٩٥٪ بوو قەبارەی بەکارهێنانی، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠١ کەم بوویەوە بۆ قەبارەی ٨٠٪ ، هەروەها پێشبینی دەکرێت کە بۆ ساڵی ٢٠١٥ قەبارەی زاڵبوونی لە دەست بدات. بێگومان ئەم پاشەکشەی زمانی ئینگلیزیش لە ئەنجامی پێشکەوتنی زمانەکانی تر دەبێت لەم بوارە، بۆیە بەو پێیەی ئەو سەردەمە سەردەمی ململانێی زمانەکانە ئەنتەرنێت و تەکنەلۆجیاش یەکێکە لەو کەناڵانەی کە زمانەکان تێیدا ڕووبەڕووی ململانێی زمانی دەبنەوە.(عبدالوهاب خالد،٢٠١٠: ١٢٩) پێویستە بگووترێت کە هەر زمانێك هەوڵبدات بۆ پەرەپێدانی زمانەکەی لەم بوارە ڕادەی کاریگەری ململانێی زمانەکانی لەسەر کەمتر دەبێتەوە.

### ٢-٢-٦: هۆی فێربوونی زمانی بیانی وخوێندن بە زمانی بیانی

#### ٢-٢-٦-١: فێربوونی زمانی بیانی :

لەم سەردەمەدا فێربوونی هەندێك زمانی بیانی پێویستە، بۆ جێبەجێ کردنی هەندێك مەبەست وئامانج، کە تەنیا لەڕێگەی ئەم زمانانەوە نەبێت بە دەست ناهێنرێت، بەڵام ئەم فێربوونە پێویستە بەپێی پلان و سیاسەتی زمانی وڵات دابڕێژرێت، بە شێوەیەك کە فێربوونی کاریگەری نەبێت لەسەر زمانی دایك، واتە فێربوونی نەبێتە هۆی دروستبوونی ململانێی لەگەڵ زمانی ڕەسەن.

بەسەرنجدانێك لە باری ئێستای هەرێمی کوردستانی عێراق بۆمان ئاشکرا دەبێت، کە فێربوونی زمانی بیانی ململانێی دروستکردووە لەگەڵ زمانی ڕەسەن، بۆ نموونە فێربوونی زمان لە قۆناغی سەرەتایی کاریگەری خراپی هەیە لەسەر زمانی دایك، ئەوەی ئێستا دەبینرێت زۆرێك لە خێزانەکان منداڵەکانیان بۆ قوتابخانە ئەهلیەکان دەنێرن، کە خوێندن تیایدا بە زمانی بیانییە، واتە( بە زمانی ئینگلیزی یا فەرەنسی یا ئەڵمانییە) بەمەش زۆرێك لە منداڵەکان پشت لە فێربوونی زمانی دایك دەکەن، تەنانەت هەڵویستی خراپیشیان بەرانبەر بە زمانی ڕەسەنی خۆیان دەبێت. بۆیە فێربوون بە زمانی بیانی لە قۆناغی سەرەتایی بە ململانێیك دادەنرێت لەگەڵ زمانی دایك، کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر تاك و کۆمەڵگە بەگشتی.

فێربوونی زمانە بیانییەکان لە قۆناغەکانی باخچەی ساوایان و قۆناغەکانی سەرەتایی جۆرێك لە ململانێی دروستکردووە لەگەڵ زمانی دایك، کە کاریگەری نەرێنی دەبێت بۆ سەر زمانی ڕەسەن. پێویستە هەوڵ بدرێت لە خوێندندا زمانی دایك نەکرێتە زمانی لاوەکی، چونکە پشتگوێخستنی زمانی دایك و بایەخپێنەدانی وەك زمانێکی سەرەکی کوشندەترین مەترسییە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی، هەروەها لێکۆڵینەوەکانی زانستی زمان ئەوەیان بۆ ڕوون بۆتەوە کەوا منداڵ لەوکاتەدا باشتر فێری زمانی بیانی دەبێت، ئەگەر بنچ وبنەوانێکی ڕاست وباشی لەزمانی دایکیدا هەبێت. زانای کەنەدی (jim cumin) لەساڵی (١٩٧٨) لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر ئەو منداڵانە ئەنجامدا کە لە قوتابخانەدا بە زمانێکی بیانی دەخوێنن نەك بە زمانی دایك، لە ئەنجامدا بۆی دەرکەوت کە ڕادەی توانا و لێزانی و شارەزایی هەرکەسێك لە زمانی دایکی مەرجێکی گرنگە بۆ فێربوونی زمانێکی بیانی بەباشی. هەر لەسەر هەمان بۆچوون لە ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابردوودا لە هۆڵەندە، هەردوو لێکۆڵەر (Rene Apple و Frans Teunnissen ) لێکۆڵینەوەیەکیان لەسەر قوتابیانی بە ڕەگەز تورك و مەغریبی کە لە هۆڵەندەدا دەژیان ئەنجامدا. لێکۆڵینەوەکەیان لەسەر قوتابیانی بە ڕەگەز تورك و مەغریبی بوو. قوتابیانی کۆمەڵەی یەکەم لە قوتابخانەدا هەر تەنیا بە زمانی هۆڵەندی دەیانخوێند. قوتابیانی کۆمەڵەی دووەم هەر بە زمانی دایك (زمانی تورکی و زمانی عەرەبی) دەیانخوێند، لە کۆمەڵەی دووەمدا زمانی هۆڵەندیش وەك بابەتێکی زمانی دەخوێندرا. لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەدا بۆیان دەرکەوت، قوتابیانی کۆمەڵەی دووەم کە بە زمانی دایکیان دەیانخوێند باشتر زمانی هۆڵەندی فێربوون، لەچاو کۆمەڵەی یەکەم کە هەر تەنیا بە زمانی هۆڵەندی دەیانخوێند. (کوردستان موکریانی ، ٢٠١٣: ٢١) ئەمەش دەریدەخات کە فێربوونی زمانی دایك پێش زمانە بیانیەکان بەها و گرنگی تایبەتی هەیە بۆ فێربوونی زمانەکانی دیکە بە پێچەوانەوە بارێکی خراپ و نەرێنی دەبێت بۆ منداڵ .

### ٢-٢-٦-٢: وەرگرتنی زانست بە زمانە بیانییەکان

بەهۆی پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆجیا کە وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەخۆیەوەی بینیوە، وایکردووە زۆربەی نەتەوەکان بەتایبەتی لە رۆژهەڵات کەڵك لەو زانستانەیان ببینن، هەروەها ئەمە وای پێویستکرد ئەم زانستە بگوازرێتەوە بۆ قوتابیان بەهۆی پرۆگرامەکانی خوێندن، هەروەها هەندێکجار قوتابیان نێردران بۆ ئەم وڵاتانە بۆ فێربوونی ئەم زانستە نوێیانە، بێگومان زۆر لە وڵاتان بۆ فێربونی ئەم زانستانە وازیان لە زمانی خۆیان هێناوە و ڕوویان کردۆتە زمانە بیانییەکە بە بیانووی ئەوەی زمانی خۆیان بەکەڵکی ئەو بابەتە زانستیانە نایەت. بێگومان زمانێك کە توانایەکی سیاسی و ئابووری و زانستی لە پشت نەبێت، یان بەشدارییەکی جیدی بەرهەمهێنانی زانین و زانست نەکات، یان نەتوانیت ئەو داهێنانە نوێیانەی ڕۆژانە لە بواری زانست و بیر و زانیندا دەردەکەون بەخۆیان بگریت، بەناچاری لەبەردەم زمانێکی بەهێزتردا پاشەکشێ دەکات، چونکە نابێتە سەرچاوەیەکی گرنگی زانستی نوێ و ئەو ڕۆشنبیری و زانینەی کە سیمایەکی جیهانی بەخۆی گرتووە.( ڕەفیق سابیر، ٢٠٠٨: ١١٠)،

بۆیـە دەكرێـت بڵـێین كـە زمـان بـە بـەكارهێنان و كردنـی بـە زمـانی زانسـت، وشـە و زاراوەكـانی دەوڵەمەند وفراوان دەبێت و بەرەوپێش دەچێت و لەنوێبوونەوەدا دەبێت. هەر بۆ چوونێك پێی وابێت كە زمانەكەی ناتوانێت ببێت بـە زمـانی زانسـت ئەمـە بە هەڵـە تێگەیشـتنە لـە زمـان، چـونكە لـە كۆنـدا هـەمان بیروبۆچـوون هـەبووە بەرانبـەر بـە زمـانی ئینگلیـزی و فەرەنسـی وئیتـاڵی و ئیسـپانی ( سـاجیدە عەبـدوڵڵا فەرهادی، ٢٠١٣: ١٠٤)، كە ئێستا بە بەربڵاوترین زمـانی زانسـتی دادەنرێن، ئـەوەی كـە دەبێـت نكـۆڵی لێ نەكەین ئەوەیـە، كـە ئـەم دەروازیـەش یەكێكـە لـە دەروازەكـان بـۆ ململانێـی زمانـەكان، بۆیـە پێویسـتە ئـەوە بـزانین كـاتێك ئێمـە سـوورین لەسـەر فێربـوونی زانسـت بـە زمـانی بیـانی، ئـەوە مانـای ئـەوە دەگەیـەنێت كـە زمانی كوردی ناتوانێت لەگەڵ پێشكەوتن بڕوات و ناتوانێت پیویستیەكانی زانستەكان جێ بـەجێ بكـات كە ئەوەش بۆچوونێكی هەڵەیە.

## ٢-٢-٧: هۆی كۆمەڵایەتی:

لـە كۆمەڵگـەی فـرە زمـانی، گروپێكـی باڵادەسـت كـە زمانەكەشـی باڵادەسـتە، كـۆنترۆڵی جومگـە گرنگەكانی دەسەڵات لە بوارەكانی كارگێڕیی و ئابووری و سیاسی دەكات و لە كار و دامەزراندنیشدا ئـەو خوازیارانە پێشدەخات كە بە زمانی گروپی باڵادەست قسە دەكـەن. لـەم كاتـەدا گروپـە كـەم دەسـەڵاتەكە چەند ڕێگایەكی لەبەردەمدا دەمێنیتەوە یان دەستبەرداری ئامانجە كۆمەڵایەتییەكان بێت یان بتوێتـەوە لـە نێو گروپی باڵادەستدا، یانیش ڕێگەی بەرنگاربوونەوە هەڵبژێرێت. بێگومـان یـەك لـەو هۆكـارە گرنگانـەش كـە دەبێتـە هـۆی فراوانبـوون و قووڵتربوونـەوەی ئـەم ململانێیانـە بـوونی بەربەسـتە لەبـەردەم جووڵـەی كۆمەڵایەتی، بە تایبەتی جووڵەی ئەو گروپە ئیتنیكیانەی بێبەشكراو و پەراوێزخراون. ( بیتر هانس نیلد، ٢٠٠٩: ٦٣١)

## ٢-٢-٨: هۆی شكۆداری و سۆزی نیشتمانی

بێگومـان هۆكـاری سـۆز و شـكۆداری كاریگـەری خـۆی هەیـە لەسـەر پارێزگـاریكردنی زۆرێـك لـە زمانەكان ومانەوەیان. زۆرجاران وا دەبێ ئەم هۆكارە لە نرخی خـودی زمانەكـەوە پەیـدا دەبـێ، بـۆ نموونـە یۆنانییەكان ڕەسەنترین ڕۆشنبیریە مرۆییەكانیان نواند، هەربۆیە زمانی لاتینی نەیتوانی بەسەریدا زاڵبـێ، هەروەها توركەكان هەرچەندە بۆ ماوەی چەندین سـەدە فـەرمانڕەوای ڕۆژهـەڵات بـوون بـەڵام زمـانی توركی نەیتوانی زمانی عەرەبی لەناو ببات و شوێنی بگرێتەوە، چونكە زمانی توركی بـەڕای هەنـدێك توێـژەر لـەو زمانانە نەبوو، كەوا خاوەن شارستانییەتێكی گەورە بێت، (رمضان عبدالتواب،١٤٣٣هـ:١٤٨) بـەڵام ئـەوەی ئێمە دەیبیـنین تـەنها لاوازی شارسـتانیەت نیـە كـە نـەیتوانیوە شكسـت بـە زمـانی عـەرەبی بهێنێـت، بـەڵكو هۆی ئایینی وایكردبوو، پـەرە بـە زمـانی عـەرەبی بـدرێت وخۆشەویسـتی بەرانبـەری بنوێنرێـت لـە جیـاتی دژایەتیكردنی، لەبەرئەوەی زمانی عەرەبی سەرچاوەی حوكمە یاساییەكانی سەردەمی حوكمی توركەكان بوو، ئەمەش وایكردبوو كە زمانی توركەكان زۆر لە وشەكانی زمانی عـەرەبی بچێتە نـاو، گومـانی تێدانیـە

زمانی عەرەبیش، بەتایبەت ئەو زمانەی کە خەڵکی قسەی پێدەکەن کاریگەری بەجێهیشتووە لە ڕووی هاتنی وشەوە، بەڵام ناگاتە ڕادەی کاریگەری زمانی عەرەبی لەسەر تورکی.

## ٢-٢-٩: هۆی ڕاگەیاندن

ڕاگەیاندن بەگشتی ڕۆڵی گرنگی لە ژیانی هەمەلایەنەی کۆمەڵگە هەیە و شوێنێکی گرنگی لە ژیانی خەڵکی داگیرکردووە، بە شێوەیەك کە کاریگەری بەهێزی لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵگەدا هەیە، بەوەی ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێ لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و ژینگەیی و ڕۆشنبیری ، لە ئێستادا بە دەسەڵاتی چوارەم دادەنرێت، ئەم ڕۆلە گرنگەی ڕاگەیاندن لە ژێر چەتری وڵاتە دیکتاتۆرەکان و داگیرکەرەکان ڕۆڵێکی نەرێنی دەگێڕێت، بەرانبەر بە زمانەکانی نەتەوەی بندەست، ئەمەش وا دەکات ململانێی زمانی لێ بکەوێتەوە. بێگومان زمان هەرچەند لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو و خوێنراو بەکار بهێنرێت، ئەوا پتر دەبوژێتەوە (تارق جامباز،٢٠١١: ٢٩٢) بۆیەش لەهەندێك لە وڵاتانی دیکتاتۆری ڕێگە بە ڕاگەیاندنی ئازاد بە هەموو زمانێك نادەن، تەنانەت هەندێکجار ئەگەر لە ڕاگەیاندندا ڕێگە بە زمانی نەتەوەی بندەست بدەن، ئەوا لە پێناوی خزمەتی بە ئایدیای حکومەت و دەوڵەتی سەردەست ئاراستەی دەکەن. بۆ نموونە وەکو تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە کوردییەکانی سەردەمی ڕژێمی بەعس لە عێراق.

## ٢-٢-١٠: هۆی ئابووری و بازاڕی کار

هۆی ئابووری بە درێژایی مێژوو کارا بووە لە جوڵانی ڕەوڕەوەی مێژوودا، ماتریالیستەکان هەموو ڕووداوەکانی مێژوو بە هۆی ئابووری لێکدەدەنەوە، بێگومان ژمارەی ئەو زمانانەی لە بازار و بازرگانی بەکاردێن زۆرن، ئەو تێکەڵییەی خۆی دەسەپێنێ بەهۆی(پروپاگەندەکردن بۆ کەلوپەل، بانگەوازی کڕیار، پرسیارکردن لەنرخ، سەوداکردن لەسەر بەها و نرخ)، ئەمانە هۆکارن بۆ ئەوەی بازاڕ ببێتە شوێنی بەڕێوەبردنی فرەزمانی. ڕەنگە چەندین زمان لە هەوڵی ئەوەدابن هەریەکەیان زمانی خۆی بەسەر بازاڕدا بسەپێنێ، بەمەش بازاڕ دەبێتە پێگەی بەڕێوەبردنی فرەزمانی، کە هاوکات زۆرجار دەبێتە شوێنی ململانێی زمانەکان.(لویس جان کالفی،٢٠١٢: ١٢٢)، هەروەها بەهۆی خراپی بژێوی ژیان خەڵکانێك ناچار دەبن سەری خۆیان هەڵبگرن بۆ شوێنێکی تر و بیکەن بە وڵاتی خۆیان. بۆ نموونە زۆر لە کوردەکان کۆچیان کردووە بۆ شارەکانی بەغدا و ئەستەمبول و تەهران، دیمەشق و وڵاتانی ئەوروپا، هەروەها زۆربەی ئەوانەی لەوێ دەژین بەرانبەر بە شارستانیەت و زمانەکانی ئەوێ، زمانی خۆیان بەکەم دەزانن.(سەلام ناوخۆش ونەریمان خۆشناو، ٢٠١٠: ١١١- ١١٢)

هەروەها ئەگەر سەرنجێك لە کۆمپانیاکان ودام ودەزگاکان و ڕێکخراوەکان بدەین، دەبینین کە داواکاری زۆر لەسەر بازاڕی کار هەیە، کە ژیانی لەسەر دامەزراوە، ئەگەر بمانەوێت باری ئیمڕۆی بازاڕی کار دەست نیشان بکەین وێنەیەکی ڕاستەقینەی وێنا بکەین لە ڕووی ئەوەی چەندە پەیوەندی هەیە بە

ململانێی زمان ئەوە دەزانین کە زۆر لەخۆ هەڵدەگرێت لەم ململانێیە، چونکە بیرکردنەوەی ماددی زاڵە بەسەر بازاڕی کار بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییە تایبەتیەکان، تەنانەت ئەگەر لەسەر حسابی بەرژەوەندی میللەتیش بێت، هیچ گرنگی پێ نادرێت و ئەگەر گرنگی پێ بدرێت ئەوە زۆر بەکەمی و بەتەسکی دەبێت. پەیوەندی نێوان بازاڕی کار و ململانێی زمانی زۆرجار لەوە سەرهەڵدەدات بەهۆی ئەو مەرجانەی دەیسەپێنن بۆ کارکردن لە بازاڕ کە لە هەموویان گرنگتر بریتییە لە مەرجی زانینی زمانی ئینگلیزی و عەرەبی یان هەر زمانێکی تری بیانی، بۆ نموونە ئەوکەسەی کە تەنیا زمانی ئوردو بزانێ و زمانی ئینگلیزی نەزانێت، ئەوا دەتوانێت کارێکی نزمتر لە پاکستان پەیدا بکات، بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی زمانی ئینگلیزی دەزانن، چونکە ئەوانەی زمانی ئینگلیزی دەزانن، هەمیشە کارە باشەکان قۆرخ دەکەن.( طارق جامباز، ٢٠٠٧: ١٨٩– ١٩٠) ئەمەش زۆرجار ئەو هەستە لای قسەکەری زمانی ڕەسەن دروست دەکات، کە زمانەکەی بەکەڵکی بازاڕی کار نەیەت، ئەمەش وا دەکات کە بەسوکی سەیری زمانەکەی خۆی بکات. هەروەها لە بازاڕدا زۆرجار لەکاتی ناونان و نووسینی تابلۆی شوێنکار یان هەر ڕێکلامێك پەنا بۆ زمانی بیانی دەبەن و زمانی ڕەسەن فەرامۆش دەکەن، کە ئەمەش مەیدانێکی ترە بۆ ململانێی زمانەکان و دەکرێت بە یەکێك لە هۆکارەکانی ململانێ ئەژمار بکرێت.

### ٢-٢-١١: هۆی ڕۆشنبیری

بێگومان بوونی هەمەڕەنگی ڕۆشنبیری لە کۆمەڵگەی مرۆییدا ئەوە نیشان دەدات، کە هەر کۆمەڵگەیەك خاوەن شێواز و سیمای ڕۆشنبیری تایبەت بە خۆیەتی، بەمەش بۆمان دەردەکەوێت ڕۆشنبیریش بەهۆی ئەو هەمەڕەنگییەی هەیەتی هاوشێوەی زمان، لە ناوەندێکەوە بۆ ناوەندێکی دیکە بڵاودەبێتەوە و دەگواسترێتەوە و گواستنەوەکە یاخود بڵاوبوونەوەکە ڕەنگە بەشێوەی مەبەست بێ یان بێ مەبەست بێ، ئەم گواستنەوەیە جۆرێك لە ململانێی لە نێوان ڕۆشنبیری ڕەسەنی کۆمەڵگە و ڕۆشنبیری هاتوو دروست دەکات، بەم مانایە دەشێت ڕۆشنبیری سەرچاوەی ناکۆکی بێت، زۆرجار ناوەرۆکی ناکۆکییەکەش لە سیستەم و پێوانە ڕۆشنبیرییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، سەپاندنی پێوانەکانی ئەو ڕۆشنبیرییە و بەکەمگرتن و هەوڵدان بۆ بەزاندنی پێوانەکانی ڕۆشنبیری گروپێکی دیکە هۆکارێکن بۆ ململانێیەکە، بۆیە کێشەو ناکۆکییەکان هەر تەنها ناوەڕۆك و هۆکارێکی سیاسی، ئابووری وکۆمەڵایەتیان نییە، بەڵکو ناکۆکییەکان زۆر جار لە ناوەرۆکدا زەمینەیەکی ڕۆشنبیرییان هەیە.( ڕەفیق سابیر،٢٠٠٨: ٣٧)

ڕۆشنبیری نەتەوە وگروپێکی سەردەست، کاریگەری لەسەر زمانی نەتەوە و گروپێکی تر دەبێت، ئەگەر هاتوو ڕادەی ڕۆشنبیری کۆمەڵگەکەی لە ڕۆشنبیری نەتەوەی ژێردەست بەرزتر و پێشکەوتووتر بێت،بەڵام ئەگەر نەتەوەیەکی ژێردەست لە ڕووی ڕۆشنبیری پێشکەوتووترین ئەگەر ژمارەی تاکەکانی ژمارەیان لە ژمارەی نەتەوەی سەردەست کەمتریش بێت، هەروەها لە ڕووی سیاسی دەسەڵاتیشیان نەبێت یان کەمتر بێت لە دەسەڵاتی نەتەوەی باڵادەست، دەتوانن زمانەکەیان بپارێزن لە کاریگەری

زمانەکانی دیکە، بۆ نموونە گریکەکان هەرچەندە ژێردەستی ڕۆمانەکان بوون، بەڵام لەبەرئەوەی لەڕووی ڕۆشنبیری و شارستانییەتەوە لە پێشتر و سەرکەوتووتر بوون، ڕۆمانەکان نەیانتوانی بەسەر زمانی گریکی زاڵ بن.(علی عبدالواحد وافی ، ٢٠٠٩: ٢٣٧).

نەتەوەی کورد بەهۆی جیاوازی ڕۆشنبیریی، توانیویەتی بوونی خۆی وەك گروپێکی ئیتنیکی جیاواز لە تورك و عەرەب و فارس بپارێزێت. هەرچەندە دابەشبوونی جوگرافیانەی کورد بەسەر هەرچوار وڵاتی (تورکیا و عێراق و سوریا و ئێران) لە هەر بەشێکی کوردستاندا ڕۆشنبیری کوردی بە قوڵی کەوتۆتە ژێرکارتێکردنی ڕۆشنبیری نەتەوە باڵادەستەکانی عەرەب و تورك و فارس، کە ئەمەش تایبەتمەندیەکی دیکەی داوە بە ڕۆشنبیری هەر بەشێکی کوردستان، لەبەرئەوەی ئەم نەتەوە باڵادەستانەی کوردستان لە ڕووی سیستەمی سیاسی و ئایدیۆلۆژیا و زمان و ڕۆشنبیرییەوە لەیەکتری جیاوازان، بەم جۆرە ڕۆشنبیری کوردی لە هەر بەشێکدا چەند کەوتبێتە ژێر کاریگەری ڕۆشنبیری هەر یەکێك لەو نەتەوانە، ئەوا دەشێت بەهەمان ئەندازە ڕۆشنبیری کورد، لەبەشەکانی دیکەی کوردستان دوربکەوێتەوە.( ڕەفیق سابیر،٢٠٠٨: ٣٨)

واتە کورد بەهۆی پارچە پارچە بوونی خاکی وڵاتی ڕۆشنبیرییەکەشی بەهەمان شێوەی خاکەکەی لێکدابڕاو و پارچە پارچە بووە، کە ئەمەش بێگومان بەهۆی ئەو سیستەمە سیاسیەی کە وڵاتانی داگیرکەر بەرانبەر بەنەتەوەی کورد پەیڕەوی دەکەن، ئەو کارتێکردنەی ڕووی لە ڕۆشنبیرییەکەی کردووە، بێگومان زمانیش دەگرێتەوە. لێکدابڕانی ڕۆشنبیری کاریگەری نەرێنی هەیە، چونکە یەکبوونی ڕۆشنبیری دەشێت بنەمای یەکبوونی سیاسی دابڕێژێت (هەمان سەرچاوە : ٤٧) ، هەروەها زۆر جار ئایین یارمەتیدەر بووە، بۆ کارتێکردنی ڕۆشنبیری نەتەوە سەردەستەکان لە ڕۆشنبیری کوردی، بۆ نموونە لە کاتی یادکردنەوەی هەندێك بۆنە و جەژنی ئایینی یان لە هەندێك سیمای ڕۆشنبیری جلوبەرگ ، وەك هاتنی سیمای ڕۆشنبیری جلوبەرگی نەتەوەی عەرەب بۆ ناو سیمای ڕۆشنبیری کوردی، بۆ نموونە (کەوا و عەمامە و دیزداشە) کە تایبەتە بەنەتەوەی عەرەب، بەڵام زانایانی ئیسلامی کوردستان (مەلاکانی کوردستان) وەکو جلوبەرگێکی ئایینی دەیپۆشن، هەرچەندە هیچ دەقێکی ئایینی ئەمەی بە ئەرکێکی موسڵمان بوونیان دانەناوە، کە دەکرێت زانایانی کورد جلوبەرگی کوردی بپۆشن، بێگومان پێچەوانەی ئایین نییە، بەڵکو گونجاوترە لە چاو جلوبەرگی نەتەوەکانی تر.( عەرەفات کەرەم مستەفا، ٢٠١٢: ٧٦)

جیاوازی لە سیما ڕۆشنبیرییەکان لە نێوان نەتەوەکان، زۆرجار بەهۆی جیاوازی ئایین و زمان و ڕەگەز و ...تاد دروست دەبێت، بێگومان بوونی ئەم فرەییە لە سیما و شێوازی ڕۆشنبیری زۆرجار هۆکارە بۆ سەرهەڵدانی بەریەککەوتن و ململانێی ڕۆشنبیری لە نێوان گروپ و کۆمەڵ و نەتەوەکان، کە ئەمەش دواجار ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ململانێی زمانەکان. بۆنموونە دەسەڵاتی سیاسی لە عێرقدا ڕووبەڕووی ڕۆشنبیری کوردی بۆتەوە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیدا، کە زۆر بۆنە و جەژنی نەتەوەیی و جلوبەرگی کوردی کە بەشێك بوون لە ڕۆشنبیری کورد قەدەغەی کردووە یان گۆڕیویەتی بەمەبەستی

تواندنەوەی ڕۆشنبیری کوردی، وەك گۆڕینی ناوی جەژنی نەتەوەیی نەورۆز بە جەژنی بەهار و جەژنی درەخت و جەژنی دایك.

ڕۆشنبیری کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر گەشەکردنی فەرهەنگی زمان هەیە، بەهۆی تێکەڵاوی و بەریەککەوتنی ڕۆشنبیری گەلان کۆمەڵێك وشە و زاراوەی زمانەکان دەخزێنە ناو زمان. بە تایبەتی لە ئێستادا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا، لە ڕێگەی تۆڕەکانی ئەنتەرنێت و فەیسبووك بە ئاسانی ڕۆشنبیری گەلان لە نێوان گروپەکانی کۆمەڵگەی مرۆیی دەگواسترێتەوە و بڵاودەبێتەوە.

بەهۆی هەستکردن بە بوونی ململانێی و بەریەککەوتن لە نێوان گەلانی خاوەن ڕۆشنبیری جیاواز و بۆ پاراستن ومانەوەی هەمەڕەنگی ڕۆشنبیری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان هاتنە ناو مەیدانەکە، بۆیە لە ئێستادا بایەخدان بە ڕۆشنبیری گەلان یەکێکە لە کارە لە پێشینەکانی ڕێکخراوە نێودەولەتییەکان لە ناویاندا ڕێکخراوی یونسکۆی سەربەنەتەوە یەکگرتووەکان، پرۆگرامە سەرەکییەکەیان کارکردنی پێکەوەییە بۆ پاراستنی ڕۆشنبیری نەتەوەکان لەسەر ئاستی جیهاندا، لەو ڕوانگەیەوە نەتەوە یەکگرتوەکان لە ڕێگەی دەزگا سەرەکییەکانیدا هەوڵ و کۆششی بەردەوام دەدات بۆ پارێزگاریکردن لە هەمەڕەنگی ڕۆشنبیری، ئەم هەمەڕەنگییە وەکو دەوڵەمەندکردنێك بۆ ڕۆشنبیری نێو دەوڵەتی هەژمار دەکات[1] (پەخشان سابیر حەمەد، ٢٠١٣ : ١٦٩). بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە بایەخی ڕۆشنبیری گەیشتۆتە ئاستێکی نێو دەوڵەتی، چونکە پاراستن و مانەوەی ڕۆشنبیری گەلان دەبێتە هۆکاری دەوڵەمەندی و فرەیی لە ڕۆشنبیری جیهانی، هەروەها هۆکارە بۆ دروستبوونی ئارامی و ئۆقرەیی لەنێو گەلاندا، لە لایەکی تریش هەر هەڕەشەیەك بۆ سەر ڕۆشنبیری (نەتەوە) ێك هەڕەشەیە بۆ سەر زمان و نەتەوەی ئەو گەلە، بەپێچەوانەشەوە راستە.

## ٢-٢-١٢: هۆی ئایین

هەرچەندە ناشێ شیکردنەوەی ئایین بەلای هەموو کەسێکەوە چوون یەك بێت، تەنانەت ئەگەر بۆ یەك تاکە ئایینیش بێت، ئەمە لەکاتێکدا هێزی مرۆڤ بەرانبەر چەند ئایینێك زۆر جیاوازە، ئەم جیاوازیەش، هۆکارێکی بنچینەیی ناکۆکی و ململانێی نێوان مرۆڤەکانە، چونکە ئایینەکان هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی کۆمەڵگەکانەوە، تاکو ئەمڕۆ، ڕۆڵێکی نەك هەر بەرچاو، بەڵکو چارەنووسساز لە ئاڕاستەکردنی تاك و کۆمەڵگەدا دەبینن. ئەم مشتومڕەی نێوان ئیسلام و مەسیحی یان جوولەکە و مەسیحی، یان جوولەکە وئیسلام لە سەرەتای سەرهەڵدانی هەرسێ ئایینە ئاسمانییەکەوە بوونیان هەیە. ( محەمەد ئارکۆن، ٢٠٠٥: ٦٧). بە جۆرێك بڕوادارانی هەرسێ ئایین، لەگەڵ یەکتری، ناکۆك و ناتەبان،

---

[1] - بۆ زانیاری زیاتر لە هەمان سەرچاوە بڕوانە :

أ- ماددەی یەکەمی ڕێکەوتنامەی پاراستنی کەلتووری و ڕۆشنبیری نامادی ساڵی (٢٠٠٣) .

ب- ماددەی یەکەمی ڕێکەوتنامەی پاراستن و پتەوکردنی هەمەڕەنگی شێوازەکانی دەربڕینی و ڕۆشنبیری ساڵی (٢٠٠٥) .

بێگومان ئەم ناکۆکی و ناتەبایی نێوانیان، دروستبوونی ململانێی نێوانیانی لێ دەکەوێتەوە. بڕوادارانی هەر ئایینێك، بڕوادارانی ئایینەکەی دیکە ڕەتدەکاتەوە و زۆر جار بواری تێگەیشتن و گفتوگۆ لەبەردەمیاندا دادەخەن.

(( سیستەمە تیۆلۆژیەکانی، وەك جوولەکە، مەسیحیەت و ئیسلام، یەکتری ڕەت دەکەنەوە و یەکتری تەکفیر دەکەن، ئەمەش بە بەهانەی ئەوەی هەریەکەیان خۆی بەڕاست دەزانێت و پێیوایە حەقیقەتی ڕەها لای ئەوە)).( محەمەد ئارکۆن، ۲۰۰۵ :۲٦). وەنەبێت ئەم ڕەتکردنەوە و یەکتر ڕەتکردنەوەیە و ناکۆکی و ململانێیە، هەر تەنها لە نێوان دوو بیروباوەڕی ئایینی جیاواز هەبێت، بەڵکو هەندێك جار ململانێیەکە لە ناو خودی یەك ئایینیشدا سەرهەڵدەدات، وەکو ململانێی نێوان کاسۆلیك و پرۆتستانتەکان لە ئایینی مەسیحیدا، یان لە نێوان هەردوو مەزهەبی ( شیعەو سوننە) لە ئایینی ئیسلامدا، کە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش ئەم ململانێیە هەر بەردەوامە، کە هەریەك لە دوو مەزهەبەکە، بانگەشە بۆ ڕاستی و دروستی خۆی دەکات، هەندێکجار لە دژە بانگەشەدان لە نێوان یەکتریدا.

کەواتە دیاردەی ململانێ لە نێو ئایینەکاندا، لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا هەیە، بەمەش ململانێی نێوان ئایینەکان، هەندێك جار کاریگەری لەسەر دروستبوونی ململانێ لە نێوان زمانەکان دەبێت، چونکە هەر ئایینێك لە ڕێگەی زمانێکەوە پەیامەکانی گەیاندۆتە کۆمەڵگە، بۆ نموونە ئەوەی بەسەر زمانی سریانیدا هات لەسەدەی پێنجەمی زایین، کە زمانێکی ئەدەبی یەکگرتوویان هەبوو، لەکاتی دروستبوونی ئاژاوە، لە کڵێسەکانی ڕۆژهەڵاتدا، خەلکەکە بوون بە دوو بەش، بوون بە ئایینزای یاقووبی و ئاینزای نەستووری، کە دواجار زمانەکەشیان ڕووبەڕووی لەتکردن بوویەوە ( جەمال نەبەز ، ۱۹۷٦: ۹)

هەروەها ئەزموونی زمانەوانی یوگسلافی (سرب وکرۆات و بۆسنایی ) بەیەك زمان قسەیان دەکرد، بەڵام هەڵوەشاندنەوەی یوگسلافیا بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ئەو زمانە بۆ سێ زمان،( زمانی کرواتی، زمانی سربی و زمانی بۆسنایی) ، کە لەسەر بنەمای ئایینی لەیەکتر جیابوونەوە.(سەلام ناوخۆش،۲۰۱۳: ٥۹)

زۆرجار لە ژێر پەردەی ئایینی ئیسلام، هێرش و فشار خراوەتە سەر زمانی کوردی، بۆ تواندنەوەی زمانی کوردی لە بۆتەی زمانی عەرەبی، بۆ نموونە کاتێك داوای گۆڕینی ناوی گەڕەك و شەقام و قوتابخانە و کتێبخانە و مزگەوت و شارۆچەکەکانیان دەکرد داوایان دەکرد ناوەکە لە ناوی کوردی بگۆڕن بۆ ناوی ئیسلامی نەك عەرەبی.

بەم جۆرە ئایین لە ناوخۆی وڵاتێکی فرەنەتەوە وفرەئایین و فرەزمان، یان لە نێوان وڵاتاندا ڕۆڵ و پێگەی هەیە بۆ نزیکردنەوەی نەتەوە و ئایین و زمانەکان لە یەکتری، یان بە پێچەوانەوە، لە دروستکردنی دووبەرەکی و ململانێی لەنێوانیان،ئەمەش دەبەستریتەوە بە ڕادەی تێگەیشتنی بڕواداران بە ئایینەکانیان.

بێگومان هۆیەکانی سەرهەڵدانی ململانێی زمان زۆرن، هەروەك ئاماژەمان پێکرد، بەڵام هۆکارەکان هەموویان ڕادەی کاریگەرییەکەیان چۆنیەك نییە، بەڵکو ڕێژەی کاریگەریەکەیان جیاوازە، بەڕای ئێمە

هەریەك لەهۆیەكانی داگیركردن و سیاسەت و ئایین و جوگرافیا ڕۆڵی كارایان هەیە لەسەر ململانێییەكە، هەرچەندە هۆكارەكانی تریش ڕۆڵ دەبینن، بەڵام بە ڕێژەییەكی كەمتر، ڕەنگە هەندێكجار هۆكارەكانی تر بچنە خانەی گەشەی زمان.

## ٢-٣: قۆناغەكانی ململانێی زمانی

زمانەوانان چەند قۆناغێك دادەنێن بۆ ململانێی زمان، لە هەر قۆناغێكدا هۆكارگەلێك دەردەكەوێت، كە یارمەتیدەردەبن، بۆ هەڵوەشانەوەی زمانی ژێركەوتوو، پاشان دەبنە هۆی لەناوبردنی، لەوانە :

### ٢-٣-١: قۆناغی یەكەم

لەم قۆناغەدا وشەكانی زمانی زاڵ سنوور دەبەزێنن و هێدی هێدی شوێنی وشەكانی زمانی ژێركەوتوو دەگرنەوە، ئەو وشانەش بەپێی ئەو بەرگرییەی كەوا زمانە بەزیوەكە دەیكات بە دیاری دەخات زۆرن یاخود كەم، لەم قۆناغەدا ململانێ لەنێوان هەردوو زمانەكە بەهێز و ماوە درێژ دەبێت، لەبەر ئەوەی زمانی ژێركەوتوو ئەندازەیەكی بەرفراوانی دەبێ بۆ ئەوەی وشەكانی زمانی سەركەوتووی بخزێتە ناو، هەروەها لەو كاتە ململانێیەكە بێ هێز دەبێ، چونكە زمانە ژێركەوتووەكە هیچ بەرگرییەك نانوێنێ لە بەرانبەر زمانە سەركەوتووەكەدا بكات .(رمضان عبدالتواب،١٤٣٣ھ:١٥٠) ، پێویستە بگووترێت ئەو وشانەی وەریدەگرێت زیاتر پەیوەندییان بە لایەنی داهێنان و ئامێرەكان و ئەو وشانەی پەیوەندی بە ڕۆشنبیری و داب ونەریت وهونەر و زانستەوە هەیە دەگرێتەوە، بەمەش پێگەی ڕەسەنی زمانە ژێركەوتووەكە لاواز دەبێت.(صادق یوسف الدباس ،٢٠١٢: ٦٣)

هەرچەندە پێویستە ئەوە بزانین، كە زۆربەی ئەو وشانەی لە زمانانی دیكە دەخواسترێن، زمانەكە دەوڵەمەند دەكەن، چونكە مەرج نییە خواستنی وشە، زمان دووچاری هەڵمژین بكات، بەڵكو هەڕەشەی هەڵمژینی زمان لە كەمی بایەخدانی زمانە بە خۆگونجاندن لەگەڵ وشە خوازراوەكان لە سیستەمی دەنگیدا لە لایەك و لە مەیلی بەرەو دارشتنی پێكهاتە ڕێزمانییەكەی لەسەر شێوەی پێكهاتەی زمانی زاڵدا لە لایەكی دیكەوە.(لویس جان كالفی،٢٠١٢ : ١٤٥)، چونكە خواستنی وشە بەبێ گۆڕانكاری وگونجاندنی لەگەڵ سیستمی دەنگی زمانە ڕەسەنەكە كارێكی زۆر دەكاتە سەر زمان و بێ هێزی دەكات، بۆیە پێویستە هەر زمانێك بۆ بەرگریكردن لەخۆی لەكاتی هاتنی وشە لەلایەن زمانان بەپێی یاسای فۆنۆلۆژی و ڕێزمانی زمانەكەی خۆی ڕێكیان بخات. واتە پێویستە لەكاتی هاتنی وشە لە زمانی زاڵبوو بۆ ناو زمانی ژێردەست گۆڕانكاری و دەستكاری بكرێت بەپێی یاسا فۆنۆلۆژی و ڕێزمانیەكانی زمانەكە، چونكە مەترسی دروستدەكات بۆ قۆناغی داهاتوو لە ململانێی زمان كە ئەوانیش قۆناغی هاتنی دەنگ و هاتنی یاسا و دستورەكانی ڕێزمانن .(علی عبدالواحد وافی، ٢٠٠٩: ٢٣٦)،كە ئەمەش مەترسی دروست دەكات بۆ زمان چونكە سیستەمی دەنگ و ڕێزمان لەهەر زمانێكدا هەیكەلبەندی بونیادی زمانن.(لویس جان كالفی، ٢٠١٢: ١٤٥)

لەم قۆناغەدا ململانێ لە هەموو زمانەکاندا چۆن یەك نییە، بەڵکو لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە، بەشێوەیەك کە کورتی و درێژی ماوەی مانەوەی زمانەکان بە تێکەڵاوی جیاوازی دروست دەکات، هەروەها ئاستی شارستانی و ڕۆشنبیری گەلان ڕۆڵ دەبینێ لە جیاوازیەکەدا، بۆ نموونە ململانێی بەربەریەکان چەند وشەیەکی کەمیان لەنێو زمانی عەرەبی زاڵ بوو جێهێشت، هەروەها زمانی ولاتانی (گال) کەوا زمانی (لاتینی) بەسەریدا زاڵ بوو، هاوشێوەی ئەمە بوو، چونکە ئەو زمانانە لە ڕووی شارستانیەت و ڕوشنبیری دواکەوتووبوون، بەلام ئەگەر ململانێ لە نێو هەردوو زمانەکە توند و درێژخایەن بوو، ئەوا زمانە بەزیوەکە پارێزگاری لە بەشە وشەیەکی زۆر دەکات و دەیخاتە نێو زمانی زاڵ بووەوە، نموونەی ئەمەش ئەوەی ڕوویدا لە نێوان زمانی ئینگلیزی سەکسۆن لەئینگلترا و زمانی داگیرکەرانی فەرەنسی ونۆرمەندیەکان، ئەگەر چی ئینگلیزی بەسەرکەوتوویی لەم ململانێیە دەرچوو، بەلام نزیکەی نیوەی بەشە وشە ڕەسەنەکانی خۆی ونکرد و بە وشەکانی زمانی نۆرماندی بەزیوی گۆڕیەوە.(رمضان عبدالتواب،١٤٣٣هـ:١٥٠)

بێگومان هەر زمانێك وشە و کەرەستەی زمانی خۆی هەیە، هەر چەندە ئەمە لە وەرگرتنی وشە لە زمانەکانی تر ڕێگرنابێت، هەروەها وشەکان دواتر دەبنە هاوواتایی وشە ڕەسەنەکانی زمانەکە، جا ئەو بوونە هاوواتایە دەشێت بۆ سەردەمێك بێت و دواتر ململانێی لە نێوان ئەو هاوواتایانەدا بێتە ئاراوە و لە ئاکامدا یەکێکیان مانەوە و بەردەوامبوونیان دەبێت و لەمەشدا مەرج نییە مانەوە بۆ وشە ڕەسەنەکە بێت، بەڵکو دەشێت وشە بێگانەکە وشە ڕەسەنەکە بخاتە پەراوێزەوە، ئەگەر نەتەوەی خاوەن زمان، خاوەنی سیاسەتی زمانی خۆی بێت ئەوا هەمیشە مانەوە بۆ وشە ڕەسەنەکە دەبێت.(هۆگر مەحمود فەرەج، ٢٠١٢: ١١٣)

## ٢-٣-٢: قۆناغی دووەم

لەم قۆناغەدا دەنگەکانی زمانی سەرکەوتوو دزە دەکەن بۆ ناو دەنگەکانی زمانە بەزیوەکە، لە ڕووی گۆکردنیان و ئاوازە و،دەرچەکانیانەوە، زمانی بەزیو کاتێك وشەی بێگانە دەخوازێت بۆ نێو زمانەکەیەوە، ئەوا هەمان دەرچە وگۆکردن، دەگرنەبەر کەوا زمانە زاڵبووەکە لەسەری دەروات،(صادق یوسف الدباس ،٢٠١٢: ٦٤) واتە بریتییە لەو قۆناغەی کە تیایدا، زمانە بەزیوەکە دەرچەی دەنگەکانی دەگۆڕێن و وردە وردە نزیك دەبنەوە لە گۆکردنی دەنگەکانی زمانی تازە، هەتا کتومت وەکو ئەوی لێ دێت یاخود نزیکی زمانە سەرکەوتووەکە دەبێ، ئەمەش بە ئەنجامدانی هەمان ڕەفتاری زمانی زاڵ بوو لە ڕووی گۆکردنی دەنگەکانەوە لە لایەن زمانی ژێر کەوتووەوە.(رمضان عبدالتواب،١٤٣٣هـ :١٥٠). هەروەها ئەم قۆناغە بە مەترسیدارترین قۆناغەکانی ململانێی زمانی دادەنرێت، چونکە لەو قۆناغەدا مەترسی هەڵمژینی زمانە ژێرکەوتووەکە دەست پێدەکات.(لویس جان کالفی،٢٠١٢: ١٤٥)، بەمەش دەنگی تازە لە نێو زمانە بەزیوەکە سەرهەڵدەدەن، هەروەها هۆی سەرهەڵدانی دەنگی تازە لە زمانەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ هاتنی ژمارەیەکی زۆری وشە لەو زمانەی، کە ئەو دەنگەی لێوە هاتووە. (محمد معروف فتاح،٢٠١١: ١٣٤)

بەمەش بۆمان دەردەکەوێت کە قۆناغی دووەمی ململانێ بەهۆی کارتێکردنی لەلایەن قۆناغی یەکەمەوە سەریهەڵداوە، واتە قۆناغەکان لەیەك دابڕاو نین، بەڵکو بەیەکەوە بەستراون و کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەیە.

## ٢-٣-٣: قۆناغی سێیەم

لەم قۆناغەدا زمانە بەزیوەکە توانای بەرهەڵستی لاواز دەبێت، بەمەش زمانە سەرکەوتووەکە، ڕێزمان و یاسا زمانەوانییەکانی تایبەت بە ڕستە و ڕیزکردنی وشەکانی خۆی، وردە وردە خۆی بەسەر ڕێزمانی زمانە بەزیوەکەدا دەسەپێنێ، دەتوانین بڵێین ئەم قۆناغە، کە قۆناغی ڕێزمانە، وەك قەڵایەك خۆی دەنوێنێ، بەگرتنی ئەو قەڵایە مەشخەڵی زمانی بەزیو نامێنێت و لەناو دەچێت.(علی عبدالواحد وافی، ٢٠٠٩: ٢٣٧)

پێویستە بگووترێت، کە هیچ زمانێك زاڵبوونەکەی ناگاتە ئاکام مەگەر دوای ماوەیەکی درێژخایەن نەبێ، کە هەندێکجار دەگاتە زیاتر لە چوار سەدە، بۆ نموونە ڕۆمانەکان لە سەدەی یەکەمی زایینی وڵاتانی (گال) یان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، بەڵام زمانی لاتینی نەیتوانی بە تەواوی زاڵبێ تەنیا دوای چوار سەدە نەبێ. (حاتم صالح الضامن ، ١٩٨٩: ١٢٢)

بەمەش بۆمان دەردەکەوێت کە لە هەموو ململانێیەکی زمانیدا، قۆناغەکانی بەیەکجار تەواو نابن، بەڵکو چەند قۆناغێك لە خۆ دەگرێت و لە هەر قۆناغێکدا کاریگەری لەسەر زمانە بەزیوەکە جێدەهێڵێت، هەروەها زمانە بەزیوەکەش ون نابێت بەبێ ئەوەی لەدوای خۆی هەندێ بەشە وشە و پێکهاتە و ڕێزمان و ڕێساکانی خۆی، یاخود بەهەر شێوەیەك لە شێوەکان ئاسەواری خۆی لە ناو زمانی نوێ جێهێشتبێت، بە تایبەتیش ئەگەر هەردوو زمانەکە لەیەك خێزانە زمان بن. (رمضان عبدالتواب،١٤٣٣ھ:١٥١)

## ٢-٤: جۆرەکانی ململانێی زمان

زانایان چەمکی ململانێیان بەسەر زۆر جۆری جیاجیا دابەشکردووە ، کە هەریەکەیان لە ڕوانگەی بۆچوون و فەلسەفەی تایبەت بەخۆی جۆرەکانی دابەش کردووە، بۆ نموونە (لیڤین کۆزەر) ململانێی بەسەر جۆری ململانێی راستەقینە و ململانێی ناراستەقینە دابەش دەکات، هەروەها (ڕالف دارندۆف )، پێکهاتەی سەرجەمی ململانێیەکان لە دوو جۆردا چڕ دەکاتەوە کە ئەوانیش، (ململانێی بەیانکراو، ململانێی پەنهان ) ن ، کە دەکرێت بە ململانێی ئاشکرا و ململانێی شاراوە ناوبنرێن، هەروەها هەندێك لە بیرمەندانی بواری ململانێ چەندین جۆری تریان لە ململانێی دیاریکردووە، وەك (ململانێی ڕەوا) و (ململانێی ناڕەوا)، (ململانێی تەبا گەرایی) و (ململانێی ناتەبا خوازی) یان ململانێی دەزگایی و ململانێی نادەزگایی ..تاد (ئاراس فەتاح،٢٠٠٧: ٢٤-٢٧). بێگومان هەریەك لەو جۆرانەی ململانێ دەکرێت لەسەر ململانێی زمان پراکتیزە بکرێت، بەڵام بەهۆی زۆری جۆرەکان ئێمە تەنیا دوو جۆر لە ململانێی دەست نیشان دەکەین، لەسەر ململانێی زمان پراکتیزەی دەکەین و ڕوونی دەکەینەوە ، کە ئەوانیش بریتین لە:

### ٢-٤-١: ململانێی زمانیی سروشتی:

مەبەست لەم جۆرە ململانێیە ئەوەیە، کە هەر لەکۆنەوە لە نێوان زمانی زۆرینە و زمانی کەمینەی ڕەسەنی کۆمەڵگەیەکدا هەبووە، زۆر نموونەی ململانێ هەن، کە زمانە کەمینەکان لە دژی زمانە فەرمییە نەتەوەیی و هەرێمییەکان ئەنجامیانداوە، لەم بارانەدا ململانێیەکە زیاتر بەهۆی بەرگریکردنی زمانی کەمینە دەبێت، لە دژی توانەوەی لە بۆتەی زمانە فەرمییەکەدا. ( بیتر هانس نیلد، ٢٠٠٩: ٦٣٦)

بێگومان لەم جۆرە ململانێیە، زۆرجار دەسەڵات و سیاسەتی حکومەتەکان بەشداری دەکەن، بەمەستی کەمکردنەوە، یان لەناوبردنی زمانی کەمینە، لە ڕێگەی سنوور دانان بۆ بەکارهێنانی زمانیان.(بێرنار کەمریێ و ئەوانی دیکە، ٢٠٠٧:١٠٣) لە بەرانبەریشدا زمانی کەمینە ڕێگری دەکات، لەو بەرتەسککردنەوەی کە بۆ زمانەکەیان دانراوە، هەروەها هەوڵدەدات سنورێك بۆ ئەو فشارانە دابنێت کە دەکرێتە سەری بە مەبەستی پاراستنی زمانەکەیان.

بێگومان جۆری سیستەمی وڵات لە ئاراستەکردنی ئەم جۆرە ململانێیانەدا ڕۆڵ دەبینێت، بۆ نموونە ئەگەر سیستەمی وڵات، دیکتاتۆریی و ڕەگەزپەرستی بێت، تەنیا زمانی نەتەوەی باڵا دەست، بە زمانی یەکەم دادەنرێ و زمانی گەلانی دیکە، هیچ جۆر بایەخێکیان پێی نادرێت، زۆرجاریش قەدەغە دەکرێن لە لایەن دەوڵەتەوە، (حوسێن محمەد عەزیز،٢٠٠٥: ١٢٧) کە ئەمەش وا دەکات ململانێی زمانی بەشێوەیەکی سروشتیانە لە نێوان زمانی کەمینە و زمانی باڵا دەست سەرهەڵبدات، ئەو پەراوێزخستنەی زمانەکان بە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی ململانێیەکە دادەنرێت.

دەکرێت، بۆ نموونەی ئەو جۆرە ململانێیە، یەکێك لە ڕووداوە بەناوبانگەکانی جیهان بهێنینەوە، کە لە ١٩٥٢/٥/٢١ لەشاری (داکا) کە ئەوکات بەشێك بوو لە ڕۆژهەڵاتی پاکستان(ئێستا شارێکە لەشارەکانی بەنگلادیش) ڕوویدا، کاتێك ویستیان زمانی بەنگالی لەناو ببەن و زمانی ئوردووی کە زمانی بەشی ڕۆژاوا بوو، وەك زمانی فەرمی بەسەریاندا بسەپێنن، بەمەش قوتابیانی ئەم شارە، داوایان کرد کە زمانی دایکیان کە زمانی بەنگالی بوو بکرێت بە زمانی فەرمی لەم ناوچەیەدا، ئەوە بوو پۆلیسی پاکستان ڕووبەڕوویان بوونەوە و ژمارەیەکیان لێ کوشتن، بەڵام ئەم ڕۆژە لەیاد نەکرا، ئەوە بوو لە ساڵی(٢٠٠٠ ) ڕێکخراوی یونسکۆ بڕیاریدا ئەم ڕۆژە بکرێتە ڕۆژی زمانی دایك لەسەرتاسەری جیهان.( Davi Crystal, 2010: 82)

هەروەها پێویستە ئەوە لە یاد نەکەین کە، ئەم ململانێیە، کاتێك دەبێتە گرفت و کێشە دروستدەکات کاتێك هەریەك لە دوو لایەنەکە (نەك هەر زۆرینە بەڵکو تەنانەت کەمینەش) سوود لە ئایدیۆلۆژیا وەردەگرێت و بەکاری دەهێنێت بۆ قوڵکردنەوەی جیاوازییەکان. هەڵبەت کاتێکیش ئاڵای هەر زمانێك وەکو سیمبوڵی ناساندنی گەلێك بەرز دەکرێتەوە ئەو کات پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نێوان کۆمەڵگە زمانییەکان بە ئاسانی دەکەوێتە بەر هەڕەشە. ( بیتر هانس نیلد، ٢٠٠٩: ٦٣٧)

## ٢-٤-٢: ململانێی زمانی دەستکرد

ئەم جۆرە ململانێیە لە خۆوە سەپێنراوە، لە بارودۆخێکی سازشکارانە پەیدا دەبێت، کاتێك کۆمەڵگەیەکی زمانیی، لەبەرانبەر لایەنە باڵادەستەکە نەویستراوەو بە نزمتر تەماشا دەکرێت، ئەم جۆرە بارودۆخانە هەر لەکۆنەوە لە هەموو کۆمەڵگەکەیدا هەبوون. هەمیشە یەکێك لە گروپەکان پەراوێز دەخرێت و جیاکاری لە دژی دەکرێت، بۆیە ململانێ دەبێتە ئاکامێکی حاشاهەڵنەگر. (بیتر هانس نیلد، ٢٠٠٩ :٦٣٨)

بۆ نموونە، کاتێك فەرمانبەران لەوڵاتێکدا، کە کەوتبنە ژێر دەسەڵاتی ئیمپریالیزمەوە، بە زمانی فەرمی ونیشتمانی قسە بکەن لە کاتێکدا زمانی ڕەسەنی خۆیان زمانێکی جیاواز بێت و هەمووشیان زمانی ڕەسەنی خۆیان بزانن. ئەمە ئەوە دەردەخات، کە دەیانەوێت خۆیان لە تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگە جیاواز بکەنەوە بەوەی خوێندەوارن و خوێندوویانەو و بڕوانامەدارن، هاوکات ئەوە نیشان دەدات، کە بەویستی خۆیان زمانی کۆمەڵگە بە نەویسترا و نزمتر سەیر دەکەن و سازشی لەسەر دەکەن.(لویس جان کالفی ، ٢٠١٢: ٨٩) هەروەها ئەگەر لە وڵاتانی یەکێتی ئەورووپاش وردبینەوە چەندین نموونە ململانێی دەستکردی زمان بەدی دەکەین، بۆ نموونە لەو مشتومڕەی لەناو یەکێتی ئەورووپادا دروست بووە سەبارەت بەوەی (کام زمان ببێتە زمانی یەکێتی ئەورووپا ) دانیمارکییەکان بە گیانێکی هاوکارانە بڕیاریاندا دەست لە زمانەکەی خۆیان هەڵگرن.(بیتر هانس نیلد، ٢٠٠٩: ٦٣٨)، بەڵام هەندێك لە وڵاتان ئامادەنەبوون بە یەکگرتن و چوونە ناو پێناسەی ڕۆشنبیرییەکی پان و بەرینتر، بۆیە مەترسی خۆیان لە چوونە ناو شوناسێکی ئەورووپی فراوانتر لەخۆیان پێشاندا، بۆیە هەندێك لەم کۆمەڵگایانە بە نەخێر وەڵامی پەیڕەوکردنی و دراوی ئەورووپی و سپاردنی هێز بە دامەزراوە سیاسییە ئەورووپاییەکانیشان دایەوە.( سکۆت واتسن،٢٠٠٨ : ٢٠٥)، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە لەم جۆرە ململانێیەی زمان زیاتر لایەنی خۆسەپاندن لەلایەن زمانی باڵادەست ڕۆڵ دەبینێت، نەك لایەنی ئامار و ڕۆشنبیری وسیاسی .

بێگومان ئەم جۆرە ململانێیە هەڕەشە لە پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی گەلان دەکەن، مەرج نییە هەمیشە ئاکامی ململانێیە مێژووییە درێژخایەنەکانی نێوان کەمینە زمانەکان بن، بەڵکو سیستەمە نوێیەکانی جیهان و دووبارە بنیاتنانەوەیان لەو ساڵانەی دواییدا سەرچاوەی زۆری ململانێیەکانی ئێستان. کە تا چەند ساڵ لەمەوبەر دەرکی پێی نەکرابوو، بەهەر حاڵ نابێ نە ململانێی سروشتی زمانەکان و نەئەوانەشی کە دەستکردن تەنها بە دیاردەیەکی نێگەتیڤ لێکبدەینەوە، بە پێچەوانەوە دەبێت هیواخواز بین، کە ئاکامی ململانێیەکان هاوپەیمانی نوێ و ڕێگەچارەی وا بێنە کایەوە، کە ئەنجامی باشتریان هەبێت لەوانەی پێشتر.(بیتر هانس نیلد، ٢٠٠٩: ٦٣٩).

## ٢-٥: هەنگاوەکانی زاڵبوونی زمانی باڵادەست

زۆرجار وڵاتانی ئیمپریالیزم و دیکتاتۆر بەزەبر و زەنگ و دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی دەوڵەت، زمانەکەی خۆیان بەسەر گروپ و نەتەوەکانی ژێردەست سەپاندووە، بۆ ماوەیەکی درێژی

مێژوویی. هەمیشە نەتەوەی باڵا دەست هەوڵدودات، زمانی خۆی بەسەر نەتەوەی ژێردەستدا بسەپێنێ و لە بایەخی زمانەکانی دیکە کەم بکاتەوە. ئەگەر بۆشی بکرێت قەدەغەی دەکات و لەناوی دەبات.(حوسێن محەمەد عەزیز،٢٠٠٥: ١٣٢-١٣٧)

گرنگترین ئەو ڕێگایانەی دەگیرێنەبەر بریتیین لە :

## ٢-٥-١: قەدەغەکردنی بەکارهێنانی زمانی دایك

قەدەغەکردنی زمان لە کۆمەڵگەیەکی فرەزمانیدا، ڕێگەیەکە لەلایەن هەندێك وڵات پەیرو دەکرێت، کە سیاسەتی زمانیان لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیای توانەوەی زمانی بنیات نراوە، بەشێوەیەك کە تاکەکانی کۆمەڵگە بێ جیاوازی لە ڕەگەز و زمان و ئایین، پێویستە زمانی باڵا یان زمانی دەسەڵات فێربن و بەو زمانە بنووسن و هەر بەو زمانە لە دامودەزگاکان بدوێن، لە ڕواڵەتدا ئەم سیاسەتە بۆنی ڕەگەزپەرستی زمانی لێ دێت.(سەلام ناوخۆش، ٢٠١٠: ٥٤) چونکە کاتێك زمانی نەتەوەیەك لەلایەن نەتەوەییکی تر قەدەغە دەکرێت، کەسایەتی و بوونی ئەو نەتەوە ژێردەستە دەشکێنێت، هەروەها گەورەترین زیانی دەروونی و فیزیکی بە گەشەکردنی تاکەکانی ئەو نەتەوە ژێردەستە دەگەیەنێت. ئامانجی زمانی باڵادەست لەو هەنگاوە ئەوەیە کە زمانی نەتەوەی ژێردەست لاوازبکات و لەناوی بەرێت لەڕێگەی سەپاندنی زمان و ئایین و ڕۆشنبیری نوێوە، بێگومان بەمەش زمانی نەتەوەی ژێر دەست دووچاری گرفتی هەنووکەیی و درێژخایەن دەبێت، ئەگەر بەرهەڵستی نەکات و دەستپێشخەری بۆ پارێزگاری زمانەکەی نەکات. (ئاسۆ بیارەیی ، ٢٠٠٨: ١٠) هەروەها ئەم هەنگاوە وا دەکات، زمان لە ڕوانگەی نەتەوەییەوە سەیر بکرێت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی زمان ببێتە ناسنامەی نەتەوە، هەروەها وەك بەشێك لە ئاسایشی نەتەوەیی سەیر دەکرێت، لەوکاتانەدا شیرینی زمان دەگاتە ڕادەیەك، کە تاکەکانی نەتەوە لە پێناویدا ئامادەن قوربانی و شۆرش بۆ بەکارهێنانی بگێرن.(قیس کاکل توفیق:٢٠٠٧: ٧) بۆ نموونەی(پۆڵ ڕۆی) توندوتیژی نێوان هەنگارییەکان و ڕۆمانییەکان لە ترانسلڤانیا دەخاتەڕوو، بە تەنگژەی ئاسایشییەوە گرێی دەدات، (ڕۆی) رایدەگەیەنێت کە ئەوەی سووتەمەنی بۆ بارگرژی ئاسایشی لە نێوان دوو گروپەکەدا دابین دەکرد، دەستکەوتی چەك وسوپا نەبوو، بە ئەندازەی ئەوەی کە ترس بوو لەسەر زمانی پەروەردە و فێرکردن، کە ئەگەری پاشەکشەکردن و پەژمووردەبوونی ئەو زمانە بارگرژییەکەی دەوروژاند. بەلای (ڕۆی) یەوە کۆمەڵگای رۆمانی بەهەڵە لە نیاز ومەبەستی کۆمەڵگای هەنگاری تێگەیشتبون، کە تەنیا زمانی پەروەردە و فێرکردنیان دەویست بۆ ئەوەی بوونی خۆیان وەك کۆمەڵگەیەکی جیا لە ڕۆمانییەکان بپارێزن. کۆمەڵگای ڕۆمانی بەهەڵە داچوون و وایان دەزانی ئەم داواکارییە یەکەم هەنگاوە بە ئاراستەی جیابوونەوە لە ترنسلڤانیا، کە ئەمەش لە خۆیەوە وایکرد ترس ببێتە بەشێکی زاڵ لە قەوارەی هەنگاری، ئەم ترسەش تەنگژەی ئەمنی بەرهەم هێنا کە دواجار پێچیدا بۆ بەرنگاربوونەوە و پێداهەڵپژانێکی توندوتیژ. بەگوێرەی (ڕۆی) کۆمەڵگای هەنگاری

جیابوونەوەیان نەدەویست بەڵکو تەنها دەیانویست زمانەکەیان بپارێزن.( سکۆت واتسن، ٢٠٠٨: ٢١٣-٢١٥ )[1].

## ٢-٥-٢: قەدەغەکردنی خوێندن بە زمانی دایك

هەندێك لە وڵاتان لە ڕێگەی قەدەغەکردنی خوێندن بە زمانی دایك هەوڵی زاڵبوون بەسەر زمانێك دەدەن، چونکە ئەگەر وڵاتێك پرۆسەی خوێندن لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن بۆ هاووڵاتیانی بە زمانی دایك نەرەخسێنێت، زمانەکە تەنیا لە چوارچیوەی ئاخاوتن و قسەپێکردن بمێنێتەوە، ئەوا لەدوارۆژێکی دوور یان نزیك هێدی هێدی بواری بەکارهێنانی بەرتەسك دەبێتەوە و لە ئەنجامدا ئەوانەی پێی دەدوێن ژمارەیان کەم دەبێتەوە، دواجار بەمردنی دوایین کەس کە قسە بەو زمانە دەکات ئەوا زمانەکەش بە زمانێکی لەناوچوو دەژمێردرێت.(طارق جامباز: ٢٠١١: ١٦١)، گرتنەبەری ئەم هەنگاوە لەلایەن زمانی باڵادەست وا دەکات کەوا زمان ڕووبەڕووی ململانێ ببێتەوە لە لایەن زمانی ژێردەست، چونکە پێویستە بزانین کە بەکارنەهێنانی زمان بە بەردەوامی لە خوێندن و پەروەردە و بوارە زانستیە جیاوازەکاندا، ڕێگە لە گەشەسەندن و پێشکەوتنی زمان و دۆزینەوە و داهێنانی زاراوەی نوێباو و دەوڵەمەند بوونی فەرهەنگەکەی دەگرێت.(ڕۆژان نوری عەبدوڵلا، ٢٠١٣: ٢٨٤) هەروەها خوێندن بەزمانی دایك، کاریگەری هەیە لەسەر بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی، هەروەها کاریگەری جۆراوجۆریشی هەیە لە کۆمەڵێك ڕووەوە لەسەر گەشەکردن و بوژانەوە و پەرەسەندن و بەهێزبوونی زمان هاوکات کاریگەریشی هەیە لەسەر ئارامی وئاسایشی گەلان .

هەروەها پێویستە بزانین کە قەدەغەکردنی زمان لە پرۆسەی خوێندن چەند ئەنجامێکی نەرێنی لێ دەکەوێتەوە، کەگرنگترینیان بریتین لەم خاڵانەی لای خوارەوە:

١- کاریگەری خراپی لەسەر لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی منداڵ هەیە:

سەرەتایی ترین ماف ئەوەیە کە مرۆڤ بە زمانی دایکی قسە بکات و بخوێنێت و بنووسێت، کاتێك منداڵێك لەو مافە بێ بەش بکرێت. توندترین زەبر لە بواری دەروونی کەسایەتی و هـزری پێگەیشتووە. دابڕان لە زمانی دایکی، ئەو کەسە بۆ هەمیشە تووشی کێشە دەکات و پەیوەندی لە نێوان بیرکردنەوە و قسەکردنی لەناو دەبات وتوانای کەم دەکاتەوە.( بابان سەقزی، ٢٠١٢: ٣٣) منداڵ لە تەمەنی(٦)ساڵیدا لە ماڵەوە و کۆڵان وگەڕەك بە زمانی دایکی قسە دەکات، کاتێك دەچێتە قوتابخانە بەڕێوەبەر و مامۆستایانی بە زمانێکی جیاواز دەیدوێنن کە لێیان تێناگات، ئەمە وادەکات، کە هەموو شتێکی قوتابخانە لە لای نوێ و نامۆ بێت، بۆیە لەم ژینگە نوێیەی دەترسێت و لەبەرچاوی دەبێزرێت.(قادر فەتاح ئەحمەد، ٢٠١٠:

---

[1]- سکۆت واتسن قوتابی دکتورا بووە ، لە بەشی (زانستی سیاسی ) لە زانکۆی کۆلۆمبیای بەریتانی لە کەنەدا لە ساڵی ٢٠٠٨. (هەمان سەرچاوە: ٢٣٢)

٦٦)، هەروەها زۆربەی توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە کە ئەگەر مرۆڤێك بە زمانێك قسەبکات، کە زمانی دایکە و بە زمانێك بخوێنێت و بنووسێت کە زمانی دووەمە، ڕووبەڕووی کێشەیەکی بایلۆجی وکردەیەکی سەخت لە بیرکردنەوە دەبێت لە مێشکیدا، بەڵام ئەو کەسانەی بە زمانی دایك دەخوێنن و دەنووسن و بیردەکەنەوە سەرکەوتوون لە ژیانیاندا،(یوسف شەریف سەعید،٢٠١٣: ٨٨) بەڵام دەبێ ئەوەش لەبەرچاوبگرین کە دەبێت کەرەستەکانی تری سەرکەوتنیش فەراهەم بن کاتێك باس لە سەرکەوتنی ئەوانە دەکەین کە بە زمانی دایك دەخوێنن و دەنووسن و بیر دەکەنەوە، چونکە بۆ نموونە ئەگەر سەرچاوەی زانستی بە زمانی دایك فەراهەم نەبێت ڕەنگە ئەم بابەتە ببێتە هۆکارێك بۆ دواکەوتن ونزمبوونەوەی ئاستی زانیاری و شکست خواردن.

٢- لاوازبوونی توانای چالاکی نواندن و پێشبرکێکردن :

ئەگەر لە ئاستێکی بەرفراوانتر سەیری کەین، منداڵانی ئەو گەلەی مافی پەروەردەیان بە زمانی دایك نییە، ئاستی پەروەردەیان لە خوارەوەیە و گەشەکردنی فەرهەنگیشیان نزمە، جا تێکشکانی کەسایەتی و لە ناوچوونی ناسنامەشیان بمێنێت، لە دوای چەند نەوەیەك، ناسنامەی ئەو گەلە لەناو دەچێت.(بابان سەقزی،٢٠١٢ : ٣٤)، هەروەها شوێنەوار و گرفتەکانی سوود وەرنەگرتن لە زمانی یەکەمی منداڵ و فێرکردنی منداڵ بە زمانی دووەم، بۆ پسپۆڕانی بواری پەروەردە و فێرکردن، شتێکی سەلمێنراوە، کە پێوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی دەپچڕێنێت و ئەو پچڕانی پێوەندیەش بە مانای تێنەگەیشتنی قوتابی لەوانەکان و بەجێمان لە ڕەوتی فێربوونە، ئەم گرفتە تووشی زۆر لە وڵاتانی جیهانی بۆتەوە کە سوود لە زمانی یەکەمی منداڵ وەرناگرن بۆ خوێندن.(قادر فەتاح ئەحمەد، ٢٠١٠: ٦٨ ).

## ٢-٥-٣: ڕاگواستنی زۆرەملێ و هاوردەکردن

دیاردەی کۆچکردن یان ڕاگواستنی زۆرە ملێ لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا و بە تایبەتی لەو وڵاتانەی دانیشتوانەکانی فرەنەتەوە و فرەئایین وفرەزمانن لە زیادبوون دایە. ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نەتەوەی باڵا دەست، هەردەم لە هەوڵی کێشەنانەوە و چەوساندنەوە وتواندنەوە و دەست بەسەرداگرتنی خاکی نەتەوە وزمان و ڕۆشنبیری نەتەوەی ژێردەستە.(عەبدوڵلاغەفور، ٢٠١٢: ١٣٧)، واتە ناچارکردنی تاکەکەسان لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیەوە بۆ بەجێهێشتنی شوێنی نیشتەجێ بوونیان بەمەبەستی سیاسی نەك بۆ مەبەستی گەشەسەندن و پەرەپێدان.( مراد حەکیم محەمەد،٢٠٠٣: ١٥)، بۆنموونە دەوڵەتی تورکیا کە چاوی بڕیوەتە خزاندنی کوردەکان بۆ ناو ناسنامەیێکی تورکی، فشاری دەخستە سەر کوردەکان بۆ بە جێهێشتنی هەرێمی نیشتمانەکەیان، هاوکات هانی تورکەکانی دەدا بۆ کۆچکردن بۆ ناوچە کوردییەکان، لەهەمانکاتدا بەکارهێنانی زمانی کوردی قەدەغە دەکرد، بەمەبەستی لەبوتەدانی زمانی کوردی لەناو زمانی تورکیدا.( سکۆت واتسن،٢٠٠٨: ٢١٦)

هەروەها حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقیش بە چەندین قۆناغ سیاسەتی ڕاگواستنی نەتەوەی  کوردی ئەنجامداوە و چەندین بیانووی جۆاوجۆریان بۆ ئەم سیاسەتە هێناوەتەوە. بۆ نموونە، گەلی کورد بە چەندین هۆکاری جیا جیا کۆچی بە کۆمەڵی بۆ شوێنانی دونیای پێکراوە .

بێگومان ئەم دیاردەیەش کاریگەری لەسەر زمان هەیە، چونکە زۆرجار وا دەبێت، ڕاگواستنی کەسی ڕاگوێزراو، بۆ شوێنێك بێت، کە زمانی ڕاگوێزراوان جیاواز بێت لە زمانی دانیشتوانی ناوچەکە، بەمەش کەسی ڕاگوێزراو سەرەڕای ڕووبەڕووبونەوەی کۆمەڵێك کیشەی دەروونی وکۆمەڵایەتی، لە ئایندەدا دوای چەند نەوەیەك، ڕەنگە نەوەکانی زمانی ڕەسەنی نەتەوەیی لە دەست بدەن یان زمانێکی پڕ لە هەڵە و لادان فێربین، نموونە لەم ڕووەوە زۆرن، وەکو کوردانی ئەردەن و میسر یان هەندێك کوردی دانیشتووی ئەوروپا منداڵەکانیان زمانی کوردی نازانن.

هەروەها کۆچکردن بۆ وڵاتی زمان جیاواز، بەهۆکارێکی گرنگ دادەنرێت، بۆئەوەی وشە لە زمانێکەوە بچێتە ناو فەرهەنگی زمانێکی تر، ئەمەش دەبێتە هۆی گواستنەوە و وەرگرتنی هەندێ وشە، زۆر جار لە زمانی منداڵدا هەستی پێدەکرێت، کاتێك کە قسە دەکات لە ڕستەیەکدا، هەندێ وشەی زمانە بیانییەکە بەکاردێنێت و یەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی ئەوەیە کە زمانی خوێندن و نووسین و قسەکردنیان هەر بەو زمانەیە، بەدەگمەن وشە و زاراوەی خۆیان بەرچاو دەکەوێت، یان قسەی پێدەکەن، هەروەها فێربوونی زمانی دووەم، هۆکارێکی ترە کەوا ناچاریان دەکات وشە و زاراوە بیانیەکە بەکار بێنن.

### ٢-٥-٤: لادانی بەربەستە جوگرافییەکان

حکومەت ئەگەر خاوەنی سیاسەتی سەپاندنی تاك زمانی  بوو، هەوڵدەدات بەپێی پلانێك زاڵ بێت بەسەر بەربەستە جوگرافییەکان، ئەویش بە شێوازی جۆراوجۆر، بۆ نموونە تورکیا لە ڕێگەی کردنەوەی قوتابخانە لە سەنتەرێکی دوور لە شوێنی نیشتەجێ بوونی ڕەسەنی قوتابیان بەربەستەکانی جوگرافیای لادەدا، بەشێوەیەك لە جیاتی ئەوەی مامۆستا ببات بۆ گوند و شارۆچکە کوردییەکان، قوتابیانی بە درێژایی ساڵان لە کەس وکاریان دوور دەخستەوە و دەیانبرد، بۆ لای مامۆستا تورکەکان لە قوتابخانە تایبەتیەکاندا، منداڵەکان بۆیان نەبوو لە قوتابخانە بە کوردی قسەبکەن، وەك دەستبەسەر دەژیان وسیاسەتی بەتورکی کردنی بە سەردا دەسەپاندن (ڕەفیق سابیر، ٢٠٠٨: ٦٧- ٦٨) هەروەها حکومەتی عیراق بۆ نەهێشتنی بەربەستە جوگرافییەکان سەرجەم گوندەکانی ویرانکرد و دانیشتوانەکەی لە کۆمەڵگەکان کۆدەکردەوە، بەمەبەستی زاڵبوون بەسەریاندا.

## ٢-٥-٥: بێ بایەخکردنی زمان لە بازاڕی کار

زۆرجار دەسەڵات لە بازاڕی کار هەوڵدەدا ئەو خوازیارانە پێش بخات، کە بە زمانی باڵا دەست قسەدەکەن، بە پێچەوانەوەوە ئەوانەی بە زمانی بندەست قسە دەکەن فشاریان بۆ دروست دەکرێت لە ڕێگەی نەرەخساندنی هەلی کار بۆیان، ئەمەش وا دەکات زمانەکەیان لەپیش چاو سوك بکات. بێگومان ئەم جۆرە ڕەفتارکردنە لەگەڵ تاکەکان زۆرجار لەو وڵاتانە پەیرەو دەکرێت کە سیستەمی حکومڕانی هەوڵی سەپاندنی تاك زمانی دەدات لە وڵاتدا.

## ٢-٥-٦: گۆڕینی ناوی ناوچەکان

ئەو وڵاتانەی هەوڵی سەپاندنی زمانی باڵادەست دەدەن، لەڕێگەی گۆڕینی ناوی شوێنەوارەکان و قوتابخانە و شەقام و شوێنە پیرۆزەکان ململانێ لەگەڵ زمانی بەرانبەردا دەکەن، بەشێوەیەك کە ناوی ناوچەکان لە شوێنە داگیرکراوەکە لە ناوی ڕەسەن بە زمانی نەتەوەی ژێر دەست بۆ زمانی سەپێنراو بە زمانی نەتەوەی باڵا دەگۆڕن، بۆ نموونە لە وڵاتی تورکیا ناوی زۆر شوێن لە زمانی کوردییەوە گۆڕان بۆ زمانی تورکی،(سکۆت واتسن، ٢٠٠٨: ٢١٦) هەروەها لە وڵاتی عیراقیشدا هەمان سیاسەت پەیڕەوکراوە بۆ گۆڕینی ناوی شوێنە کوردییەکان بۆ ناوی عەرەبی.[١] بێگومان ئەمەش پێچەوانەی ماددەی (٣٢) جاری گەردوونی مافی زمانەکانە کە دەڵێت : (( هەموو کۆمەڵگە زمانییەکان مافی بەکارهێنانی ناوی شوینەکانیان هەیە بە زمانی خۆیان بە شێوەی زارەکی و نووسین لە بوارەکانی تایبەت و گشتی و فەرمیدا))هەر لەهەمان ماددەدا لە برگەی دووەمیدا هاتووە: (( هەموو کۆمەڵگە زمانیەکان مافی ئەوەیان هەیە ناو لە شوێنان بنێن، ناویان بپارێزن یان ناوە ڕەسەنەکانیان بگۆڕن، ئەو جۆرە ناوانەی شوێنان ناکرێ بە زۆرەملێ بگۆڕدرێن، تێك بدرێن یان دابنرێن لەبەر گۆڕانی بارودۆخی سیاسی، یان هەرجۆرە گۆڕانێکی دیکە نابێ ناویان بگۆڕدرێ)).( طارق جامباز، ٢٠٠٨: ٨٦)

## ٢-٦: ئەنجامی ململانێی زمان

ململانێ زمانییەکان ئەم ئەنجامانەی خوارەوەی لێ دەکەوێتەوە:

أ- ئەو بارەیە کەوا زاڵبوونی یەکێك لە زمانەکانی تێدا ڕوودەدات :

هەندێك جار ڕوودەدات زمانێك بەسەر زمانێکی تردا زاڵ ببێت و ببێتە زمانی هەموو دانیشتوان بە ڕەسەن و داگیرکەرەوە، ئەمەش بە دووشێوە دەبێت:

١- ئەگەر ژمارەی کەسانی زمانێك لە زمانەکەی تر زیاتر بێت، لەو کاتەدا ئەو زمانە سەردەکەوێت کە ژمارەی تاکەکەسەکانی زیاترە، بۆ نموونە، کاتێك ئینگلیزە سەکسۆنییەکان لە ناوەڕاستی ئەورووپا

[١] لەبەشی سێیەمدا ، بە خستنە ڕووی چەند نموونەیێك باسی دەکەین.

هاتنە ئینگلتەرا، بەماوەیەکی کەم زمانەکەیان زاڵبوو بەسەر زمانی سەڵتی، چونکە ژمارەیان لەم ناوچانە کەم تربوو.

٢- ئەگەر زمانێك لە ڕووی شارستانی و ڕۆشنبیری لەوی تر دەوڵەمەندتر بێت، لەو کاتەدا ئەو زمانە سەردەکەوێت، کە ڕۆشنبیری و شارستانییەتەکەی زیاترە. بۆ نموونە ڕۆمانەکان کاتێك ناوەڕاست و خوارو و ڕۆژهەلاتی ئەوروپایان داگیرکرد زمانە لاتینییەکەیان زاڵ بوو بەسەر زمانی ڕەسەنی ئیتاڵی و ئیسپانی وئەلبی ناوەڕاست هەرچەند ولاتی داگیرکەر ژمارەی قسەپێکەریان کەمتربوو، بەلام لەڕووی شارستانی و ڕۆشنبیری پێشکەووتووتر بوون. (علی عبدالواحد وافی، ٢٠٠٩: ٢٣٠- ٢٣٢)

بەم جۆرە بۆمان دەردەکەوێت کە بنەمای چەندایەتی و چۆنایەتی ڕۆڵ دەبینی بۆ زاڵبوون و سەرکەوتنی زمانێك بەسەر زمانێکی تردا، بۆ نموونە، ئەگەر لەسەر بنەمای چەندایەتی سەیری بکەین زمانی سەرکەوتوو دەبێتە زمانی ئەم ولاتە بە میوان و ڕەسەنەوە ئەگەر خاوەن هەردوو زمانەکە لە ڕووی شارستانییەوە نزم بوون، واتە بەپێی بنەمای چەندایەتی هەر کام لە دوو نەتەوەکە لە ڕووی ژمارەوە زۆرترین، ئەوکاتە سەرکەوتن بۆ ئەو زمانە دەبێت کە ژمارەیان زۆرترە ئەگەر لە ڕووی ڕۆشنبیری و شارستانی لە یەك ئاستدا بن (فەریدوو عەبدوول بەرزنجی و سەباح ڕەشید ، ٢٠١٣: ٢٤- ٢٥) ، بەلام بەپێی بنەمای چۆنایەتی لایەنی ڕۆشنبیری و شارستانییەت ڕۆڵ دەبینێت، بۆ زاڵبوونی زمانێك، بە جۆرێك هەر کام لە زمانەکان لە ڕووی ڕۆشنبیری و شارستانی بەرزترین کاریگەری دەبێت بۆ سەر ئەویتریان.

ب- ئەو بارەیە کەوا هیچ یەکێك لە زمانەکان هێزی زاڵ بوونی نابێ بەسەر ئەویتریان:

ئەو بارەی کەوا هیچ یەکێك لە زمانەکان هێزی زاڵ بوونی نابێ بەسەر ئەویتریان، بریتین لەمانەی خوارەوە:

یەکەمیان : ئەمە کاتێك ڕوودەدات کە هەردوو زمانەکە لە هێزدا وەکو یەکبن، ئەویش لەو زمانانەن کەوا خاوەن شارستانیەتێکی مەزنن وەکو ئەڵمانی و فەرەنسی، نموونەش بۆ ئەمە، دراوسێیەتی نێوان فەرەنسا و ئینگلتەرا و ئەلمانیا و ئیسپانیا و پرتوگال نەبووەتە هۆی زاڵ بوونی زمانی هیچ گەلێکیان بەسەر زمانی گەلێکی دیکەیان.(علی عبدالواحد وافی، ٢٠٠٩: ٢٤٥)

دووەمیان : هەروەها ئەمە ڕوودەدات کاتێك هەندێك لە گەلان بەهۆی پاڵنەری سۆزی نیشتمانی یاخود بەمەبەستی بەدیارخستنی سەربەخۆییەوە، یاخود هەلاتنی لەدەست ولاتێکی دراوسێیەوە دەست دەگرن بە زمانەکەوە، هەروەها دەست دەگرن بە سیاسەتی ناوخۆی حکومەتەکەیان، کە ئەمەش گرنگی کەمتر نییە لە هەبوونی کاریگەری بەسەر ژیانی زمانەکەوە. نموونەی ئەمەش ئەوەی لەنێوان عەرەب و تورکەوە ڕوویدا، لەگەڵ فەرەنسی و ئینگلیزەکان، جا هەڵوێستە دژومنکارییەکان تەنیا لەسەر سیاسەت و داگیرکردن کورت هەڵنە هات، بەڵکو پەلی کێشا بۆ حەز نەکردن و بێزرانی وشە ناوخۆییەکان و هەوڵدان بۆ

کەمکردنەوەی بەکارهێنانیان، پاکسازییەکی هۆشیارانەی زمانی لێیانەوە. (رمضان عبدالتواب، ١٤٣٣ ه، ١٤٨)

سێیەمیان : هەروەها ئەمە ڕوودەدات کاتێك زمانێك خاوەنی شان و شکۆیەك دەبێ، ئەمە دەبێتە بەهانە بۆ نرخی خودی زمانەکە، نمونەی ئەمەش، زمانی عەرەبیە کە سەرەرای ڕزگارکردنی ئەندەلوس لەلایەن عەرەبە موسڵمانەکانەوە و مانەوەی لە ژێر دەسەڵاتیان بۆ نزیکەی حەوت سەدەوە، نەیتوانی بەسەر زمانی ئیسپانیدا زاڵ بێ، ئەمەش لەبەرئەوەی زمانی عەرەبی سەر بە خێزانە زمانێکی جیاواز لە خێزانە زمانی ئیسپانی بوو، هەروەها لەبەر ئاوێتەنەبوونی گەلە (قوتییەکان) بە گەلی عەرەبیەوە.(علی عبدالواحد وافی، ٢٠٠٩: ٢٤٩)

بێگومان هەر کاتێك دوو زمان لە یەك شوێن کۆببنەوە، ئەوا هەر دەبێ هەردوو زمانەکە کاریگەری بکەنە سەریەکتری، جا جیاوازی نییە کە ئەگەر یەکێکیان زاڵ بێ بەسەر ئەویتریان یاخود هەریەکەیان وەکو دوو زمانی هاوسێ لەتەك یەکتری بمێننەوە، بەڵام جۆری ئەو کاریگەریکردنە لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە، هەروەها لە ڕووی بوارەکانی دەرکەوتن و ئەنجامەکانیانەوە جیاواز دەبێ، لە حاڵەتی زاڵبوونی زمانێکیان بەسەر ئەویتریان لەگەڵ حاڵەتی مانەوەی هەردووکیان پێکەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی ئێمە دەبینین زمانە زاڵبووەکە هەموو ئەوانەی کە لە زمانە بەزیوەکەی دیکە وەری دەگرێ دەیانگونجێنێ و بەکاریان دەهێنێ هەرچەندە ڕێژەکەشیان زۆربێ، لەم حالەتەشدا خوازراوەکان دەگۆرێن بۆ ڕەگەزگەلێك هاوشێوەی جۆری ڕەگەزەکانی زمانەکەی خۆی، هەروەها دەچنە نێو زمانەکەوە و بەهۆیەوە هێز و تازەگەری و چالاکی زیاد دەبێ، بەبێ ئەوەی هیچ بوارێك بڕەخسێنێ بۆ کاریگەری کردنە سەر بناغەکەیەوە، یاخود ڕێگەی پێ بدات کە کارێك بکات کە پێکهاتە ڕەسەنەکەی بگۆرێت. بەڵام هەرچی زمانە بەزیوەکەیە، ئەمیان بە پێچەوانەی ئەویانە، هەرگیز ناتوانێ ئەو بەرگرییە لەناو ببات، کەوا زمانە زاڵبووەکە ئەنجامی دەدات، لەبەشە وشەکان و ڕێسا و ڕێزمان و شێوازەکانییەوە و بەردەوامیش وەریان دەگرێت.(حاتم صالح الضامن ،١٩٨٩ : ١٢٢– ١٢٣)

هەروەها ئەگەر هاتوو وا دانرا کەوا هەردوو زمانەکە مانەوە، ئەوا هەریەکەیان دەبنە بەربەست لە بەردەم ئەوەی دیکە، کە ئەوەی وەری دەگرێت و پارێزگاری لەزیندەگی خۆی دەکات و هەموو ئاسەوارە روخێنەرەکانیش لە ناو دەبات کە دەکەوێتە سەری جا ئەو ئاسەوارانە پەیوەندییان بە دەنگەکان، ڕێساکان،بناغە یا شێوازەکانەوە هەبێ. بەمەش هەردوو زمانەکە وەکو خۆیان دەمێنن و بەیەکەوە ژیان دەبەنەسەر، هەریەکەیان مۆرکی تایبەتی خۆی وکەسێتی بەهێزی خۆی دەبێ. (رمضان عبدالتواب، ١٤٣٣ ه، ١٤٩)

## ٢-٧: بنەمای پێویست بۆ یەکلاییکردنەوەی ململانێی زمان

هەندێك لە زمانەوانەکان چەند ڕێسایەك دادەنێن کەوا ناوەڕۆکەکەی ئەوەیە هیچ زمانێك زاڵ نابێت بەسەر زمانێکی دیکەدا، ئەگەر ئەو بنەڕەتانەی خوارەوەی تێدا بەدی نەکرێت:

١- دەبێ ژمارەی تاکەکانی کۆمەڵگەی زمانە زاڵبووەکە، لەهی زمانەکەی تر زیاتر بێت، لەو کاتەدا توانای زاڵبوونی دەبێت بەسەر زمانە بەزیوەکەدا.

٢- پێویستە لە ڕووی شارستانی و ڕۆشنبیری زمانی زاڵبوو دەوڵەمەندتر بێت، ئینجا توانای زاڵبوون وسەرکەوتنی دەبێت بەسەر زمانی بەرانبەردا.(علی عبدالواحد وافی،٢٠٠٩: ٢٣٠-٢٣٧).

٣- پێویستە زمانەکان تێکەڵاوی یەکتربن لە ڕووی مادی و ڕۆشنبیری و کەلتووری. (فەریدوو عەبدوول بەرزنجی و سەباح ڕەشید ، ٢٠١٣: ٢٤)

٤- دەبێ ماوەیەکی پێویست بە زاڵبوویی بمێنێتەوە و لەگەڵ بەردەوام بوونی هێزەکەیەوە، تا وەکو زمانە زاڵبووەکە بتوانێ بنکەی جەماوەری خۆی فراوان بکات و سەرکەوتنی راستەقینە بەدەست بهێنێ. (حاتم صالح الضامن ،١٩٨٩ : ١٢٢)

٥- دەبێ کۆچبەرێکی(جالیەیەکی) ژمارە زۆر و بنکە فراوانی هەبێ، بەسیفەتێکی هەمیشەیی لە وڵاتی ئەو گەلە نیشتەجێ بن، کەوا زمانەکەیان زاڵبووە، هەروەها دەبێ ئاوێتە بێ لەگەڵ تاکەکانی ئەم گەلە و ناشبێ هەرگیز دوورە پەرێز بێ.

٦- دەبێ هەردوو زمانەکە (زاڵبوو – بەزیوەکە) لە یەك خێزانە زمان بن ، یاخود لە دوو پۆلی هاوسێ بن.(صادق یوسف الدباس، ٢٠١١: ٦٥)

٧- پێویستە زمانی زاڵ لەلایەن دەسەڵاتی وڵات پشتگیری بکرێت لە ڕووی یاسایی و سیاسی و دارایی..تاد.

## ٢-٨: نموونەی ململانێی زمان

### ٢-٨-١: کۆماری تورکیا

کۆماری تورکیا هەر دوو کیشوەری ئاسیا و ئەوروپا بەیەکەوە گرێدەدات، خاکەکەی کەوتۆتە نێو هەردوو کیشوەرەکە، ژمارەی دانیشتوانی بەپێی ئاماری ساڵی (٢٠٠٧ز)، پێکهاتووە لە( ٧٠,٥٨٦,٢٥٦) کەس، لەڕووی پێکهاتەی نەتەوەیی ئەم وڵاتە بەسەر چەند پێکهاتەیێکی ئیتنی جیاواز دابەش دەبێت، واتە وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەزمانە، هەرچەندە، ئاماری ئەم وڵاتە ڕەچاوی پێکهاتەی نەتەوەیی نەکردووە، بەڵام بەپێی ئامارێکی تەخمین کراو، پێکهاتەی نەتەوەیی لەم وڵاتەدا بەم شێوەیە دابەشکراوە،( ٧٠,٢٪ نەتەوەی تورك، ٢٠,٤٪ نەتەوەی کورد، ٢,٣٪ قوقاز، ٢,٢٪ نەتەوەی عەرەب، ٠,٩٪ فارس، ٠,٧٪ ئازەربایجانی) (ویکیبیدیا،٢٣/١٠/٢٠١٣).

لەساڵی(١٩٢٣ز)دا،کۆمەڵەی بەرزی نیشتمانی تورکیا، کۆماری تورکیای ڕاگەیاند، مستەفا کەمال(ئەتاتورك) بە سەرۆکی تورکیا هەڵبژێردرا و(مصطفی فاخوری، ٢٠٠٧: ١٥٠)، لە نیسانی

ساڵی(١٩٢٤ز)دا، یەکەمین دەستووری تورکیای پەسەند کرد، لە ماددەی هەشتا و هەشتەمی دەستوورەکەدا هاتووە((هەموو دانیشتوانی تورکیا بەبێ جیاوازی ئاینی و نەژاد، گشتیان تورکن))، هەروەها بەپێی ماددەی دووەمی دەستوورەکە ((زمانی تورکی بە تاکە زمانی ڕەسمی و دانپێدانراوی تورکیا )) داندرا.(ڕەفیق سابیر،٢٠٠٨: ٦٧)

هەروەك لە ئامارەکان خستمانەڕوو، تورکیا دەوڵەتێکی فرەنەتەوە و فرەزمان و فرەڕۆشنبیرییە، لە چەندین کەمە نەتەوەیی و گەل و نەتەوە پێکهاتووە، هەریەکێ لەم گروپە ئیتنیانە، زمانی تایبەتی خۆیان هەیە، بەڵام لەلایەن دەوڵەتی تورکیا لە هەنگاوی یەکەمی حوکمرانیی دەوڵەتی کۆماری علمانی لە دەستورەکەیدا، سەرجەم نەتەوەکان، جگە لەنەتەوەی تورك، لە زمانی نەتەوەیی خۆیان بێ بەش کران، چونکە تەنیا زمانی تورکی بە زمانی دەوڵەت دەناسرێت و زمانەکانی دیکە بەپێی دەستووری تورکیا، دانیان پێدا نانرێ، (حوسین محەمەد عەزیز،٢٠٠٥: ١٢٨) سەرەڕای ئەوەی دان بە زمانەکانی تر دانانرێت، تەنانەت شۆڤینیزمەکانی تورکیا هەوڵیان دەدا بیسەلمێنن کە زمانی کوردی زمان نییە، بەڵکو دیالێکتێکی تورکییە،بۆ ماوەی نیوسەدە ئەو ئەفسانەیان دووپات دەکردەوە، کە زمانی کوردی ڕێزمانی نییە وتەنیا(٨٤٢٨) وشەی هەیە، لەمانیش تەنیا (٣٠٠ ) وشەیان کوردین، ئەوانی دیکە لە زمانی جۆراوجۆر وەرگیراون، هەروەها دەیانگووت زمانی کوردی دیالێکتێکی دواکەوتوو و شپرزەیە ناتوانێ نووسین و ئەدەبیاتی هەبێ و ئەوەندەی هەیەتی بێگانە بۆی سازکردوون.( ئەمیری حەسەنپور، ٢٠١٠: ٦) هەروەها حکومەتی تورکیا بە ماوەیەکی کەم دوای پەسەندکردنی دەستور لەساڵی (١٩٢٥ز) دا، واتە پاش سەرکوتکردنی شۆرشی شێخ سەعیدی پیران، کەوتنە لێدانی زمانی کوردی، بۆ یەکەمجار لە پەروەردە دەستیان پێی کرد،( زمانی کوردی) یان بە جارێك لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن دوورخستەوە و لەوەش زیاتر لە میدیا و دادگا و ژیانی رۆژانەش قەدەغەکرا، بەم جۆرەش شەڕی زمانی کوردی هاوشانی شەڕی نەتەوەی کورد کرا.(سەلام ناوخۆش ،٢٠١٣: ٢٠)

سیاسەتی زمانی لە تورکیا بەندبوو بە بەرهەڵستیکردنی ئاسەواری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەلایەك و ویستی عەلمانیەت لە لایەکی دیکەوە، تا ئەو سەردەمە زمانی تورکی بەئەلفوبێی عەرەبی دەنووسرا، بەڵام لە ساڵی(١٩٢٨ز) دا لیژنەیەکی زمانەوانی پێکهێنا، بۆ دانانی ئەلفوبێیەکی تازە، بە بیانووی ئەوەی، کە ئەوەی پێشتر گوزارشت لە دەنگی تورکی ناکات. هەر لەو ساڵەدا کۆمەڵەی نیشتمانی ڕەزامەندی لەسەر ئەلفوبێی نوێدا. یەکسەر لە بواری پەروەردە و دواتر لە کارگێڕی و فەرمانگەکانی دەوڵەت پەیڕەوکرا. بەمەش ئەلفوبێی تازە شوێنی ئەلفوبێی کۆنی گرتەوە کە لە بەڵگەنامەکانی کارگێڕی و چاپەمەنییەکاندا بەکار دەهات، بۆیە بڕیاردرا لە مانگی حوزیران، بە یەکجاری کار بە ئەلفوبێی تازە بکرێ.(لویس جان کالفی،٢٠١٢: ١٨٥- ١٨٦)

دەوڵەتی کەمالیستی تورکیا، بەهۆی خۆبەکەمگری لە بەرانبەری ئەوروپا و بانگەشەی ئەوروپایی بوونی تورك و بەمەبەستی بە تورككردنی گەلانی نێو تورکیا و کوشتنی زمانەکانیان، ئەم ئەلفوبێیەی لە تورکیا سەپاند، کە ئەلفوبێی لاتینی بوو، بەم کارەش هەموو نەتەوەکانی نێو تورکیای لە

ڕیشـەی ڕۆشـنبیری و ئـەدەبی ومێـژوویی خۆیـان دابـڕی و بـە ڕۆشـنبیری و ڕابـردووی مێـژوویی بـاب و باپیرانی نامۆی کردن. ئەمەش بەشێك بوو لە ئامانجەکانی کەمالیزم، کە دەیویست گەلانی کـورد و عـەرەب و لاز و چـەرکەس و گـورجی ..تـاد بـە تـورك بکـات و لـە نێـو سـنووری تورکیـادا نەتەوەیـەکی نـوێی تـورك دروست بکات. دوای سەپاندی زمانی تـورکی وەك تاکـە زمـانی فـەرمی دەوڵـەت، پرۆسـەی بـە تورککردنی ئەو گەلانە و کوشتنی زمان و ڕۆشنبیرییەکەیان دەستی پێکرد. ئەم کارەش بـە هێـزی دەسـتوور و یاسـا و لـەرێی زەبـر وزەنـگ و تـیرۆری دەوڵەتـەوە جێبـەجێکرا.(ڕەفیق سـابیر، ٢٠٠٨: ٦٦)، هـەروەها لـە سـاڵی (١٩٢٩) خوێنـدن بـە زمـانی کـوردی و عـەرەبی و فارسـی لـە قوتابخانەکانـدا هەڵوەشـاندەوە(لویس جـان کالفی، ٢٠١٢: ١٨٦) هەروەها لە ماددەی (٢٤)ی دەستووردا ئەوەی چەسپاند کە((جگە لـە زمـانی تـورکی هـیچ جـۆرە زمـانێکی تـر بـۆی نییـە لـە قوتابخانـەکان بخوێنـدرێت و وانـەی پـێ بگوترێتـەوە وەك زمـانی دایك)).(نـەریمان عەبدوڵڵاخۆشـناو، ٢٠١٣: ١٤٨). ڕەفتـار و هەڵسوکەوتەکانی دەوڵـەتی تورکیـا هەڕەشـە بوون بۆ سەر ناسنامەی نەتـەوەی کـورد، چـونکە هەسـت بـەوە کـرا کـە چـاوی بڕیوەتـە خزانـدنی نەتـەوەی کورد بۆ ناو شوناسی تورکی، لە ڕێگەی جێبەجێکردنی چەند پلانێك، بۆ نموونە، فشاریان دەخستە سـەر کوردەکـان بـۆ بـە جێهێشـتنی هـەرێمی نیشـتمانەکەیان (کۆچپێکردن) و لـە بەرانبـەردا هـانی تورکـەکانیان دەدا بـۆ کۆچـکردن بـۆ ناوچـە کوردییـەکان، هـەروەها زمـانی کـوردی لـە بـەکارهێنان قەدەغـەکرا و نـاوی ناوچەکانیان دەگۆڕی و توندوتیژییەکی مەودافراوانیان دژی دانیشتوانە کوردەکان بـەرپا کـرد، کـە لەسـەر لێواری پاکتـاوی نـەژادی بـوو بـەهۆی ڕاگواسـتن و بێبەشـکردنی دانیشـتوانە ڕەسـەنەکە لـە نیشـتمانەکەی خۆیان.(سکۆت واتسن، ٢٠٠٨: ٢١٦)

کاتێك کورد لە ڕووی سیاسەتی کوشتنی زمانەکەی و تواندنەوەی نەتەوەییدا ڕابوو، دەوڵەتی تورك، لەرێی کوشتاری بە کۆمەڵی کوردەوە، کوشتنی زمان و ڕۆشنبیری کوردی گۆڕی بە جینۆسایدی کورد، ئەم سیاسەت و ڕێبازەی دەوڵەتی تورك، بەرهەمی ئایدیۆلۆجیایەکی ڕەگەزپەرستانە بوو، بەڵام بە مۆدێلی تورکی، چونکە تورك رەگەزپەرستی لە دیاردەیەکی بایۆلۆجییەوە گۆڕی بە دیاردەیەکی زمانی و ڕۆشنبیری .لە لای دەوڵەتی تورك ئەوەی تورك نەبوو و زمانەکەی تورکی نەبوو بە دواکەوتوو و گوندی، تورکی شاخی، وەحشی وێناکرا.بانگەشەی ئەوەیاندەکرد،کە بۆ ئەوەی ئەو وەحشی و دواکەوتووانە بە شارستانی بکرێن و پێشبخرێن، دەبێ فێری زمانی تورکی بکرێن و شەرمیان بە زمانەکەی خۆیان بێت و فەرامۆشی بکەن، هەموو دەزگاکانی دەوڵەت بۆ سەرخستنی ئەم سیاسەتە ڕەگەز پەرستیەی دەوڵەتی تورك، بەگەڕ خران. سیستەمی پەروەردە و قوتابخانەکان باشترین جێگابوون بۆ پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتە و شوشتنەوەی مێشکی منداڵانی کورد، لە زۆر لە ناوچەکانی کوردستان لە جیاتی مامۆستا بچنە گوندەکان و شارۆچکەکان، دەوڵەت قوتابیانی لەکەس وکاریان دوور دەخستنەوە و دەیانبردن بۆ لای مامۆستا تورکەکان و لە قوتابخانەی تایبەتدا، کە بەچەند مانگ چاویان بە دایك و باوکیان نەدەکەوت. وەك دەستبەسەر دەژیان و بە تورك دەکران.(ڕەفیق سابیر ، ٢٠٠٨: ٦٧)

بەم جۆرە بۆمان دەردەکەوێت تورکیا بەهەموو شێوەیەك ئینکاری لە بوونی پێکهاتە و نەتەوە جیاجیاکانی تورکیا بەگشتی و نەتەوەی کورد بە تایبەتی دەکات، تەنانەت دوای چەندین جار هەموارکردنی دەستورەکەی تاکو ئێستا جگە لە نەتەوەی تورك دان بە بوونی هیچ پێکهاتەیەکی تری نەتەوەیی نانرێت لە تورکیا، هەروەها جگە لە زمانی تورکی ڕێگە بە هیچ زمانێکی تر نادرێت لە فەرمانگە و دامودەزگا و پرۆسەی خوێندن و فێربوون بەکار بهێنرێت.

دوای ئەوەی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی دەوڵەتی تورکیا بوونە مایەی هەڕەشە لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی کورد، بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردیش تەقەلایاندا بۆ بەرگریکردن لەو هەڕەشانە، بۆیە چەندین پارت و ڕێکخراو وبنکەی ڕۆشنبیری لە ناوخۆی تورکیا و لە دەرەوەی تورکیا دروستکران بۆ بەدەست هێنانی مافەکانی نەتەوەی کورد و چەندین ڕێگەی جۆراوجۆریان گرتۆتەبەر بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکان.(هێرش عەبدوڵلا حەمە کریم، ٢٠٠٨: ١٧٥) بێگومان ئەو پارت و ڕێکخراوە کوردییانە بوونەتە مایەی فشار بۆسەر دەسەلاتی تورکیا و توانیویانە کە چەند هەنگاوێك بە دەوڵەتی تورکیا بنێن، بەلام تاکو ئێستا لە ولاتی تورکیادا لە دەستوری ولاتدا هیچ گۆڕانێك ڕووینەداوە بۆ مافدان بە پێکهاتە و نەتەوەکان، بەلام بەهۆی ئەو فشارانە، بۆ یەکەمجار لە مێژووی کوردستانی تورکیا لە(٢٠٠٤/٦/٩ز) حکومەتی تورکیا ڕێگەی دا پەخشی تەلەفزیۆنی بە زمانی کوردی بکرێت، لەڕێگەی کردنەوەی کەناڵێکی سەتەلایت بە ناوی( TRT6)، کە ئەمەش دەستکەوتێکی باشبوو بۆ کوردان، هەروەها دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو لە تورکیا، هەرچەندە حکومەتی تورکیا بەو هەنگاوەی ڕووبەڕووی ڕەخنەی توند بوویەوە لە لایەن هەندێك حزبی تورکی لەوانە سکرتێری گشتی (مەهەبە) لە (٢٠٠٩/١/١٤ز ) ڕەخنەی لە کردنەوەی تەلەفزیۆنەکە گرت و گووتی: ((ئەم کارە دەبێتە هۆی پارچە بوونی تورکیا و هەوڵێکە بۆ دروستکردنی نەتەوەیەك لە ناو نەتەوەی تورکیا، کە خاوەنی زمان و ئەلفوبێیەکی جیاواز بێت)).(نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو، ٢٠١٣: ١٥٢- ١٥٣)

هەروەها لە ساڵی (٢٠٠٩ ) لە هەنگاوێکی دیکەدا، زانکۆی دیجلە لە شاری ماردین کرایەوە، لەم زانکۆیەدا بەشی زمانی کوردی کرایەوە و لە یەکەمین قۆناغدا(٢٥) قوتابی لە خوێندنی بالا وەرگیران بۆ وەرگرتنی ماستەر لە بابەتی کوردۆلۆجیا، ئەمەش دەستپێکێکی باشە بۆ ئاینده، چونکە بە تەواوبوونی ئەم قوتابیانە دەکرێت هەنگاوی باشتر بنرێت.(هەمان سەرچاوە: ١٥٤)، هەروەها ڕەجەب تەیب ئەردوغان، سەرۆك وەزیرانی تورکیا لە هەنگاوێکی تازەدا لە ڕۆژی (٢٠١٣ /٩/٣٠) پاکێجێکی تازەی بۆ دیموکراسی لە تورکیا ڕاگەیاند، کە بۆ کورد دەسکەوتی تازەی تێدا بوو، بەلام خواست و داواکاریەکانی کورد زۆر زیاتر بوون لەوەی ڕاگەێنرا، بۆ نموونە لەپاکێجەکەدا هاتووە، ڕێگە بە بەکارهێنانی زمانی کوردی لە پرۆسەی پەروەردە و خوێندن لە قوتابخانە تایبەتیەکان دەدرێت و پالێوراوانی پارتە سیاسیەکان ئازادن بە هەر زمانێك بانگەشە بکەن لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا، هەروەها گەمارۆ لەسەر ئەو پیتە کوردیانە هەڵگیرا کە پێشتر قەدەغەکراوبوون کە بریتی بوون لە هەرسێ پیتی (Q,W,X) کە لە زمانی تورکیدا نین، هەروەها گەراندنەوەی ناوە ڕەسەنە کوردییەکان بۆ ئەو گوندو شوێنانەی کە پێشتر ناوەکانیان بە زۆر

کرابوون بە تورکی، جگە لەمانەش ئەو سوێندەی کە فەرز بوو لەسەر منداڵانی کورد کە هەموو بەیانییەك بیڵێنەوە"سوێند دەخۆم من تورکم ، فیدای بوونی تورکم"نامێنێت، بەڵام پێویستە ئەوە بزانین، کە ئەو هەنگاوانە سەرجەم مافە زمانییەکان بۆ نەتەوەی کورد دابین ناکات و نەیتوانیوە فشاری پارتە کوردییەکان کپ بکاتەوە، بەڵکو دوای ڕاگەیاندنی پاکێجەکان ڕۆژانە لە شارە کوردییەکان خۆپێشاندان و نارەزایی دەردەبڕدرێت لە دژی خاڵەکانی ناو پاکێجەکە(کەمال ئاقجی،۲۰۱۳/۱۰/۱۰) [1] داواکارییان ئەوەیە، کە زمانی کوردی ببێتە زمانی فەرمی لەپاڵ زمانی تورکی و، زمانی کوردی ببێتە زمانی پەروەردە لەسەرجەم قوتابخانەکان نەك تەنیا لە قوتابخانە تایبەتیەکان، بێگومان ئەمەش وا دەکات کە بەریەککەوتن و ململانێی زمانیی زیاتر ببێتە واقیع، لەبەرئەوەی زۆربەی تاکی تورکی وکۆمەڵگەی تورکی، زمانی کوردی وەك زمانی فەرمی و زمانێکی جودا لە زمانی تورکی لە نێو پەروەردە هەرس ناکات، چونکە لە ژێر سایەی سیکیولەری و ناسیۆنالیزمی تورکی پەروەردە کراوە، لەو لاشەوە ناسیۆنالیستی مەدەنی کوردی شەڕی ئەوە دەکات کە زمانی کوردی لە نێو کۆمەڵگەی کوردستاندا ببێتە جێگرەوەی زمانی تورکی لە پەروەردە و دەسەڵاتی سیاسیدا، ئەو ململانێی زمانییەش، کەمتر نییە لە شەڕی چەکداری نێوان هێزە کوردیەکان و هێزی تورکی، بۆیە لە داهاتوودا بەریەککەوتنی زمانی لە نێوان زمانی تورکی و زمانی کوردی دەبێتە شتێکی حاشاهەڵنگر.(سەلام ناوخۆش،۲۰۱۳: ۲۱)

زمانی کوردی لە وڵاتی تورکیا شەڕی مان ونەمان دەکات، چونکە بە تەواوی لەبەردەم زمانی تورکیدا پاشەکشەی کردووە. زۆرینەی خەڵکی کوردستان لە تورکیا زمانی کوردیان بیرچۆتەوە و زمانی تورکی بۆ ئەوان بە تەواوی جێگای زمانی دایکی گرتۆتەوە، پرۆپاگەندەی دەوڵەتی تورك، زمانی کوردی لای خەڵکی کورد وەك زمانی خەڵکی دواکەوتووی بێ ڕۆشنبیری و گوندی و نەخوێندەوار و وەحشی وێنا کردوە. تەنانەت زۆر جار ئەو کوردانەی کە زمانی خۆیان دەزانن، بەڵام هۆشیاریی نەتەوەییان لاوازە، پێیان شەرمە قسەی پێی بکەن، چونکە پرۆپاگەندەی دەوڵەتی تورك ئەو زمانەی بە جۆرێك لە لا سوك و بێ بایەخ کردوون، کە ئەوان خۆیان ئارەزوومەندانە دەستبەرداری بوون. تەنانەت ئەوانەی نیشتەجێی ئەورووپاشن هەندێك لە نووسەر و ڕۆناکبیرانیشیان، لە ماڵی خۆیاندا بە زمانی تورکی لەگەڵ منداڵەکانیاندا دەدەوێن. هەرچەندە منداڵەکانیان مافیان هەیە بە کوردی بخوێنن، کەچی دایك وباوکیان دەیاننێرنە بەر خوێندنی تورکی، چونکە بڕوایان بەوە نەماوە کە زمانی کوردی بۆ داهاتووی منداڵەکانیان بایەخ و مانایکی هەبێت. ( ڕەفیق سابیر، ۲۰۰۸: ۷۱– ۷۲).

زمانی کوردی جگە لەوەی لە لایەن دەوڵەتی تورکیا ڕووبەڕووی ململانێی زمان بۆتەوە، هاوکات لەلایەن هەرسێ وڵاتی عێراق و سوریا و ئێرانیش، بەهەمان سیاسەتی شۆڤێنیانە ڕووبەڕووی ئەو ململانێیە بوونەتەوە، هەرچەندە ڕەنگە شۆڤێنیەتی یەکێکیان لەوی دیکە کەمتر بێت، بەڵام ئەم وڵاتانە گشتیان لێکچوونیان هەیە لە ڕووی ئەوەی فرەزمان و فرەنەتەوە و فرەڕۆشنبیرین، هەروەها لە ڕووی

[1]– ئەم بابەتە لە تۆڕی هەواڵی میدیایی ڕووداو وەرگیراوە لە ڕێککەوتی ۲۰۱۲/۱۲/۲۰ ز
(http://rudaw.net/sorani/middleeast/turkey/101020132#sthash.bwS1HsXp.dpuf)

سیاسـەتیش هـەر چوار وڵات هاوشێوەی یـەکتر هەوڵیانـداوە لـە ڕێگـەی سـەپاندنی زمـانێکی فـەرمی و قەدەغـەکردنی زمانـە نافەرمییـەکان، بنیـاتی نەتـەوەییّکی یـەك زمـان و یـەك ئـاڵا و یـەك ڕۆشـنبیری و یـەك قـەوارە دابڕێـژن، هـەروەها حکومەتـەکانیان بـۆ داسـەپاندنی زمـانی فـەرمی دەزگـای زەبروزەنگـی وەك پـۆلیس و سـەرباز و دادگـا و زینـدانیان بـەکارهێناوە و ئـامرازی ئایـدیۆلۆژی وەك پـەروەردە و ڕاگەیانـدن، هونەر ، زانست ، رۆشنبیریان بەکار هێناوە. ئامانجی ئەم وڵاتانە بە تایبەتی ئێران وتورکیا و سوریا ئەوە بوو کە زمانی فـەرمی ببێتـە زمـانی تـەواوی ئەوانـەی بـە زمـانی دیکـە قسـە دەکـەن، بـەڵام یـەکزمانیکردنی خـەڵکێکی فرەزمـان کـارێکی ئاسـان نـەبوو و ململانێیکـی زۆرکـرا، ئـامرازی زەبـروزەنگ وەك ئـامرازی سەرەکی بۆ هەوڵی یەکزمانی بەکارهێنراوە(ئەمیر حەسەنپور، ٢٠١٠: ٥)، هەرچەندە لەسەدەی ڕابردوودا، ئەزموونی زمـانیی لـەو وڵاتانـەی گـەلی کوردی لێدەژی بریتـی بـووە لـە زمانکوژی و شـۆڤینیزمی زمـانی و ڕۆشنبیری کوژی، بەڵام تاکو ئێستا نەیانتوانیوە زمانی کوردی لە بۆتەی زمانەکانیان بتوێنـەوە، ڕەنگـە تـا ڕادەیەك توانیبێتیان کاریگەری زمانەکانیان بخەنە سەر زمانی کوردی.

### ٢-٨-٢: کەنەدا و کیبیك

وڵاتی کەنەدا یەکێك لە وڵاتانی کیشوەری ئەمریکای باکورە، پایتەختەکەی (ئۆتاوا)یە، وڵاتێکی فیدراڵییـە، لـە ڕووی زمانیـەوە وڵاتێکـی دووانـە زمانـە، بەشـێوەیەك کـە زۆرینـەی دانیشـتوان بـە زمـانی ئینگلیزی دەدوێن، بەشێکی کەمینـەش بە زمانی فەڕەنسی دەدوێن.( مصطفی فاخوری،٢٠٠٧: ٣٣٦)، کەنەدا بە درێژایی مێژوو لەژێر داگیرکاری فەڕەنسا و بەریتانیادا بوو، لـە سـاڵی (١٨٧٦ ز) سـەربەخۆیی وەرگرت و لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکاری بەریتانیا ڕزگاری بوو.( هـەمان سەرچاوە: ٣٣٧) هـەرێمی کیبیك یەکێکە لەو هەرێمانەی کە لە (٨٦.٣٪) دانیشتوانەکەی بە زمانی فەڕەنسی دەدوێن و( ١٢.٩٪ )بە زمـانی ئینگلیـزی دەدوێـن (طـارق جامبـاز،٢٠٠٧: ٩٢)، واتـە زۆرینـەی فەڕەنسـی زمانـان لـە هـەرێمی کیبیـك نیشتەجێن، بەڵام لەسەر ئاستی کەنـەدا دا ڕێژەی فەڕەنسـی زمانـان لـە ( ٢٦٪ ) دانیشـتوانی کەنـەدا پێك دەهێنێت و کەمینـەن. (بیتر هـانس نیلد، ٢٠٠٩: ٦٤٢) بـەو پێیـەی ململانێی بـەر بـە گـۆڕینی ناسنامەی کۆمەڵگە دەگرێت، بۆ پووچەڵکردنەوەی کاریگەری زمان و ڕۆشنبیری دراوسێ، هاوڵاتیانی نێو هەریەك لە دانیشتوانی کیبیك و دایك زمانی کەنەدی، لە چەندین کاتی جیاواز بە درێژایی مێژوو، بەشە ئینگلیزییە گەورەترەکەی کۆمەڵگەی کەنـەدییان بـە مەترسـی بـۆ سـەرخۆیان زانییوە.(سکۆت واتسـن، ٢٠٠٨: ٢١٦)، ئەمـە وایکـرد، ململانێی زمـان لـە نێـوان کەنـەدا و کیبیـك سـەرهەڵبدا، کەنەدییـە فەڕەنسـی زمانـەکان بـە درێـژایی سـەدەی نۆزدەهـەم بـەردەوام لـە خەباتـدا بـوون بـۆ پاراسـتنی مـافی زمانەکـەیان. لـەم بوارەشـدا سەرکەوتنی باشیان بەدەستهێناوە کە نکۆڵی لێ ناکرێ . لـە سـاڵی (١٨٤٨ ز)دا پـەرلـەمانی بـەریتانیا، ئـەو ماددەیەی لابرد کە باسی لە وازهێنان لە زمانی فەڕەنسی دەکرد، بەڵام بەهۆی باس نەکردنی بابـەتی زمـان لە دستوری کەنـەدی دا سـاڵی (١٨٦٧ز)، حکومـەتی فیـدراڵی (ناوەنـدی) و حکومـەتە هەرێمییـەکان بۆیـان هەبوو بە هاوبەشی لە بارەی زمانەوە یاسا دەربکەن . بـەهۆی بـوونی دوو لایـەن بـۆ داڕشـتنی سیاسـەتی

زمان ئەمە وایکردووە، بە تێپەربوونی کات هەندێ تێگەیشتن و بۆچوونی جیاواز و ناکۆك بۆ ناساندنی مافە زمانییەکان لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتە هەرێمییەکان بەگشتی و لە کیبێك یش بە تایبەتی بێتەکایەوە. لە ساڵی (١٩٦٣ز)حکومەت کۆمیسیۆنێکی دروستکرد بە ناوی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە لە مەسەلەکانی جووتزمانی و جووت ڕۆشنبیری بە ئامانجی باشکردنی پەیوەندی نێوان هەردوو گەلی دامەزرێنەری وڵات. لەو کاتەشەوە تا ئێستا تێگەیشتن و چەمکەکان بەپێی قۆناغە جیاجیاکان گۆڕاون و پەرەیان سەندووە بە تایبەتیش بە کاریگەری کۆدەنگیی جەماوەری هەردوو لا. فەرەنسی زمانەکانی کەنەدا داوا دەکەن خزمەتگوزارییەکان بە زمانی ئەوان پێشکەش بکرێت. حکومەتیش لە ترسی جیابوونەوەیان و دوای سەدەیەك لە پەیڕەوکردنی فیدڕالیزم بەردەوام بوو لە جیاکاری لە دژیان، (بیتر هانس نیلد ، ٢٠٠٩: ٦٤٣)، بەڵام فەرەنسی زمانەکان بەردەوام بوون لە هەوڵەکانیان، بۆیەش کارەکانیان بێهودە نەبوون، ئەوە بوو لەساڵی (١٩٦٥ ز) زمانی فەرەنسی کرا بەدووەم زمانی فەرمی، هاوکات هێندێك لە ئینگلیزی زمانان، پێیانوابوو شتی وانابێ و یەك نەتەوە ناتوانێ دوو زمانی هەبێت.(ئەمیر حەسەنپور، ٢٠١٠: ١٢) هەروەها لە ساڵی(١٩٦٩ ز)یاسای زمانە فەرمییەکان هەموارکراوە (طارق جامباز، ٢٠٠٧: ١٤)، کە کۆمەڵێك ڕێوشوێنی دەستەبەر کرد بۆ برەودان بە زمانی فەرەنسی لە شوێنی کار و فەرمانگەکان، بەڵام مەرجدارکردنی یاساکە بەئازادی هەڵبژاردن لەنێوان هەردوو زمانەکە ( فەرەنسی و ئینگلیزی ) نارەزایکی ئەو تۆی لەلایەن فەرنسی زمانەکان لێ کەوتەوە کە هێندەی نەبرد حکومەتەکەی لەسەرکار لابرا (بیتر هانس نیلد،٢٠٠٩ :٦٤٥) ئەوە بوو لە ساڵی(١٩٨٨ز) دووبارە یاساکەیان داڕشتووە بە جۆرێك کە لە (١١٠)مادده پێك هاتبوو و لەم یاسایەدا زۆر بە وورد و قوڵی چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانەکان دەستنیشانکراوە، هەروەها سزا دانرا بۆ ئەوەی پشت گوێی بخات و بەڵگەنامە ڕەسمییەکانی وەك ( پاسپۆرت ، ڕەگەزنامە، پارە، بیمەی تەندروستی، مۆڵەتی شۆفێری ...تاد) بەهەر دوو زمانی فەڕەنسی و ئینگلیزی لەسەری نووسرا. لە ساڵی ١٩٧٤ تاکو ئێستا هەموو هەناردەیەکی بازرگانی وڵاتەکە بە هەردوو زمانەکە دەنووسرێ، (طارق جامباز، ٢٠٠٧: ١٤) هەروەها بایەخی زمانی فەڕەنسی کەمینە لە ئێستادا بەشێوەیەك چۆتە پێشەوە کە ئەگەر ئینگلیزی زمانێك بیەوێ ببێتە سەرۆك وەزیر یان ببێتە ڕابەری پارتێکی فیدراڵ دەبێ ئەوەندە زمانی فەڕەنسی بزانێ کە لە ئاخاوتنی فەڕەنسی تێبگات و بتوانی مەبەستی خۆی بەو زمانە دەربڕێ. (ئەمیر حەسەن پور، ٢٠١٠: ٨) ، لەکەنەدا بایەخێکی زۆر بە زمان دەدرێت، هەروەها زۆر ڕێ وشوێنی یاساییان سەبارەت بە زمان دەست نیشانکردووە، لە ڕووی هاوسەنگی لە بەکارهێنانی هەردوو زمانەکە دا، بەو واتایەی لە کەنەدا هەردوو زمانی فەڕەنسی و ئینگلیزی لە یەك پلەدان و بەکارهێنەرانیشیان سەرپشکن لەکاتی بەکارهێنانی یەکێك لەم دوو زمانەدا، کاتێ پێویستیان پێ دەبێت، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە لەم وڵاتەدا هیچ یەك لەم دوو زمانە لە ئەویتر بەرزتر و باڵاتر نییە، بەڵکو لە یەك پلەدان. ئەمەش لە ئاکامی هەوڵ و کۆششی فەڕەنسی زمانان لە هەرێمی کیبیك یان بەرهەمی ئەو ململانێی زمانیەیە کە ئەم هەرێمە ڕوو بە ڕووی بووبوویەوە.

# بەشی سێیەم

## ململانێی زمان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمدا

٣-١: شوێنی جوگرافی ململانێی زمان و ناوچەی لێکۆڵینەوە

٣-٢: ڕێکخستنی فرەزمانی لە دەستوری عێراقیدا (١٩٦٣- ٢٠١٤) و کاریگەری لەسەر ململانێی زمان

٣-٣: شێوازەکانی ململانێی زمان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمدا

٣-٤: کاریگەری ململانێ لەسەر زمانی کوردی

## بەشی سێیەم : ململانێی زمان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمدا

### ٣-١: شوێنی جوگرافی ململانێی زمان و ناوچەی لێکۆڵینەوە

### ٣-١-١: هەرێمی کوردستانی عێراق

هەرێمی کوردستانی عێراق لە ڕووی جوگرافییەوە دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیا، بریتییە لەو بەشەی کوردستان، کە دەکەوێتە نێو سنووری سیاسی دەوڵەتی عێراقەوە، کە دوا بەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی و هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی دروستبووە.(هەورامان کەمال میرزا عەبدوڵڵا و تاریق ڕەئوف محەمەد، ٢٠٠٨: ٧) هەرێمی کوردستان بە پلەی یەکەم نیشتمان یان خاکی کوردانە، زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی کوردن، بەڵام لە ڕووی فرەنەتەوەیی و فرەئایینییەوە لە ناوچەکانی دیکەی عێراق جیاوازە، لەگەڵ کورددا عەرەب و تورکمان و ئاشوری هەن، لە ڕووی ئاینیشەوە زۆربەی دانیشتوانی هەرێم موسڵمانن، هەروەها مەسیحی و یەزیدیشی تێدایە. زۆربەی لێکۆڵەران بۆ ئەوە دەچن بەرزاییەکانی حەمرین سنووری سروشتی باشووری کوردستان بێت، سنووری هەرێم لەناو قەدی عێراقەوە، لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی بەدرە لە پارێزگای واست دەست پێدەکات بەرەو باکوور تا پردێی نەوت لە ڕۆژئاوای شارۆچکەی مەندەلی هەڵدەکشێ لە تەنیشت بەرزاییەکانی حەمرین تا فەتحە دەڕوات، شانبەشانی ڕووباری دیجلە سەردەکەوێ و لە باکووری شاری مووسڵ بەرەو باشووری ڕۆژئاوا بادەداتەوە بە ئاراستەی شارۆچکەی حەزەر، پاشان بەرە و ڕۆژئاوا بە ئاراستەی سنووری عێراق- سوریا لە باکووری شارۆچکەی بەعاج دەکشێت.

ڕووبەری هەرێم نزیکەی (٧٨٧٣٦کم٢) یە، کە دەکاتە زیاتر لە(١٨٪)ی سەرجەمی ڕووپێوی عێراق، کە ئەم ناوچانە دەگرێتەوە:-

١- پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، کەرکوک) .

٢- هەموو شارەدێ و قەزاکانی پارێزگای نەینەوا، جگە لە قەزاکانی مووسڵ و بەعاج و حەزەر.

٣- قەزاکانی خانەقین و مەندەلی و کفری، جگە لە شارەدێی بەلەدرۆز لەپارێزگای دیالە.

٤- ناوەندی قەزای بەدرە لە پارێزگای واسیت (کوت ) [1]

---

[1]- ئامادەکراوە لەلایەن کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆ ، وەگیراوە لەماڵپەرەکانی :

ا- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان http://www.krp.org/kurdish/kdisplay.aspx?sm=tuvN٢+٥ZKVU=

ب- پەرلەمانی کوردستان: http://www.perleman.org/default.aspx?page=sitecontents&c=Kurdistan-Geography

ج- حکومەتی هەرێمی کوردستان : http://www.krg.org/p/p.aspx?l=١٣&s=٠٢٠٠٠٠&r=٣٢٧&p=٢٩٦

## ٣-١-٢:شوێنی جوگرافی ململانێی زمان

بەدرێژایی مێژووی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق ناوبەناو شەڕ و پێکدادان لەنێوان گەلی کورد و حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقدا بەهۆی ململانێ لەسەر ناسنامەی ئەم ناوچانە ڕووی داوە، چونکە نەتەوەی کورد بە بەشێك لەخاکی هەرێمی کوردستانیان دەزانێت و لایەنی بەرانبەر بەهۆی گرنگی ناوچەکە لە ڕووی ستراتیجی و نەوت و کانزا وکشتوکاڵ و ئاو..تاد، ئەم ناوچانەی خستۆتە دەرەوی سنوری هەرێمی کوردستان، بۆیەش حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق بە تایبەتی لەسەردەمی دەسەڵاتی حزبی بەعسی هەڵوەشاوەدا بە بەردەوام لە ململانێدا بوونە بە ئامانجی سڕینەوەی ئاسەواری نەتەوەی کورد و گۆڕینی دیموگرافیای ناوچەکە، گۆڕانکاری زۆریان لە پێکهاتەی کارگێری ناوچەکە کردوە وەك شێوازێکی بەعەرەبکردن[1]، بەئامانجی بە دیهێنانی سیاسەتی شۆڤینیانەیان بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی دانیشتوانی نەتەوەی کورد و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی عەرەب لەم ناوچانەدا، هەروەها لەڕێگەی هێنانی ژمارەیەکی زۆر لە خێڵ و هۆزە عەرەبەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق بۆ ئەم ناوچانە، هاوکات دەرکردن و ڕاگواستنی ژمارەیەکی زۆر لە خێزان و دانیشتوانی کورد بۆ ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق و ناوچەکانی هەرێمی کوردستان شێوازێکی دیکەی سیاسەتی بەعەرەبکردنیان پەیڕەوکردوە. (هەوامان کەمال میرزا عەبدوڵڵا وتاریق ڕەئوف محەمەد، ٢٠٠٨: ٢٢١- ٢٢٣)

مەبەست لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، ئەو ناوچە کوردستانیانەن کە کەوتونەتە دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان[2] و دووچاری تواندنەوەی نەتەوەیی و سیاسەتی بەعەربکردن و ڕاگوێزانی بە زۆرەملێ و گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی بوون، لە هەرێمی کوردستان دابڕێنراون[3]، کە لە دەستوری هەمیشەیی عێراق (٢٠٠٥) بە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان(المناطق المتنازع عليها) ناوی هاتووە.(دەستووری کۆماری عێراق، ٢٠٠٥ ، ماددەی ١٤٠) لەڕووی جوگرافییەوە ئەم شوێنانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

١- پارێزگای کەرکوك بە سەرجەم قەزا و شارەدێیەکانیەوە .

٢- قەزاکانی حەمدانیە، تەلکیف، شێخان، تەلەعفەر و شەنگال، لە پارێزگای موسڵ.

٣- قەزای خانەقین ومیقدادیە و، شارەدێی مەندەلی و قەزانیە لە پارێزگای دیالە.

---

[1]- ئەم زاراوەیە لە ناوچەکەدا زۆر بەکاردەهێنریت، کە لە وشەی( تعريب) ی عەرەبی وەرگیراوە، کە مەبەست لێی بەعەرەبکردنی شتێکی ناعەرەبییە، وەك بەعەرەبکردنی زمان یان خوێندن، یان ناوچەیەك یان هەرشتێکی دیکە.

[2] - یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٩٢ز درووست بووە، تاکو ئیستا بەردەوامە، تا ئەم ساتە حەوت کابینەی بەرێکردووە و پێی دەنێتە ناو هەشتەم.

[3]- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: یاسای ژمارە ( ٦)ی ساڵی (٢٠١٣ ز)ی دەستەی گشتی لە هەرێمی کوردستان بۆ ناوچەکوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

٤- قەزای بەدرە لە پارێزگای واسیت (کوت) .

٥- قەزای مەخمور لە پارێزگای هەولێر.(خليل اسماعيل محمد ،٢٠١٢: ٨٢)

پێکهاتەی دانیشتوانی ئەم ناوچانە لە عێرقدا لە ڕووی ئیتنی و ئایینی بە ئاڵۆزترین ناوچە دادەنرێت، بە شێوەیەك کە لە ڕووی نەتەوەیی ناوچەییێکی فرەنەتەوەیە لەگەڵ کورددا چەندین نەتەوەی وەك ( عەرەب و تورکمان و مەسیحی) دەژین، هەروەها لە ڕووی ئایینیشەوە ناوچەییێکی فرەئایینی و فرەمەزەهبە بەشێوەیەك کە موسڵمان بە هەردوو مەزهەبی شیعە و سونی، مسیحی (کلد و ئاشوری وئەرمەن) و یەزیدی لەم ناوچانەدا هەن.(ڕوژهات ویسی خالد، ٢٠١٢: ٧٦) ئەمەش وایکردوە هاوکات ناوچەییێکی فرەزمان بێت، تیایدا(زمانی کوردی، زمانی عەرەب، زمانی تورکمان و زمانی سریانی) هەریەکەیان بە ڕێژەیەکی جیاواز بەکاردەهێنرێت.

ڕووبەری جوگرافیی ناوچە ململانێیەکان بە (٥١,٩٪) کۆی ڕووبەری هەرێمی کوردستان مەزەندەدەکرێت. ئەم ناوچە سنوریانە دەگرێتەوە کە دەکەوێتە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق، ئەمەش ئەو ناوچانەن کە بەشێوەیەکی شریتی لە مەندەلیەوە لە سنووری ئێرانەوە دەست پێ دەکات و بەرەو باکور درێژدەبێتەوە، بەتەنیشت بەری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە، هەتا دەگاتە شەنگال لەسەر سنووری سوریا.(خليل اسماعيل محمد ،٢٠١٢ : ٧٦) ئەم نەخشەیەی خوارەوە، بەشە تاریکەکەی، ئەم ناوچانە پیشان دەدات:

## نەخشەی ژمارە (١)

## نەخشەی ناوچە بەعەرەبکراوانی هەرێمی کوردستان




سەرچاوە : ( هاشم یاسین حمدامین حداد و ئەوانی دیکە، ٢٠٠٩: ٦٢)

### ٣-١-٣: دەستەواژەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم

زۆر خاڵی ناکۆکی هەیە لە نێوان لایەنە ململانێکارەکان، بە تایبەتی لە نێوان هەردوو پێکهاتەی کورد و عەرەب بەتایبەت لەسەر ناونانی ئەم ناوچانە، بەشێوەیەك کە هەر لایەنێك بەپێی بەرژەوەندی و بۆچوونی خۆی ناوی لێ دەنێت، جگە لەمەش لایەنەکانی نێو یەك پێکهاتەی نەتەوەییش هاونۆرین نین لەسەر ناوهێنانی ئەم ناوچانە. هەروەك ئاماژەمان پێدا لە ماددەی (١٤٠) ی دەستوری هەمیشەیی عێراق (٢٠٠٥) ئەم ناوچانە بە ناوچەکانی جێناکۆك ناوی هاتووە، هەرچەندە لایەنی کوردی لەکاتی داڕشتنی دەستووری عێراقی بەشداربوونە لە داڕشتنی دەستوورەکەدا و ڕازی بوونە بە دەستەواژەی ناوچە جێناکۆکەکان، بەڵام دواتر لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە نێچرڤان ئیدریس بارزانی سەرۆکایەتی دەکرد، وەزارەتێکیان پێکهێناوە بە ناوی وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانی – عێراق[1]، پاشان لە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە بەرهەم ئەحمەد صالح سەرۆکایەتی دەکرد، وەزارەتەکە هەڵدەوەشێتەوە، لەجیاتی وەزارەت دەستەیەك دادەمەزرێنرێت بە ناوی ( دەستەی گشتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرە)[2] هاوکات لە ڕاگەیاندنە کوردییەکان هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندن و هەر بەرپرسێکی لایەنە سیاسیەکان بەجۆرێك ناوی ئەو ناوچانە دەهێنێت، بەبێ گەڕانەوە بۆ هیچ یاسا و ڕێسایەك وەك :( ناوچە دابڕاوەکان، ناوچە دابڕێنراوەکان، ناوچەکانی ململانێ، ناوچەکوردساتنیەکانی کێشە لەسەر، ناوچەکانی ماددەی ١٤٠ ...تاد). ئەمەش ئەوە دەردەخات کە نە پارتە سیاسیەکان و نە ڕاگەیاندنەکان هیچ پلان و ستراتیجێکی بەرنامە بۆ دارێژراوی درێژخایەنیان بۆ ئەم ناوچانە نەبووە، لە کاتێکدا بەپێی بەڵگە مێژوویی و جوگرافی و دیموگرافیەکان سەلمێنراوە ئەم ناوچانە کوردستانین (هەوامان کەمال میرزا عەبدوڵلا وتاریق ڕەئوف محەمەد، ٢٠٠٨: ٢٢٢)، لایەنی عەرەبیش بەهەمان شێوە جگە لەوەی لەگەڵ لایەنی کوردی کۆك نەبوونە لەسەر ناونانی ئەم ناوچانە، ئەمانیش هاوشێوەی لایەنی کوردی هەموو لایەنەکان کۆك نین لەسەر ناونانی ئەم ناوچانە، بەشێوەیەك کە هەندێکیان دەستەواژە دەستووریەکە وەکو خۆی بەکار دەهێنن، واتە دەستەواژەی ناوچە جێناکۆکەکان، بەڵام هەندێك لە عەرەبە شۆڤینیەکان دان بە کوردستانی بوونی نەك هەر ئەم ناوچانە نانێن، بەڵکو تا ئێستاش بۆ هەرێمی کوردستان زاراوەی باکوری عێراق بەکار دەهێنن، هەروەها هەندێك لە تورکمانەکان کە سەر بە بەرەی تورکمانین ئەمانیش خۆیان بە لایەنێکی ململانێیەکان دەزانن وئەم شوێنانە بە ناوی (تورکمان ایلی ) ناو دەبەن کە مانای نیشتمانی تورك دەگەیێنێت، (روزهات ویسی خالد، ٢٠١٢: ٧٤)، بەڵام دۆخەکە ئەو کاتە زیاتر ئاڵۆز بوو کاتێك (نوری مالیکی) سەرۆك وەزیرانی عێراقی فیدراڵ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی زاراوەی ناوچە تێکەڵاوەکانی بۆ ئەو ناوچانە

---

١- http://www.perleman.org/Default.aspx?page=byyear&c=LDD-Yasa&id=٢٠٠٦

٢- http://www.perleman.org/files/articles/١١٠٨١٠٠١٠٧٤٥.pdf

بەکارهێنا[١]، ئەمەش وایکرد سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان وەك کاردانەوەیەك بەرانبەر لێدوانەکەی سەرۆك وەزیرانی عێراق، بڕیاری ژمارە (٢٦) ی ساڵی ٢٠١٢ دەربکات، کە واژووی (مسعود بارزانی) سەرۆکی هەرێمی کوردستانی لەسەرە، تیایدا هاتووە، ((پێویستە لەمەودوا سەرجەم وەزارەت و لایەنە فەرمی و نیمچە فەرمییەکان و لایەنە پەیوەندارەکانی هەرێمی کوردستان پابەندی بن بە بەکارهێنانی دەستەواژەی (ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم) بۆ ئەو ناوچانەی کوردستانی عێراق کە ماددەی ( ١٤٠) ی دەستوری هەمیشەیی عێراق (٢٠٠٥) دەیانگرێتەوە))[٢]، ئەم بڕیارەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کاردانەوەی جیاوازی لێکەوتەوە لەلایەن هەندێك پێکهاتە و لیستە جیاوازەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق لە هەردوو پێکهاتەی عەرەبی و تورکمان، کە بە شێوەیەکی گشتی ئەم بڕیارەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیان بە نادەستوری و نایاسایی دەدایە قەلەم، ئەوەبوو دواجار پەرلەمانی کوردستان بە یاسای ژمارە ( ٦) لە ساڵی (٢٠١٣ ز) بە دەنگی زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بڕیاریدا کە دەستەواژەی (ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم) بۆ ئەم ناوچانە بەکار بهێنرێت[٣] بێگومان ئەم ناونانەش لە ڕووی زمانەوانی و جوگرافیەوە ناونانێکی گونجاوە، لەبەر ئەوەی لە ڕووی جوگرافی و مێژووی و دیمۆگرافیەوە سەلمێنراوە کە ئەم ناوچانە کوردستانین، هەروەها لە ئێستاشدا ئەم ناوچانە لە ڕووی ئیدارییەوە کەوتونەتە دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە ڕووی یاساییەوە دەتوانین بڵێین لە ڕوانگەی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان گونجاوە، چونکە پێویستە لەم سۆنگەیەوە تەماشابکرێت، کە ئەم ناوچانە بە پێی بۆچوونی هەرێم کوردستانین، بەڵام کەوتوونەتە دەرەوەی هەرێم، لەبەرئەوەی ئەگەر هەرێم ئەو بابەتە لەلای خۆی بە یەکلاکەرەوە نەزانێت ڕەنگە لەڕووی یاساییەوە، سەلماندنی ببێتە کێشە، هەروەها لە هەمان کاتدا، لە ڕوانگەی دەستوری عیراقی فیدراڵ ڕاستە ئەگەر ناوچە جێناکۆکەکانی پێ بگووترێت، چونکە دەستور لە ڕوانگەی هەموو عیراق تەماشای بابەتەکە دەکات نەك تەنیا لە ڕوانگەی کورد یاخود عەرەب، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە جیاوازی ناونانەکە لە نێوان هەرێم و بەغدا، لەم قۆناغەدا شتێکی ئاساییە تاکو کیشەکە دواتر بە ڕاپرسی یەکلا دەکرێتەوە.

### ٣-٢:ڕێکخستنی فرەزمانی لە دەستوری عێراقیدا (١٩٦٣- ٢٠١٤) وکاریگەری لەسەر ململانێی زمان:

بایەخی زمان لە دەستووری زۆربەی وڵاتان زۆر بە ڕوونی هەستی پێی دەکرێت، بەجۆرێك کە ماددەی تایبەتی بۆ تەرخان دەکرێت، بۆ ئەوەی بەڕێوەبردنی فرەزمانی لە وڵاتدا ڕێکبخات ومافی

---

١ -http://www.altahreernews.com/inp/view.aspzID=١٣١٤٤

٢- لە پاشکۆی نامەکە، بڕوانە دەقی بڕیاری ژمارە(٢٦) ساڵی ٢٠١٢ ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان. (پاشکۆی ژمارە ٢)

٣- وەرگیراوە لە ماڵپەری پەرلەمانی کوردستان http://www.perleman.org/files/articles/٢٧٠٥١٣١٢٢٣٣٧.pdf

بەکارهێنانی زمانەکان بچەسپێنێت. لەمەشدا سیستەمی سیاسی وڵات ڕۆڵ دەبینیت لە چۆنیەتی ڕێکخستنی مافی بەکارهێنانی زمانەکان بە شێوەیەکی یەکسان، چونکە ئەگەر حوکمڕانی وڵات لەسەر بنەمای سیستمێکی دیموکراسی بنیات بنرێت، یەکسانی لە بەکارهێنان بۆ زمانەکان لەسەرجەم کایەکانی ژیان بۆ هەموو زمانەکانی وڵات دەستەبەر دەکات، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر سیستەمی وڵات دیکتاتۆری بێت، ئەوا داڕشتنی دەستورەکەی بە شێوەیەك دەبێت کە زمانێك بەسەر تەواوی گەلانی وڵاتەکەدا دەسەپێنێت، لەم جۆرە سیستەمەی حکومڕانیدا زۆرجار یاسا و دەستوری وڵات دەبن بە ئامرازێك بۆ سڕینەوە و لە ناوبردنی زمانانی دیکە لە وڵاتدا. حزبی بەعسی هەڵوەشاوە لە (٨/شوباتی/١٩٦٣) جڵەوی دەسەڵاتی لە عێراقدا گرتەدەست، بەڵام لەبەرئەوەی ماوەی حوکمرانییەکەی تەنیا نۆ مانگ بوو، نەیتوانی دەستوور دابڕێژرێت، لە(١٩٦٣/١١/١٨ ) عەبدولسەلام محەمەد عارف کۆتایی بە دەسەڵاتی بەعس هێنا.(فەریدوون عەبدولڕەحیم عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨: ٢٥- ٢٦)

لەڕێککەوتی ٢٩/نیسانی ١٩٦٤ دەستووری کاتی بۆ عێراق ڕاگەێندرا، لە ماددەی (٣) ی دەستورەکەدا زمانی عەرەبی وەك تاکە زمانی فەرمی لە وڵاتدا دانیپێداندرا. (الدستور العراقي الموقت، ١٩٦٤: المادة الثالثة) نەتەوەی کورد کە دووەم پێکهاتەی نەتەوەییە لەدوای نەتەوەی عەرەب، لە ڕووی زمانییەوە هیچ مافێکی بۆ دیارینەکرا لە دەستورەکەدا، تەنانەت زمانی کوردی وەك زمانێکی ناوچەییش بۆ ئەو شوێنانەی کە زۆرینەی دانیشتوانی کوردن لە دەستورەکەدا ئاماژەی پێ نەکرا، لەکاتێکدا پێشتر وەك زمانێکی ناوچەیی دانیپێدانرابوو. ئەمەش نیگەرانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کوردی لێکەوتەوە، وایکرد حکومەتی عێراق لە ڕێککەوتی ١٧/کانونی یەکەمی/١٩٦٤ شاندێك بۆ لای مستەفا بارزانی بنێریت بۆ گفتوگۆکردن، کە لە وەزیری ناوخۆ و پارێزگاری سلێمانی و سەرکردەی فرقەی دوو پێك هاتبوو، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد بە (١٠) خاڵ دواکارییەکانیان خستە ڕوو، کە زۆربەی داواکارییەکان گرێدراوبوون بە مافە نەتەوەییەکانی کورد، تێیدا هاتبوو ((پێویستە پابەندبن بەوەی کە چی دیکە نەتەوەی کورد بەعەرەب نەکەن نە لە ئێستا و نە لە ئایندەدا، هەروەها ڕێگە بە خوێندن بە زمانی کوردی بدرێت تا قۆناغی ناوەندی لەو قەزا و ناحیانەی کە زورینەی دانیشتوانی کوردن، هەروەها لە برگەی (٤) ی داواکاریەکان هاتبوو زمانی عەرەبی ببێتە زمانی فەرمی لە گشت عێراقدا و ڕێگە بە نەتەوەی کورد بدرێت لە قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی بە زمانی کوردی بخوێنن)). ( خەلات مووسا یووسف، ٢٠٠٧ : ١٥٨) هەرچەندە ئەم داواکاریانە سەرەتایی ترین مافی هەر زمانێکن لە کۆمەڵگە فرەزمانەکان.

بەڵام بێگومان کاریگەریەکی زۆر ئەرێنی دەبوو لەسەر بەرەوپێشبردنی زمانی کوردی و پاراستنی تای تەرازوو لە هاوکێشەی ململانێی زمان لە ناوچەکەدا.

لە نیسانی ساڵی ١٩٦٦ دا عەبدولسەلام عارف لە ئەنجامی کەوتنە خوارەوەی فرۆکەکەی گیانی لەدەستدا. دوای ئەو (عەبدولرەحمان عارف) ی برای جێی گرتەوە لە ئاکامی شکستی سەربازی بەرانبەر

شۆرشی کورد، ناچارکرا پەنا بەرێت بۆ گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردایەتی گەلی کورد، ئاکامی گفتوگۆکردنەکان ڕێکەوتنامەی ٢٩ ی حوزیرانی ساڵی ١٩٦٦ لێکەوتەوە، کە بەیاننامەی ڕێککەوتن لەلایەن سەرۆك وەزیرانی عێراقی ئەوکات (عەبدولرحمان بەزاز) ڕاگەینرا، (کەوسەر عەزیز گەلاڵی، ٢٠٠٩: ٢٨) سەبارەت بە مەسەلەی مافی بەکارهێنانی زمانەکان لە برگەی (٣) ی بەیاننامەکە ئاماژەی پێ کرا، کە دەڵێت: ((ئاساییە حکومەت دان دەنێت بە زمانی کوردی لەگەڵ زمانی عەرەبی لەو ناوچانەی زۆرینەی دانیشتوانی کوردن و، دەبێتە زمانی خوێندن لەگەڵ زمانی عەرەبی لەو سنورەی کەیاسا دیاریدەکات لە ئەنجومەنە ناوخۆییەکان))، ( کارزان طارق جامباز، ٢٠٠٨: ١٠١) بەلام بەشێوەیەکی کارەکی هیچ هەنگاوێکی بۆ نەندرا بۆیە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە ڕێککەوتی (١١/٢٨/ ١٩٦٦) بە ئیمزای سەرکردەی نەتەوەی کورد مستەفا بارزانی یاداشتنامەیەکی بۆ سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیرانی عێراق بەرزکردەوە، کە یاداشتێکی بەرفراوان بوو کە زۆر گلەیی و گازاندەی ئاراستەی سیاسەتی حکومەتی عێراق کرد، کە لە بەندی سێیەمی یاداشتەکەدا هاتووە ((دانپێدانانی حکومەت بە زمانی کوردی وەك زمانی فەرمی و زمانی خوێندن بۆ ئەو ناوچانەی کە زۆرینەی دانیشتوانی کوردن سیفەتێکی یاسایی پێ نەدراوە و بەشێوەیەکی کرداری هیچ هەنگاوێکی بۆ نەنراوە)) ( خەلات مووسا یووسف ، ٢٠٠٧: ١٦١) ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە حکومەتی عێراق پابەند نەبووە بەو بەڵێنانەی بە نەتەوەی کوردی داوە سەبارەت بە مافە نەتەوەییەکان بەگشتی و ماف بەکارهێنانی زمانی کوردی بە تایبەت. هەروەها لەلایەکی دیکە ئەوە دەردەخات  کە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد هەستی بە بایەخ و گرنگی زمانی خوێندن کردووە، بۆیە بەردەوام داکۆکی لە مافی بەکارهێنانی  زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان کردووە.

لە ١٧ی تەمموزی ١٩٦٨ حزبی بەعسی هەڵوەشاوە بۆ جاری دووەم جڵەوی دەسەلاتی گرتەوە دەست، پەیمانی دا کە کیشەی کورد بەشێوەیەکی ئاشتیانە و دادوەرانە چارەسەربکات، بەجۆرێك کە خواستە نەتەوەییەکانی کورد بەدیبهێنی، هەروەها لە بەیاننامەیەك بڕیاریدا کە بە بەیاننامەی (٢٩ی حوزیرانی ١٩٦٦)ەوە پابەند دەبێت، لە ڕۆژی دواتر وەك هەنگاونانێك بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارەیان، بڕیاری ناردنە دەرەوەی قوتابیانی کوردی بۆدەرەوەی وڵات و دامەزراندنی کۆڕی زانیاریی کورد و دامەزراندنی زانکۆیەك لە سلێمانی دا،(فەریدوون عەبدولڕەحیم عەبدوڵڵا ، ٢٠٠٨: ٣١- ٣٣) بەلام کاتێك دەستوری کاتی عێراقی لە( ٢١ی ئەیلولی ١٩٦٨ ) دەرکرد، ئەوەی پەیوەست بێت بە زمانی کوردی، هیچ ئاماژەیەکی پێ نەکرا، بەڵکو هاوشێوەی دەستورەکانی پێشووتر تەنیا زمانی عەرەبی وەك تاکە زمانی فەرمی دانپێدانا. (الدستور العراقي الموقت ، ١٩٦٨: المادة السادسة) بەمەش حکومەتی عێراق لە ڕووی یاساییەوە مافی ئەوتۆی بە کورد و زمانەکەی نەدا، بۆیە گرژی لە نێوان بەعسییەکان و سەرکردایەتی کورد هاتەکایەوە، بەلام لەبەر ئەوەی دەسەلاتی بەعسییەکان بە تەواوی نەکەوتبووە سەرپێی خۆی، هەوڵیاندا بە ڕێگەیەك زەمینە خۆش بکەن  بۆ چارەسەری ئاشتیانەی مەسەلەی کورد، ئەوەبوو لە ئەیلولی ١٩٦٩ کەسایەتی

ناسراو (عەزیز شەریف) سەرۆکی بزوتنەوەی ئاشتی عێراقی نارده لای سەرکردایەتی شۆرشی کورد و ئامادەیی حکومەتی بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی مەسەلەی کورد نیشاندا، سەرکردایەتی کوردیش بە شێوەیەکی ئەرێنی وەلامی دایەوە، بەمجۆرە زەمینەی گفتوگۆکردن خۆش بوو. (کەوسەر عەزیز گەلالی، ۲۰۰۹، ٤١- ٤٢) هاوکات حکومەتی عێراق بۆ دەرخستنی نیازپاکی بڕیاری ژمارە (٤٤٦) لە (١٩٦٩/١٠/٥) دەرکرد[١]، بەپێی ئەم بڕیارە هاولاتیانی کورد مافی خوێندن بە زمانی کوردی لە ناوچە کوردییەکانیان لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن تا قۆناغی دواناوەندی پێدرا. هەروەها لە ١٩٦٩/١٢/٩ بڕیارێکی دیکەی بە ژمارە (٤٨٤) دەرکرد، کە چەند خالێکی لەبارەی مافی زمان و ڕۆشنبیری بۆ نەتەوەی کورد تێدابوو، کە بریتی بوون لەم خالانەی خوارەوە:

١- زمانی کوردی لە پۆلەکانی شەشەمی دواناوەندی و هەموو زانکۆکان و پەیمانگاکانی مامۆستایان و کۆلێژی سەربازیی و پۆلیس دەخوێندرێ.

٢- دابینکردنی سەرجەم هۆیەکانی فێرکردن بە زمانی کوردی بۆ سەرجەم قوتابخانەکانی خوێندنی کوردی.

٣- کتێبی زانستی، وێژەیی و سیاسی، کە گوزارشت لە خواستە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی کورد دەکات لە سەرجەم کتێبخانە گشتییەکان و کتێبخانەی قوتابخانەکان دابنرێت.

٤- دامەزراندنی خانەی چاپ و پەخشی کوردی.

٥- کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری کوردی گرێدراوبێت بە وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن.

٦- دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی هەفتانە و گۆڤارێکی مانگانە بە زمانی کوردی لە دەزگا گشتیەکانی ڕۆژنامەوانی

٧- زیادکردنی بەرنامەی کوردی لە تەلەفزیۆنی کەرکوك و دەشێ کەنالێکی تەلەفزیۆنی تایبەت بە زمانی کوردی بکرێتەوە.

٨- ناونانی هەموو قوتابخانە و فەرمانگە فەرمییەکانی لە ناوچە کوردییەکان بە ناوی کوردی مێژوویی و جوگرافی ناوبنرێن.[٢]

هەروەها ئەنجامی گفتوگۆی نێوان حکومەتی بەعس و شۆرشی کورد ڕێککەوتنامەی ١١ی ئاداری سالی ١٩٧٠ی لێکەوتەوە، کە ئەمەیش وەرچەرخانێکی گەورەو گرنگ بوو بۆ نەتەوەی کورد، لەبەرئەوەی یەکەمجاربوو بە شێوەیەکی یاسایی دان بە زمانی کوردی و مافە ڕۆشنبیرییەکانی بنرێت، ئەمەش وایکرد زمانی کوردی و ڕۆشنبیری کوردی پێشکەوتنی بەرچاو بەخۆیەوە ببینێ، بەجۆرێك کە لەماوەی سالی ١٩٧٠- ١٩٧٤ کە ماوەی جێبەجێکردنی ڕێکەوتنامەکە بوو، زمانی کوردی وەك زمانێکی ناوچەیی بوو بە زمانی خوێندن و کارگێری لە تەواوی کوردستان، بەدەیان گۆڤار و ڕۆژنامە و بلاوکراوە بە زمانی کوردی دەرچوون، بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەت بە خوێندنی کوردی دامەزرا، کە کاری گەورەی ئەنجامدا بە تایبەتی لە

---

[١]- الوقائع العراقية ، عدد(١٧٨٦) فی(١٩٦٩/١٠/٥).

[٢]- الوقائع العراقية ، عدد (١٧٩٢) فی (١٩٦٩/١٠/٢٥).

بواری وەرگێڕان و دانانی کتێبی قوتابخانەکان، جگە لەمانەش هەر لە بواری ڕۆشنبیری چەند دەزگایەکی وەك کۆمەڵـەی ڕۆشـنبیریی کـوردی و کـۆڕی زانیـاری کـورد و یەکیـەتی نووسـەرانی کـورد کـە مانگێـك بـەر لـە ڕاگەیاندنی ١١ی ئادار دامـەزرابوون ڕۆڵـی خۆیـان هـەبوو لـە گەشـەی زمـان و ڕۆشـنبیری کـوردی.(فەریـدوون عەبدولڕەحیم عەبدوڵڵا ، ٢٠٠٨: ٦٤– ٦٥) ئاکامی ململانێ و گفتوگۆی نێوان شۆڕشی کورد و حکومەتی بەعس، گۆڕانکاری لـە دەستووریشدا بەدوای خۆیدا هێنا، بە بڕیاری (٧٩٢) لـە ڕێککەوتی(١٩٧٠/١١/١٦) دەستووری کاتی عێراق پەسەندکرا، لە ماددەی (٧) لە بڕگەی (ب) دا، زمانی کوردی لە پاڵ زمانی عەرەبی لە ناوچە کوردییەکاندا بە زمانێکی فەرمی دانا، بۆ ئەوەی لـە بوارەکانی خوێندندا بەکاربهێنرێت، هـەروەکو لـە ماددەکەدا هاتووە: (( زمانی کوردی  زمانی فەرمییە لە پاڵ زمانی عەرەبی لە ناوچە کوردییەکاندا)) (الدستور العراقی الموقت، ١٩٧٠: المادة السابعة)

هەڵبەت ئەو تێگەیشتنە تازەیە بۆ فرەزمانی لە عێراقدا وەرچەرخان بوو، چونکە یەکەمجاربوو لە دەستوری عێراقیدا زمانی کوردی لە پاڵ زمانی عەرەبی وەك زمانێکی ناوچەیی دانیپێدابنرێت. ئەمەش سنوورێکی تارادەیەك گونجاوی لە نێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبی کێشا و پاشانیش بنەمای ناوچەیەتی بۆ زمانی کوردی پەسەندکرد و کاری پێکرا، بەڵام پەیڕەوکردنی بنەمای ناوچەیەتی بۆ زمانی کوردی چەند لایەنێکی نەرێنی هەبوو، چونکە مافی بەکارهێنانی زمانی لە (کارگێری و خوێندن و بازاری کار...تاد) لە ناوچەکانی دیکەی عێراق بۆ زمانی کوردی دەستەبەر نەکرد، لەکاتێکدا ژمارەیەکی زۆری کورد لە شارەکانی بەغدا و باشور و ناوەڕاستی عێراق نیشتەجێ بوون، لەبەرئەم هۆیانەی خوارەوە:

١– لە باشورو ناوەڕاستی عێراقدا تاك زمانی پەیڕەوکرا، کە زمانی عەرەبی وەك زمانێك بە تەنیا کاری پێکرا.

٢– لە ناوچە تاك زمانییەکان لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کارئاسانیان نەدەکرد بۆ دانیشتووانی کورد لە ڕووی زمانی دایك کە پێویست بوو مافی زمانی بۆ ئەو کوردانەش دابینبکرێت کە کەوتونەتە ئەو ناوچانە.

بە چاوخشـاندن بـە ڕێکخسـتنی فرەزمـانی لـە عێراقدا، دەگەینـە ئـەو ئەنجامـەی کـە پشـت بەسـتن بـە بنـەمای ناوچـەیەتی بـۆ مـافی زمـانی کـوردی خـاڵێکی لاواز نیشـان دەدات لـە کـاتی پـەیڕەوکردنی، کـە بۆتـە سەرچاوەی گـەلێك ململانێ. هەرچـەندە ئـەم بارودۆخـە بـۆ زمـانی کـوردی لـە هـەرێمی کوردسـتان بەگشـتی و ناوچـە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هـەرێم بەتایبـەتی بـەردەوام نـەبوو، بەهۆی ئـەوەی دوو ڕوانگـەی جیاواز لە نێوان بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد و حکومەتی بەعس هەبوو بۆ ئەو ناوچانەی دەکەونە سـنوری کوردسـتان بـە جۆرێـك  لـە ڕوانگـەی حکومـەتی بـەعس ناوچـە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێم بە ناوچەی کوردی دانـەندران، چونکە لـە ڕوانگـەی بـەعس پێویسـت بـوو (گشـت ئەوانـەی لـەو ناوچانـە دەژین لە نەتەوەی کورد بن) ئینجا بە ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان دادەندرا، بـەڵام لـە ڕوانگـەی کـورد ناوچـە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هـەرێم ناوچـەی کوردسـتانی بـوون. (عەبـدوڵڵا غـەفور، ٢٠١١: ٣٠–٣١)

ئـەم دوو تێڕوانینـە جیـاوازە وایکـرد کۆتـایی بـە پرۆسـەی ئاشـتی نێـوان حکومـەتی عێـراق و بزوتنـەوەی ڕزگـاریخوازی کـورد بێـت و بـەهۆی پلانێکـی نێودەوڵـەتی لـە سـاڵی ١٩٧٥نسـکۆ بـە شۆڕشـی کـورد بهێنرێـت. دوای هەرەسهێنانی ئەو بزوتنەوەیە یەکێك لە میتۆدە هەرە ترسناکەکانی حکومەتی عێراق بۆ تواندنەوەی نەتەوەی کورد، بەکارهێنانی زمان و ڕۆشنبیری کورد بوو. (فەرهاد شاکەلی، ٢٠١١: ١٣٣) ئەمەش وایکرد دۆخێکی ناجێگیر بۆ زمانی کوردی لەو ناوچانەدا دروست بێت، بەشێوەیەك لەگەڵ نسکۆی شۆڕشی کورد زمانی کوردیش لە ناوچەکەدا ڕووبەڕووی هەڕەشەیەکی زۆر بوویەوە، چونکە زمانی خوێندنی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم (جگە لە قەزای مەخموور) لە زمانی کوردی گۆری بۆ زمانی عەرەبی، هەروەها هەڵمەتێکی فراوانی گۆڕینی ناوی گەڕەك و شەقام و شوێنکارەکانی لە زمانی کوردی بۆ زمانی عەرەبی دەست پێکرد و، چالاکیە ڕۆشنبیرییەکانی نەتەوەی کوردی قەدەغەکرد، ئەمەش ئەوە دەردەخات زمانی کوردی و نەتەوەی کورد بەیەکەوە ڕووبەڕووی هێرشی داگیرکەران بوونەتەوە، بەجۆرێك هەرکات ناکۆکی و ململانێ لە نێوان سەرکردایەتی کورد و حکومەتی عێراق هەبووبێت ئەوا فشارەکان بۆ سەر زمانی کوردی و مافە ڕۆشنبیرییەکان زیاتر بووە. هەرچەندە دوای نسکۆی شۆڕشی کورد لەساڵی ( ١٩٧٥) لە ڕووی دەستووری گۆڕانکاری بەسەر ڕەوشی زمانی کوردیدا نەهات، بەڵام ئەوەی ڕژێمی بەعس لە دەسەڵاتەکانی دیکەی داگیرکەر جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی لە ڕووی یاسای و دەستووری دانی ناوە بە زمانی کوردی وەك زمانێکی ناوچەیی، بەڵام ژێراوژێر و بە نهێنی کاری لەسەر سڕینەوەی زمانی کوردی کردوە، ئەگەر سەیری نووسراوی نهێنی و بە پەلەی حزبی بەعس ژمارە (٧١) لە ڕێککەوتی (١٩٨٩/٣/١٨) بکەین، کە ئاراستەی لقی هەولێری حزبی بەعس کردووە زۆر بە ڕوونی ئەم ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت، کاتێك لە ڕێگەی پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت پلانی بۆ بەعەرەبیکردنی زمانی خوێندن لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی داڕشتووە، کە تیایدا هاتووە بۆ ساڵی خوێندنی (١٩٩٠– ١٩٩١) پێویستە (١٠٠٪) قوتابخانەکان خوێندن تیایاندا بکرێت بە عەرەبی، هەروەها لە هەمان نووسراودا ئاماژەی بەوە کردوە، پرۆسەی بەعەرەبکردنی خوێندن لە حەفتاکاندا لە پارێزگای دهۆك سەرکەوتوو بووە،(طارق جامباز، ٢٠٠٨: ٣٨– ٣٩) ئەمەش ئەوە دەردەخات کە دەسەڵاتدارانی عێراق تەنیا بەوە نەوەستاون کە زمانی خوێندن لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بە عەرەبی بکەن، بەڵکو پلانیان داڕشتووە کە زمانی خوێندن لە ناوچەکانی هەولێر و سلێمانیش بگۆڕن بۆ زمانی عەرەبی [1].بەڵام حکومەتی عێراق فریای ئەوە نەکەوت ئەم پلانەیان جێبەجی بکەن، چونکە بەهۆی ڕاپەرینی گەلی کوردستان لە ئاداری ساڵی (١٩٩١ ) لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك کۆتایی بە دەسەڵاتی بەعس هات، بەڵام دەسەڵاتی لە ناوچە

[1]– زۆربەی ئەوانەی کراون بە ئەندامی لیژنەکە لەڕووی نەتەوەییەوە کوردبوون، هەروەها هاو زەمان لەگەڵ داڕشتنی ئەو پلانە بۆ ئەنفالی زمانی کوردی هەندێك هاووڵاتی بە ڕەگەز کورد شانبەشانی سوپای عێراق خەریکی ئەنفالکردن و کاولکردنی دێهاتەکانی کوردستان بوون، لەبەر ئەوەی ئەلقە لەگوی ڕژیمی بەعس بوون.

کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم مایەوە تاکو ساڵی (٢٠٠٣)، هەربۆیە زمانی کوردی لەم ناوچانەدا ئەرك و چالاکییەکانی تا دەهات بەرتەسك دەکرایەوە، بە شێوەیەك تەنیا لە سنوری خێزان و خزم ڕۆڵی دەبینی، چونکە لە زمانی خوێندن و کارگێری و پەروەردە و زانست و ...تاد، زمانی عەرەبی شوێنی زمانی کوردی گرتبوویەوە لەم ناوچانەدا. دوای ئەوەی لە ساڵی ( ٢٠٠٣ ) کۆتایی بە ڕژێمی بەعس هات، هێزی هاوپەیمانان ئەنجومەنی حوکمیان لە عێراقدا پێکهێنا، سەرکردە سیاسیەکانی کورد ڕۆڵی سەرەکیان بینی لە بەشداریکردن لە حوکمدا، هەڵبەت سەرکردایەتی کورد پێداگیری کردووە کە زمانی کوردی هاوشانی زمانی عەرەبی زمانی فەرمی بێت لەسەرانسەری عێراقدا، لەبەر ئەوەی هەمیشە درکیان بەوە کردووە کە مانەوەی نەتەوەی کورد بەندە بە مانەوە و پاراستنی زمانی کوردی، هەروەك سەرۆك (مەسعود بارزانی) سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە (٢٣/٩/٢٠٠٥) لە فیستڤاڵی ڕۆشنبیری لە دهۆك ڕایگەیاند کە (( یەکێك لە خۆڕاگریەکانی هەرنەتەوەیەك زمانە، لەبەر ئەو هۆیە لە یاسای کاتی دەوڵەتی عێراق و لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا ئێمە داکۆکێکی زۆرمان کرد لەوەی کە پێویستە زمانی کوردی و زمانی عەرەبی وەکو یەك زمانی ڕەسمی بن لە عێراقدا، چونکە ئێمە دوو میللەتین لە عێراقدا دەژین و وەك یەك شەریکین، ئێمە چۆن ئەم شەراکەتە نیشان بدەین؟ یەك لەو ئیشارەتانە ئەوە بوو زمانی کوردی زمانی ڕەسمی بیت..، چونکە دوژمنانی گەلی کوردستان نەك بە تانك وتۆپ و فڕۆکە شەڕی ئێمەیان کردووە، بەڵکو شەڕی زمان و فەرهەنگی ئێمەشیان کردووە، شانازییە بۆ ئێمە وەکو میللەتێك سەرەڕای ئەو زوڵم و زۆرداریەی لە ئێمە کراوە، بەڵام ئێمە زمانی خۆمان پاراستووە هەر وەکو چۆن پێناسەی نەتەوەی خۆمان پاراستووە)). (خەلات مووسا یووسف، ٢٠٠٧: ١٩٢) ئەو داکۆکی کردنەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە زمانی کوردی وایکرد کە زمانی کوردی لە دەستووری عێراقیدا لە ئێستادا پێگەیەکی یەکسانی لەگەڵ زمانی عەرەبی لەسەرانسەری عێراقدا هەبێت، کە بەدرێژایی مێژووی دروست بوونی دەوڵەتی عێراق ئەم پێگەیەی بەخۆیەوە نەبینیوە، کە لە ماددەی (٤) ی دەستورەکەدا هاتووە: (( یەکەم: زمانی عەرەبی و کوردی دوو زمانی فەرمین لە عێراقدا، مافی سەرجەم عێراقیەکان پارێزراوە لە فێرکردنی ڕۆڵەکانیان بە زمانی دایکیان وەك تورکمانی و سریانی لە دەزگاکانی فێرکردنی دەوڵەتدا بەپێی یاسا پەروەردەییەکان، یان بە هەر زمانێکی دیکە لە دەزگاکانی فێرکردنی تایبەتدا.

دووەم: سنووری دەستەواژەی زمانی فەرمی دیاریدەکرێت چۆنیەتی جێبەجێکردنی حوکمی ئەم ماددەیەش بە یاسا ئەم خاڵانە دەگرێتەوە:

أ- دەرکردنی ڕۆژنامەی فەرمی بە هەردوو زمان.

ب- قسەکردن وتوویژ و دەربڕین لە بوارە فەرمیەکاندا بە هەر یەك لە دوو زمانەکە وەك ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی وەزیران و دادگاکان و کۆنگرە فەرمیەکان.

ج- داننان بە بەڵگەنامە فەرمیەکان و ئاڵوگۆرکردنی نامە و دەرکردنی بەڵگەنامە فەرمیەکان بە هەردوو زمان.

د- کردنەوەی قوتابخانە بە هەردوو زمانەکە بەپێی یاسا پەروەردەییەکان.

هـ- هەر بوارێکی دیکە کە بنەمای یەکسانی بیگرێتەوە، وەك پارە و پاسەپۆرت و پوول.

سێیەم: دامودەزگا فیدراڵی فەرمیەکان لە هەرێمی کوردستان هەردوو زمانەکە بەکار دەهێنن.

چوارەم: زمانی تورکمانی و سریانی دوو زمانی فەرمی ترن لەو یەکە ئیداریانە دا کە تیایدا زۆرینەی دانیشتوان پێکدەهێنن.

پێنجەم:هەر هەرێم و پارێزگایەك مافی ئەوەی هەیە زمانێکی ناوخۆیی دیکە بکاتە زمانی فەرمی ئەگەر دانیشتوانەکەی لە راپرسییەکی گشتیدا بڕیاریان لەسەردا)).(دەستووری هەمیشەیی عێراق، ٢٠٠٥: ماددەی ٤)

ئەمەش ئەوە دەردەخات هەرکات دەستووری وڵات لەسەر بنەمای سیستەمێکی دیموکراسی داربرێژرێت جەخت لەسەر مافی یەکسان بۆ بەکارهێنانی زمانەکان دەکاتەوە لەسەرجەم کایەکانی ژیان. ئەم پێگەیەی ئێستای زمانی کوردی مەترسیی توانەوەی زمانی کوردی بەرەو ڕەوینەوە بردووە. هەرچەندە ئێستاش هەندێك عەرەبی شۆڤینی دژی پراکتیزەکردنی ئەو مافە دەستورییەی زمانی کوردین، لەبەئەوەی ماوەی هەشت ساڵە ئاستەنگ دەخەنە بەردەم پەسەندکردنی پرۆژە یاسای زمانە فەرمییەکان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا، هەر وەك (موئەیەد تەیب ) گوتەبێژی لستی هاوپەیمانی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، لە رێکەوتی (٢٤/١٠/٢٠١٣) ئاماژەی بەوەدا کە ((سەرجەم کوتلەکانی عەرەبی لە پەرلەمان بە شیعە و سوننە دژی پرۆژە یاسای زمانە فەرمییەکانن لە عێراقدا، هەرچەندە پرۆژە یاسایەکە دەستورییە و هیچ کیشەیەکی یاسایی نییە، بەڵام ئەوانە بەهۆی هزری شۆڤینییانەوە ئامادە نین پرۆژە یاساکە پەسەند بکەن، پێیانوایە ئەمە دەبێتە هۆی لاوازکردنی زمانی عەرەبی، ئەوانە لەگەڵ ئەوەن تەنیا زمانی عەرەبی بەکاربێت و پێویست بە زمانی دیکە ناکات لە شوێنە فەرمییەکان)).[1] بەڵام بەهۆی پێداگیری و ململانێیەکی هەشت ساڵە، لە نێوان لیستەکانی پێکهاتەی عەرەبی و لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، توانرا لە رێکەوتی (٧/١/٢٠١٤ ز) بە کۆی دەنگی پەرلەمانتاران یاسایەکە پەسەند بکرێت، کە ئەمەش دەسکەوتێکی گەورەیە بۆ پراکتیزەکردنی بەکارهێنانی زمانی کوردی وەك زمانێکی فەرمی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، هەروەها عێراق بەم پرۆژە یاسایە چووە ڕیزی ئەو وڵاتانەی کە ڕەفتارێکی دیموکراسیانە لەگەڵ فرەزمانی دەکات، هەروەها پێویستە بگووترێت کە لە مێژووی عێراقدا بۆیەکەمجارە بەم شێوەیە ڕەفتار لەگەڵ فرەزمانیدا بکرێت، بە تایبەتی بۆ زمانی کوردی وەرچەرخانێکی گەورە و گرنگە، لەبەرئەوەی لەمەودوا زمانی کوردی بەشێوەیەکی فەرمی لەسەرجەم بوارەکانی ژیان هاوشانی زمانی عەرەبی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، هەروەها لە (دراو و پاسپۆرت و ناسنامەی

[1] - وەرگیراوە لە ماڵپەری http://rudaw.net/sorani/middleeast/iraq/٢٤١٠٢٠١٣٣sthash.kTLyRkiE.dpuf

باری شارستانی (نفوس) و كارتی زانیاری و پسولەی خۆراك و تابلۆی فەرمانگەكان و...تاد) بە هەردوو زمانی كوردی و زمانی عەرەبی لەسەریان دەنووسرێت[1] ، بێگومان ئەمەش وادەكات زمانی كوردی لەتەواوی عێراقدا لەسەرجەم بوارەكانی ژیان بەكاربهێنرێت، لەكاتێكدا تاكو ئێستاش لە ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە دامودەزگا و فەرمانگەكان زمانی نووسینی نووسراوەكانیان بە زمانی عەرەبیە، هەرچەندە زۆربەی بەرپرسی فەرمانگەكان سەر بەنەتەوەی كوردن، بەهۆی نەبوونی یاسای تایبەت بە زمان، بۆیە ئەم یاسایە هەنگاو دەنێت بۆ جێبەجی كردنی مافەزمانییەكان كە لە دەستووری عێراقدا پێدرابوو.

هەڵبەت پێویستە بگووترێت، زۆرجار بەرپرسە كوردەكانیش هەوڵ نادەن ئەم مافە دەستوورییە پراكتیزە بكەن. هەر بۆیە تاكو ئێستا تاكە زمانی عەرەبی پەیڕەو دەكرێت لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق، بۆ نموونە لە گفتوگۆكانی پەرلەمانی عێراقدا سەرەڕای دابینكردنی ئامێر و وەرگێڕ لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان، كەچی تەنیا تاكە زمانی عەرەبی بەكاردەهێنرێت. لەبەرئەوەی هەندێك لە پەرلەمانتارانی كورد خۆیان زیاتر ئارەزووی بەكارهێنانی زمانی عەرەبیان هەیە.( لەتیف شێخ مستەفا،٧/١/٢٠١٤)[2] ئەمەش كەمتەرخەمی نوێنەرانی كورد نیشان دەدات بەرانبەر بە زمانی نەتەوەكەیان.

هەرچەندە نوێنەرانی كورد كەمتەرخەمن لە بەكارهێنانی زمانی كوردی لە گفتوگۆكانی پەرلەماندا، بەڵام پێویستە ئەوەش بگووترێت، كە سەركردایەتی سیاسی گەلی كوردستان و نوێنەرانی كورد لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بەردەوام داكۆكیان كردووە، لە یەكسان كردنی زمانی كوردی لەگەڵ زمانی عەرەبی لە بەكارهێناندا، هەر بەم هۆیەش لە ئێستادا توانیویانە زمانی كوردی بە یاسای تایبەت و لە دەستووری عێراقدا بكەن بە زمانێكی فەرمی لە تەواوی عێراقدا، ئەمەش وایكردووە تارادەیەكی باش ئەو جیاكارییەی لەنێوان زمانی كوردی و زمانی عەرەبی كە لە پێشتردا هەیبوو لە ڕووی یاسایی و دەستووری كۆتایی پێ بێت.

بەم شێوەیە دەكرێت بڵێین لە ئێستادا ڕێكخستنی فرەزمانی لە عێراقدا بەگشتی و لە هەرێمی كوردستان و ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە تایبەتی بەشێوەیەكی باش و دیموكراسیانە لە دەستووردا ڕێكخراوە، بەجۆرێك كە سەرجەم زمانەكان لە بەكارهێناندا یەكسانن، بەڵام حكومەتی هەرێمی كوردستان و نوێنەرانی كورد لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق پلانێكی زمانیان نەبووە بۆ پراكتیزەكردنی مافە دەستوورییەكە، بۆ زیاتر گەشەپێدان و پاراستنی زمانی كوردی لە ناوچەكەدا.

---

[1]- وەرگیراوە لە تەلەفزیۆنی كەناڵی ئاسمانی كوردستان لە ڕێكەوتی ٢٠١٤/١/٧ لە هەواڵەكانی كاتژمێر (٦.٣٠) ، و ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ ، ژمارە(٦٢٧٥) لە( ٢٠١٤/١/٨) ، ل٣.

[2]- ناوبراو ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقە، لە چاوپێكەوتنێكیدا لە تەلەفزیۆنی (NRT) لە ڕێكەوتی ٢٠١٤/١/٧ كاتژمێر(١) نیوەڕۆ ئەم بابەتەی خستە ڕوو.

## ٣-٣: شێوازەکانی ململانێی زمان لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمدا

حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بەگشتی و حکومەتی سەردەمی فەرمانڕەوایەتی پارتی بەعسی عەرەبی سوسیالیستی( هەڵوەشاوە) بەتایبەتی، سیاسەتی تواندنەوەی زمانی کوردییان هەبووە. وەك هەر وڵاتێکی داگیرکەر، هەوڵیانداوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەسەڵاتی یاسایی و سیاسی و سەربازی و ئابوری وکۆمەڵایەتی ...تاد، فشار بخەنە سەر زمانی کوردی بە ئامانجی توانەوە و لەناوبردنی، بۆ ئەم ئامانجەش هەردوو ئامرازی زەبروزەنگی وەك سوپا و پۆلیس و دادگا و زیندان و ئامرازی ئایدیۆلۆژی وەك پەروەردە و ڕاگەیاندن و هونەر و ڕۆشنبیری و زانستیان بەکارهێناوە، بەمەبەستی سەپاندنی زمانی عەرەبی لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەریم دا، چونکە هەمیشە پێیان وابووە نەتەوەی کورد مەترسییە بۆ سەر چەسپاندنی بیرۆکەی یەك نەتەوە و یەك زمان و یەك ئاڵا بۆ عێراقی فرەنەتەوە و فرەزمان.

هەڵبەت حکومەتی عێراق لە ڕێگەی پلانێکی تۆکمەی زمانی لەسەر ئەم ئامانجەیان کاریکردوە، بۆ ئەم مەبەستەش هەردوو بنەمای چەندایەتی و چۆنایەتی بەکارهێناوە، کە دوو بنەمای بنەڕەتین بۆ بەڕێوەبردنی ململانێی زمان لە ناوچە فرە زمانەکاندا، لە قۆناغی یەکەم لەسەر بنەمای چەندایەتی کاریکردوە و لە قۆناغی دووەمیشدا زۆر بەچڕی لەسەر بنەمای چۆنایەتی کاریکردوە کە هاوکات دوو بنەڕەتی بنچینەیشن بۆ یەکلایکردنەوەی ململانێی زمانی لە ناوچەکانی ململانێدا. لە ڕێگەی پەیڕەوکردنی ئەم دوو بنەمایە کاریانکردووە لەسەر کەمکردنەوەی پێکهاتەی کورد لە ناوچەکەدا بۆ تواندنەوەی زمانی کوردی لە بۆتەی زمانی عەرەبیدا، بێگومان بە ڕای زۆر لە زمانەوانان ئەم دوو بنەمایە ڕۆڵی کاریگەرییان هەیە بۆ یەکلایکردنەوەی ململانێی زمان، بۆیە لە ڕێگەی خستنەڕووی ئامار و داتاکان و بەڵگەنامەکان، هەوڵدەدەین سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی حکومەتی عێراقی بەرانبەر بە زمانی کوردی لە ناوچەکەدا لەسەر هەردوو بنەما بخەینە ڕوو.

### ٣-٣-١: بنەمای چەندایەتی

گومان لەوەدا نییە، کە لە ناوچە فرەزمانییەکاندا بنەمای چەندایەتی بۆ یەکلایکردنەوەی ململانێی زمان بە یەکێك لە بنەما سەرەکییەکان دادەنرێت، کە زۆرجار یەکلایکردنەوەکە لە بەرژەوەندی لایەنی زۆرینە دەبێت لە ڕووبەرێکی دیاریکراوی جوگرافیدا، چونکە هەرچەند ژمارەی کەسانی قسەکەر زۆر بێت، ئەوا بەکارهێنانی زیاتر دەبێت، هەڵبەتە هەرچەند ژمارەی بەکارهێنەریشی زیاتر بێت، زمان زیاتر گەشە دەکات و لە مەترسی لەناوچوون دەپارێزرێت، بە پێچەوانەوەش ڕاستە، هەروەها هەرچەند زمان ژمارەی قسەپێکەرانی زیاتر بێت ئەوا زیاتر ڕۆڵدەگێرێت لە کۆمەڵگە زمانییەکە بە تایبەتی ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی وڵات پشتگیری بکات، ئەمەش وا دەکات لەکاتی ململانێی زمان ئەو زمانە سەربکەوێت کە ژمارەی تاکەکەسەکانی زیاترە،

بەتایبـەتی ئەگـەر زمانەکـە لـە بـواری ڕۆشـنبیریدا لـە ئاسـتێکی بـەرزتربێت و لەبەرانبـەردا هەوڵبـدرێت ئـەرك و چالاکی زمـانی بەرانبـەر بەرتەسـك بکرێتـەوە و تـەنیا لـە سـنوری ئاخـاوتن بـەکاربێت. حکومـەتی عێـراق بـە بەردەوام هەوڵیداوە نەتەوەی عەرەب لە ناوچەکەدا بکات بە نەتەوەی زۆرینە و زمانەکەشی بکات بـە زمـانێکی زاڵ لەسەر زمانی کوردی دا، هاوکات هەوڵیشداوە سنوری چالاکی زمانی کوردی لە هـەموو ئەم ناوچانەدا بـە ڕادەیەك بەرتەسك بکات کە تەنیا بۆ ئاخاوتن لەسنوری خێزاندا ڕۆڵ ببینێت. سەبارەت بە بنەمای چەندایەتی ئەگەر بەراوردی سەرژمێرییەکانی دانیشتوان بکەین لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هـەرێم لـە نێوان چـەند سـەرژمێرییەکدا بۆمـان دەردەکـەوێت، کـە حکومـەتی عێـراق لـە داڕشـتنی سیاسـەتی زمانیـان بـۆ ناوچەکە، بایەخ و گرنگی لایەنی بنەمای چەندایەتی بۆ بالا دەستکردنی زمـانی عـەرەبی لـە ناوچەکەدا داوە. زۆر بە پلان لەسەر بنەمای چەندایەتی کاریانکردوە. بۆ خستنەڕووی ئەنجامـەکان، ئێمـە پشـتمان بـە چـەندین بەڵگەنامــە و دیکۆمێنــت بەســتووە، هــەروەها بــۆ شــیکردنەوەی بابەتەکــە ســوودمان لــە ســەرژمێرییە ئەنجامـدراوەکان بـۆ ئامـاری دانیشـتوانی ناوچـەکە لەسـەر بنچـینەی زمـانی نەتـەوە وەرگرتـووە، بـۆ ئـەم مەبەستەش سەرژمێری ساڵی (١٩٥٧ن)، کە تاکە سەرژمێرییە، تیایدا زمانی دایك کراوەتـە پێـوەر بـۆ ئامـاری دانیشتوانی عێراق (فوئـاد حەمـە خورشـید، ٢٠٠٧: ٣٧)، لەگـەڵ سـەرژمێرییەکانی سـاڵانی(١٩٧٧ن) و سـاڵی (١٩٩٧ن) پشتی پێ بەستراوە، کە تیایدا بەراوردی ئاماری پێکهاتە نەتەوەییـەکان لـە نێـوان سـەرژمێری سـاڵی (١٩٥٧ ن) لەگـەڵ هـەردوو سـەرژمێری دوایـی کـراوە، کـە ئامـاری یەکـەمیان مێژووەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ پـێش فەرمانڕەوایی ڕژێمی بەعس و ئـەوانی دیکـە لـە سـەردەمی فـەرمانڕەوایی حزبـی بـەعس ئـەنجام دراون. بڕوانـە خشتەی ژمارە(١) کە تایبەتە بە بەراوردی ژمارەی دانیشتوان لەسـەر بنچینەی زمـانی دایـك لـە نێـوان هەرسـێ سەرژمێریەکەدا لە پارێزگای کەرکوك، کە گەورەترین ناوچەیە، لە ڕووی ڕووبەر و ژمارەی دانیشوان لـە ناوچـە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەریم دا. (ڕۆژهات ویسی خالد، ٢٠١٢: ١٢٥)

**خشتەی ژمارە(١)**

**خشتەی بەراوردکردنی ژمارەی دانیشتوان لەسەر بنچینەی زمانی دایك لە پارێزگای کەرکوك** [1]

| نەتەوە | ١٩٥٧ | رێژەی ٪ | ١٩٧٧ | رێژەی ٪ | ١٩٩٧ | رێژەی ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کورد | ١٨٧٥٩٣ | ٪٤٨.٣ | ١٨٥٢٦٣ | ٪٣٧.٦ | ١٥٥٨٦١ | ٪٢١ |
| عەرەب | ١٠٩٦٢٠ | ٪٢٨.٢ | ٢١٨٧٥٥ | ٪٤٤.٤ | ٥٤٤٥٩٦ | ٪٧٢ |
| تورکمان | ٨٣٣٧١ | ٪٢١.٤ | ٨٠٣٤٧ | ٪١٦.٣ | ٥٠٠٩٩ | ٪٧ |
| سەرجەم | ٣٨٨٨٢٩ | | ٤٨٣٩٧٧ | | ٧٥٢٧٤٥(٢) | |

ژمارەی ناوخشتەکان ئەوەمان پێ نیشان دەدەن کە زیادکردن و کەمکردنی ژمارەی دانیشتوان لە نێو نەتەوەکاندا لە بارێکی سروشتیدا نییە، چونکە رێژەکە بۆ نەتەوەی کورد لە نێوانی سالانی (١٩٥٧) و(١٩٧٧) و(١٩٩٧) قۆناغ بە قۆناغ ڕووی لەکەمی کردوە، لە بەرانبەریشدا رێژەی پێکهاتەی عەرەبی لە ناوچەکەدا زۆر بەرێژەییکی بەرچاو زیادی کردوە، بۆ نموونە رێژەی نەتەوەی کورد لە ناوچەکەدا لە ئاماری سالی (١٩٥٧) لە پارێزگای کەرکوکدا کە چەقی قورسایی ململانێ بووە لە نێوان حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق و بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد، بریتی بووە لە(٪٤٨)، پێکهاتەی عەرەب رێژەکەی لە (٪٢٨) بووە، کەچی لە سەرژمێری سالی( ١٩٧٧) رێژەی پێکهاتەی نەتەوەی کورد کەمی کردوە، بۆتە(٪٣٨) لە بەرانبەردا هی پێکهاتەی عەرەب زیادیکردوە، بووە بە(٪٤٥) و لەسەرژمێری سالی (١٩٩٧) رێژەکە بۆ نەتەوەی کورد زۆر زیاتر کەمیکردوە، بە جۆرێك کە رێژەی کورد بووە بە (٪٢١) لەبەرانبەردا پێکهاتەی عەرەب لە ناوچەکەدا بەرێژەیێکی بەرچاو زیادیکردوە، کە بۆتە (٪٧٢). بێگومان ئەم ژمارانە زۆر بە ڕوونی ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە حکومەتی عێراق زۆر بە بەرنامە کاری کردووە لەسەر بنەمای چەندایەتی بۆ کەمکردنەوەی نەتەوەی کورد لە بەرژەوەندی پێکهاتەی نەتەوەی عەرەبدا بۆ ئاسانبوونی سەپاندنی زمانی عەرەبی بەسەر زمانی کوردیدا. هەرچەندە ڕەنگە بنەمای چەندایەتی بەتەنیا بەس نەبێت بۆ سەپاندنی زمانی عەرەبی بەسەر نەتەوەی کورددا، بەڵکو بنەمای چۆنایەتی دیوێکی دیکەی بابەتەکەیە، کە حکومەتی عێراق

---

[1]- ئاماری هەردوو سالی (١٩٥٧ و ١٩٧٧) سەرچاوەکەی دەگەرێتەوە بۆ ( خليل اسماعيل محمد( ٢٠٠٢)، موشرات سياسة التعريب و التهجير فی اقليم كردستان العراق، الطبعة الثانية، اربيل، ص ١٦ ) و بۆ (جەزا تۆفیق تالب،بایەخی جیۆپۆلۆتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی یەکەم، سلێمانی ، ١٩٩٩،ل ١٤٣. هەروەها بۆ فريد اسسرد، المساله الكرديه بعد قانون اداره الدوله العراقيه، سليمانيه، ٢٠٠٤، ص ٢١٢-٢١٣ . بەلام ئاماری سالی ١٩٩٧ وەرگیراوە لە (رۆژهات ویسی خالد، ٢٠١٢، ص ١٢٥)

[2]- ژمارەکە هەندێك کەمینەی تریش دەگرێتەوە .

ئەم لایەنەشی فەرامۆش نەکردوە. هەروەها ئاماری ناوچەکانی دیکە کە کەوتوونەتە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان هەمان ڕاستیمان بۆ دەردەخەن، بۆ هەمان مەبەست سەیری خشتەی ژمارە (٢) بکە.

**خشتەی ژمارە (٢)**

**خشتەی بەراوردکردنی ژمارەی دانیشتوان لەسەر بنەمای زمانی نەتەوەیی لە ناوچەکانی دیکە لە نێوان سالآنی (١٩٥٧و١٩٧٧ )[1]**

| نەتەوە | کورد | | عەرەب |
|---|---|---|---|
| | ١٩٥٧ | ١٩٧٧ | ١٩٧٧ |
| شەنگال | ٧٨.٣ | ٦.١ | ٩٣.١ |
| تەلەعفەر | ١٦.٥ | ٣.١ | ٩٥.٥ |
| شێخان | ٤٣.٥ | ٣٧ | ٦٢.١ |
| دوزخورماتو | ٥٤.٧ | ٤٥.٢ | ٢٥.٤ |
| خانەقین | ٥٨.٤ | ٢٧.٣ | ٦٧.٩ |
| مەندەلی | ١٦.٧ | ١ | ٩٨.٤ |

سەرچاوە: (خلیل اسماعیل محمد، ١٩٩٩: ٩٠)

ئەگەر سەیری ڕێژەی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان بکەین لەم ناوچانەشدا، هەمان ڕاستیمان بۆ دەردەکەوێت، دەبینین لە سەر ژمێرییەکاندا، ئاماری ژمارەی دانیشتوان بۆ نەتەوەی کورد لە بارێکی ئاسایی و سروشتیدا نابینرێت، چونکە لە جیاتی زیادبوون ڕێژەکە ڕووی لە کەم بوون کردووە، بەڵام بۆ پێکهاتەی عەرەب دۆخەکە پێچەوانەیە، بە شێوەیەك کە ژمارەیان زۆر بە ڕێژەیەکی نائاسایی لە ناوچەکەدا ڕووی لە زیاد بوون بووە.

هەروەها قەزای مەخموور[2] تاکە قەزای سنووری پارێزگای هەولێرە، کەوتۆتە نێو سنووری ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، ژمارەی پێکهاتەی نەتەوەی کورد بە بەراورد بە پێکهاتەی عەرەب بە درێژایی مێژوو زیاتر بووە، بەشێوەیەك پێکهاتەی کورد لە ساڵی (١٩٥٧)نزیکەی ٩٥٪ دانیشتوانی

---

١- بەراوردی نێوان هەردوو سەرژمێرژی ساڵی (١٩٥٧ز ) و(١٩٧٧ ن) زۆر بە روونی دەری خستووە کە زۆر بە چڕی کار کراوە بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد لەم ناوچانەدا، بە دوای ئاماری ساڵی (١٩٩٧) کەرام بۆ ئەم ناوچانەش بەڵام دەستم نەکەوت.

٢- ئەم قەزایە لە ساڵی (١٩٩٦ز)ەوە لەڕووی کارگێری خراوەتە سەر پارێزگای موسڵ.(هەمان سەرچاوە)

ناوچەکەی پێکدەهێنا، ئەوانی دیکە عەرەب بوون، واتە ٥٪ی دانیشتوانی لە پێکهاتەی عەرەب بوون.(محمد احسان، ٢٠١٢: ٢٤٦) کەچی لە سەرژمێری ساڵی (١٩٧٧) ڕێژەی کورد کەمکرایەوە بۆ ڕێژەی٦٦٪ و ڕێژەی عەرەب زیادیکرد بۆ ٤٤٪ ( فەیسەل دەباغ ، ١٩٩٩: ٢٢) دوای پرۆسەی ئازادی عێراق زۆربەی عەرەبە هاوردەکانی کە هێنرابوون بۆ ناوچەکە گەڕاونەتەوە بۆ زێدی خۆیان، بۆیە لە ئێستادا ڕێژەی کورد لە ناوچەکەدا زۆرترە لە ڕێژەی پێکهاتەی عەرەب، هەرچەندە هیچ سەرژمێرییەك ئەنجام نەدراوە، بەڵام بەپێی ڕێژەی دەنگەکان لە هەڵبژاردنەکان ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، بەجۆرێك کە لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥ لیستی هاوپەیمانی کوردستان ٩١٪ دەنگەکانی لەسەر ئاستی قەزاکە بەدەستهێناوە.( محمد احسان، ٢٠١٢: ٢٦٠).

هەڵبەتە حکومەتی عێراق لە ڕێگەی چەند هەنگاوێك توانیویەتی کار لەسەر کەم کردنەوەی ژمارەی کورد و زیادکردنی پێکهاتەی عەرەب لە ناوچەکەدا بکات ، کە هەریەك لەم هەنگاوانە کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر زمانی کوردی و بونەتە هۆی بەرتەسکردنەوەی چالاکی زمانی کوردی لە ڕووی ئەرکەوە، هەروەها ڕێگربوونە لە بەردەم گەشەی زمانی کوردی لە ناوچەکەدا، بۆتە هۆی توانەوەی زمانی کوردی بۆ هەندێك لە گەلی کورد. لە هەر هەنگاوێکدا لە ڕێگەی خستنەڕووی بەڵگە و دیکۆمێنتەکان زانیارییەکان پشت ڕاست دەکەینەوە.

### ٣-٣-١-١: ڕاگواستنی زۆرەملێ [1]

حکومەتی عێراق لە سەرجەم قۆناغەکانی حکومڕانی بەتایبەتی لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی حکومەتی بەعسدا لە دوای ساڵی( ١٩٦٣ ز) ئەم سیاسەتەی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە چڕی پەیڕەو کردوە،(شۆڕش حاجی، ٢٠٠٤: ٤١) وەك ئامانجێك بۆ دەست بەسەردا گرتنی خاکی ناوچەکە و دابڕاندنی لە خاکی هەرێمی کوردستان لەلایەك و، لەلایەکی دیکە ویستویەتی زمانی کوردی لەم ناوچەیەدا بکات بە زمانێکی کەمینە، بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانێت بەسەریدا زاڵ بێت لە ناوچەکەدا. هەروەها ئامانجێکی تریشی لە ڕاگواستنەکەدا کارکردن بووە لەسەر تواندنەوەی زمانی کوردی، بۆ نموونە لەکاتی ڕاگواستنەکاندا هانی خێزانە کوردەکانی داوە بەرەو باشور و ناوەڕاستی عێراق بگوازنەوە، کە زمانی عەرەبی لەم ناوچانەدا، تاکە زمانە بەکاردێت لەسەرجەم کایەکانی ژیاندا. بۆ ئەوەی دوای چەند نەوەیەك ئەو خەڵکانەی ڕاگوێزراون زمانەکەیان و ڕۆشنیریان لەدەست بدەن و لەناو نەتەوەی عەرەبدا بتوێنەوە، بۆیە دەبینین لە نووسراوی وەزارەتی ناوخۆ ژمارە( ٧٢٤٥) لە ڕێکەوتی(٢/٧ /٢٠٠٠) زۆر بە ڕوونی ئەو مەبەستە

---

[1]- ئەم جۆرە ڕاگواستنە زیاتر لەو دەوڵەتانە ڕوودەدات کە زیاتر لە نەتەوەیەك یان پتر لە مەزهەبێکی تێدا دەژی، دەسەڵاتدارەکانی یان حوکمڕانەکانی ڕێگای دیکتاتۆری پەیڕەو دەکەن بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکانی نێوانیان لە بەرژەوەندی لایەنێك ، دانیشتوانی ناوچەیەك ڕاپێچ دەکرێن و دەگوازرینەوە بۆ شوێنێکی دیکە، کە بەویست و ئارەزووی خەڵکەکە نییە، لایەنی بڕیاردەر دەوڵەتە، کە مەبەستێکی سیاسی لە پشت بڕیارەکەوەیە . (عومەر هەمزە صالح، ٢٠٠٩ : ٥٩- ٦٠)

دەردەکەوێت کاتێک دەڵێت هەر کەسێك بگوازێتەوە بۆ باشوری عێراق دەتوانێت هەموو کەلوپەل و پێداویستیەك لەگەڵ خۆی ببات .لەبەرانبەردا هەر هاولاتیەك پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی هەڵبژاردبێت، بێ بەشکراوبووە و کەلوپەلەکانیان دەستی بەسەرداگیراوە، چونکە زمانیان لەگەڵ زمانی دانیشوانی هەرێمی کوردستان هاوزمان بووە، ئەمەش یەکانگیر نەبووە لەگەڵ ئەو ئامانجەی حکومەتی بەعس هەیبووە لە ڕاگواستنەکەدا بۆیە بێ بەشیکردوون. (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٣)

بێگومان ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە دەسەلاتدارانی عێراقی چاویان بڕیبووە خزاندنی کوردەکان بۆ ناو ناسنامەییکی عەرەبی، بۆیە فشاریان خستۆتە سەر کوردەکان بۆ بە جێهێشتنی ناوچەکانیان لەلایەك و ڕاگواستنیان بۆ باشوور و ناوەڕاست لەلایەکی دیکەوە، هەروەها هانی عەرەبەکانی داوە بۆ کۆچکردن بۆ ناوچە کوردییەکان، هاوکات بەکارهێنانی زمانی کوردی قەدەغە کردوە لەدامودەزگا و پرۆسەی خوێندن لەسەرجەم ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، ئەمەش بە ڕوونی سیاسەتی شۆڤینیانەی دەسەلاتدارانی عێراقمان بۆ دەردەخات بەرانبەر بە نەتەوەی کورد و زمانەکەی. کۆچپێکردنی هاوولاتیانی ئەم ناوچانە بۆ ناوچەکانی باشور و ناوەراست بەهۆی زمان جیاوازیان، بە هۆکارێکی گرنگ دادەنرێت، بۆ ئەوەی وشەیەکی زۆر لە زمانی عەرەبی بخزێتە نێو زمانی هاولاتیانی کورد لەم ناوچانە، تەنانەت هەندێکیان جگە لەوەی وشەیەکی زۆر خزیوتە نێو زمانیان، لە سیستەمی دەنگی و ڕێزمانی زۆر بە ڕوونی هەست بەکاریگەری زمانی عەرەبی دەکرێت لە کاتی گفتوگۆکردن. بە تایبەتیش لە زمانی منداڵەکانیان زۆر بە ئاشکرا بە دیاردەکەوێت. کاتێك کە قسەدەکەن زۆر وشەی زمانی عەرەبی بەکاردێنێن و بە هەمان ڕادەی پلەی زمانی عەرەبی دەنگەکان گۆ دەکەن. یەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی ئەوەیە کە زمانی خوێندن و نووسین و قسەکردنیان لە گەڕەك و قوتابخانە و بازار هەر بەو زمانە بووە، بەدەگمەن وشە و زاراوەی خۆیان بەرچاو کەوتووە یان قسەیان پێکردوە، تەنانەت ئەوانەی کە ڕاگوێزراون بۆ باشور و ناوەڕاست هەندێکیان منداڵەکانیان بە تەواوی زمانی کوردیان لە دەست داوە.

### ٣-٣- ١-٢: هاوردەکردنی عەرەب بۆ ناوچە کوردستانیەکان

هێنانی جالیەیێکی ژمارە زۆری زمان جیاواز بۆ ناوچەیەك کە ببێتە هۆی زیاتربوونی ژمارەیان لە پێکهاتە ڕەسەنەکە، کاریگەری دەبێت بۆ سەر زمانی ڕەسەنی ناوچەکە، بۆیە دەبینین حکومەتی عێراق بۆ دروستکردنی ئەو کاریگەرییە لەسەر زمانی کوردی، هەوڵیداوە ژمارەیەکی زۆری هۆزی عەرەب بێنێتە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، بۆ نموونە تەنیا بۆ ناو شاری

کـــەرکوك لـــە ســـاڵی(١٩٦٨- ٢٠٠٣) نزیکـــەی (٢٦٤٧٦) خێـــزان هـــاتووە، کـــە کـــۆی گشـــتی سەرخێزانەکانیان (٢١٤٦٩٦) کەس بووە،( لەتیف فاتح فەرەج، ٢٠١٣) [1] بۆ ئەم مەبەستەش چەندین گەڕەك و کۆمەڵگە و گوندی لەم ناوچانە بۆ پێکهاتەی عەرەب دروستکردوە، کە هاوکات ناوی هەموو کۆمەڵگە و شوێنەکانی بە ناوی عەرەبی ناوناون، زۆر لە ناوەکان لە ڕووی دەنگ و وشەوە نامۆن بە زمانی کوردی، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی لەلایەك ئەم ناوانە بخزینە نێو فەرهەنگی کوردی و لەلایەکی تر بە هۆی بەردەوامی لە دووبارە کردنەوەیان و تێکەڵاو بوونیان لە ڕووی کۆمەڵایەتی وایکردوە هەندێك لە ڕۆشنبیران بەهۆی ئەوەی خوێندنیان بە زمانی عەرەبی بووە، ئەو ناوانە بەهەمان سیستەمی دەنگی زمانی عەرەبی دەربڕن و بەهەمان فۆرمی زمانی عەرەبی بنووسن، کە بۆ دواجار ئەمەش وایکردوە ئەم دەنگانە بخزینە نێو دەنگەکانی زمانی کوردی. بۆ بینینی ناوی چەند گەرەکێکی دروستکراو، سەیری خشتەی ژمارە (٣) بکە، وەکو ئەوەی ئەم ناوچانە کەوتبنە ناوچەکانی بیابانی عەرەبی.

## خشتەی ژمارە(٣)

ناوی هەندێك لەو گەڕەك و کۆمەڵگە دروستکراوانەی کە بە ناوی عەرەبی ناونراون[2]

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| النصر | حی صدام | البعث | الحرية | الصيادة الاولى |
| الصمود | دورالموظفين | العروبة | الوحدة | شقق النفط |
| يف القائد | البوغث | الصقور | المجزرة | حطين |
| دورالضباط | حی الشرطة | الواسطی | الخضراء | الغرناطة |
| معاذ بن جبل | حنيصن | قرطبة | المنصور | المعاضيدی |

سەرچاوە: (غەفوور مەخمووری، ٢٠٠٦: ٥٨- ٦٠)

هەروەك لە نموونەی ناو خشتەکەدا دەبینین چەند ناوێکی تێدایە کە پێکهاتەی دەنگیان جیاوازە لەگەڵ سیستەمی دەنگی زمانی کوردی کە لە سیستەمی دەنگی زمانی کوردیدا ئەو دەنگانە نینە، وەك (ظ، ذ، ص، ض، ث، ض). هەروەها خشتەی ژمارە (٤) یش کە تایبەتە بە ناوی ئەو هۆزە عەرەبانەی کە هێنراونەتە سنوری ناوچەکە بەهەمان شێوە هەم لە ڕووی چەندایەتی هەم لە ڕووی چۆنایەتی کاریگەری جێهێشتوە بۆ سەر زمانی کوردی لە ناوچەکەدا، کە بە هەمان شێوە ناوی ئەندامان و ناوی خێڵەکانی عەرەب لە ڕووی دەنگ و ڕۆنانی وشەوە نامۆن بە زمانی کوردی. بۆ ئەم مەبەستە سەیری خشتەی (٤) بکە.

---

[1] - http://www.sbeiy.com/Detail.aspx?id=٢٤٨٥٩&LinkID=١

[2] - ژمارەی گەڕەگ و کۆمەڵگەکان یەکجار زۆرن ، ئەمەی ئاماژەمان پێکردوە چەند نموونەیەکە کە لە پارێزگای کەرکوك و قەزای مخمور دروستکراون .

**خشتەی ژمارە (٤)**

**خشتەی ناوی هەندێك لەو خێلانەی هێنراونەتە ناوچەکە**

| | | | |
|---|---|---|---|
| البوزناظرة | البومخرج | طی | شليلة |
| البوهزاع | جنابات | سبعاوی | شبس |
| حنيصن | البوعكلة | البوحمزة | جبور |
| بيجات | البوغنام | البوصالح | الجميلی |
| البوعزة | عزاوی | البوجيم | الحديديين |

سەرچاوە: (غەفوور مەخمووری، ٢٠٠٦: ٥٩ )

گومان لەوەدا نییە، هێنانی ئەم ژمارە زۆرەی عەرەب بۆ ئەم ناوچانە کاریگەری زۆری کردۆتە سەر زیادبوونی ژمارەی عەرەب لەم ناوچانەدا، هەروەك لە بەراوردی سەرژمێرییەکان خستمانە ڕوو لە ڕووی چەندایەتی، کە ئەمەش بە بەرنامە لەلایەن بەرزترین ئاست لە دەسەڵاتی عێراق کاری لەسەر کراوە، لە ڕێگەی هاندانی ئەو خێڵە عەرەبانە بە پێدانی پارە و زەوی (شۆرش حاجی، ٢٠٠٤: ١٢١).ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ژمارەی کورد کەمتر بێتەوە لە چاو پێکهاتەی عەرەب، ئەمەش کاریگەری دروستکردوە لەسەر زمانی کوردی، چونکە زمانی کوردی وەك زمانی کەمینە و زمانی عەرەبیش وەك زمانێکی باڵا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا لە ناوچەکەدا.

حکومەتی عێراق لەم هەنگاوەشدا جگە لەوەی دەسەڵاتی سەربازی و سیاسی بەمەبەستی بەعەرەبکردنی زمانی کوردی بەکارهێناوە، هاوکات پارەو بودجەی وڵاتیشی خستۆتە خزمەتی پرۆسەی تواندنەوەی زمانی کوردی.

### ٣-٣-١-٣: گواستنەوەی کرێکار و فەرمانبەری کورد و هێنانی عەرەب بۆ شوێنیان

دەروازەیەکی دیکە بۆ زیادکردنی ژمارەی قسەپێکەرانی زمانی عەرەبی لە ناوچەکەدا بریتی بووە لە هێنانی فەرمانبەر و کرێکار و جوتیاری عەرەب لە ناوچەکانی باشور و ناوەراست بۆ ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، بێگومان ژمارەی ئەمانەش بەلێشاو بووە بە جۆرێك تەنیا لە نێوان ساڵانی (١٩٦٨ز – ٢٠٠٣ ز) تەنیا بۆ پارێزگای کەرکوك (١٦١٠٤) فەرمانبەری عەرەب هێنراون،[1] بەشێوەك کاری کردۆتە سەر ناوچەکە لە ئێستاشدا ڕێژەی فەرمانبەری کورد لەم ناوچەدا لە ١٨٪ تێپەر ناکات. هاوکات مامۆستا و فەرمانبەر و جوتیاری کوردی گواستۆتەوە بۆ ناوچەکانی عەرەب نشین (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٤)، هەروەها لە

[1]- وەرگیراوە لە ماڵپەری ئەلکترۆنی : http://www.sbeiy.com/Detail.aspx?id=٢٤٨٥٩&LinkID=١ لەرێکەوتی ٢٠١٣/١٠/٢٤.

نووسراوێکدا هانی فەرمانبەرانی کورد دەدات، بۆ گواستنەوەیان بۆ باشوور و ناوەڕاستی عێراق، بۆ ئەم مەبەستەش بەهەمان شێوە کۆمەڵێك جیاوگی(امتیازات) خستۆتە ڕوو، بۆ ئەوەی ڕووبکەنە ئەم ناوچانە، کە زمانی کوردی لە هیچ کایەیێکی ژیان بەکارنایەت، هەروەها لە یەکێك لە بڕگەکان دەڵێت قوتابیەکانیان وەردەگیرێنەوە لە هەمان پۆلی خوێندن، لە کاتێکدا یەك تاکە قوتابخانەی کوردی لەو ناوچانەدا بوونی نەبووە.

ئەوەی جێگای سەرەنجە حکومەتی عێراق لە بەرزترین ئاستی دەسەڵات کاری بۆ ئەم مەبەستە کردوە، کە ئەویش سەرۆك کۆمارە کە لە نووسراوێکدا بۆ لیژنەی باکوور ڕەوانەی کردوە داوادەکات کە دەبێت لە کاتی ڕاگواستن چەند خاڵێك سەبارەت بەو ڕاگواستنە بەو جیاوگانە ڕوون بکرێتەوە وەك لە نووسراوی ژمارە( ١١٣٣ ) لە ڕێکەوتی(١٨/١٠/١٩٩٨) ی پارێزگای کەرکوك دیارە، کە دەدرێتە هەر فەرمانبەرێك ئەگەر بۆ باشووری عێراق بڕوات، وەك پێدانی زەوی و پارە و کەرەستەی خانوو، گواستنەوەی کەلوپەل و تۆماری ناسنامە(نفوس) بۆ ئەو پارێزگایەی دەڕوات، هەروەها قەرەبووکردنەوەی هەر موڵك و زەویەك کە هەیەتی لە کەرکوك (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٥ ) بێگومان لێرەدا چەند ئامانجێکی پێکاوە لە لەلایەك بەم هەنگاوەی ژمارەی عەرەبی لە ناوچەکەدا زیادکردووە، لە لایەکی دیکە ژمارەی کوردی کەم کردۆتەوە، هاوکات ئەو فەرمانبەرانەی گواستراونەتەوە بۆ باشوور و ناوەڕاستی عێراق دوای چەند نەوەیەك زمانەکەیان لە دەست دەدەن، لەبەر ئەوەی ئەو شوێنانە دانیشتوانەکانیان زۆرینەی ڕەها زمانی ئاخاوتنیان زمانی عەرەبیە، هەروەها زمانی گفتوگۆ و گەڕەك و قوتابخانە و بازاڕ و فەرمانگەکان تەنیا زمانی عەرەبیە، چونکە زمانی کوردی لە عێراقدا وەك زمانێکی ناوچەیی مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، کە ئەمەش وایکردوە دانیشتوانی کورد لە شارەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق لە هەموو مافێکی زمانی بێبەش بن.

### ٣-٣-١-٤: چەند هۆکارێکی دیکەی جیاجیا کە کاریان لەسەر چەندایەتی کردووە:

جگە لەو فاکتەرانەی کە باسکران بۆ کەمکردنەوەی پێکهاتەی کورد لە ڕووی چەندایەتی، چەند هۆکارێکی دیکە هەبوون، کە بوونە هۆی زۆر بوونی ژمارەی عەرەب و کەم بوونەوەی کورد لە ناوچەکەدا، لێرەدا بە چەند خاڵێك بەکورتی دەیانخەینە ڕوو:

١- پرۆسەی کۆمەڵکوژی بە ناوی ئەنفال کە پشکی شێر بەر ئەم ناوچانە کەوتووە و زیاتر لە(٧٠) هەزاری کەوتۆتە ئەم ناوچانە کە هەموویان لە نەتەوەی کورد بوون.(لەتیف فاتیح فەرەج، ٢٠١٣)[١]

٢- پرۆسەی ڕاگواستن بە بیانووی مەزهەب گەرایی کە بریتی بووە لە گواستنەوەی کوردە فەیلیەکانی خانەقین و مەندەلی وشوێنانی دیکە لە هەشتاکاندا بۆ ئێران.

---

١- http://www.sbeiy.com/Detail.aspx?id=٢٤٨٥٩&LinkID=١

٣- ڕووخاندن و وێرانکردنی گووندەکانی ئەم ناوچانە هۆکارێکی دیکەی کەمکردنەوەی ژمارەی کوردبووە.

٤- گۆڕانکاری لە یەکە کارگێرییەکان، بە قازانجی پێکهاتەی عەرەبی هۆکاریکی دیکەی کەمکردنەوەی کورد بووە لەم ناوچانە، بەتایبەتی هەندێك شارۆچکە خراونەتە سەر پارێزگاکانی زۆرینە عەرەب نشین.

بەم جۆرە بۆمان دەردەکەوێت، هەموو ئەم هەنگاوانەی باسکران لە ڕووی چەندایەتی لە بەرژەوەندی قسەپێکەرانی زمانی عەرەبی بووە، چونکە قسەپێکەرانی زمانی کوردی لە زۆربەی ناوچەکاندا بوونەتە کەمینە بەهۆی ئەو سیاسەتەی پەیڕەویان کردووە لە ناوچەکەدا، بۆ ئەو ئامانجەش هەموو جۆرە دەسەڵاتێکی یاسایی و سەربازی و داراییان خستۆتەگەر، کە تیایدا سەرجەم ئامرازەکانی توندوتیژی و ڕاگواستنی زۆرەملیّ و کۆمەڵکوژی بەکارهێنراوە.

هەڵبەت پێویستە بگوترێت کە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە خەباتدا بەردەوام بووە، بەلاّم بە هۆی نا بەرانبەری هێز لە ڕووی سەربازی و سیاسی و ئابووری تا پێش پرۆسەی ئازادی عێراق کارگەرییێکی ئەوتۆی نەبووە لە ناوچەکەدا، هەرچەندە پێویستە بزانین، کە هەرێمی کوردستانی عێراق ململانێی سەرەکی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا لەم ناوچانەدا لەسەر خاك و سنوور بووە، بەلاّم بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد هەمیشە شانبەشانی داکۆکی لە خاك و نیشتمان داکۆکی لە مافە ڕۆشنبیریەکان و بەکارهێنانی زمان کردۆتەوە، لە زۆربەی گفتوگۆکان و ڕێککەوتنەکان لە هەموو قۆناغەکانی خەبات کاکڵەی داواکاریەکانیان بریتی بووە لە بە فەرمیکردنی زمانی کوردی و بەکارهێنانی لە پەروەردە و خوێندن..تاد[1]، هەرچەندە پێویستە بزانین ئەگەر خاك لە دەستی دوژمن ڕزگار بکرێت و، سنوور جیابکرێتەوە، زمان و نەتەوەش ڕزگاریان دەبیت لە ستەم و ژێردەستی، چونکە نموونەی ئەوەمان بیستووە کە گەل و نەتەوەی خاك داگیرکراو زۆرجار زمان و ناسنامەی نەتەوەیشی لە دەست داوە.

ئەو هەنگاوانەی باسکران بۆ زاڵکردنی زمانی عەرەبی لە ناوچەکەدا و زیادکردنی ژمارەی پێکهاتەی عەرەب، شتێکی نهێنی وشاراوە نییە، بەڵکو حوکمڕانانی عێراق لە پێشتردا لە کاتی گفتووگۆی نێوان حکومەتی عێراق و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد دانیان پێداناوە، بۆیە حکومەتی عێراق لە ساڵی (١٩٧٠ز) لە برگەی (٨) ڕێکەوتنامەی(١١)ی ئادار دەڵێت:(( هەموو دانیشتوان لە گوندەکانی عەرەب و کورد

---

[1]- لە بەرچاوترین ئەو هەولانە، دەتوانین ئاماژە بەو داواکاریە بکەین، کە مەلا مستەفا بارزانی لە ساڵی (١٩٤٥ز) خستیە ڕوو، کاتێك نوێنەری حکومەتی عێراق بۆ ئاگربەست و ڕێکەوتن سەردانی کرد، کە لە (٩) خاڵ پێکهاتبوو لە دووخاڵدا جەختی لەسەر دابینکردنی پیداویستی خوێندن بە زمانی کوردی و بەڕەسمی ناساندنی زمانی کوردی بوو. (چنار سعد عبدالله، ٢٠٠٩ : ١١٤)
.

دەگێرینەوە بۆ شوێنی پێشوویان))[1]. ئەمەش دانپێدانێکی یاساییە بەم پرۆسەیە کە دەسەڵاتدارانی بەعس خۆیان دانیاننناوە بە ڕاگواستنی کورد و هێنانی عەرەب بۆ ئەم ناوچانە. بێگومان بەهۆی پێداگیری کورد لەسەر گەڕاندنەوەی دۆخی سرۆشتی بۆ ئەم ناوچانە ئەمە جێگیرکراوە، چونکە سەرکردایەتی سیاسی کورد هەستی بە مەترسی لەدەست دانی ناسنامەی ئەم ناوچانە کردوە لەم رێگەیەوە. هەروەها لە دوای کۆتایی هاتن بە دەسەڵاتی بەعس لە ناوچەکەدا، دوای دروست بوونی دەسەڵاتی کاتی حکومەت لە عێراقدا لە ساڵی(٢٠٠٣ ز) دووبارە لە یاسای بەرێوەبردنی ئیدارەی دەوڵەت لە قۆناغی گواستنەوە لە ماددەی (٥٨) بەهەمان شێوە و زۆر بە ڕاشکاوانە داننراوە بە سیاسەتی ڕاگواستنی زۆرەملێی و هێنانی عەرەب بۆ ئەم ناوچانە، بۆیەش حکومەتی کاتی عێراق و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەرکی ئاسایکردنەوەی بارودۆخیان پێ سپێردراوە، لە رێگەی قەرەبووکردنەوەی لایەنە زەرەرمەندەکان و،گێرانەوەی ئەوانەی هێنراونەتە ناوچەکە، هەروەها ئەوانەشی بە زۆرە ملێی ڕاگوێزاون[2].

پێویستە بزانین ئامار و داتاکان بە درێژایی مێژوو ڕۆڵی یەکلایکرەوەیان بینیوە بۆ نەتەوەی کورد لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، هەروەك بینیمان کە حکومەتی عێراق بۆ دیاریکردنی سنووری کارگێری ناوچە کوردییەکان لە بەیاننامەی (١١)ی ئاداری ساڵی( ١٩٧٠ز) لە بڕگەی (١٤) دا بنەمای چەندایەتی قسەکردنی دانیشتوانی بە زمانی دایك کرد بە پێوەر بۆ کوردستانیەتی ئەم ناوچانە بۆ گەڕانەوەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان[3]. هەرچەندە بیرۆکەی حکومەتی عێراقی لە جێگیرکردنی ئەم بڕگەیە لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە نیازی باش نەبووە بەرانبەر بەم ناوچانە، بۆیەش هاودەم بەم ڕێگایانەی خستمانە ڕوو ئەم ناوچانەیان خستە بەر شاڵاوی بەعەرەبکردن بە ئامانجی ئەوەی نەتەوەی عەرەب بکەن بە نەتەوەی زۆرینە، بۆ ئەم مەبەستەش سیاسەتێکی هەمە لایەنەیان داڕشت بۆسڕینەوەی نەتەوەی کورد، کە زمانی کوردی پشکی شێری بەرکەوت لە سیاسەتەکەیاندا، چونکە زمانی کوردی بەستراوەتەوە بە نەتەوەی کورد لەلایەك، لەلایەکی تر وابەستەی خاکەکەیەتی.

ئەوەی جێگای سەرەنجە دوای نەمانی رژێمی بەعسیش لە (٩/نیسانی /٢٠٠٣ ز)، دیسان لەلایەن پێکهاتەکانی عێراق بنەمای چەندایەتی کراوەتە پێوەر بۆ گەڕاندنەوەی ئەم ناوچانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ئەویش دوای ئەوەی لە بڕگەی (ج) لە ماددەی(٥٨)ی یاسای بەرێوەبردنی کاتی دەوڵەتی عێراق لە (٢٠٠٤ ز) ئەمە جێگیرکرا، کە دواتر گواسترایەوە بۆ ماددەی (١٤٠)ی دەستوری هەمیشەیی عێراق(٢٠٠٥ز).

---

[1] بڕوانە بڕگەی( ٨) لە بەیاننامەی (١١) ئاداری ساڵی( ١٩٧٠ز) . لە (الوقائع العراقیە، عدد(١٨٦٣) فی (١٩٧٠/٤/٤) ).

[2] بڕوانە دەقی ماددەی(٥٨) لە یاسای بەریوەبردنی کاتی عێراق (٢٠٠٤) .

[3] بڕوانە بڕگەی (١٤) لە بەیاننامەی(١١)ئاداری ساڵی (١٩٧٠ز) لە( الوقائع العراقیە، عدد(١٨٦٣) لە ١٩٧٠/٤/٤).

بۆیە پێویستە بزانین بایەخی زمان لەم ناوچانەدا بۆ کورد یەکجار گرنگە، چونکە پاراستن و مانەوەی زمان پەیوەستە بە گەڕاندنەوەی بەشێکی فراوانی خاکی هەرێمی کوردستان، بە پێچەوانەوەوە نەمانی زمانی نەتەوەیی دەبێتە هۆی لە دەستدانی بەشێکی گرنگی خاکی هەرێمی کوردستان، چونکە بە شێوەیەکی گشتی زمان بە سیمای سەرەکی جیاکەرەوەی نێو پێکهاتەکان دادەنرێت، لەوەش زیاتر بۆ کورد زمانی کوردی بە هۆی سەرەکی مانەوەی نەتەوەی کورد دادەنرێت و لەناونەچوونی نەتەوەی کورد بەندە بە مانەوە و پاراستنی زمانی کوردی.

## ٣-٣-٢: بنەمای چۆنایەتی

مەبەست لە بنەمای چۆنایەتی لایەنی ڕۆشنبیری و شارستانیەتە، بێگومان حکومەتی عێراق لە داڕشتنی سیاسەتە زمانیەکەی ئەم لایەنەی فەرامۆش نەکردوە، بەڵکو دوای قۆناغی چەندایەتی کاریکردوە لەسەر ئەم بنەمایە، چونکە ئەم لایەنە لە ناوچەکانی ململانێدا بایەخ و گرنگی کەمتر نییە لە لایەنی چەندایەتی، بەڵکو دەکرێت هەردوو بنەماکە وەکو دوو ڕووی یەك دراو سەیر بکەین بۆ هەر زمانێك، چونکە هەمیشە لای زمانەوانان ئەمە پشتڕاست کراوەتەوە، کە ڕۆشنبیری نەتەوە و گروپێکی بالادەست، کاریگەری لەسەر زمانی نەتەوە و گروپێکی تر دەبێت، ئەگەر ڕادەی ڕۆشنبیری کۆمەڵگەکە لە ڕۆشنبیری نەتەوەی ژێردەست بەرزتر و پێشکەوتووتر بێت، بۆیە حکومەتی عێراق لە قۆناغی دووەمی ململانێکەدا لەگەڵ زمانی کوردی هەوڵی لەناوبردنی ڕۆشنبیری و شارستانیەتی کوردی داوە لەم ناوچانەدا لە ڕێگەی ئامرازە ئایدیۆلۆژەکانی وەك پەروەرد و خوێندن و ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و زانست و هونەر. بۆ ئەم ئامانجەش بەهەمان شێوە دەسەلاتی یاسا و دادگا و زیندان و دارایی خستۆتەگر بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی. لە ڕێگەی خستنەڕووی بەڵگە و دیکۆمینتەکان ڕاستیەکان دەخەینە ڕوو.

### ٣-٣-٢-١: قەدەغەکردنی خوێندن بە زمانی کوردی

سەرەتایی ترین ماف ئەوەیە کە مرۆڤ بە زمانی دایکی قسە بکات و بخوێنێت و بنووسێت . بەلام زۆرجار ئەم بابەتە لەلای زۆربەی وڵاتانی داگیرکەر مامەڵەیێکی سیاسی لەگەڵدا دەکرێت، چونکە پرۆسەی خوێندن بە زمانی دایك بەشێکی ژیاری و گرنگی مانەوە و پێشکەوتن و خۆڕاگرتنی نەتەوەیە، چونکە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە دروستبوونی نەوەی پاشەرۆژەوە هەیە و، عەقڵ و فکر و بیر و هۆشیاری پاشەرۆژی لەسەر بنیات دەنرێ.(فەرهاد شاکەلی، ٢٠١١: ٥٩ )

هەڵبەت حکومەتی عێراقیش، بە هۆی درککردنی بە بایەخی زمانی خوێندن، ئەم پرسەی بەستۆتەوە بە بڕیاری سیاسی، بۆیەش بە درێژایی مێژووی حوکمڕانی ڕژێمی بەعس خوێندن بە زمانی کوردی لەو

ناوچانەی کەوتونەتە ژێر لێکۆڵینەوە لە بارێکی ناجێگیردا بووە، بە جۆرێك هەرکات دەسەڵاتدارانی عێراق لەگەڵ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورددا لە ڕێککەوتن و ئاشتیدا بووبێت، بارودۆخەکە تا ڕادەیەك لە بەرژەوندی زمانی کوردیدا بووە، بۆ نموونە لە ماوەی نێوان سالآنی (١٩٧٠ ز تا ١٩٧٥ ز) زمانی خوێندن لەم ناوچانەدا بە زمانی کوردی بووە و نەتەوەی کورد لە ڕووی زمان و ڕۆشنبیری گەشەی باشی بەخۆوە بینیوە، بەڵام دوای نسکۆی شۆڕشی کورد لە ساڵی(١٩٧٥ز)، دوای تێکچوونی پەیوەندییەکان باری خوێندن بە زمانی کوردی لەم ناوچانەدا (جگە لە قەزای مەخموور) پاشەکشەی کردوە و گۆڕاوە بۆ زمانی عەرەبی، تەنانەت لەسەردەمی پرۆسەی ئاشتیشدا، خوێندن بە زمانی کوردی لە هەموو ناوچەکاندا لە بارێکی ئاساییدا بەڕێوە نەچووە، بۆ نموونە لە ساڵی (١٩٧٣ز) کە سەرەتاکانی پرۆسەی ئاشتی و ڕێککەوتن بوو، لە نێوان کورد و دەسەڵاتدارانی عێراق، مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاگەیندراوێکی بڵاوکردۆتەوە، بە ناونیشانی (بە عەرەبکردن کۆسپێکی زلە لە ڕێ ی جێبەجێکردنی پەیمانی ئازاردا)، ڕاگەیەندراوەکە چەند تەوەرێك لە خۆ دەگرێت، لە تەوەری شاری کەرکوك باس لەوە دەکات کە بەربەرەکانی زمانی کوردی دەکرێت لە قوتابخانە و فەرمانگەکان، هەروەها لە تەوەری خانەقین باس لەوە دەکات کە ڕێگری دەکرێت لە بەکارهێنانی زمانی کوردی لە قوتابخانە و فەرمانگەکان.(فەرەیدوون عەبدولڕەحیم عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨: ٣٣٢-٣٣٣) ئەمەش ئەوە دەردەخات کە دەسەڵاتدارانی عێراق لەم ناوچانەدا زمانی کوردییان وەك زمانی خوێندن و زمانی فەرمی بۆ نەتەوەی کورد بە ڕەوا نەبینوە.

لایەنێکی دیکەی نەرێنی پرۆسەی خوێندن ئەوە بووە، کە ئەوکاتانەی زمانی کوردیش زمانی خوێندن بووە، ناوەرۆکی پرۆگرامەکان لە خزمەتی شۆڤینیزمی عەرەبیدا بووە، چونکە بیری ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەناو پرۆگرامەکانی خوێندندا زۆر بەئاشکرا ڕەنگیداوەتەوە، بە شێوەیەك لە پرۆگرامەکانی خوێندندا زۆر بەکەمی ڕەچاوی پێکهاتە نەتەوەییەکانی دیکەی عێراق کراوە، بە تایبەتی لە زانستە مرۆڤایەتیەکاندا، بۆ نموونە لە بابەتی مێژوودا، زیاتر باس لە شۆڕشی عەرەب و پیاهەڵدان بە حزبی بەعس و مێژووی عەرەب و مێژووی خەلیفە ئیسلامیەکان و ...تاد دەکرا، بە هیچ جۆرێك باس لە مێژووی کورد و شۆڕشەکانی نەکراوە، هەروەها لە زانستی جوگرافیادا بەهەمان شێوە لە بەرژەوەندی پێکهاتەی عەرەب پرۆگرامەکان دادەڕێژران، بۆ نموونە لە بابەتی (جوگرافیای نیشتمانی عەرەبی) لە پۆلی دووەمی ناوەندی، قوتابی فێر دەکرا، دەوڵەتی عێراق وەك هەر دەوڵەتێکی تری عەرەبی تەنها لە عەرەب پێکهاتووە، عێراقیش بە گشت ناوچەکانیەوە نیشتمانی عەرەبیە بە کوردستانیشەوە، ئەگەر بابەتی (زنجیر چیاکانی عێراق) بە نموونە باس بکەین، زۆر بە ڕوونی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کاتێك زنجیرە چیاکانی شارەزوور و هەڵگورد و حەسارۆستی بە چیاکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی نیشتمانی عەرەب ناو دەبات. (چنار سعد عبدالله، ٢٠٠٩: ١٣٠)

حکومەتی عێراق درکی بە بایەخی خوێندن بە زمانی دایك کردوە، بۆیە زۆر بەبایەخەوە بەرنامەی داڕشتووە و بەدواداچوونی بەردەوامی هەبووە بۆ قەدەغەکردنی خوێندن بە زمانی کوردی و لەو ڕێگەشەوە

هەوڵی باڵادەستکردنی زمانی عەرەبی بەسەر زمانی کوردی داوە لە ناوچەکەدا، ئەگەر سەیری نووسراوی نهێنی وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (١٢١٣٦) لە ڕێکەوتی(٢١/ ٩/ ٢٠٠٠ ز) کە ئاراستەی پارێزگای کەرکوکی کردوە[1] بکەین، زۆر بە ڕوونی ئەم مەبەستە دەردەکەوێت کاتێك داوا دەکات لێژنەیێك پێکبهێنرێت بۆ جێبەجێکردنی ئەم خاڵانە :

((یەکەم: پەروەرد و فێرکردن و خوێندن لە هەموو قوناغەکانی خوێندن (سەرەتایی، ناوەندی، ئامادەیی، پەیمانگا و کۆلێژەکان و ئامادەییە پیشەییەکان) تەنیا بە زمانی عەرەبی دەبێت. پێویستە پابەندبن بە:

أ- زمانە ناوچەییەکانی (کوردی ، تورکمانی ، سریانی) بە هەموو شێوەیەك لە کاتی وانە گوتنەوە لە لایەن مامۆستایان بۆ گوتنەوە و ڕوونکردنەوەی بابەتەکان لەکاتی دەوامی فەرمی قەدەغەیە بەکاربهێنرێت.

ب- ئەو زمانانەی لە بڕگەکانی سەروە ناومان هێنان، لە کاتی پشووی وانەکاندا، بەو زمانانە قسەکردن بۆ مامۆستایان لەگەڵ قوتابیان قەدەغەیە.

ج- قوتابیانیش لە نێوان خۆیاندا قەدەغەیە بە زمانە ناوچەییەکان(کەمەبەستی زمانەکانی بڕگەی(١)) قسە لەگەل یەکتریدا بکەن، جگە لە زمانی عەرەبی )).(طارق جامباز،٢٠٠٨: ٤٥- ٤٦)

ئەگەر سەرنج لە ناوەرۆکی نووسراوەکە بدەین، دەبینین حکومەتی عێراق نەك هەر تەنیا خوێندنی بە زمانی کوردی قەدەغەکردووە، بەڵکو تەنانەت گفتوگۆ و ئاخاوتنیشی لە نێوان قوتابیان و مامۆستایان لە کاتی پشوو بە زمانی کوردی قەدەغە کردووە، تەنانەت بەوەندەش نەوەستاوە، بەڵکو لە پاڵ قەدەغەکردنی خوێندن بە زمانی کوردی هەوڵی دوورخستنەوەی مامۆستایانی کوردیشی داوە بۆ ناوچەکانی عەرەب نشین، بۆ ئەوەی لە پلانەکەیدا سەرکەوتوو بێت. دیارە ئەم بڕیارەی حکومەتی عێراق بڕیارێکی هەڕەمەکی نەبووە، بەڵکو درکی بەوە کردوە ئەگەر وڵاتێك پرۆسەی خوێندن لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن بۆ هاووڵاتیانی بە زمانی دایك نەرەخسێنێت، زمانەکە تەنیا لە چوارچیوەی ئاخاوتن و قسەپێکردنی خێزاندا بمێنێتەوە، ئەوا لەدوارۆژێکی دوور یان نزیك وردە وردە بواری بەکارهێنانی بەرتەسك دەبێتەوە و لە ئەنجامدا ئەوانەی پێی دەدوێن ژمارەیان کەم دەبێتەوە، هەروەها لەو ڕاستیەش تێگەیشتووە کە بەکارنەهێنانی زمان بە بەردەوامی لە خوێندن و پەروەردە و بوارە زانستیە جیاوازەکاندا، ڕێگە لە گەشەسەندن و پێشکەوتنی زمان و دۆزینەوە وداهێنانی زاراوەی نوێباو و دەوڵەمەند بوونی فەرهەنگەکەی دەگرێت، لەوەش تێگەیشتووە کە خوێندن بەزمانی دایك کاریگەری هەیە لەسەر بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی. بۆیە بیری لە بەکارهێنانی ئەم ئامرازە کردۆتەوە بۆ سڕینەوەی ڕۆشنبیری و زمانی کوردی لە ناوچەکەدا.

بێگومان ئەو هەنگاوەی حکومەتی عێراق ماوەیەکی کورت خایەن بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێك کاریگەری نەرێنی لەسەر زمانی کوردیدا جێهێشتووە، لە ڕووی گەشەکردن و بوژانەوە و پەرەسەندن

---

[1]- دوای بە دوای دواداچوون بۆمان دەرکەوت ئەم بڕیارە سەرجەم ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە.

و بەهێزبوونی زمان لە لایەك، لەلایەکی دیکە لە ڕووی ڕۆشنبیری کاریگەری زۆری هەبووە، بەجۆرێك کە هەندێك لەوانەی کەوتوونەتە بەر ئەم شاڵاوە خوێندنیان جێهێشتووە، بەهۆی تێنەگەیشتن لە زمانی عەرەبی، هەروەها ئەوانەشی کە بەردەوامیان داوە بە خوێندن بە زمانی عەرەبی بە تەواوی دابڕاون لە مێژوو و ڕۆشنبیری نەتەوەکەیان، بە جۆریك کە زۆربەیان توانای خوێندنەوە و نووسینیان نییە بە زمانی کوردی .
ئەمەش وایکردوە لە ئێستاشدا خوێندنی کوردی لە ناوچەکەدا دووچاری قەیرانی نەبوونی مامۆستای شارەزای زمانی کوردی ببێتەوە، چونکە زۆربەی مامۆستاکان لە دەرچوانی خوێندنی عەرەبین.

هەر بۆ هەمان مەبەست ئەگەر سەرنج لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە بدەین، لەلای خودی ئەو لێژنەیەی پێکهێنراوە بۆ بەعەرەبکردنی خوێندن لە ناوچەکەدا، کاریگەریەکەمان زیاتر بۆ دەردەکەوێت، کاتێك لە نووسراوی ژمارە(١٨٧٩/١١/٩) لە ڕێکەوتی (٢٠٠٠/٢/٢٦ ز) بارودۆخەکە دەخەنە ڕوو، بەجۆرێك کە لە نووسراوەکەدا دوو مەبەستمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، لەلایەك جێبەجێکردنی بڕیارەکە پشتڕاست دەکاتەوە، لەلایەکی دیکە پرۆسەکەی هەڵسەنگاندووە، کە تیایدا نووسیویەتی: (( ئەو ڕاپۆرتانەی لەلایەن لێژنەی هەڵسەنگاندنی زمانی عەرەبی لەسەرجەم قوتابخانەکانی پارێزگا بەدەستمان گەیشتوون، ئاماژە بەوە دەکەن کە پرۆسەکە سەرکەوتنی باشی بەدەست هێناوە، هەروەها توانراوە زمانی عەرەبی لەسەرجەم قوتابخانەکان بسەپێنرێت و سنوری چالاکی زمانە ناوچەییەکان بەرتەسك بکرێتەوە، بەجۆرێك کە هیچ ڕۆڵێکیان نەماوە لە بەکارهێنان، بە تایبەتی لە بواری پەروەردە و فێرکردن وخوێندن...تاد )). (طارق جامباز، ٢٠٠٨: ٥٧- ٥٨) ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە حکومەتی عێراق لەگەڵ فراوانکردنی دەسەڵاتی سیاسی و داگیرکردن لە ناوچەکەدا، هەوڵی بۆ باڵا دەستکردن و فراوانکردنی سنوری چالاکی زمانی عەرەبیداوە، لە بەرانبەریشدا فشاری خستۆتە سەر سنوردارکردنی بەکارهێنانی زمانی کوردی .

پێویستە بزانین، کە قەدەغەکردنی خوێندن بە زمانی کوردی لەم ناوچانەدا، پێچەوانەی برگەی(ب) ماددەی (٧) دەستووری کاتی (١٩٧٠ ز)ی کارپێکراوی عێراق بوو، هەروەها پێچەوانەی برگەی (١)ی بەیاننامەی (١١)ی ئاداری ساڵی( ١٩٧٠ز) ش بوو، کە مافی خوێندنی بە زمانی کوردی بە نەتەوەی کورد دابوو. هەروەها پێچەوانەی بنەماکانی ڕێکەوتنامەی جاڕی گەردوونی مافەکانی زمانە.

هەروەها لایەنێکی دیکەی سیاسەتی حکومەتی عێراق بەرانبەر بە زمانی کوردی ئەوە بووە، کە زمانی کوردی لە لای قوتابیان بێبایەخ و بێ بەها نیشان بدات، بۆ نموونە لەپێش بڕیاری قەدەغەکردنی زمانی کوردی لەم ناوچانەدا، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بە نووسراوی ژمارە(٦٣٢) لە ڕێکەوتی (١٩٨٩/١٠/٧ز)، کە واژووی سەرۆك کۆماری عێراق (سەدام حوسێن) ی لەسەرە، بڕیاریداوە، کە ئەگەر هاتوو قوتابی نمرەی دەرچوونیش لە بابەتی زمانی کوردی نەهێنێت، بە دەرنەچوو هەژمار ناکرێت. دیارە ئەمەش

لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە نیازی بووە زمانی کوردی لەلای قوتابیانی کورد بێ بایەخ و نرخ نیشان بدات بۆ دورکەوتنەوەیان لە زمانی دایك.[1]

بایەخی خوێندن بە زمانی دایك کاریگەرترین ئامرازە بۆ سڕینەوە و لەناوبردنی زمانێك، بۆیە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد زۆر شێلگیرانە داکۆکی لێکردووە لە هەموو سەردەم و بارودۆخێکدا، چونکە هەستیان بە مەترسی ئەم ئامرازە کردووە، بۆیە دەبینین لە گفتۆگۆ و دانوستاندنەکان تەوەری سەرەکی بووە، بۆ نموونە لە گفتوگۆی سالّی (١٩٧٠ ز) لە برگەی یەکەمی بەیاننامەی(١١)ی ئادار ئاماژە بەم بابەتە کراوە.

هەروەها لە دوای کۆتایی هێنان بە جلەوەی فەرمانرەوایی ڕژیمی بەعس لە ( ٧/ نیسانی/٢٠٠٣ ز) دووبارە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە یاسای بەریوەبردنی کاتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە (٢٠٠٤) لە ماددەی (٩) ئەم بابەتەیان جێگیرکردوە، هەروەها لە دەستووری هەمیشەیی عێراقی(٢٠٠٥) لە ماددەی (٤) دوای داکۆکیکردنی سەرکردایەتی سیاسی کورد ئەم مافە نەتەوەییە لە سەرانسەری عێراقدا دەستەبەرکراوە لە دەستووردا، بۆیە دەبینین لە ئێستادا هەلی خوێندنی بە زمانی کوردی لە هەموو ئەم ناوچانەدا بۆ هاوولاتیان ڕەخساوە.

بەهۆی درککردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بایەخی خوێندن بە زمانی دایك چەندین بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی بۆ خوێندنی کوردی لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کردۆتەوە، هەروەها لەو رێگەیەوە توانراوە چەندین قوتابخانە بە زمانی کوردی بۆ قوتابیانی کورد بکرێنەوە، کە بەپێی ئاماری (٢٠١٢ – ٢٠١٣)ی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارەیان گەیشتۆتە نزیکەی(١٢٢٨) قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی و باخچەی ساوایان، کە نزیکەی (٢١١٢٥٨) قوتابی لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن بە زمانی کوردی هەلی خوێندنیان بۆ ڕەخساوە، کە هاوکات (١٤٠٦٠) مامۆستای کورد بۆ گوتنەوەی بابەتەکان دامەزرێنراون[2]، بەلام لەلایەن حکومەتی عێراقی فیدرالّ لە ئێستاشدا خوێندنی کوردی لە کۆمەڵێك ڕووەوە ئاستەنگ و کێشەی جۆراوجۆری بۆ دروستدەکرێت و ڕێگری لێ دەکرێت، بەلام بە شێوازێکی دیکە، بۆ نموونە لە ڕووی دابینکردنی مامۆستا و پرۆگرام و بالّەخانە و بودجە بایەخیان پێ نادرێت، هەروەها قوتابیانی ئەم ناوچانە دووچاری بارێکی دەروونی زۆر خراپ هاتوون بە جۆرێك کە لە قۆناغی (١– ١٢) بە زمانی کوردی دەخوێنن، بەلام لە کاتی دەرچوونیان لەم قۆناغانە، لە زانکۆ و پەیمانگاکان دووچاری پرۆگرام و مامۆستای عەرەب دەبنەوە، چونکە لە زانکۆ و پەیمانگاکانی باشوور و ناوەراستی عێراق وەردەگیرێن، کە خوێندن تیایاندا تەنیا بە زمانی عەرەبییە، ئەوەی جێگەی

---

[1]- الوقائع العراقية ، عدد (٣٢٧٨) فی (٢٣/ ١٠/ ١٩٨٩)

[2]- ئامارەی سالّی (٢٠١٢– ٢٠١٣) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی پلانی پەروەردەیی / بەرێوەبەرایەتی ئاماری وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگیراوە.

سەرنجە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان قوتابیانی ئەم ناوچانە وەرناگرن. ئەم هۆکارە بۆتە هۆی ئەوەی زۆر لە خێزانە کوردەکان لە ئیستاشدا منداڵەکانیان بنێرنە خوێندنی عەرەبی، هەروەها ئاستەنگێکی دیکەی بەردەم پرۆسەی خوێندن بە زمانی کوردی لەم ناوچانەدا ئەوەیە کە لە پرۆگرامی خوێندندا پابەندن بە پرۆگرامی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، بەڵام لە سیستەمی تاقیکردنەوەکان پابەندن بە سیستەمی وەزارەتی پەروەردەی عێراقی فیدراڵ. ئەمەش وایکردووە قوتابیانی ئەم ناوچانە دووچاری سەرلێشێوان و دڵەڕاوکێی دەروونی ببنەوە، چونکە ئەوانەی پرسیارەکان دادەنێن زۆرجار لە دانانی پرسیارەکان دووچاری هەڵەی تەکنیکی و زانستی هاتوون بەهۆی نەشارەزاییان لە سیستەمی هەرێمی کوردستان. ئەمەش بۆتە هۆی دورکەوتنەوەی هەندێك لە خێزانەکان لە ناردنی منداڵەکانیان بۆ خوێندن بە زمانی کوردی[1] .

## ٣-٣-٢-٢: ململانێی وشە

ئەو وڵاتانەی هەوڵی سەپاندنی زمانی باڵادەست دەدەن، لە ڕێگەی گۆڕینی ناوی شوێنەوارەکان و قوتابخانە و شەقام وگەڕەك و شوێنە پیرۆزەکان ململانێ لەگەڵ زمانی بەرانبەردا دەکەن، بەشێوەیەك کە ناوی ناوچەکان لە شوێنە داگیرکراوەکە لە ناوی ڕەسەن بە زمانی نەتەوەی ژێر دەست بۆ زمانی سەپێنراو بە زمانی نەتەوەی باڵا دەگۆڕن. هەر بۆیەش حکومەتی عێراق لەم دەروازیەش ململانێی زمانی کوردی کردووە، بە جۆرێك کە ناوی قوتابخانە و شەقام و گەڕەك و مزگەوت و شوێنە بازرگانی و پیشەسازی و کتێبخانە و گۆڕستان و تەکیەکانی لە ناوی کوردی گۆڕیوە بۆ ناوی عەرەبی بە ئامانجی سڕینەوەی ڕۆشنبیری نەتەوەی کورد لەم ناوچانەدا، بێگومان ناو زۆرجار بە سیمای جیاکەرەوەی نێوان نەتەوەکان دادەنرێت، بە تایبەتی ناوی کوردی سیمای جیاکەرەوەی نەتەوەی کوردبووە لەگەڵ نەتەوەی عەرەب، بۆ نموونە ناوچەیێکی عەرەبی نادۆزینەوە ئەو ناوانەی هەڵگرتبێت (ڕزگاری، کوردستان، ئازادی، پردێ ، چۆمان ...)، چونکە ناوەکان لە ڕووی پێکهاتەی دەنگیەوە لە پێکهاتەی دەنگی زمانی عەرەبی جیاوازن، بۆ نموونە هەندێك لەو دەنگانەی کە بەشدارن لە ناوەکانی سەرەوە لە سیستەمی دەنگی زمانی عەرەبیدا نییە، وەك دەنگی/ پ، چ، گ، ڕ، ێ ، ۆ/، بە هەمان شێوە ناوەکانی ( بعث، صدام، حطین، الضباط، البوغیث، الخضراء) کە ناوەکان سیمای تایبەتمەندی زمانی عەرەبی نیشاندەدەن و ناوەکان لە ڕووی پێکهاتەی دەنگیان هەندێکیان نامۆن بە سیستەمی دەنگی لە زمانی کوردیدا، بە جۆریك ئەم دەنگانە لە کاتی گۆکردنیان لە زمانی کوردیدا جیاوازیان هەیە لەگەڵ گۆکردنی عەرەبێکدا، هەروەها وەك فۆنیم لە زمانی کوردیدا نین، بۆ نموونە دەنگەکانی: [ث، ص، ط، ض] کە تایبەتمەندی سیمای دەنگی عەرەبین، لە سیستەمی دەنگی زمانی کوردیدا

١- چاوپێکەوتن لەگەڵ (شیرزاد ڕەشید کاکە ، بەڕێوەبەری خویندنی کوردی ، لە ٢٠١٣/١٢/٢٤)

نیین. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات ئەم ناوانە تایبەتمەندی نەتەوەکەیان هەڵگرتووە، بۆیە کاتێك لە وڵاتدا زمان بە ئایدیۆلۆژیا دەکرێت، دەسەڵاتی داگیرکەر لە زۆر شوێندا بە ئارەزووی خۆی گۆڕانکاری دەکات لە ناوی شوێنەکان بەبێ ئەوەی دانیشتوانی ئارەزوو بکەن، لە پێناوی سڕینەوەی تایبەتمەندییە زمانییەکانی زمانی ژێردەست، بەمەش ئارەزووی ئیمپریالیزم خۆی دەسەپێنێت، هەروەها دوای ئەوەی دەسەڵاتی داگیرکەر نامێنێت، دەسەڵاتی نیشتمانی جڵەوەی فەرمانڕەوایی وەردەگرێت، بەهۆی ڕوانگەی دمارگیری و نیشتمان پەرستییەوە ناوی شار و شوێنەکان دەگۆڕنەوە بۆ ناوە ڕەسەنەکان، بۆیە دەکرێت ئەمە ناو بنێن بە ململانێی وشە.

بەو پێیەی زمانی کوردی و نەتەوە وەکو یەکن، چارەنووسی زمانەکە و نەتەوەکە بۆ کورد بەیەکەوە بەستراون، بۆیە دەبینین حکومەتی عێراق بۆ سڕینەوەی ئاسەواری نەتەوەی کورد پەنای بۆ ململانێی وشەش بردووە، کە زۆر بە چڕی و بەشێوەیەکی بەرنامە داڕێژراو ئەم سیاسەتەی لەو ناوچانەدا پەیڕەوی کردووە، ئەگەر سەیری نووسراوی ژمارە(٨/ ٨١٢/١١) لە ڕێکەوتی ( ٢٠٠٠/١/١٣ ز)، کە ئاراستەی پارێزگای کەرکوکی کردووە بکەین، زۆر بەڕوونی ئەم ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت، کە تیایدا نووسراوە:((بەمەستی سڕینەوەی پاشەڕۆی دوژمنە لەرێ دەرچوەکان و تامەزرۆکانی بیرو باوەڕی نەتەوەیی ڕەگەزپەرستانە و لەگۆرنانی نیازەکانیان و بەستنی دەمە ژەهراویەکانیان و بۆ جێبەجێکردنی ئەوەی خوارەوە لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا کاری پێویست، ئەنجام بدەن:

یەکەم: ئاگادارمان بکەنەوە لە ئەنجامی جێبەجێکردنی نووسراوی وەزارەتی ناوخۆ( کاروباری ئاسایش)ی ژمارە (٢١٣٦) لە ڕێکەوتی (١٩٩٩/٩/٢١ز)ی تایبەت بە جێبەجێکردنی پرۆسەی بە عەرەبکردنی قوتابخانەکانی پارێزگا بۆ بەکارهێنانی تەنیا زمانی عەرەبی و قەدەغەکردنی پۆشینی جلو بەرگی بێگانە.

دووەم: لێژنەی چاودێری ناوخۆ لە پارێزگا ئاگادار بکەنەوە، کە سەرجەم خاوەنی شوێنکاری بازرگانی و پیشەسازی پابەند بکەن بە گۆڕینی ناو و ناونیشانی تۆمارکرا و نووسراو لە شوێنکارەکانیان لە ناوی غیرە عەرەب وەك کوردی و تورکمانی بۆ ناو و ناونیشانی عەرەبی، کە هەموو شوێنەکانی وەك (چایخانە، جوانکاری، کەل وپەلی ناومالّ، گەرماو، مزگەوت، تەکیە، گۆڕستان، تابلۆی شەقامەکان، شوێنەوار، سەرتاشخانە، ئارایشتگای ڕازاندنەوەی بووك، شوێنی یاری وەرزشی...تاد) دەگرێتەوە)) (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٦). ئەگەر سەرنج لە ناوەڕۆکی نووسراوەکە بدەین، زۆر بە ڕوونی پلانی حکومەتی عێراقمان بەرانبەر بە زمانی کوردی بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە ئامانجی سەرەکی لەو ململانێیەدا سڕینەوەی تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانی نەتەوەی کورد بووە لەلایەك و لە لایەکی دیکەوە هەوڵیداوە ژینگەیێکی زمانی لەبار بۆ زمانی عەرەبی فەراهەم بکات، چونکە هەرگۆڕینێك لە جۆری زمان پێویستی بە ژینگەی زمانی نوێ دەبێت. مەبەست لەو گۆڕانکاریانە پچڕاندنی پەیوەندی زمانی کوردی بووە بە ڕابردووی ئەو ناوچانە و زاڵکردنی زمانی عەرەبی بووە بەسەر زمانی کوردی و زمانەکانی دیکە. بۆ ئەم مەبەستە سەیری خشتەی ژمارە (٥) بکە بۆ

بینینی لستێك بە ناوی شار و گەڕەك و شارۆچكە و قوتابخانە و كتێبخانە و.. تاد، كە لە ناوی كوردی بۆ ناوی عەرەبی گۆڕاون.

**خشتەی ژمارە(٥)[١]**

**خشتەی گۆڕینی ناوی شارو قوتابخانە و كتێبخانە و گەڕەك و گوند لە ناوی كوردی بۆ ناوی عەرەبی**

| ناوی کوردی | ناوی عەرەبی | ناوی کوردی | ناوی عەرەبی |
|---|---|---|---|
| ئامادەیی کوردستان | عبدالملك بن مروان | پارێزگای کرکوك | محافظة التاميم |
| ناوەندی کاوە | معاذ بن جبل | ناحیەی پردێ | النهرين |
| ناوەندی زێوەر | الاندلس | گردە شینە | تل الحيال |
| ناوەندی چەمی ڕێزان | الرافدين | گردە گۆم | قرية السلام |
| پیرەمێرد | البكر | گاوەرە | الرسالة |
| سەرەتایی مەولەوی | الادريسي | گوندی گوه بەل | الاندلس |
| سەرەتایی هەڵمەت | العراقية | گوندی زۆراڤا | العروبة |
| کتێبخانەی ئاسۆ | الطليعة | گوندی دووگور | حطين |
| کتێبخانەی دارا | الحرية | گوندی خانەسۆر | التاميم |

سەرچاوە: (عارف قوربانی، ٢٠٠٤: ٩٨– ١٠١) و (غەفوور مەخمووری، ٢٠٠٦: ٣٨)

بێگومان ئەوەی لە خشتەكەدا ئاماژەمان پێكردوە نموونەیەكی كەمی گۆڕانكارییەكانە، چونكە سەرجەم ئەو شوێنانەی كە ناوی كوردییان هەڵگرتبوو ناوەكانیان گۆڕدراون بۆ ناوی عەرەبی، هەروەك لە نووسراوی ژمارە(١٨٧٩/١١/٩) لە ڕێكەوتی (٢٠٠٠/٢/٢٦ ز)ی پارێزگای كەركوك، كە ئاراستەی نووسینگەی تایبەتی بریاردەری دیوانی كردووە دەردەكەوێت، كە لە بڕگەی دووەمی نووسراوەكە نووسیویەتی: (( لیژنەی چاودێری ناوخۆ لە پارێزگا، توانیویەتی ناو و ناونیشانی سەرجەم شوێنكاری بازرگانی و پیشەسازی و گازینۆ و چایخانە و مزگەوت و تەكیە و شەقام و شوێنەوارەكان بگۆڕێت ، كە بنەڕەتەكەیان دەگەڕێتەوە بۆ زمانی كوردی و زمانی توركمانی بۆ ناو وناونیشانی عەرەبی ڕەسەنی مێژوویی ...تاد)).( طارق جامباز،٢٠٠٨: ٥٧– ٥٨) لە كاتێكدا هەر زمانێك لە كۆمەڵگە زمانییەكەی مافی ناونانی شوێنەكانی هەیە و نابێت لە ڕێگەی داگیركاری ئەو مافە زمانییە لە كۆمەڵگە زمانییەكە وەربگیرێتەوە.

---

[١]– ئەمە نموونەی هەندێك لە ناوی شوێنەكانە، كە لە زمانی كوردی گۆڕاون بۆ زمانی عەرەبی، بە هۆی زۆری ناوەكان ناتوانرێت بپرژینە سەرئاماژەكردن بە هەموو ناوەكان، ئەمەی ئاماژەمان پێكردوە، بە تێكەڵاوی هی ناوچەكانی سنوری لێكۆڵینەوەیە.

هەروەك لە پێشتردا ئاماژەمان پێكرد، هاتنی وشەی بێگانە قوناغی یەكەمی ململانێ زمانەكانە و پێش هاتنی قۆناغی دەنگ و بۆتە ڕێزمانیەكانە، بۆیە حكومەتی عێراق زۆر بە چڕی كاریكردوە لەسەر ئەم قۆناغە، بە ئامانجی زاڵبوون بەسەر زمانی كوردیدا، كە لەو ڕووەوە هەوڵیداوە بە لێشاو ناوی عەرەبی بخزێنیتە ژینگە زمانیەكە، بەهۆی ئەو گۆڕانكاریانەی كردویەتی لە گۆڕینی ناوە كوردییەكان بۆ ناوی عەرەبی هەروەها بەهۆی هاتنی ئەو ژمارە زۆرە لە نەتەوەی عەرەب بۆ ناوچەكە.

هەڵبەت لە لایەن حكومەتی عێراق هەڵمەتی ململانێی وشە هەر بەوەندە نەوەستا، بەڵكو لەڕێگەی قەدەغەكردنی ناونانی منداڵی تازە لەدایك بوو بە ناوی كوردی، هەڵمەتەكەی چڕتر و فراوانتركرد، حكومەتی عێراق لەم ململانێیەدا ئایینی ئیسلامی هاوشێوەی ئامرازەكانی یاسا و دەسەڵات و زیندان و بودجە لەم پرۆسەیەدا بەكارهێناوە، چونكە بانگەشەی ئەوەی دەكرد، كە پێویستە ناوی ئیسلامی لە منداڵەكان بنێن، بۆ جێبەجێكردنی بڕیارەكەش لێژنەیەكی پێكهێناوە و نوێنەرێكی وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئاینی كردۆتە ئەندام لە لیژنەكە(غەفور مەخموری، ٢٠٠٦: ٦٧)، مەبەستی ئەوە بووە لە ڕێگەی بەكارهێنانی ئایینی ئیسلام بەشێك لە ئامانجەكانی بەعەرەبكردن جێبەجێ بكات، بیگومان ئەمەش كاریگەری خۆی هەبووە لەسەر زمانی كوردی، چونكە زۆرترینی ئەو منداڵە كوردانەی لە دوای دەركردنی ئەم بڕیارە لە دایك بوونە ناوەكانیان بە ناوی عەرەبی ناونراون.

هەرچەندە پێویستە بگوترێت هیچ دەقێكی ئایینی ئاماژە بەوە ناكات كە ناونانی منداڵ بە ناوی بێجگە لە ناوی عەرەبی پێچەوانەی ئایەتەكانی قورئان و بنەما شەرعیەكانی ئایینی ئیسلامە. گومان لەوەدا نییە، بەكارهێنانی ئامرازی ئایینی كاریگەری هەبووە لە ڕووی چۆنایەتی لەسەر زمانی كوردی بەو پێیەی زۆرینەی ڕەهای نەتەوەی كورد لە ڕووی ئایینیەوە موسڵمانن، بۆیەش دەبینین لە ناونانی منداڵەكانیان بە ناوی ئیسلامی(عەرەبی) هیچ كاردانەوەیەكی نەرێنی لێنەكەوتۆتەوە، زۆربەی خێزانەكان پابەند بوونە بە بڕیارەكە، بۆ نموونە دوای وەرگرتنی ناوی (١٠٠) منداڵ لە قوتابخانەی (هەورێی كچان) لە كەركوك، كە دوای ئەم بڕیارە لە دایك بوونە، بۆمان دەركەوت كە هەر هەموویان ناوەكانیان بە ناوی عەرەبی ناونراون. هەروەها ئەوەی زیاتر هاوكارە بۆ كاریگەریەكە لێكنزیكی هەردوو ئەلفوبێی زمانی كوردی و زمانی عەرەبیە، چونكە زۆربەی ئەو قوتابیانە كە ناوەكانیان عەرەبیە لەكاتی نووسینی ناوەكانیان بە هەمان شێوە(فۆرم)ی زمانی عەرەبی فۆنیمی ناوەكانیان دەنووسن، كە ئەمەش وا دەكات دواجار ئەم فۆنیمە نامۆیانە بخزینە ناو ئەلفوبیی زمانی كوردی، هەروەها ببنە بەشێك لە سیستەمی دەنگی زمانی كوردی لەم ناوچانەدا، لەبەرئەوەی لە گۆكردنیش بە هەمان دەرچەی زمانی عەرەبی ناوەكان دەردەبڕن.

ململانێی وشە توانیویەتی كاریگەری لەسەر زمانی كوردی دروست بكات لەم ناوچانەدا، هەرچەندە زۆربەی زمانەوانان كۆكن لەسەر ئەوەی هاتنی وشەی بێگانە بەهۆی تێكەڵاوی دوو میللەتی زمان جیاواز هەردەم بۆتە مایەی دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی زمان و كاریگەری نەرێنی نابێت بۆ سەر زمان، بەڵام

لەبەرئەوەی زمانی کوردی وشە خواستنەکەی ئارەزومەندانە و لەبارێکی ئاسایی نەبووە، چونکە وشەکان لە ڕێگەی مەرسوم و فەرمانی دەسەڵاتداران بووە، نەبۆتە هۆی پڕکردنەوەی پێویستیەکانی زمانی کوردی، بەڵکو بوونەتە بار بەسەر زمانەکە، بە جۆرێك کە بەلێشاو لەم ناوە عەرەبیانەی خزاندۆتە ناو زمانی کوردی، کە ئەمەش وایکردوە بە هۆی شارەزایی هەندێك لە دانیشتوانی ناوچەکە لە زمانی عەرەبی، بەهۆی ئەوەی خوێندنیان بە زمانی عەرەبی بووە، زۆرجار ناوەکان بە هەمان دەرچەی زمانی عەرەبی گۆ بکەن، هەروەها لە کاتی نووسینیشدا فۆرمی دەنگەکان بە هەمان فۆرمی زمانی عەرەبی بنووسن. بۆ نموونە :

ناوەکانی (محمد ، احمد، فاطمة، مصطفى، زينب، ....) بەم فۆرمە دەنووسن، لە کاتێکدا پێویستە لەڕووی فۆڕم و گۆکردن گۆڕانکاریان بەسەردابهێنرێت بەپێی یاسا فۆنۆلۆژیەکانی زمانی کوردی. واتە ناوەکان پێویستە بەم شێوەیە گۆبکرێن و بنووسرێن ( محەمەد، ئەحمەد، فاتیمە، مستەفا، زەینەب).

بەم جۆرە دەتوانین بڵێین حکومەتی عێراق هەموو جۆرە ئامرازێکی بەکارهێناوە لە پێناوی وەدیهێنانی ئامانجەکانی، کە خۆی لە باڵادەستکردنی زمانی عەرەبی و تواندنەوەی زمانی کوردی لەناوچەکەدا دەبینێتەوە.

### ٣-٣-٢-٣: بازاڕی کار

دەسەڵاتدارانی عێراق زۆر بە چڕی کاریان لەم دەروازەیەش کردوە بۆ سەپاندنی زمانی عەرەبی لە بازاری کار لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، چونکە بە مەیدانێکی باشیان زانیوە بۆ ململانێ کردن لەگەڵ زمانەکانی ژێردەست لە ناوچەکەدا. تاکی کوردیان پەراوێزخستوە لەم ناوچانەدا لە پێدانی کار، لەمەشدا دوو ئامانجیان هەبووە، لەلایەك بۆتە هۆی ئەوەی هەندێکیان بە ناچاری ڕووبکەنە شارەکانی تری عێراق بۆ کارکردن کە ئەمەیان کاریگەری دەبێت لە ڕووی چەندێتی بۆ کەم کردنەوەی کورد لە ناوچەکەدا، لەلایەکی دیکە هەوڵیداوە پێکهاتەی عەرەب بازاڕ کۆنترۆڵ بکات،(بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٧) بۆ ئەوەی لەو ڕیگەیەشەوە بتوانێت کاریگەری لەسەر زمانی ژێردەست دروست بکات، چونکە زمانی بازار کاریگەری زۆری هەیە لەسەر دانیشتوان، بەشێوەیەك تاکەکان ناچار دەکات هەوڵبدەن زمانی باڵادەست فێربن بۆ ئەوەی بتوانن لەکاتی مامەلەکردن بەکاری بهێنن. هەروەها لە کاتی پرۆسەی گۆڕینی ناو و ناونیشانی شوێنکارەکان بۆ زمانی عەرەبی ژینگەی لە بار و گونجاوی بۆ پێکهاتەی عەرەب لە بازاڕدا ڕەخساند، کە ئەمەش کاریگەری خۆی هەبووە لە ڕووی زمانی لەسەر دانیشتوانی کورد لە ناوچەکەدا، بۆ ئەوەی سیمایەکی زاڵبوی زمانی عەرەبی نیشانی پێکهاتەکانی ناوچەکە بدات.

هەروەها لەکاتی دامەزراندنیش هەلی کاری بۆ نەتەوەی کوردی نەڕەخساندوە بەڵکو زیاتر بایەخی بە پێکهاتەی عەرەب داوە لە ناوچەکەدا، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەشەوە بتوانێت لەلایەك لە فەرمانگەکان زمانی عەرەبی زاڵ بکات و لەلایەکی دیکەش مەبەستی ئەوە بووە زمانی کوردی لەپێش چاوی خەڵکەکە سوك بکات،

بۆ ئەوەی بتوانیٚ لەو ڕێگەیەوە ئەو بیرە بخاتە مێشکی دانیشتوانی ناوچەکە، کە زمانەکەیان بیٚ کەلك و لاوازە و هیچ سودمەندییێکی لیٚ چاوەڕوان ناکرێت. ئەگەر سەیری ڕێژەی پێکهاتەی کورد بکەین لە یەکێك لە فەرمانگەکانی شارەکە، زۆر بە ڕوونی ئەو ڕاستیە دەردەکەوێت، کە دامەزراندن بۆ پێکهاتەی عەرەب قۆرخ کراوە. سەیری خشتەی ژمارە(٦) بکە کە ڕێژەی پێکهاتەی کورد و نەتەوەی عەرەب و نەتەوەکانی دیکە نیشان دەدات لە پەروەردە، کە فراوانترین دەزگایە لە ڕووی زۆری ژمارەی فەرمانبەر بە بەراورد بە سەرجەم فەرمانگەکانی دیکە.

## خشتەی ژمارە(٦)

ڕێژەی فەرمانبەرانی پەروەردە بە پێی پێکهاتەی نەتەوەیی بە ڕێژەی ٪ لە کەرکوك

| ناونیشانی فەرمانبەری | ڕێژەی عەرەب ٪ | ڕێژەی تورکمان ٪ | ڕێژەی کورد ٪ | ڕێژەی سریانی ٪ |
|---|---|---|---|---|
| سەرپەرشتیاری پەروەردەیی | ٥٥ | ٣١.٣ | ١٠.٣ | ٣.٤ |
| سەرپەرشتیاری پسپۆڕی | ٧٥.٨ | ١٨.٩ | ٣.٦ | ١.٧ |
| مامۆستا | ٤٨.٩ | ٤٥.١ | ٥.١ | ٠.٩ |
| فەرمانبەر | ٢٥.٣ | ٦٤.٣ | ٨.٤ | ٢ |
| کۆی گشتی | ٥١.٢ | ٤٥.٤ | ٥.٨ | ٠.٦٢ |

ئەگەر سەرنج لە ڕێژەی بەشداری پێکهاتەکان بدەین، ڕێژەی بەشداری بۆ نەتەوەی کورد زۆر بە ڕێژەیەکی کەمتر دەبینرێت بە بەراورد لەگەڵ پێکهاتەی عەرەب لە ناوچەکەدا، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە هەلی دامەزراندن بۆ پێکهاتەی عەرەب زیاتر ڕەخسێنراوە، ئەمەش لە ڕووی چۆنایەتی کاریگەری دروست کردووە بۆ سەر زمانی کوردی چونکە بواری پەروەردە بە گرنگترین ئامراز دادەنرێت بۆ لاوازکردن و توانەوەی زمانێك. هەروەها لە ڕووی چەندایەتیش کاریگەری هەبووە کە توانیویەتی لەم بوارەشدا پێکهاتەی عەرەب لە ڕووی ئامارەوە زاڵ بکات. هەروەها لە کۆمپانیای نەوتی باکوور کە نزیکەی (١٤٩٦٦) فەرمانبەری هەیە، تەنیا (٧٤١) فەرمانبەری کوردی هەیە، لە بەرانبەردا زیاتر لە (١٤)هەزار فەرمانبەری عەرەبی هەیە، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە نەتەوەی کورد لە ڕەخساندنی هەلی کار فەرامۆش کراوە[١].

١- ئامارەکە وەرگیراوە لە دەستەی گشتی ناوچەکوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

### ٣-٣-٢-٤: قەدەغەکردنی وتاری هەینی بە زمانی کوردی

حکومەتی عێراق لە چوارچیوەی بنەمای چۆنایەتی لە هەولێکی دیکەدا، وتاری هەینی بە زمانی کوردی لەم ناوچانەدا قەدەغە کردوە، بەجۆریك کە تەنیا بە زمانی عەرەبی وتاری هەینی لە لایەن وتارخوێنەکان پێشکەشکراوە، کە ئەمەشی وەك مەرجێك بەسەر مامۆستایانی ئایینیدا سەپاندووە، کە ئەم هەنگاوەش دوو مەبەستمان بۆ دەخاتە ڕوو، لەلایەك ئایینی ئیسلامی وەك ئامرازیك بۆ بە عەرەبکردن خستۆتەکار، بە دیوێکی دیکە ئەوەمان بۆ دەخاتە ڕوو، کە ئەمەش ڕێگەیەك بووە، یان دەروازەیەك بووە، بۆ بالأدەستکردنی زمانی عەرەبی لەم ناوچانەدا، چونکە ئەوەی تێبینی دەکرێت لەم ناوچانەدا زاراوە ئایینیەکان بە زمانی کوردی بە دەگمەن دەبیسترین، لە بەرانبەردا بە لێشاو زاراوەی ئایینی بە زمانی عەرەبی لەم دەروازەیەوە خزیوتە ناو زمانی کوردی، هەرچەندە هەموو زاراوەکان ڕەنگە مێژووەکە پەیوەست نەبێت بە مێژووی لێکۆلینەوەکەمان، بەلام ئەم هەنگاوە ڕێگربووە لە گەشەی زمانی کوردی لە ڕووی وشە و زاراوە و دەستەواژەی ئایینی. بۆیە ئەم دەروازیەش هاوشێوەی هەنگاوەکانی پێشوو لە ڕووی چۆنایەتی کاریگەری لەسەر زمانی کوردی دروست کردووە، هەروەها بۆتە کۆسپ لەبەردەم گەشە و پەرەسەندنی زمانی کوردی لە بواری زاراوەی ئایینی دا.

### ٣-٣-٢-٥ : فشار دروستکردن بۆ گۆڕینی نەتەوە لە کورد بۆ عەرەب

گومان لەوەدا نییە، کە ناسنامەی نەتەوەیی هەر تاکێك لە ناو کۆمەڵەکەیدا پەیوەستە بە چەند بنەمایەك، کە هەردوو بنەمای زمانی هاوبەش و ڕۆشنبیری هاوبەش دوو بنەمای سەرەکین، هەر تاکێك ناسنامەی نەتەوەیی لەنێو هەر نەتەوەیەکدا پەیوەستە بە هاوبەش بوونی لەنێو کومەڵەکەیدا لەو دوو بنەمایە و چەند بنەمایەکی دیکە، کەچی حکومەتی عێراق لە پێناوی سڕینەوەی فرەڕەنگی نەتەوەیی لە عێراقدا ئەم بابەتەشی خستۆتە خزمەتی پرۆسەی بەعەرەبکردنی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی غەیرە عەرەب لە ناوچەکەدا، لە ڕێگەی فشار خستنە سەر نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بۆ گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەییان لە کوردەوە و بۆ عەرەب، ئەم هەنگاوەشی لە ڕووی چۆنایەتی لە بەرژەوەندی پێکهاتەی عەرەب بووە لەناوچەکەدا، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەشەوە ڕۆشنبیری و زمانی عەرەبی زاڵ بکات و زمان و ڕۆشنبیری نەتەوەی کوردیش بسڕێتەوە، چونکە گۆڕینی نەتەوە پەیوەندی نێوان تاکی کورد بە زمانەکەی دەپچرێنێت، لەبەرئەوەی زمانی کوردی و نەتەوەی کورد دوو چەمکی بەیەکەوە گرێدراون، هەڵبەت ئەوەی نەتەوەکەی لە کورد بگۆڕێت بۆ نەتەوەی عەرەب، ڕاستەوخۆ زمانەکەشی لە کوردیەوە دەگوازێتەوە بۆ زمانی عەرەبی، چونکە بارێکی نامۆ و نەگونجاوە یەکێك لە ڕووی نەتەوەییەوە ناسنامەکەی عەرەب بێت، بەڵام لە ڕووی زمانی دایکەوە کوردی زمان بێت.

حکومەتی عێراق بۆ جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوەش لە بەرزترین ئاستی دەسەڵاتی عێراق کاریکردوە، ئەگەر سەیری بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش ژمارە(١٩٩) لە رێکەوتی( ٦ / ٩ /٢٠٠١ ز) بکەین، کە تیایدا نووسراوە: (( ١- هەر عێراقییەك تەمەنی ١٨ ساڵی تەواو کرد دەتوانێت نەتەوەی خۆی بۆ نەتەوەی عەرەب بگۆرێت. ٢- داواکاری گۆرینی ناسنامەی نەتەوەیی پێشکەش بەو فەرمانگەی ڕەگەزنامە و کاروباری شارستانی دەکریٚ کە ناوی تێدا تۆمارکراوە. ٣- لە ماوەی (٦٠) رۆژدا فەرمانگەی شارستانی پێویستە وەڵامی داواکە بداتەوە. ٤- بڕیاری گۆرینی ناسنامەی نەتەوەیی لە تۆماری شارستانی جێگیر دەکرێت و دەبێتە بنچینە بۆ هەموارکردنی تەواوی تۆمار و بەڵگەنامە فەرمیەکانی دیکە))[1]

ئەگەر سەرنج لە ناوەرۆکی نووسراوەکە بدەین زۆر بەڕوونی هەست بە جیاکاری ڕەگەزی دەکرێت، لە بەرژەوەندی پێکهاتەی عەرەب، لەبەرئەوەی زۆر ڕاشکاوانە ئامارژە بەوە دەکات هەر کەسێك دەیەوێت دەتوانیت ناسنامە نەتەوەییەکەی بکات بە عەرەب، واتە بڕیارەکە تەنیا نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکە دەگرێتەوە کە خۆیان بخزێنە ناو ناسنامەیێکی عەرەبی، بە پێچەوانەوەوە هەر عەرەبێك ئەگەر داوای گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەی بکات بۆ نەتەوەیەکی غەیرە عەرەبی سزای زیندانی بۆ دانراوە و ڕووبەڕووی لێپرسینەوە کراوە [2].

بەڵام ئەگەر هەر هاوڵاتیەکی کورد ناسنامەکەی گۆریبوایە بۆ نەتەوەی عەرەب لەلایەکەوە لە کۆمەڵێك کیشە وگرفتی وەك ڕاگواستن و بێبەشکردن لەمافەکانی ڕزگاری دەبوو، لە لایەکی دیکەوە بۆتە هۆی ئەوەی چەند سوودێکی دەست کەوێت، بەڵام دەبینین لەم کاتانەشدا بیریان لە لای تواندنەوەی زمانی کوردی بووە، ئەگەر سەیری نووسراوێکی نهێنی کە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بە ژمارە (٢٥٩/٣٠) لە ڕێکەوتی (١/ ١٢/ ١٩٩٩) بە واژووی(عزت ئیبراهیم) ئاراستەی هەریەك لە (تەها یاسین ڕەمەزان ) و وەزیری ناوخۆ و (محەمەد ئەحمەد یونس ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حیزبی بەعس، کە لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی پارێزگاکانی سەلاحەدین و کەرکوك و سلێمانی و وەزیری کشتوکاڵ و پارێزگای سەلاحەدین کراوە، لە ڕاپۆرتێکی هاوپێچیدا لە برگەی (٥)ی نووسراوە: ((ئەو کەسانەی کە خۆیان کردوە بە عەرەب و خەڵکی ئەوێن، بۆیان هەیە کە زەوی وەربگرن، بەڵام دەبیٚ دابەش بکرێن بەسەر دێیە عەرەبەکاندا، بۆ ئەوەی بتوێنەوە لە ناویاندا، نابیٚ بە شێوەی جیاواز کۆمەڵگایان بۆ دروست بکریٚ)).(عارف قوربانی، ٢٠٠٥: ١٢٤) ئەمەش زۆر بە ڕوونی پلانی حکومەتی عێراق دەردەخات، لەوەی کە ئامانجە سەرەکیەکەیان لەم کارەیاندا، تواندنەوەی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکەیە لە ناو پێکهاتەی عەرەبیدا.

هەروەها لەلایەکی دیکە فشاریان خستۆتە سەر فەرمانبەران بۆ گۆڕینی نەتەوەکەیان بۆ نەتەوەی عەرەب، بە پێچەوانەوە هەر فەرمانبەرێك ئەگەر پابەند نەبوویێت بە داواکاریەکەیان ڕووبە ڕووی سزا بۆتەوە، ئەگەر سەیری نووسراوی پاریزگای کەرکوك ژمارە( ٦/٩/ ١٥٥٨) لە رێکەوتی (٢٠٠٠/٢/٢٥) کە ئاراستەی

---

[1]- الوقائع العراقية، عدد(٣٨٩٦) فی (٢٠٠١/٩/١٧)

[2]- الوقائع العراقية، عدد (٣٢٣٢) فی (١٩٨٨/١٢/١٢) .

کۆمپانیای نەوتی باکورکراوە بکەین، زۆر بە ڕوونی ئەم ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت، کە تیایدا نووسراوە:((١- ئاگاداری سەرجەم کارمەندانی فەرمانگەکەتان بکەنەوە لەنەتەوەی کورد و تورکمان، ڕاستکردنەوەی نەتەوەکەیان بکەن بۆ نەتەوەی عەرەب لەماوەی ٣/١ تاکو ٢٠٠٠/٤/١. ٢- ئەگەر پابەند نەبوون بە جێبەجێکردنی بڕگەی (١) کاری پێویست بەرانبەریان ئەنجام بدەن، بە سزادانیان بە:

ا- فۆرمی خۆراك ببڕن. ب- بۆ شوێنی دوور بگواسترێتەوە. ج- پلەی کارگێری دابەزێنن.

د- سەرموچەی سالأنە و بەرزکردنەوەی موچە و دەرماڵەی پیشەیی و ترسناکی ڕابگرن.

هـ- لە ماوەی ٣٠ ڕۆژدا لە خانووی میری دەریبکەن)) (خلیل اسماعیل محمد و ئەوانی دیکە، ٢٠٠٤، ١٨- ١٩)

ئەگەر لە ناوەرۆکی نووسراوەکە وردبینەوە زۆر بە ڕوونی هەست بەوە دەکرێت، کە ئەم هەنگاوەشیان وەك سەرجەم هەنگاوەکانی پێشوو بۆ خزمەتی پێکهاتەی عەرەبی بووە لە ناوچەکەدا، چونکە کاریگەری ئەم هەنگاوەش کەمتر نییە لە هەنگاوەکانی پێشووتر، لەبەر ئەوەی لەلایەك لە ڕووی چۆنایەتی کاریگەری هەبووە لەسەر زمانی کوردی بەجۆریك کە هەندێك لەوانەی نەتەوەی خۆیان گۆڕیوە و لە تایبەتمەندییە ڕۆشنبیرییەکانی نەتەوەی کورد دابڕێندراون، لەبەرئەوەی کاتێك تاکێکی کورد نەتەوەکەی گۆڕیوە بۆ نەتەوەی عەرەب، ڕەنگە تایبەتمەندییە نەتەوەیەکانیشی لەگەڵدا بگۆڕێت، بۆنمونە کاتێك نەتەوەکەی کردبێت بە عەرەب، ڕەنگە جلوبەرگی کوردیشی نەپۆشی بێت، یان لە فەرمانگەکە بە زمانی کوردی قسەی نەکردووە، چونکە زمان و پۆشاکی عەرەبی جیاوازن لە زمان و پۆشاکی کوردی. دوای بە دواداچوون لە هەندێك شوێنی وەك حەوێجە و شەنگال و دەوروبەری موسڵ زۆر لە کوردەکان جلوبەرگی عەرەبیان دەپۆشی لەو سەردەمەدا، جا چ بەهۆی ترس بووبێت یان بە ئارەزوو، هەروەها لە ڕووی چەندایەتیش کاریگەری هەبووە لەبەرئەوەی تەنیا لە پارێزگای کەرکوك بەپێی بەڵگەنامەکان نزیکەی (٣٨١٤٧ ) کوردکراون بە عەرەب یان خۆیانکردوە بە عەرەب.(لەتیف فاتیح فرج، ٢٠١٣).

### ٣-٣-٢-٦: چەند بابەتێکی جیاجیای پەیوەست بە بنەمای چۆنایەتی

حکومەتی عێراق چەند هەنگاوێکی دیکەی بۆ سەرخستنی ئامانجەکانی لە لایەنی چونایەتی خستۆتە کار، کە هەریەك لەم هەنگاوانە کاریگەری نەرێنی هەبووە لە ڕووی ڕۆشنبیری بۆ سەر زمانی کوردی، بە جۆریك کە ئەرکی زمانی کوردییان زۆر بەرتەسك کردۆتەوە لە ژینگە زمانیەکەیدا، هەریەك لەم هەنگاوانەش کاریگەری لە ڕووی چونایەتی بۆ سەر زمانی کوردی هەبووە، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- فەوتاندنی هەموو کتێب و گۆڤارە کوردییەکان، کە لە کتێبخانەی گشتی کەرکوکدا هەبووە.

٢- قەدەغەکردنی تیپی شانۆ و گۆرانی و مۆسیقای کوردی.

٣- کەمکردنەوەی چاپخانە و کتێبخانەی کوردی لە ناوچەکەدا.

٤- داخستنی گۆڤار و ڕۆژنامە بە زمانی کوردی.

٥- قەدەغەکردنی کۆڕە ڕۆشنبیری و ئەدەبیەکان بە زمانی کوردی لە ناوچەکەدا.(سمکۆ بەهرۆز، ٢٠٠٦ : ٣٣)

٦- قەدەغە کردنی جەژن و بۆنە نەتەوەییەکانی کورد، هەروەها گۆڕینی ناوی بۆنە و جەژنە نەتەوەییەکانی کوردی بۆ ناوی عەرەبی، وەك گۆڕینی جەژنی نەورۆز بە جەژنی درەخت و جەژنی بەهار.

٧- دورخستنەوەی زمانی کوردی لە بواری زانستی بە شێوەیێك کە کرا بە مەرج، کە توێژینەوە زانستیەکان پیویستە تەنیا بە زمانی عەرەبی و زمانی ئینگلیزی پێشکەش بکرێ .

پێویستە بگووترێت، کە ئەو مامەلەیەی حکومەتی عێراق لەگەڵ زمانەکان بە گشتی و زمانی کوردی بە تایبەتی لەم ناوچانەدا، بەجۆریکی جیاواز لەگەڵ زمانی عەرەبی دا، پێدانی ئەم پێگە کۆمەلأیەتییە، بووە هۆی ئەوەی نەتەوەی کورد ترس و دڵەڕاوکی و نائومێدی بەرانبەر بە زمانی کوردی لەلای دروست بێت. هەروەها یەکێك لە هۆکارە هەرە گرنگەکان کە بوو بە هۆی فراوانبوون و قووڵتربوونەوەی ئەم ترس و دڵەڕاوکێیە بوونی بەربەستبوو لەبەردەم جووڵەی کۆمەلأیەتی نەتەوەی کورد لەم ناوچانەدا، کە بەهۆی زمانەکەیان لە هەموو چالاکییەك پەراوێزخراو و سەرکوتکراو و بێبەشکراوبوون، گومان لەوەدا نییە، کە ئەم هەموو فشارانەی خراوەنەتە سەر زمانی کوردی، لە ڕووی چۆنایەتی کاریگەریی نەرێنی هەبووە لەسەر گەشە و پەرەسەندنی زمانی کوردی لە ناوچەکەدا، هەروەها بۆتە هۆی کارتێکردنی زمانی عەرەبی لە زمانی کوردی لە ڕووی فەرهەنگی و دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی دا .

بەم جۆرە دەبینین ئەم هەنگاوانەی لە ڕووی چونێتی باسمانکردن، وایان کردبوو قسەپێکەرانی زمانی عەرەبی پێگەیەکی بەهێزتریان هەبێت، کاتێك زمانەکەیان لە کاروباری دەوڵەتدا، یان لە پەروەردە وفێرکردن و بواری ئایینی و بازرگانی و ئابووری و فەرمانگەکاندا وەك زمانی سەرەکی بەکاردێت، هەروەها ئەم جۆرە مامەلەکردنە لەلایەن دەسەلأتدارانی عێراق لەگەڵ زمانی کوردی وایکرد، لە ڕووی ئەرکەوە هەردوو زمانی کوردی و زمانی عەرەبی دابەش بکات بۆ زمانی جۆری نزم و جۆری بالأ، کە ئەمەش وایکردبوو پێکهاتەی کورد ئارەزووی زیاتریان هەبێت لە ڕووی بەکارهێنانی زمانی عەرەبی وەك زمانێکی هاوبەش بۆ قسەپێکردن لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە لە ناوچەکەدا، بەهۆی زیادبوونی پێکهاتەی عەرەب لە ڕووی چەندایەتی و زاڵبوونیان لە هەموو دەزگاکانی حکومەتدا، هەروەها بەکارهێنانی زمانی عەرەبی لە گفتوگۆکردنیاندا لە بازار و فەرمانگەکان پانتایەییێکی زیاتری داگیرکرد بوو.

ئەم جۆرە ململانێیە لەگەڵ زمانی ژێردەست لەلایەن حکومەتی عێراق بە تایبەتی کە لە ماوەی حوکمرانی حزبی بەعسی هەڵوەشاوە پەیڕەوکراوە، لە مێژووی ململانیی زمانیدا شێوازێکی کەم وێنە بووە، بە جۆرێك نموونەی لەم جۆرە بە دەگمەن دەبینرێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕەفتار و ڕێگاکانی حوکمڕانان کە تا بڵێی ستەمکار و چەوساوە ئامێزبووە، چونکە بەبێ دەسەلأتێکی بەهێزی ستەمکار بەم شێوەیە ململانێ لەگەڵ زمانێکی ژێردەست ناکرێت.

هەڵبەت پێویستە بگوترێت ئەم شێوازە لە ململانێ لەگەڵ زمانی کوردی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بەردەوام بوو، لەسەر بنچینەی هەردوو بنەمای چەندایەتی و چۆنایەتی، تا ڕوخانی رژێمی بەعس لە(٩/٤/ ٢٠٠٣ ز)، بەڵام دوای ئازادکردنی عێراق لە لایەن هاوپەیمانان بارودۆخەکە گۆڕانکاری بەسەرداهات، چونکە دوای ئەوەی کۆتایی بە دەسەڵاتی بەعس هێنرا، ئەنجومەنی حوکم فەرمانڕەوایی عێراقی گرتە دەست کە کوردیش ڕۆڵی سەرەکی بینی لەم ئەنجومەنەدا، هەروەها دوای ئەوەی هەردوو زمانی عەرەبی و زمانی کوردی وەك دوو زمانی ڕەسمی لە عێراقدا دانی پێدانرا، وایکرد زمانی کوردی هاوشانی زمانی عەرەبی وەکو یەك مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم. ڕەخساندنی ئەم هەلە بۆ زمانی کوردی لە ناوچەکەدا، زمانی کوردی لە ژێر هەڕەشە و فشاری زمانی عەرەبی ڕزگارکرد بە جۆرێك لە ئێستادا، بەهۆی بەرەوپێشچوونی بارودۆخی سیاسی کورد لە عێراق بەگشتی و ناوچەکوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بە تایبەتی بۆتە مایەی گەشەی زمانی کوردی لە ناوچەکە، چونکە چەندین دەزگای ڕاگەیاندن بە زمانی کوردی لە شێوەی کەناڵی ئاسمانی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی لۆکاڵی جۆراوجۆر و چەندین ڕادیۆ و ڕۆژنامە و گۆڤار و دەزگای چاپ و پەخش بە زمانی کوردی لە ناوچەکەدا بڵاودەکرێنەوە، هەروەها سەدان قوتابخانە لەسەرانسەری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە زمانی کوردی بە پاڵپشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ قوتابیان بە زمانی دایك کراوەنەتەوە، هەروەها چەندین سەنتەری ڕۆشنبیری و کتێبخانەی کوردی لە ناوچە کوردستانیەکان کراونەتەوە، سەرەڕای هەبوونی بارەگای حزب وبزوتنەوە سیاسیەکانی کوردستان، هەروەها چەندین بارەگای رێکخراوەکانی چالاکی مەدەنی لە ناوچەکەدا چالاکی بە زمانی کوردی ئەنجام دەدەن، بۆ ڕەخساندنی ژینگەی لە بار و یەکسان بۆ زمانەکان لە تابلۆکانی بازار و شەقام و گەڕەکەکان لە ئێستادا لە زۆربەی تابلۆکان زمانی کوردیش وەك زمانێکی فەرمی بەکارهاتووە، بۆیە لەبەرئەو هۆیانەی باسمانکردن زمانی کوردی لە ئێستادا ئەو فشارانەی کە لەسەردەمی ڕژێمی بەعس لەسەری بوو نەماوە. هەروەها لە ڕووی چەندایەتی ژمارەیەکی زۆر لەوانەی بە زۆرەملێ ڕاگوێزابوون گەڕاونەتەوە بۆ زێدی خۆیان، بەڵام پێویستە ئەوەش لە بیرنەکرێت، کە هەرکاتێك دوو زمان لە یەك شوێن کۆ ببنەوە، ئەوا هەر دەبێ هەردوو زمانەکە کاریگەری بکەنە سەریەکتری، وەکو دوو زمانی هاوسێ لەتەك یەك، بەڵام جۆری ئەو کارتێکردنە لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە جیاوازە، هەروەها لە ڕووی بوارەکانی دەرکەوتن و ئەنجامەکانیانەوە جیاواز دەبێ، ئەمەش لەبەرئەوەی دەبینرێت زمانە زاڵبووەکە هەموو ئەوانەی کە لە زمانە بەزیوەکەی دیکە وەری دەگرێ دەیانگونجێنێ ئینجا بەکاریان دەهێنێ هەرچەندە ڕێژەکەشیان زۆربێ، لەم حاڵەتەشدا خوازراوەکان دەگۆڕێن بۆ ڕەگەزگەلێك هاوشێوەی جۆری ڕەگەزەکانی زمانەکەی خۆی، هەروەها دەچنە نێو زمانەکەوە و بەهۆیەوە هێز و تازەگەری و چالاکی زیاد دەبێ، بەبێ ئەوەی هیچ بوارێك بڕەخسێنێ بۆ کاریگەری کردنە سەر بناغەکەیەوە، یاخود ڕێگەی پێ بدات کە کارێك بکات کە پێکهاتە ڕەسەنەکەی بگۆڕێت. بۆ نموونە زمانی

عەرەبی کە هەردوو وشەی (جوز و جزر)ی لە زمانی کوردی خواستون، بە شێوەیەك گۆڕانی بەسەردا هێناون، کە ڕەنگە کوردێك ئەگەر شارەزای زمانی عەرەبی نەبێت نەیانناسێتەوە، چونکە لە ڕووی دەنگی و فۆرمەوە گۆڕاون، بەڵام هەرچی زمانی کوردییە، ئەمیان بە پێچەوانەی ئەویانە، هەرگیز ناتوانێ ئەو بەرگرییە بۆ هەموو وشە خواستراوەکان لەناو ببات، کەوا زمانی عەرەبی ئەنجامی دەدات، لەبەشە وشەکان و ڕێسا و ڕێزمان و شێوازەکانییەوە، بۆ نموونە وشەکانی (عقارات ، موبیلیات، تعریب) کە لە زمانی عەرەبی خواستراون، بەبێ هیچ گۆڕانکاری و گونجاندنێك وەریگرتوون.

هەرچەندە زمانی عەرەبی نەیتوانی سەربکەوێت بەسەر زمانی کوردیدا لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، بەڵام مانای ئەوە نییە کە زمانی کوردی کاریگەری زمانی عەرەبی لەڕووی ئاستەکانی زمانەوە لەسەر نەبوو بێت. لە تەوەری داهاتوودا ئەو کاریگەرییانەی زمانی عەرەبی لەسەر زمانی کوردی لە ڕووی خواستنی وشەی فەرهەنگی ولە ئاستەکانی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی دا دەخەینە ڕوو.

### ٣-٤ : کاریگەری ململانێی زمان لەسەر زمانی کوردی

کاریگەری زمانی عەرەبی لەسەر زمانی کوردی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیێکی دیکە جیاوازە، بەهۆی جیاوازی لەڕووی ڕێژەی ژمارەی پێکهاتەکان لە ناوچەکاندا، هەروەها بەهۆی جیاوازی لە ماوەی بەعەرەبکردنی خوێندن لە ناوچەکاندا، بۆ نموونە لە ناوچەی مەخمور لەبەرئەوەی ڕێژەی پێکهاتەی کورد لە پێکهاتەی عەرەب زیاتر بووە و پرۆسەی خوێندن زیاتر بە زمانی کوردی بووە، لەبەرئەوەی پرۆسەی خوێندن لە ساڵی(٢٠٠١ز) لە ناوچەی مەخموور کراوە بەعەرەبی و تەنیا ساڵێك بەردەوام بووە، دەبینین کاریگەریەکە بە پێچەوانەیە، بەجۆرێك زمانی کوردی کاریگەری لەسەر زمانی عەرەبی هەبووە، بۆ نموونە چەندین وشەی زمانی کوردی خزیوتە نێو زمانی پێکهاتەی عەرەبی، وەك وشەی ( کاردی ، کەشك ، جەنجەر، ...تاد)، هەروەها هەندێك لە هاوڵاتیانی عەرەبی دانیشتوی ئەم ناوچانە زمانەکەیان لە نێو زمانی کوردی تواوەتەوە، کە لە ئێستادا هەندێك لە منداڵەکانیان زمانی عەرەبیان بیرچۆتەوە، هەروەها زمانی کوردی لەم ناوچەیەدا بۆتە زمانی هاوبەشی خەڵکەکە لە بازاڕ و گەڕەك و فەرمانگەکاندا، چونکە زۆربەی عەرەبەکانی ئەم ناوچەیە فێری زمانی کوردی بوونە، بەجۆرێك کە شێوەی قسەکردنیان بە زمانی کوردی زۆر ڕەوانە، تەنانەت زۆرجار لە کاتی قسەکردن هەست ناکرێت کە زمانی کوردی زمانی دووەمیانە، هەروەها زۆر لە هاوڵاتیانی عەرەب لە ناوچەی مەخموور کاریگەری پۆشاکی کوردیان لەسەرە، بەشێوەیەك کە زۆربەی عەرەبەکانی ئەم ناوچەیە، پۆشاکی کوردی دەپۆشن، بەڵام جگە لە مەخموور سەرجەم ناوچەکانی دیکە، کاریگەریەکە پێچەوانەیە، بە جۆرێك زمانی عەرەبی کاریگەریی کردۆتە سەر زمانی کوردی، لە خوارەوە بەپێی قۆناغەکانی ململانێی زمان ئاماژەی پێ دەکەین:

### ٣-٤-١: قۆناغی یەکەم :

لـەم قۆناغـەدا وشـەکانی زمـانی زاڵ سـنوور دەبـەزێنن و هێـدی هێـدی شـوێنی وشـەکانی زمـانی ژێرکەوتوو دەگرنەوە، سەبارەت بەم قۆناغە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، هەندێك وشەی زمانی عـەرەبی سنووریان بەزاندووە و شوێنی هەندێك وشەی زمانی کوردی گرتۆتەوە و زمانی کوردیش هیچ بەرگرییـەکی نەنوانـدووە، لەبەرانبەر هاتنی وشەکانی زمانی عەرەبی، لەکاتێکدا زۆر لـەو وشانەی وەریگرتـووە بۆتـە بـار بەسـەرییەوە، چونکە زمانی کوردی وشەی بەرانبەری هەیە، بەڵام بەهۆی کاریگەری زمانی عەرەبی لەسەر زمانی کوردی ئەم وشانە هاتونەتە نێو فەرهەنگی زمانی کوردی، بۆ نموونە وشەکانی ( تەلەبە، مەکتەب، ئەمن ، مەدرسـە، دیراسـە، محطة، کارەبای وەتـەنی، مەنهـەج، تحدیـد، مـەجلیس، رەئیس، مـوەزەف، حـەی، ئیمتیحـان، سعر، تەعین، ئیهتیمام، شارع، تەرحیل، تەعریب... تاد) لەکاتێکدا لە بەرانبەر هەریەك لەم وشانە لە زمـانی کوردیـدا چـەندین وشـەی ڕەسـەن هـەن، وەك (خوێنـدکار یا قوتـابی یـا فێرخـواز ، خوێندنگـە یا قوتابخانـە، ئاسایش، خوێندن، وێستگە، کارەبای نیشتمانی، پرۆگرام، دیاریکراو، ئەنجومەن، سەرۆك، کارمەند یان فەرمانبـەر، گەڕەك، تاقیکردنەوە، نرخ، دامەزراندن، بایەخ، شەقام، ڕاگواستن، بەعەرەبکردن ... تاد).

بێگومـان وشـەکان زۆر زیـاترن لـەم وشـانەی ئاماژەمـان پێکـردووە، بـەڵام ئـەم وشـانە زۆر بـەفراوانی بەکاردەهێنرین لەکاتی قسەکردندا.

هەرچـەندە پێویسـتە ئـەوە بـزانین، کـە هەنـدێك لـەو وشـانەی خواسـتراون لـە زمـانی عـەرەبی، زمـانی کوردیان دەوڵەمەند کردووە، چونکە مەرج نییە هەموو وشە خواستنێك، زمان دووچاری لەناوبردن ببـات. وەك وشـەکانی (نـەوت، کارەبـا، گـاز، مختـار، ..تـاد ) بـەهاتنی ئـەو وشـانە زمـانی کـوردی لـە ڕووی فەرهـەنگی دەوڵەمەند بووە، چونکە لەبەرانبەر ئەم وشانەدا لە زمانی کوردیدا ڕەنگە وشەی ڕەسـەنمان نـەبێت، هـەروەها وشـەکان گۆرانکاریـان بەسـەردا هـاتووەو گونجانـدراوە لەگـەڵ سیسـتەمی دەنگـی زمـانی کـوردی دا، چـونکە هەڕەشەی لەناوبردنی زمان لە کەمی بایەخدانی قسەپێکەرانی زمانە بە گونجاندنی وشـە خوازراوەکـان لەگەڵ سیسـتەمی دەنگیـدا لـە لایـەك و لـە مـەیلی بـەرەو داڕشـتنی پێکهاتـە ڕێزمانییەکـەی لەسـەر شێوەی پێکهاتـەی زمانی کوردی لە لایەکی دیکەوە. لەبەرئەوەی خواستنی وشە بەبێ گۆڕانکاری و گونجاندنی لەگـەڵ سیسـتمی دەنگـی زمانـە ڕەسـەنەکە کارێکـی زۆر دەکاتـە سـەر زمـان و بـێ هێـزی دەکـات، بۆیـە پێویسـتە هـەر زمانێـك بـۆ بەرگریکردن لەخۆی لەکاتی هاتنی وشە لەلایەن زمانـان بـەپێی یاسـای فۆنۆلـۆژی و ڕێزمـانی زمانەکـەی خـۆی ڕێکیـان بخـات. واتـە پێویسـتە لـەکاتی هـاتنی وشـە لـە زمـانی عـەرەبی بـۆ نـاو زمـانی کـوردی گۆرانکـاری و دەستکاری بکرێت بەپێی یاسا فۆنۆلۆژی و ڕێزمانیـەکانی زمانی کوردی، چونکە مەترسـی دروستدەکات بۆ قۆناغی داهاتوو لە ململانێی زمان کە ئەوانیش قۆناغی هاتنی دەنگ و هاتنی یاسا و دەستورەکانی ڕێزمانن.

بێگومان هەرچەندە، هەر زمانێك وشە و کەرەستەی زمانی خۆی هەیە، بـەڵام ئەمـە لـە وەرگرتنـی وشـە لـە زمانـەکانی دیکـە ڕێگرنابێـت، بۆیـە هەنـدێك لـەو وشـە عەرەبیانـەی هاتونەتـە نێـو زمـانی کـوردی، وشـەکان

بوونەتە هاوواتای وشە ڕەسەنەکانی زمانی کوردی، لە ئاکامدا مانەوە و بەردەوامبوون بۆ وشە عەڕەبیەکە بووە، بەمەش وشە عەرەبیەکە وشە کوردیەکەی خستۆتە پەراوێزەوە، هەروەها جگە لەمە هەروەك لە تەوەری پێشوودا ئاماژەمان پێدا دەسەلاتدارانی عێراق بە بەرنامە کاریانکردووە بۆ خزاندنی کەرەسەکانی زمانی عەرەبی بۆ نێو زمانی کوردی، کە زیاتر کاریانکردووە لەسەر خزاندنی وشە لە هەموو کەرەستەکانی تر، لە وشەشدا ناو لە بەشەکانی دیکەی ئاخاوتن زیاتر بە فەرمان و مەرسوم سەپێندراون، بەلام ئەگەر نەتەوەی کورد خاوەنی سیاسەتی زمانی خۆی بێت لە ناوچەکەدا، ئەوا دەتوانێت وشە کوردیەکان زیندوو بکاتەوە.

چەندین وشە بەهۆی کاریگەریی ئایینی ئیسلام لە زمانی عەرەبی خواستراون، کە هەندێکیان لەزمانی کوردی ڕەنگە وشەی بەرانبەری نەبێت، هەروەها بەلێشاو ناوی ئایینی بە تایبەتی ناوی خوا و پێغەمبەرەکان و ئەسحابە و شوێنکەوتوانی لە ناولێنانی منداڵەکانیان بەکارهێنراوە، بە تایبەتی لەکاتی گۆڕینی ناو و ناونیشانی شوێنکارەکان و شەقام و گەڕەك و مزگەوت و شارەکان و لەکاتی قەدەغەکردنی ناونانی منداڵ بە زمانی کوردی، بە لێشاو ناوی عەرەبی خۆی خزاندۆتە ناو زمانی کوردی، ناوەکان زۆریان لە ڕووی سیستەمی فۆنۆلۆژی نامۆن بە سیستەمی دەنگی زمانی کوردی. نموونەی هەندێك لەو منداڵانەی لەدوای بڕیاری قەدەغەکردنی ناونانی منداڵ بە ناوی کوردی کە بە ناوی عەرەبی ناونراون دەخەینە ڕوو، وەك (میلاد، جنان، عاطفة، هبە، زینە، حنین، الا، مریم، زینب، ... تاد) هەموو ئەم قوتابیانە لەکاتی نووسینی ناوەکانیان بەهەمان شێوەی زمانی عەرەبی ناوەکانیان دەنووسن، لەکاتێکدا لە ئێستادا بە زمانی کوردی دەخوێنن، هەروەها لە فەرمانگەی باری شارستانیش ناوەکان بە زمانی عەرەبی تۆمارکراون.

بەم جۆرە دەتوانین بڵێین، هاتنی و شەو زاراوەی بیانی بە شێوە سروشتییەکەی بە کارێکی ئەرێنی دادەنرێت بۆ هەر زمانێك، بۆ ئەوەی زمان بتوانێت لەگەڵ پەرەسەندن و پێشکەوتنی سەردەم بڕوات و بە زیندووی بمێنێتەوە و بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکانی کومەڵگەی زمانی بە ڕەوشتێکی ئاسایی لە زماندا دادەنرێت، لە کاتێکدا کەخۆی وشەی ڕەسەنی نەبێت بەرانبەر وشەی خواستراو، بەلام زمانی عەرەبی بە لێشاو وشەی خۆی خزاندۆتە ناو زمانی کوردی و کاریگەری کردۆتە سەر زمانەکە.

هەرچەندە لە ڕووی ڕێزمان و جۆر و شێوەی دەربڕینی دەنگی وشەکانی خۆی بەپێی یاسای ڕێزمان و دەستوور و وشەسازی خۆی دەیانڵێ و ڕێکیان دەخات، تەنانەت دەنگی هەندێ وشە هاتووەکانیش گۆڕاوەو بە پێی دەستووری زمانی کوردی ڕێکیخستووە. بەلام بەکارهێنانی ناکوردانەی هەندێ لە وشەکان، بۆتە هۆی ئەوەی کاریگەری زمانی عەرەبی لەسەربێت. بە جۆرێك کە هەندێك لە وشەکانی سەرەوە تەواو عەرەبین ، چ بەلایەنی دەنگیان و چ بە پێکهاتەی و واتایانەوە و هەندێکیشیان لەلایەنی دەنگییەوە بە کوردی ڕەوان گۆدەکرێن، بەلام وشەکە عەرەبیە وەك وشەی (خەڵك) ، کە لە وشەی (خلق)ی زمانی عەرەبی خواستراوە.

### ٣-٤-٢: قۆناغی دووەم

لەم قۆناغەدا دەنگەكانی زمانی سەركەوتوو دزە دەكەن بۆ ناو دەنگەكانی زمانە ژێردەستەكە، لە ڕووی گۆكردن و ئاوازە و دەرچەكانیانەوە، زمانی ژێردەست كاتێك وشە دەخوازێت بۆ نێو زمانەكەیەوە، ئەوا هەمان دەرچە وگۆكردن دەگرنەبەر كەوا زمانە زاڵبووەكە لەسەری دەروات.

سەبارەت بەم قۆناغە لەناوچەی لێكۆڵینەوە، هەندێك لە دەنگەكانی زمانی عەرەبی دزەیان كردۆتە ناو دەنگەكانی زمانی كوردی لە ناوچەكەدا، لە ڕووی گۆكردنیان و ئاوازە و دەرچەكانیانەوە. هەڵبەت هۆكارەكەی دەگەڕێتەوە بۆ شارەزایی هەندێك لە قسەپێكەرانی زمانی كوردی لە زمانی عەرەبی، لەبەر ئەوەی خویندنیان بەزمانی عەرەبی بووە لە قوتابخانە، هەروەها بەهۆی خزاندنی ژمارەیەكی زۆری وشەی عەرەبی كە لە ڕووی پێكهاتەی دەنگیان نامۆن بە زمانی كوردی، بۆیە دەبینین هەندێكجار هەندێك لە قسەپێكەرانی زمانی كوردی لە كاتی گۆكردنی وشە عەرەبیەكان هەمان دەرچە و گۆكردن دەگرنەبەر كەوا زمانی عەرەبی لەسەری دەروات، واتە قسەپێكەرانی زمانی كوردی دەرچەی دەنگەكانیان گۆڕاوە و نزیك بۆتەوە لە گۆكردنی دەنگەكانی زمانی عەرەبی، بەجۆریك وای لیٚ هاتووە كە كتومت وەك زمانی عەرەبی لیٚ هاتووە یاخود نزیك بۆتەوە لێی.

بۆ نموونە لەكاتی گۆكردن و نووسینی وشەكانی ( منطقة ، محافظة ، موظف، طلبة، ریاض، مصلی، نفط، اطفاء، ظروف،ظاهیرە ...تاد) بەهەمان دەرچە و ئاوازی زمانی عەرەبی وشەكان گۆدەكەن، نەك بەپێی یاسا فۆنۆلۆژیەكانی زمانی كوردی، چونكە هەندێك لە دەنگ و فۆنیمی ئەم وشانە، لە زمانی كوردیدا نییە و نامۆن بەسیستەمی دەنگی زمانی كوردی وەك / ظ، ط، ص، ض/ كە پێویستە لەكاتی گۆكردنی ئەم جۆرە وشانەی ئەم دەنگانەیان تێدایە لە زمانی كوردیدا بەم شێوەیە بنووسرێن و گۆبكرێن، ( موحافەزە ، موەزەف، تەلەبە، ریاز، موسەڵلا، نەفت یان نەوت، ئیتفا، زروف...تا) ، ئەم وشانە سەرەڕای ئەوەی لە ڕووی فەرهەنگیەوە لەسەر زمانی كوردی بارن، لە گۆكردن و نووسینیشدا كاریگەری لەسەر سیستەمی فۆنۆلۆژی زمانی كوردیدا دروست كردووە.

بەم جۆرە بۆمان دەردەكەوێت، كە هەندێك كەس لە كاتی خواستنی وشەی زمانی عەرەبی ئەو وشانەیان نەگونجاندووە لەگەڵ یاسا فۆنۆلۆژیەكانی زمانی كوردی، بۆنموونە لەكاتی گۆكردنی وشەكان بەهەمان سیستەمی فۆنۆلۆژی زمانی عەرەبی دەنگەكان گۆ دەكەن، ئەمەش ڕەنگە لای هەموو كەس چۆنیەك نەبێت، بەڵكو زیاتر پەیوەستە بە ئاستی شارەزایی كەسەكان لە زمانی عەرەبی، یان دەتوانین بڵێین زیاتر ئەوانەی بە زمانی عەرەبی قۆناغەكانی خوێندنیان تەواو كردووە، زیاتر ئەم كاریگەریەیان لەسەربێت.

ئەم قۆناغە بە مەترسیدارترین قۆناغی ململانێی زمان دادەنرێت، چونكە لەو قۆناغەدا مەترسی هەڵمژینی زمانە ژێركەوتووەكە دەست پێدەكات.(لویس جان كالفی،٢٠١٢: ١٤٥) دیسانەوە هۆی سەرهەڵدانی ئەم كاریگەریە لە زمانەكەدا دەگەڕێتەوە بۆ هاتنی ژمارەیەكی زۆری وشە لە زمانی عەرەبیەوە بۆ زمانی

کوردی لەم ناوچانەدا، بەعەرەبکردنی خوێندن هۆکارێکی دیکەی کاریگەریەکەیە. سەرەڕای تێکەڵاوی پێکهاتەکانی هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب لەم ناوچانەدا.

بەم جۆرە بۆمان دەردەکەوێت، لە کاتی ململانێی نێوان زمانەکان، دەنگەکان و شێوەی دەربڕینیان و جۆری گۆکردنی وشەکانی زمانێك دەچنە ناو زمانێکی دیکە. بۆیەش هەندێك لە قسەپێکەرانی زمانی کوردی قسە بەو دەنگ و دەربڕین و وشانە دەکەن، ئەمەش وایکردووە زمانی کوردی تاڕادەیەك بێهێزبێت و بگۆڕێت و بشێوێت لە لای هەندێك لە دانیشتوانی ئەم ناوچانە.

### ٣-٤-٣: قۆناغی سێیەم:

لەم قۆناغەشدا زمانی زاڵبوو هەوڵدەدات رێسا و یاسا زمانیەکانی تایبەت بە ڕستە و پێکهاتەی ڕێزمانی خۆی بسەپێنی بەسەر زمانی ژێردەست. هەرچەندە ئەم قۆناغە کەمتر هەستی پێ دەکرێ و کەرەسەی ڕێزمانیش کەمتر خۆی بەدەست گۆڕانەوە دەدات.

لە ئاستی وشەسازیدا، هەندێك وشە لە زمانی عەرەبی خواستراون بۆ زمانی کوردی، کە هەڵگری پاشگر و پێشگری نیشانەی کۆی زمانی عەرەبین، بەبێ ئەوەی گۆڕانکارییان بەسەردابهێنریت و بگونجێندرێت لەگەڵ یاسای وشەسازی زمانی کوردی، وەك ( میلاکات، اجماع، تجهیزات، عقارات، امتحانات، موبیلیات،...تاد). دەبینین هەریەك لەم وشانە بەبێ گۆڕانکاری و گونجاندنی لەگەڵ سیستەمی وشەسازی زمانی کوردی، هاتونەتە ناو فەرهەنگی زمانی کوردی.

خواستن لە ئاستی ڕستەسازیدا کەمتر ڕوودەدات وەك لە ئاستەکانی تر، بەڵام دیسانەوە لێرەشدا کاریگەری شتێکی ئاساییە و بە چەند شێوەیەك بەدی دەکرێت، بۆ نموونە هەندێ جار زمانێك بۆتەی ئامادەکراو دەخاتە ناو زمانی ترەوە. بۆ نموونە زمانی کوردی ئەم بۆتە ڕێزمانییەی خوارەوەی لە عەرەبییەوە وەرگرتووە. (محمد معروف فتاح،٢٠١١: ١٤٠)

وەك : کار + بە + ناو

نموونە : هەڵساین بە ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەك.

بۆتە ئاساییەکەی زمانی کوردی:

ناو +کار

نموونە: کوبونەوەیەکمان ئەنجامدا.

هەروەها لە زمانی کوردیدا (کار) دەکەوێتە دواوەی کەرەستەکانی دیکەی پێکهاتەی ڕستە، بەڵام کاتێك سەرنج لە ئاخاوتنی خەڵکی ناوچەی کەرکوك و گەرمیان دەدەین، دەبینین هەندێکجار (کار) نەکەوتۆتە دوا بەشی پێکهاتەی ڕستە، ئەمەش بەهۆی کارتێکردنی زمانی عەرەبی یەوە بووە.

وەك:

بكەوە پێشم.

كتێبەكەی دا پێم.

قوڕ كرایە سەرمان.

بۆتە ئاساییەكەی زمانی كوردی بەم شێوەیە:

پێشم بكەوە.

كتێبەكەی پێم دا.

قوڕ بەسەرمان كرا.

هەروەها دانیشتوانی ناوچەی خانەقین سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەكی زۆر لەوشەی عەرەبی لە ئاخاوتنی ڕۆژانەیاندا بەكاردەهێنن، هەندێكیان تاڕادەیەك شێواوی بە زمانیانەوە دیارە بە تایبەتی لە ڕووی ڕیزكردنی كەرەسەكانی پێكهاتەی ڕستە، بەجۆرێك وەكو ئەوەی زمانی كوردی زمانی دووەمی قسەكەربێت.

وەك:

كەس كێشە دروست بۆمان نەكات.*

كەس كێشەمان بۆ دروست نەكات.

یەكێكی دیكە لەكاریگەرییەكان، لەكاتی وەرگێرانی دەقە عەرەبییەكاندا بەرچاو دەكەوێت، ئەویش لە شێوەی ڕیزبوونی كەرەستەكان، وەك:

مكتب خانقين للسفر و السياحة. نووسینگەی خانەقین بۆ گەشتوگوزار.

مستشفى رسول الاهلي. نەخۆشخانەی (ڕەسول)ی تایبەت.

هەرچەندە ئەم دەربڕینانە لە ئاخاوتنی زمانی كوردیدا دروستن و لێیان تێدەگەین، بەڵام ئەمانە وەرگێڕانێكی فەرهەنگی و ڕستەسازی زمانی عەرەبییە بۆ سەر زمانی كوردی، چونكە لە یاسا ڕێزمانیی فراوانكردنی دروستەی فرێزدا هەمیشە ناوە دەستنیشانكراوەكە دەكەوێتە كۆتایی فرێزەكەوە، ئەو كاتە ئەم دەربڕینانە لە زمانەكەماندا دروستترن و كەرەستەكانیش بەپێی یاسای ڕستەسازی زمانەكەمان ڕیزكراون، بەم شێوەیە:

نووسینگەی گەشتوگوزاری خانەقین.

نەخۆشخانەی تایبەتی ڕەسول.

لە نمونەکانی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێ کاریگەریەکانی زمانی عەرەبی لەسەر زمانی کوردی، بۆتە هۆی گۆڕان لە ئاستی ڕێزمانیشدا، بەڵام لەچوارچێوەیەکی تەسکدا، ئەمەش کارناکاتە سەر زمانەکە بەگشتی، بەڵام ڕەنگە ئەگەر ململانێیەکە بەهەمان دەسەڵاتی پێشووی زمانی عەرەبی بەردەوام بووایە، ئەوا کاریگەری و گۆڕان زیاتر دەبوو.

## ٣-٥: هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی زمانی عەرەبی بەسەر زمانی کوردی دا

حکومەتی عێراق سەرەڕای ئەو پاڵپشتیە زۆرەی لە زمانی عەرەبی کردوویەتی، بۆ ئەوەی سەربکەوێت بەسەر زمانی کوردیدا، بەڵام نەیتوانی بەسەریدا سەرکەوێت. زمانی کوردی شان بەشانی زمانی عەرەبی بەردەوام بوو لە ژیان. بە چەند خاڵێك هۆیەکانی مانەوەی زمانی کوردی دەست نیشان دەکەین:

١- کەمی ماوەی باڵادەستی زمانی عەرەبی لەناوچەکەدا، چونکە هەر زمانێك بۆ ئەوەی سەربکەوێت بەسەر زمانێکی دیکەدا پێویستە چەند سەدەیەك باڵادەست بێت، ئینجا دەتوانێت زمانێك بە تەواوی لەناو ببات.

٢- بەردەوامی خەباتی سیاسی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد، کە بە درێژایی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق بەردەوام بووە، هەمیشە داکۆکیان لە مافە نەتەوەیی و ڕۆشنبیری و زمانییەکان کردووە.

٣- زۆری ڕێژەی نەخوێندەواری تاکی کورد بەگشتی و دایکانی کورد بەتایبەتی، کە وایکردبوو زمانی کوردی لە خێزاندا بەردەوامی هەبێت.

٤- لەبەرئەوەی هەردوو زمانی کوردی و زمانی عەرەبی سەر بە دوو خێزانە زمانی جیاوازن و لە ڕووی ڕۆشنبیری چەندین سیمای جیاکەرەوە لە نێوانیاندا هەیە.

٥- بەرزی هەستی نیشتمانپەروەری تاکی کورد بەرانبەر بە زمانەکەی و دەمارگیری بەرانبەر بە زمانی عەرەبی بەهۆی ئەو زوڵم و ستەمەی ڕووبەرووی کرابویەوە لە لایەن دەسەڵاتدارانی عەرەب لە ناوچەکاندا.

٦- بوونی کۆمەڵێك دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی کوردی بەتایبەتی لەدوای ئازاری ساڵی (١٩٩١ ز) لە هەرێمی کوردستان دا، کە چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار و تەلەفزیۆنی ئاسمانی و لۆکاڵی و ڕادیۆ، کە بەرهەمەکانیان بە زمانی کوردی بڵاودەکەنەوە.

# ئەنجام

# ئـــەنجام

لەکۆتایی لێکۆڵینەوەکەماندا، دوای بەدیار خستنی شێوازی ململانێی زمان و شوێنەوارەکانی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، گەیشتینە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

١- سیاسەت ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە، لە پێدانی پایەی جیاواز بە زمانەکان، کە ئەمەش کاریگەریی لەسەر ژیانی زمان هەیە، چونکە زمان لە ڕێگەی سنووردارکردنی چالاکییەکانی، بایەخی کەم دەبێتەوە لە ڕووی کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسی و بازرگانی تا وای لێ دێت تاکەکانی شانازی ناکەن بە زمانەکەیان، هەندێکجار هەوڵدەدەن پەنا بۆ بەکارهێنانی زمانی دیکە ببەن.

٢- ململانێی زمان لەسەرەتادا لەلایەن زمانی باڵادەستەوە دەست پێ دەکات، کە هەمیشە لەگەڵ فراوان بوونی دەسەڵاتی سیاسی و داگیرکردن هەوڵ بۆ فراوانکردنی زمانی باڵا دەست دەدات، بە هەموو شێوەیەك هەوڵدەدات شوێن بە زمانی نەتەوەی بندەست لەق بکات، بەهەر جۆرێك بێت بەسەریدا سەربکەوێت و لەناوی ببات.

٣- ململانێی زمان لە نێوان زمانەکان پەیدا نابێ مەگەر بەهۆی هۆکارە تایبەتیەکانەوە نەبێ، گرنگترینیشیان هۆکارەکانی داگیرکردن و سیاسی و ئایینی و جوگرافین.

٤- لەسەر بنەمای چەندایەتی حکومەتی عێراق لە ڕێگەی هێنانی ژمارەیەکی زۆری پێکهاتەی عەرەب و ڕاگواستنی زۆرەملێ نەتەوەی کورد لەناوچەکەدا، ژمارەی پێکهاتەی عەرەبی زۆر کردووە، بە ئامانجی سڕینەوەی زمان و ڕۆشنبیری کوردی.

٥- لەسەر بنەمای چۆنایەتی لە ڕێگەی بەرتەسك کردنەوەی ئەرکی زمانی کوردی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەریم، لەلایەن دەسەڵاتدارانی داگیرکەر، ململانێ لەگەڵ زمانی کوردیدا کراوە.

٦- ململانێی زمان لە نێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبی لەو ناوچانەدا، نەبۆتە هۆی سەرکەوتنی زمانێك بەسەر زمانێکی ترەوە، بەڵکو هەردوو زمانەکە لەتەك یەك بەکارهاتوون و هیچکامێکیان زاڵ نەبووە بەسەر ئەوی تریان، سەرەڕای بەکارهێنانی سەرجەم جومگەکانی دەسەڵات لەلایەن پێکهاتەی عەرەبی بۆ تواندنەوەی زمانی کوردی.

٧- داکۆکی کردنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە زمانی کوردی وایکردووە زمانی کوردی لە دەستووری عێراقیدا پێگەیەکی یەکسانی لەگەڵ زمانی عەرەبی لەسەرانسەری عێراقدا پێبدرێت، کە بەدرێژایی مێژووی دروست بوونی دەوڵەتی عێراق ئەم پێگەیەی بەخۆیەوە نەبینیوە.

٨- ڕێکخستنی فرەزمانی لە عێراقدا بەگشتی و لە هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە تایبەتی بەشێوەیەکی باش و دیموکراسیانە لە دەستووردا ڕێکخراوە، بەجۆرێك کە سەرجەم زمانەکان لە بەکارهێناندا یەکسانن.

٩- حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق بەگشتی و حکومەتی سەردەمی فەرمانڕەوایەتی پارتی بەعسی عەرەبی سوسیالیستی( هەڵوەشاوە) بەتایبەتی، سیاسەتی تواندنەوەی زمانی کوردییان هەبووە. وەك هەر وڵاتێکی داگیرکەر، هەوڵیانداوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەسەڵاتی یاسایی و سیاسی و سەربازی و ئابوری وکۆمەڵایەتی ...تاد، فشار بخەنە سەر زمانی کوردی بە ئامانجی توانەوە و لەناوبردنی، بۆ ئەم ئامانجەش هەردوو ئامرازی زەبروزەنگی وەك سوپا و پۆلیس و دادگا و زیندان و ئامرازی ئایدیۆلۆژی وەك پەروەردە و ڕاگەیاندن و هونەر و ڕۆشنبیری و زانستیان بەکارهێناوە، بەمەبەستی سەپاندنی زمانی عەرەبی لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمدا.

١٠- حکومەتی عێراق بە بەردەوام هەوڵیداوە نەتەوەی عەرەب لە ناوچەکەدا بکات بە نەتەوەی زۆرینە و زمانەکەشی بکات بە زمانێکی زاڵ لەسەر زمانی کوردی دا، هاوکات هەوڵیشیداوە سنوری چالاکی زمانی کوردی لە هەموو ئەم ناوچانەدا بە ڕادەیەك بەرتەسك بکات کە تەنیا بۆ ئاخاوتن لەسنوری خێزاندا ڕۆڵ ببینێت.

١١- حکومەتی عێراق خوێندنی بە زمانی کوردی قەدەغەکردووە، کە پێچەوانەی برگەی(ب) ماددەی (٧) دەستووری کاتی (١٩٧٠ ز)ی کارپێکراوی عێراق بوو، هەروەها پێچەوانەی برگەی (١)ی بەیاننامەی (١١)ی ئاداری ساڵی (١٩٧٠ز) ش بوو، کە مافی خوێندنی بە زمانی کوردی بە نەتەوەی کورد دابوو. جگە لەوەی پێچەوانەی بنەماکانی جاڕی گەردوونی مافەکانی زمانە.

١٢- حکومەتی عێراق ململانێی وشەی لەگەڵ زمانی کوردی دا کردووە، بە جۆرێك کە ناوی شەقام و گەڕەك و مزگەوت و شوێنە بازرگانی و پیشەسازی و کتێبخانە و گۆڕستان و تەکیەکانی لە ناوی کوردی گۆڕیوە بۆ ناوی عەرەبی بە ئامانجی سڕینەوەی ڕۆشنبیری نەتەوەی کورد و پچڕاندنی پەیوەندی نێوان کورد و ئەو ناوچانەی لێکۆڵینەوەی لەسەرکراوە.

١٣- مەترسیەکانی سڕینەوەی زمانی کوردی لە ناوچەکاندا بەرەو ڕەوینەوە چووە، چونکە لە ئێستادا، بارودۆخی سیاسی کورد لە عێراق بەگشتی و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بە تایبەتی بۆتە مایەی گەشەی زمانی کوردی لە ناوچەکە، چونکە چەندین دەزگای ڕاگەیاندن بە زمانی کوردی لە شێوەی کەناڵی ئاسمانی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی لۆکاڵی جۆراوجۆر و، چەندین ڕادیۆ و ڕۆژنامە و گۆڤار و دەزگای چاپ و پەخش بە زمانی کوردی لەم ناوچانەدا بڵاودەکرێنەوە، هەروەها سەدان قوتابخانە لەسەرانسەری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە زمانی کوردی بە پاڵپشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ قوتابیان بە زمانی دایك کراوەنەتەوە، لەگەڵ چەندین سەنتەری ڕۆشنبیری و کتێبخانەی کوردی کراونەتەوە، سەرەڕای هەبوونی بارەگای حزب وبزوتنەوە سیاسیەکانی کوردستان و چەندین بارەگای ڕێکخراوەکانی چالاکی مەدەنی، کە چالاکی بە زمانی کوردی ئەنجام دەدەن.

١٤- هەندێك وشەی زمانی عەرەبی سنووریان بەزاندووە و شوێنی هەندێك وشەی زمانی کوردییان گرتۆتەوە، زمانی کوردیش هیچ بەرگرییەکی نەنواندووە، لەبەرانبەر هاتنی ئەو وشانە، لەکاتێکدا زۆر لەو وشانەی وەریگرتووە بۆتە بار بەسەر زمانی کوردی، چونکە زمانی کوردی وشەی بەرانبەری هەیە.

١٥- هەندێك لە دەنگەکانی زمانی عەرەبی دزەیان کردۆتە ناو دەنگەکانی زمانی کوردی لەم ناوچانەدا، لە ڕووی گۆکردنیان و ئاوازە و دەرچەکانیانەوە. هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شارەزایی هەندێك لە قسەپێکەران زمانی کوردی لە زمانی عەرەبی، لەبەر ئەوەی خویندنیان بەزمانی عەرەبی بووە، هەروەها بەهۆی خزاندنی ژمارەیەکی زۆری وشەی عەرەبی کە لە ڕووی پێکهاتەی دەنگیان نامۆن بە زمانی کوردی، بەجۆرێك هەندێك لەقسەپێکەرانی زمانی کوردی لە کاتی گۆکردنی وشە عەرەبییەکان هەمان دەرچە و گۆکردن دەگرنەبەر کەوا زمانی عەرەبی لەسەری دەروات.

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان

**یەکەم : بەزمانی کوردی**

**ا- کتێب**


١. ئاراس فتاح (٢٠٠٧)، چەمکی ململانێ، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٢. ئاسۆ بیارەیی (٢٠٠٨)، کەیسەکانی زمانی یەکگرتوو- دیدوبۆچوون، سوید، کتێبی ئەلکترۆنی.

٣. بابان سەقزی (٢٠١٢)، ئاوڕێکی کورت لە هەلۆمەرجی زمانی کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستی زمانی کوردی ، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٤. بێهزاد خۆشحاڵی(٢٠٠٨)، فیلۆلۆجیای زمانی کوردی و مێژووی کوردستان، و: مستەفا غەفوور، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك.

٥. بێرنارد کەمریێ و جێرید دایەمەند و دەوگ واڵن،(٢٠٠٧)، زمان، و: کامیل محەمەد قەرەداخی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی .

٦. پەخشان سابیر حەمەد (٢٠١٣)، زمانی دایك لە نێوان ئایین و ئەدەب و بایەخی نێونەتەوەییدا، یادکرنەوەی ڕۆژی جیهانی زمانی زگماك، لەبلاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٧. تاریق جامباز(٢٠٠٧)، یاسای زمانە فەرمییەکان لە چەند وڵاتێکی فرەزمان، و: مەجید ئاسنگەر، چاپی یەکەم ، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

٨. ________(٢٠١٢)،یاسای زمان- ناسنامەی نەتەوەیی دەپارێزێ، توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٩. جەمال نەبەز(١٩٧٦)، زمانی یەکگرتووی کوردی، لە بلاوکراوەکانی یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، بامبێرگ – ئەڵمانیای ڕۆژئاوا.

١٠. ________(١٩٨٤)، بیری نەتەوەی کورد نەبیری قەومی ڕۆژهەلاتی یە، نەبیری ناسیۆلیزمی ڕۆژئاوایی یە، چاپخانەی ئازاد، ستۆکهۆڵم .

١١. حوسێن محەمەد عەزیز(٢٠٠٥)، سەلیقەی زمانەوانی و گرفتەکانی زمانی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

١٢. خەلات مووسا یووسف (٢٠٠٧)، زمانێ نەتەوەیی د تەڤگەرا ڕزگاریخوازا کوردی دا، چاپا ئێکێ، چاپخانا حاجی هاشم، هەولێر.

١٣. دارا حەمید و فاروق محەمەد ڕەزا(د)(٢٠١٣)، زمانی دایك و ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی، یادکرنەوەی ڕۆژی جیهانی زمانی زگماك، لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
١٤. ڕەفیق شوانی (د) (٢٠٠١)، چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی، دەزگای چاپ وپەخشی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
١٥. ڕحیم قادر سورخی(٢٠١٣)، مەترسییەکانی سەر زمانی کوردی وەك زمانی زگماك، یادکرنەوەی ڕۆژی جیهانی زمانی زگماك،لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی،چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
١٦. ڕەفیق سابیر(د) (٢٠٠٨)، کولتوور و ناسیۆنالیزم، چاپی سێیەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی.
١٧.ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا (٢٠١٣)، فەرهەنگی زمان و زاروەسازی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
١٨.ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی(٢٠١٣)،چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی، لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
١٩. سمکۆ بەهرۆز(ئەژی)(٢٠٠٦)، مێژووی گۆڕانە ڕۆشنبیرییەکانی ناوچەی کەرکوك، چاپی ؟، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوك.
٢٠.سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو(٢٠١٠)، زمانەوانی، ب(٧،٦،٥،٤)، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.
٢١. سەلام ناوخۆش (٢٠٠٧) ، ئایین و زماننناسی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ؟ .
٢٢. ________ (٢٠١٠)، ستانداربوونی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.
